گۆرانیبێژە نەمرەکان

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

***

ناوونیشان:
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر
س. پ. ژمارە: ١
www.araspublisher.com

گۆرانیبێژە نەمرەکان

بەشی دووەم

دانانی: باکوری

ناوی کتێب: گۆرانیبێژە نەمرەکان – بەشی دووەم
دانانی: باکوری
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٩٥
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
دەرهێنانی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
خۆشنووسیی بەرگ: هونەرمەند محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (٣٨٥)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

پێشەکی

بەشانازییەوە حەزی هونەرمەند مامۆستا باکوری بەجێ دەهێنم و چەند وشەیەک لەپێشەکیی بەرگی دووەمی کتێبی – گۆرانیبێژە نەمرەکان– دا دەنووسم. هەڵبەتە ناکرێ هەقی نووسەر یان بەرهەمەکەی لەم چەند رستەیەدا بدرێ، مامۆستا باکوری خۆیشی لەوە ناسراوترە پێناسە بکرێ یان پەسن بدرێ بەتایبەتیش بۆ من کە بەدرەنگەوە شانازیی ناسینی ئەم هونەرمەندە گەورە و مامۆستا ماندوونەناسە و پیاوماقوولەم بۆ هەڵکەوت و پێوەندیم لەگەڵیدا بەست.

بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە کە لە دەزگایەکی تردا تۆزی چاوەڕوانیی لەسەر نیشتبوو، سەرنجی منی بۆ خۆی راکێشا. لەناو چەندان کتێبدا هەڵم بژارد، دانەر خۆی ئاگای لەمە نەبوو، پاشان پێی زانی و هات هاوکاریی کردین. بەیەکەوە بەرگی یەکەمان زوو چاپ کرد و پێشکێشی خوێنەران کرد، ئەگەر هەلومەرجی لەویست بەدەری خۆمان نەبوایە چاپی ئەم بەرگی دووەمەش هێندە دوا نەدەکەوت. جاربەجارێ کە مامۆستا باکوری سەرمان لێ دەدات، لێی دەپرسم: ئاخۆ بەرگی سێیەمی نەنووسیوە! دەڵێ: تا بەرگی دووەم چاپ نەبێ هان نادرێم بۆ ئەوەی دەست بەنووسینی سێیەم بکەم. بۆیە منیش ویستم ئۆبالّی نەنووسینی بەرگی سێیەم لەئەستۆ دابماڵم و بیخەمە ئەستۆی مامۆستا خۆیەوە.

کاتێ ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە، بەدرێژاییی هەردوو بەرگەکەی چەندان هونەرمەند لەنێزیکەوە دەناسیت و بەژیان و بەسەرهات و هەندێک لایەنی هونەریان شارەزا دەبیت. دانەر هەوڵی داوە تام وچێژێکی خۆش بدات بەم بیرەوەرییانە و لەمەشدا سەرکەوتووە. خوێنەری ئەم کتێبە کاتێ ئەم هونەرمەندانە لەنێزیکەوە دەناسێ هەست دەکات خۆیان و بەرهەمەکانیشیان خۆڕسکن، خۆڕسکن بەوێنەی ئەو داربەڕووانەی لەشکێڕ و زەنوێری چیاکانی کوردستاندا ڕوواون و هەموو شتێک لە سروشت دژ و ناهەزیانە، زریان و باڕەش و ڕنووی بەفر، نەبوونی خاکێک یان دەشتێکی تەختان یان ئاوێک کە گەرووی وشکی ڕەگ و ڕیشاڵیان تەڕ بکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هەر ماون و دەژین و بەرگە دەگرن. مرۆڤ کە سەرنج لەم داربەڕووە نەبەزانە دەدات هەست دەکات ئەمانە بەقارەمانەتی و وەرە بەرزیی خۆیانەوە دەژین نەک شتێکی تر.

هەتا ئەمڕۆشی لەگەڵدابێ کە چەند ساڵێک دەبێ پێمان ناوەتە سەدەی بیست و یەکەمینەوە، هونەرمەندی کورد زۆریان هەروەک ئەم دەوەن و دارە خۆڕسک و خۆزایانە دەژین. دەگمەن وابووە، یان هەر وانەبووە کە هونەرمەندی کورد لەبەری هونەری خۆی بخوات و بەهونەرەکەی بژی، یان بۆی هەڵکەوێ پەرەی پێ بدات و بەرەوپێشی ببات. داوودەزگایەک، کۆمەڵەیەک، دەسمایەدارێک نەبووە پەنای بدات و خۆی و هونەرەکەی لەئامێز بگرێت.

ئاخۆ هەژاری داهێنانی لێ پەیدا دەبێ! ئەمە پرسێکی زۆر گرینگە. مرۆڤ بەتەمای چییە لەهونەر و هونەرمەندێکی کورد کە خۆیان خۆیان پێ بەخێو ناکرێت. با ئەمە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو

هونەرمەندانەی بیانی کە دەبن بەباڵێزی نائاسای وڵاتی خۆیان و سنوور دەبەزێنن و کاری مرۆڤپەروەرانە ئەنجام دەدەن و هونەر دەبەنە سەرووی هەموو شتێکی مرۆڤانەوە.

ئاخۆ هەژاری سەرچاوەی داهێنانی گەورە نییە لەمێژوودا! جارێکیان ئەم پرسیارەیان لە هونەرمەندی گەورەی میسر محەمەد عەبدولوەهاب کرد. لەوەڵامدا بەشێوە زارە میسرییەکەی خۆی گوتی: «الفقر عمره ماعمل إبداع» واتە: هەژاری هەرگیز داهێنانی نەکردووە. لەوانەیە دەسکورتی و هەژاری ڕووبەڕووبوونەوە و خەبات و قوربانیدان دروست بکەن، بەڵام داهێنان لە زانست و بیر و هونەر و شتی تردا لە زەویی وشکێنی هەژاری شێن نابن.

لەوانەیە یەکێک بپرسێ: ئەدی بەرهەمەکانی عەلی مەردان و تایەر تۆفیق و حەسەن زیرەک داهێنان نین؟ وەڵامی من ئەوەیە کە ئەم هونەرمەندانە هەمان داربەڕووە خۆڕسکەکەن کە باسم کردن. لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم هونەرمەندانە لەکەش و هەوایەکی گونجاو و کۆمەڵگەیەکی تێر و تەژیدا هونەریان پێشکێش بکردایە بێگومان داهێنانی زۆر گەورەیان دەبوو. هونەری بەشی زۆری هونەرمەندانی کورد بڕێتی بووە لەو توان و لێهاتوویییە خۆڕسکەی کە لەناو بنەماڵە و گوند و خێڵی خۆیان فێری بوون، یان بەلای زۆرەوە لەناوچەگەلی کوردستاندا گەڕاون و پەرەیان بەخۆیان داوە بەڵام هەرچییەکیان کردبێ نەیانتوانیوە مۆرکێکی شارستانییانەی پێشکەوتوو بەهونەرەکەیان بدەن و بیکەن بەهونەرێکی هاوسەردەم یان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم بڕۆن و دوانەمێنن. گۆران گوتەنی "نەحەرفی مەکتەبێکیان خوێند، نەئوستادێ پەلی گرتن". هونەر لەوە دەرچووە تەنیا دەنگخۆشی بێت. زانست و تەکنیک و ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی هونەرمەند خۆی ڕۆڵی بەکار دەبینن لەپێشوەبردنی هونەرەکەیدا.

سوپاسی مامۆستا باکوری دەکەم کە ئەم دەرفەتەی هێنایە پێشم تا ئەم بیر و سەرنجانەی خۆم دەربڕم، لەوانەشە بەلای کەسانی ترەوە بیر و سەرنجەکانم پەسند نەبن.

دەستخۆشی لە مامۆستا باکوری دەکەم کە ئەم بەرهەمە نایاب و گرینگەی پێشکێش بەکتێبخانەی کوردی کرد کە لەڕاستیدا کتێبخانەی کوردی لەبواری نووسین لەبارەی هونەر و هونەرمەندانەوە لاواز و بەلەنگازە. لەوانەیە لەم بەرهەمانەی مامۆستا و بەرهەمی چەند هونەرمەند و نووسەرێکی تر بترازێ شتێکی ئەوتۆ نییە.

بەدران ئەحمەد

هەولێر ١٢ تەممووز ٢٠٠٣

سوپاسنامە

هەر لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی (گۆرانییبێژە نەمرەکان)، خوێنەرانی هێژا پێشوازییەکی چاکیان لە کتێبەکە کرد و دەستخۆشیشیان لێم کرد و ڕای زۆربەیان ئەوەبوو کەوا هەنگاوەکەی نووسینی ئەو کتێبە هەنگاوێکی ڕاست و دروست بوو چونکە کتێبخانەی کوردی لەم جۆرە نووسینە هونەرییە زۆر بێ بەشە و زۆر کەمن ئەو سەرچاوانەی لە ژیان و هونەری گۆرانیبێژانی ڕەسەنی کۆچکردوو دەدوێن. منیش لەلایەن خۆمەوە زۆر زۆر سوپاسی هەموویان دەکەم و زۆریشم پێ خۆشە تێبینی هەندێک لەو برا خوێنەر و نووسەرانە و، ئەگەر هەشم بێ، وەڵامی خۆمیان لەسەر بدەمەوە:

١- جارێ سوپاسێکی تایبەتم ئاراستەی دەزگای (ئاراس) دەکەم کە ئەرکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیان خستە ئەستۆی خۆیان و ماندوو بوونیان لەگەڵما، هەموویان و بەتایبەتیش (کاک بەدران)ی بەڕێز.. کە هەرگیز لە یادم ناچێ و خۆم بە قەرزاری ئەو بەڕێزانە دەزانم.. خوای گەورە تەمەنیان درێژ بکات و تەندروستیان هەمیشە لەو پەڕی باشی دابێت.

٢- بەڕێز کاک ئازاد عەبدولواحید، سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان)ی خۆشەویست.. ئەوەی ڕاستی بێ، بەڕێزی هاندەرێکم بوو بۆ نووسینی زۆربەی ئەو ژیاننامانە و بڵاوکردنەوەیان لە گۆڤاری ڕامان، کە هەنگاوی دووەم جاری بۆ ئاسانتر کردم.

٣- بەڕێز کاک مەحموود زامداری دەست و پەنجە ڕەنگین و دیار لە هەموو بوارەکانی هونەر و ئەدەب و شیعر. هەروەها کتێبەکانی بەڕێزی، لە سەرچاوە سەرەکییەکانم بوون کە زوو زوو دەگەڕامەوە لایان بۆ زانیاری پێویست و خێرا، کە دەهاتنە پێشەوە لە کاتی نووسیندا.

٤- بەڕێز کاک عەزیز حەریری و کاک سەردار میران، لەسەر ڕەنگ و وێنەی سەر بەرگی بەشی یەکەم، یەک تێبینیان هەبوو ئەویش ئەوە بوو، بەڕای جەنابیان، کە چاکتر دەبوو ئەگەر ڕەنگە قاوەییە تۆخەکە لە بەشی خوارەوەی بەرگەکە بوایە و ڕەنگە (کراوەکە) لە بەشی سەرەوە بوایە، وێنەی (چایخانەکەی)ی جوانتر دیار دەبوو.

لە هەمان کات، کاک عەزیز گوتی، سەبارەت بەنووسینی ناوی یەکەم ناوی کتێبەکە ئەگەر دوو وشە بوایە، واتا بەم جۆرە:

(گۆرانی بێژە نەمرەکان) نەک یەک وشە (گۆرانیبێژە...) زیاتر لەگەڵ ڕێنووسی (ئیملا)ی ئەمڕۆ دەگونجا. جا لە بەشی دووەم، هەوڵم داوە ئەوە بکەم و ئەو تێبینییە جێبەجێ بکەم، تا پێم کرابێ.(*)

(*) دەزگای ئاراس لێرەدا حەز دەکات سەرنجی خوێنەرانی بەڕێز و مامۆستا باکوری بۆ ئەوە ڕابکێشێ کەوا ئێمە بەگوێرەی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی پەسندکراوی کۆڕی زانیاری کوردستان، بڵاوکراوەکانی خۆمان ڕاست دەکەینەوە. بۆ مەسەلەی وشەی (گۆرانیبێژ)یش بڕوانە کۆڤاری (ئەکادیمی)ی کۆڕی زانیاری کوردستان، ژمارە(١)، ساڵی ٢٠٠٢. بابەتی ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی بڕگەی (شەشەم). لاپەڕە ٦٤.

٥- بەڕێز کاک سەییید ئەحمەد ڕواندزی - هونەرمەندی کەمانچەژەنی لێهاتوو، ڕای وابوو کە (نۆتە)ی ئاوازی گۆرانییەکان لەگەڵ هەر گۆرانییەک بنووسراباوە!

بەڵێ ئەمە زۆر ڕاستە لە کاتێکا خۆم (نۆتە)م باش بزانیبایە و بخوێندبایە. بەڵام بەداخەوە ئەوەندە لە (نۆتە) نووسین بۆ ئاواز، چاپووک نیم و ئەمەش کەمتەرخەمییێکی خۆم بوو، کاتی خۆی!

تەکلیف کردنی یەکێکی وەک جەنابیشی، سەرباری ئەو هەموو کار و ئەرکانەی لەسەر شانیەتی، تاکو نۆتەکانی ئاوازەکانم بۆ بنووسێتەوە، ئەوە زۆر زەحمەت دەبوو... چونکە گۆرانییەکان (زۆرن). جا بۆیە، وێڕای سوپاسی، هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازم بۆ نووسینی نۆتەی ئەو گۆرانییانەی کە لەمەودوا تۆمار و بڵاویان دەکەنەوە، تاکو بۆ دواڕۆژ ئامادە و بەردەست بن.

٦- بەڕێز کاک وشیار ئەحمەد ئەسوەدیش لە نووسینێکیدا دەڵێ:

(لە کتێبی «گۆرانییبێژە نەمرەکان» ناوەوەی «مامۆستا باکوری»م خوێندەوە). زۆر سوپاسی دەکەم کە بەویژدانێکی پاک و ڕاستگۆیانە، باسەکەی نووسیوە. وێنەی زۆربێ یارەبی، بۆ خزمەتی هونەری جوان.

٧- مامۆستا جەلال مەلا حەسەنی بەڕێز لەسەر کاویس ئاغا و مریەم خان، تێبینی زۆر تازەی دامێ و بەتایبەتی لە بابەت بوونی مریەم خان لە خێڵی (هەرکی)یان و نووسینەکەی لە (ڕامان)ی ژمارە (٦٤) زانیارییەکی نوێیە، بەڵام زیاتر پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، هیوادارم لە دواڕۆژ زۆر چاک ئەوە ساغ کاتەوە.

٨- کاک مەربێن صلیوەی مەقامبێژی کۆیی چەند مەقامێکی هونەرمەند (مەلا ئەسعەد)ی بۆ نووسیم و لەم بەشەدا بڵاوم کردنەوە کە ئەم کارەی زۆر یارمەتی دام لەجیاتی گەڕان لێرە و لەوێ و (کاسێت)ە دەگمەنەکانی چنگ نەدەکەوتن.

٩- مامۆستا حسێن حاجی قادر کە لە گۆڤاری (ڕامان) هەندێ تێبینی و ڕاستکردنەوەی هەندێ مێژوو و یادگاری خۆی نووسیبوو.

دووبارە سوپاسی هەموو ئەو بەڕێزانە دەکەم.

لە بابەت بەشی یەکەمی ئەم کتێبەم

بەشی یەکەمی ئەم کتێبە، (گۆرانیبێژە نەمرەکان)، دەزگای (ئاراس) بەچاپی گەیاند و لە ناوەڕاستی مانگی ئاب (٢٠٠١)دا، دابەشی سەر کتێبخانەکان کرا و کەوتە دەست خوێنەرانەوە.

لەو بەشەدا، بەشی یەکەم، ژیاننامە و وێنەی نۆزدە گۆرانیبێژی ڕەسەن و نەمری کورد بلاوکراوەتەوە کە ئەمانە بوون:

١- سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی
٢- مامۆستا عەلی مەردان
٣- دایکی جەمال
٤- مەلا کەریم
٥- کاویس ئاغا
٦- مریەم خان
٧- تایەر تۆفیق
٨- حەسەن جەزراوی
٩- سەعید ئاغای جزیری
١٠- سێوە
١١- نەسرین شێروان
١٢- محەمەد عارفی جزیری
١٣- ڕەسوول گەردی
١٤- شەماڵ سائیب
١٥- تەحسین تەها
١٦- ئایشە شان
١٧- ئەلماس محەمەد
١٨- ڕەشۆڵ
١٩- حوسێن عەلی.

هەروەها پاشکۆیەکیش کە تایبەتە بەبۆچوونێکی خۆم لەسەر خاڵێکی پێوەندیدار بە ژیانی (دایکی جەمال) کە دەرئەنجامێکە بۆم ڕوون بۆتەوە لە دوای خوێندنەوەی یاداشتەکانی بەڕێز (فوئاد عارف)- بەشی یەکەم - کە ساڵی پار بلاو بۆوە، ئەم پاشکۆیە دوا بابەتە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەمدا.

هەڵبژاردنی ناوەکان، واتا ناوی ئەو ستراننبێژە نەمرانەی لە کتێبەکەدا هاتووە، بە پێی تەسەلسولی پەیدابوونیان لە مەیدانی گۆرانی وتندا کە مێژووەکەشی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە، چاکترین دەڵێم: لە دوای شەڕی جیهانی یەکەم، (١٩١٤-١٩١٨)ەوە دەست پێ دەکات.. ئینجا بەو تەسەلسولە، لە (سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی)یەوە دەستم پێ کردووە، ئەگەرچیش ئەم هونەرمەندە خەڵکی

کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) بووە، بەڵام وەک ڕێز لێنانێک و ئیعجابێکی شەخسی خۆم بەدەنگ و مەقامەکانی سەییدە، ئەوم لە سەرەوەی لیستەکە دانا و بەناوی ئەوەوە کتێبەکەم دەست بەنووسینی کرد و هەر بەمەزندە و سەرچاوەکانی خۆم و نووسەرانی تریش، سەییدە عەلی ئەسغەر یەکەم گۆرانیبێژ بووە، لەو ماوەی باسم کرد، سەری هەڵداوە و جەماوەری کوردی خەنی کردووە بەدەنگە چریکەدارەکەی و ئاوازە شیرینە ڕەسەنەکانی و قەوانە بەتام و پڕ جۆش و خرۆشەکانی... کە وایان کردووە لە هەموو بەشەکانی کوردستان ناوی بلاو بێتەوە و خەڵک بیناسن و شەیدای دەنگی بن.

دوای سەییدە، ئینجا لە ساڵانی بیستەکانەوە پێداهاتووم بەرە و هەوراز... بۆ ساڵانی سییەکان و چلەکان و تا سەرەتای شەستەکان- هەموو ئەو هونەرمەندانەی لەسەر قەوان مەقام و لاوک و بەستە و حەیرانیان تۆمار کردووە و ئینجا ئەوانی کە، لە دوای دامەزراندنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، لەو ڕادیۆیە ئاهەنگیان پێشکەش کردووە و دواتریش گۆرانییان بۆ تۆمارکراوە، بەتایبەتی گۆرانیبێژە ناودارەکان، هەموویانم ژیاندوونەتەوە!!

باسیانم کردووە... باسی هەڵسان و دانیشتنی خۆم و بیرەوەریم لە گەڵیانا نووسیوەتەوە، وەک ئەرکێکی سەر شانم زانیوە ئەم کارە بکەم تاکو ناویان هەر بمێنێ و خەڵکی ئێستا و دواڕۆژیش، بزانن هونەرمەندانی سەر قافڵەچی خۆیان کێ بوون و زانیارییان لە بابەتەوە هەبێ... بزانن چۆن ئەو نەمرانە بەکەساسی و نەخوێندەواری و هەژاری... توانیان ئەو بەرهەمە خۆش و پڕ جۆش و خرۆش و ڕەسەنایەتی کوردەواریمان بۆ بەجێ بهێڵن لە دوای خۆیان.

ئەمەش ببێ بەهاندەرێک بۆ وەچەی ئەمڕۆ لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژ کە ڕێڕەوی باب و باپیرانیان بکەنە نەخشە و ئەوانیش لەسەر ئەم نەخشەیە هەنگاو بنێن و بەرهەمەکانیان ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانە بن و لە جەرگەی میللەتەکەیانەوە هەڵقوڵا بن و گۆرانی گوتن نەشێوێنن و بازرگانی پێوە بکەن بۆ پارە کۆکردنەوە و بەرژەوەندی شەخسی. هونەر دەبێ بۆ ژیانەوە و ڕاپەڕاندنی هەستی میللەت بێ... بۆ پێشکەوتنی نەتەوە و وڵات بێ... بۆ جەماوەر بێ تام و خۆشییان پێ ببەخشێ، نەک بەس پارەی پێ کۆ بکەنەوە. ئەوە بوو باسێکی کورتی بەشی یەکەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)، کە خوێنەران باش پێشوازییان لێی کرد و دەستخۆشییان لێم کرد، ئەوەی دەیناسیم و نەیدەناسیم... لە کارەکەم ڕازی بوون.

هیوادارم ئەم بەشەی دووەمیشی، کە بکەوێتە دەستیانەوە، هەمان ڕا و بۆچوونیان لە بابەتیەوە هەبێ و بەشی دووەم ببێتە (تەواوکەر)ی بەشی یەکەم بەڕاستی، بۆئەوەی بە هەردوو بەشەکان، یەک کاری باش و بەنرخ دروست بکەن و پێک بێنن، وەک قاموسێکی هونەری بۆ سوود لێ وەرگرتن... هیوادارم هەنگاوێکی سەرەتا و ئەگەرچی سادەش بێت بۆ هەنگاوی چاکتر و زانستییانەتر و نووسەرانی بابەتی هونەریش، لە خوا بەزیاد بێ، ئەمڕۆکە زۆرن... بەو هیوایەم ئەوان هەنگاوی چاکتر و دروستتر باوێن و ڕووناکی زیاتر بخەنە سەر هونەر و هونەرمەندانی گۆرانیبێژی کورد، ئیتر با هەموو پێکەوە، پشت بەیەکتر ببەستین و گۆرانی کوردی بەرەو پێش بەرین.

باکوری - ١ تشرینی (١) ٢٠٠١

١- حەمدی ئەفەندی

حەمدی ئەفەندی

لە کوردستانی ئێران، ئەوەی تا ئەمڕۆ زانراوە و باوە، یەکەم گۆرانیبێژی کورد، کە لە کۆمپانیاکانی قەوان دەرهێنان، لە تاران، قەوانی بەمەقام و گۆرانی کوردی پڕ کردبێتەوە و دەری هێنابێ، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی بووە.

بەڵام لە لای خۆمان، لەم بەشەی کوردستان - کە ناوی لێ نراوە کوردستانی عیراق- تا سااڵنی هەشتاکانیش، وا مەزەندە دەکرا کە ئەم هونەرمەندەی ناوی لە سەرەوەیە، حەمدی ئەفەندی، یەکەم گۆرانیبێژ بووە گۆرانی و مەقامی کوردی لەسەر قەوان، لە بەغدا، بۆی تۆمار کرابێ! ئەم قسەیەش (عومەر قەزاز) گوتوویەتی لە چاوپێکەوتنێک کە، بەڕێز کاک کەمال ڕەئووف، لەگەڵیا کردوویەتی. خوالێخۆشبوو عومەر قەزاز یەکەم وەکیلی کۆمپانیاکانی قەوان بووە، بەتایبەتی کۆمپانیای (ئەبوکەلب)، لە سلێمانی. ئەم عومەر قەزازە هانی حەمدی ئەفەندی داوە و ناردوویەتی بۆ بەغدا. لەوێش پێنج قەوانی بۆ تۆمار دەکەن.

تەواوی قسەکانی عومەر قەزازیش بەو شکلە بووە کە وتوویەتی:

«... کە پرسیم لە مەسئوولی شەریکەتی ئەبو چەلب: بۆ گۆرانی کوردی دەرناکەن؟ گوتیان تۆ بۆمان بنێرە (واتا گۆرانیبێژ). ئەگەر (١٠٠ سەد) دانەشت لە قەوانەکانی فرۆشت، وەکالەتت دەدەینێ! منیش بەحەمدی ئەفەندیم گوت کە شتێکی وا هەیە! قاقەزم دایێ... ئەویش چوو بۆ بەغدا، بۆ لای ئەو شەریکەتە و (٥ پێنج) قەوانێکی دەرکرد. وا بزانم دەوری (سەد١٠٠) ڕوپیەی وەرگرتبوو- سااڵکەش هەر لە دەوری ١٩٢٦-١٩٢٧دا بوو. دوای نزیکەی مانگ و نیوێک، بەپۆستەدا، لە ناو قوتوویێکدا، لە بەغداوە قەوانەکانم بۆ هات... خۆم بە سلێمانی و کەرکووک و چەمچەماڵم دەفرۆشتن، دانەی بە ٢٠، ٣٠... تا ٥٠ ڕوپیە.

کە گۆرانییەکانیش بااڵوبوونەوە، خەڵکێکی زۆر سەریان سوڕما و زۆریان پێ خۆش بوو... هەر چایخانەیەک ئەم قەوانانەی هەبوایە و لێی دابایە... چایخانەکەی بەر نەدەکەوت...»

گۆرانییەکانیش ئەوانەبوون لەسەر هەردوو دیوی پێنج قەوانەکان:

١- مەقامی ئای ئای...

٢- بەستەی: بەهار هاتەوە.

٣- سروودی: پیرە مەگروون موقەددەسی (لە ڕووی یەکەمی قەوانەکە بوو).

کاک عومەر قەزاز دەری خستووە کە ئەم سروودە زۆر خۆش بوو خەڵک قەوانێکیان ڕەنگە بە لیرەیەکیش بکڕیبایە.

ڕووی دووەمی قەوانەکەش: گۆرانییەک بوو بە ناوی:

٤- چێشتم ئەمڕۆ ژەهری مار و ڕۆحی شیرینم نەهات.

٥- بەستەی: سەوزە مەڕۆ سەوزەکە.

٦- گۆرانی: لەبەر نازی چاوبازان، شیعری وەفایی بوو لەسەر هەردوو دیوی قەوانێکدا بوو.

٧- سروودی: دڵ لە دەردی وەتەن پەست و گیراوە لە شیعری فایق بێ کەس.

٨- مەقامێک: شیعری (مەحوی)یە کە دەڵێ:

لە ناکەس کاریبا خاکم بەسەر ڕۆیی بە با عومرم.

دیارە ئەگەر ئەو قسانەی یەکەم وەکیلی قەوان فرۆشتن لە سلێمانی، خوالێخۆشبوو (عومەر قەزاز) تەنها بەڵگەمان بن ئەوە دەبێ هونەرمەندی ڕەحمەتی حەمدی ئەفەندی یەکەم گۆرانیبێژ بێت کە لەسەر قەوان، لە سااڵی ١٩٢٦و بەدواوە، لە بەغدا گۆرانی و مەقامی کوردی لە قەواندا گوتبێت. عومەر قەزاز لە سااڵی ١٩٠٤ لە سلێمانی لە دایک بووە و لە ١٩٨٤/٣/١٤ هەر لە سلێمانی کۆچی کردووە.

عومەر قەزاز

بەڵام، لە دوای ئەم گفتوگۆیەی عومەر قەزازدا، دوو سێ لێکۆڵینەوە و سەرچاوەی تر دەرکەوتن کە بەگوێرەیانەوە حەمدی ئەفەندی ڕەنگە بێ بە سێیەم و بەڵکە چوارەمیش لە تەسەلسولی میژووی ئەو هونەرمەندانەی گۆرانییان لەسەر قەوان تۆمار کردووە.

لە سااڵی ١٩٩٨ بەرنامەیەکم ئاماده کرد بۆ تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان لە هەولێر، بەبۆنەی یادی کۆچی مامۆستای مەقامی کوردی (عەلی مەردان) خوا لێی خۆش بێت. جا میوانی بەڕێز کاک عەبدولقادری کۆڕی عەلی مەردان بووین، خۆم و دەرهێنەری تەلەفزیۆن کاک سەلاح حەسەن و وێنەگری TV کاک محەمەد غەفوور، چووینە ماڵی کاک عەبدولقادر و زیاتر لە دوو سەعات لە لای ماینەوە. هەرچی ئەرشیفی باوکی ڕەحمەتی هەبوو، وێنەی فۆتۆگرافی، گۆڤار و ڕۆژنامەی کە باسیان کردبێ و قەوان و ئەو دیارییانەی پێی بەخشراون... مەبەستیشم لێرە ئەوەیە کە کاک عەبدولقادر ئەو قەوانەی نیشان داین و وێنەشمان گرت و لە بەرنامەکە دایە، کە لە سااڵی ١٩٢٤ لە کۆمپانیای قەوانی (هۆمۆکورد) پڕ کراوەتەوە، لە بەغدا.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مامۆستا عەلی مەردانی نەمر، دوو سااڵ لە پێش حەمدی ئەفەندی قەوانی تۆمارکردووە. کەمال ڕەئووف محەمەد ئەم باسەی کردووە لە گۆڤاری کاروان ژ- ٣١ لە نیسانی ١٩٨٥ لە لاپەڕە (٩٨) لە - پەراوێزەکاندا دەڵێ:

«عەلی مەردان لە لای ئەم کۆمپانیایە ٢ قەوانی دیارە... لە ١٩٢٤دا لەلای هۆمۆکورد، تۆمارکراون. قەوانەکانیش لە لای (کاک محەمەد شەریف ڕەسوولن، لە سلێمانی، کە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم:

١- دیوی یەکەم" ئەڵاوەیسی-

٢- دیوی دووەمی: بەستەیە و باش نابیستریت و تورکمانییە، بەناوی (ڕوحم لەیلانن قز) واتە: ڕووحەکەم کچە لەیلانی،

دووەم: قۆریاتێکە و بەستەی (ئەمان عەشە) واتا: ئەمان عایشە!

کەچی هونەرمەندی گۆرانیبێژ و نووسەری مێژووی مەقام و گۆرانی کوردی، کاک عوسمان شارباژێری، لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ی ژ- ١٠٦ی ساڵی ١٩٨٥ و لە لاپەڕە: ١٤٤ و١٤٥ باسێکی تری لە بابەت مێژووی یەکەم (قەوان)ی کوردی، بەجۆرێکی زانستییانەتری کردووە و دەڵێ:

«کاک جەلال جۆبار (شاعیرێکی کۆنییە- باکوری) دەڵێ حسین اسماعیل- حوسەی حەبە تۆزی- ١٨٨٥-١٩٢٩ لە دوا دوای ساڵانی ١٩٢٢دا، حسین اسماعیل پێش کاویس ئاغا، یەکەم کەس دەبێ دەچێ قەوان تۆمار دەکا.» کاک عوسمان ئەو قسەیەی جەلال جۆباری لە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ- ٧٢٥ی ساڵی ١٩٨٤دا



عەبدولقادر عەلی مەردان و باکوری

خوێندووتەوە. ئەم بۆچوونەش مێژوویێکی دیکەمان بۆ دەهێنێتەوە کە ئەویش ڕەنگە (دوا دوا ساڵانی ١٩٢٢) بێ! بەڵام چ ساڵێک؟ ڕستەکە زۆر چاک و پتەو مێژووەکەمان پێ نالێ. بۆیە ئیحتیمالاتی زۆر وەردەگرێ!. ئینجا کاک عوسمان شارباژێری، دوای یەک دوو بڕگە لە هەمان لاپەڕەکە، نمونەی جۆرە پێوانە (تەرازوو)یەک ڕوون دەکاتەوە کە، بەڕای ئەو، دەبێ ئاوا مێژووی یەکەم گۆرانیبێژی سەر قەوان بدۆزرێتەوە. بەڵام ئەم تەرازووە پێویستی بە هەبوونی ژمارەی قەوانەکە و ناوی کۆمپانیاکە هەیە تا بزانین کێ لە پێش کێ قەوانی دەرهێناوە. بەڵام ئەگەر قەوانەکە نەبێ و ژمارەکەی و لە چ کۆمپانیایێک تۆمارکراوە، مەعلووم نەبێ، ئەوە مەسەلەکە ڕاست و دروست نابێ! دەبێتە تەنها خەیاڵێکی نووسەرەکە!

بەپێی ئەم تەرازووەش کاک عوسمان، بەدڵنیاییەوە، دەڵێ:

«گۆرانیبێژێک کە ناوی (حسەنی کوردی)یە مەقامێکی (لامی) بەر لە مامۆستا (محەمەد گوبانچی) تۆمار کردووە.. لە کۆمپانیای (بەیزافۆن) لە سەر قەوانێک کە ژمارەکەی ٨٣٧٣٣ یە لە ساڵی ١٩٢٥. محەمەد گوبانچیش هەمان مەقامی (لامی)و لە هەمان کۆمپانیا و هەمان ساڵ (١٩٢٥) لەسەر قەوان تۆماری کردووە کە ژمارەی قەوانەکە: (ب٨٣٧٧٧)ە. کەواتە حسەین کوردی بە (٤٤) قەوان بەر لە محەمەد گوبانچی، ئەو قەوانەی دەرهێناوە. ئەمە بەڵگەیەکی ڕاست و دروستە، وەک کاک عوسمان خۆی دەڵێ. ئینجا دەشڵێ: ڕوونکردنەوەی یەکەمین گۆرانیبێژی کوردی سەر قەوان دەبێ بەم جۆرە (تەرازووە) بێ.

ئەم ڕا و بۆچوونە، لە کتێبی (سلێمانی - شارە گەشاوەکەم، بەرگی سێیەم، کە لە نووسینی

مامۆستایان: جەمال بابان و ئاسۆ بابان و ئومێد خالیدە، و لە لاپەڕە (١٥١)ی کتێبەکەدا نووسراوە و ئاماژەش بۆ کاک عوسمان کراوە کە بابەتەکە لە نووسینەکانی ئەوەوە وەرگیراوە.

زۆر باسی تری سەر پێیی و نووسین لە هەندێ شوێنی تر هەنە، بەڵام تەنها یەک سەرچاوەی تر باس دەکەم لەم بابەتەوە و کۆتایی بەم بەشە لە ژیانی (حەمدی ئەفەندی) دەهێنم:

لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕێکەوتی ١٩٩٦/٤/٢٥دا، لە لاپەڕە (٦)یدا، بابەتێک نووسراوە لە ژێر ناونیشانی: «یەکەم گۆرانیبێژی سەر قەوان کێیە؟ نووسەرەکەشی کاک کەمال ڕەئووفە، کە بەڕاستی ئەم کابرایە زۆر خۆی ماندوو دەکات بە دوای (ڕاستییەکان)ی چاخی (قەوان) و ناوی ئەو هونەرمەندانەی لەسەر قەوان، لە کۆمپانیاکانی کە لە بەغدا ستۆدیۆ و نووسینگە و جیهازی تۆمارکردن و پێویستییەکانی تریان دامەزراندبوو، گۆرانییان تۆمارکرد!



عوسمان شارباژێری

هەر خۆی بوو لە ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری کاروان و ڕۆشنبیری نوێ، زوو زوو بابەتی، کە پێوەندییان بەم لایەنەی هونەری ئاواز و گۆرانی کوردییەوە هەیە، بڵاو دەکردەوە. هەر خۆی لە ژمارەیەکی گۆڤاری کاروان: ژ- ١٠ی تەمموزی ١٩٨٣، لە لاپەڕە (٨٣) دا، لەژێر ناونیشانی (یەکەم گۆرانیبێژی سەر قەوان: حەمدی ئەفەندی)دا و لە دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی تێروتەسەلی کردووە، وای بۆ ڕوون بۆتەوە کە (حەمدی ئەفەندی) ئەو گۆرانیبێژە بووە کە یەکەم جار قەوانی کوردی دەرهێناوە. کەچی، دوای نزیکی ١٣ سیانزە ساڵی تر لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی نوێ، شتی دیکەی بەدەست کەوتووە و دەڵێ: «لە ڕایێڵەی کرد و کۆششدا بۆ ناسینی گۆرانیبێژە یەکەمەکانی سەر قەوان، لە ساڵی ١٩٨٥ بەڵگەوباسی نوێم دەستگیربوو کە (٢ دوو) کەسی کۆچکردوو شایەتی دەدەن و ئەم باسەش یەکەم جارە بیخەمە ڕوو.



کەمال ڕەئووف محەمەد

ئینجا ناوی ئەو (دوو) شایەدانەش ئەوانە بووین، وەک خۆی باسی حەکایەتەکان دەکات. یەکەمیان: شێخ حسێن شێخ عەبدوڵڵای سەعاتچی بووە کە لە (١٩٠٠ لە سلێمانی لە دایک بووە و لە ١٩٨٧) هەر لەوێ کۆچی کردووە. نووسەریش لە ١٩٨٥دا چاوی پێی کەوتووە و لە دووکانی خۆیدا و بەگوێرەی ئەوەی کە لە یادی ماوە، گوتوویەتی «عیززەت ئەحمەدێ هەبوو بە(عیزەت ئەحمەد کوردی) مەشهوور بوو، خەڵکی دێی (وەلیاوا)ی سەقز بوو. سەرکاری مەرحووم شێخ مەحموودی حەفید بوو، لە (پێنجوین)دا لە ساڵی ١٩٥١ کۆچی کرد. ئەم عیززەتە لە پێش

(حەمدی ئەفەندی)یە و هەرکەسێکی دییەوە، گۆرانی کوردی لەسەر قەوان تۆمار کردووە: قەتار و سێگای هەبوو.

گۆرانییێکی بەسەر مەرحووم شێخ مەحموددا هەڵدابوو کاتێ کە ئینگلیزەکان- هاوینی ١٩٢٢، شێخیان لە ئەسارەتی هیندستان بەردا و هاتەوە بۆ سلێمانی. ئەو گۆرانییەی لەسەر قەوانی کۆمپانیای (بەیدافۆن) تۆمارکرد. خۆم دێتەوە بیرم لە قەوانەکەدا بێژرابوو: عیززەت کوردی- هەلاو- براڤۆ! بەیتێکی گۆرانییەکەشم لە بیردا ماوە دەڵێ:

مژدەبێ ئەی میللەتی کورد شێری یەزدان هاتەوە
هەروەک حەیدەری کەرار، مەلیکی کوردان هاتەوە

ئەوەی من بێتەوە بیرم ئەم قەوانە لە ساڵانی ١٩٢٢و١٩٢٣دا تۆمار کرابوو. (قسەکانی شێخ حوسێن سەعاتچی تەواو).

تێبینی: لە بەیتی یەکەم، من لە وشەی (یەزدان) کەمێک گومانم هەیە، چونکە (شێری یەزدان)م لە هیچ شیعرێک، نە بۆ گۆرانی نە بۆ سروود، نەبیستووە. تۆ بڵێی وشەیەکی تر نەبێ؟ وەک (شێری مەردان) بۆ نموونە؟ خۆ وەک هەڵەی چاپ، رێی تێدەچێ! یەزدان - مەردان!» دووەمیان: مەلا قادری سەعید نانەوا کە لە ساڵی ١٩٠٠ لە سلێمانی هاتووتە دونیاوە و لە ١٩٩١/١٢/٣٠ هەر لەوێ کۆچی کردووە و باب و باپیریشی هەر نانەوا بوون، خۆی نانەوای شێخ مەحموودی حەفید بووە، لە پێنجوێندا، بۆ کورەکەی کە ناوی (عەباس قادر) ە، فەرمانبەرە لە سلێمانی، گێڕاویەتەوە کە: «عیززەت ئەحمەد کوردی هەبوو، پیاوی شێخ مەحموودی حەفید بووە. ئەم عیززەتە گۆرانی بەسەر شێخ مەحموددا هەڵداوە و بەقەوانیش تۆمار کراوە. ئەو لە پێش هەر کەسێکی دیکەوە قەوانی دەرکردووە. بەڵام نەیزانیوە چەند قەوانی پڕکردۆتەوە». کەواتە، دیسان دەڵێینەوە: ئەگەر ئەو قەوانە، ڕۆژێ لە ڕۆژان دۆزرایەوە، ئەوا، بێ شک، دەبێ عیززەت ئەحمەد کوردی، یەکەم کەس بووبێ گۆرانی یا سروودی لەسەر قەوان تۆمارکردبێ! حەمدی ئەفەندی،

شێخ حوسێن شێخ عەبدوللای سەعاتچی- سلێمانی (١٩٠٠-١٩٨٧)

ناوی تەواوی- بەگوێرەی دەفتەر نفووسیەوە، کە ژمارەکەی ١٢٣٢ە و لە ١٩٤٣/٥/٤ بۆی (تنظیم)، واتا دەرهێنراوە لە سلێمانی، بەم جۆرەی خوارەوە زانیارییەکان تیادا هاتووە: حەمدی ئەفەندی کوڕی ئەمین ئاغای کوڕی حسێن ئاغایە. لەساڵی ١٨٨٧ ز لە سلێمانیدا هاتووەتە دنیاوە(*) لە بنەماڵەی

(*) کاک عوسمان شارباژێڕی دەڵێ «لە ساڵی ١٨٩٤ز هاتووەتە دنیاوە» سەیری گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێی ژ-١٠٦ی ساڵی ١٩٨٥ بکە.

حاجی ساڵح ئاغایە. دایکی ناوی (عەتیە) بوو. پیشەی چایەچی بوو و خوێندەواریش بوو. خێزانی ناوی ئامینە خان بوو. ئێستا (٣ سێ) کوڕی لە سلێمانی نیشتەجێن:- نووری خەفاف، جەمال، دوکاندارە و لەتیف، مامۆستایە. حەمدی ئەفەندی دوو برا و دوو خوشکی هەبوو: براکانی: ئیسماعیل و شوکور بوون و خوشکەکانی:

سەبرییە و شەوقییە. نەوەکانی حەمدی ئەفەندیش کوڕ و کچی هەنە و هەموویان لە سلێمانێن. بە ویراسی (وراثی) زۆربەیان دەنگیان خۆشە، ئەگەرچی خۆیان لە گۆرانی گوتن و تۆمارکردن نەداوە. ئیسماعیلی برای و جەمالی کوڕی و ئەحمەدی حاجی قادری ئامۆزا... ئەمانە دەنگیان خۆشە.

حەمدی ئەفەندی لەگەڵ برازاکانی کازم و حەسەن، لە بەسرە ساڵی ١٩٤٩

حەمدی ئەفەندی، هونەرمەندێکی مقام زان و بەستەزانی دەنگخۆشی خۆڕسک بوو، ڕووخۆش و هێمن و مەنگ (مەند) بوو. میوان دۆست بوو. لە مەجلیسان قسەخۆش بوو. میوانەکانی بەوپەڕی دڵخۆشییەوە لە ماڵەوەی دەردەچوون و بەرەو ماڵی خۆیان دەگەڕانەوە دوای ئەوەی چەند سەعاتێکی خۆشیان لەگەڵ دەنگ و مەقامە خۆشەکانی بەسەردەبرد.

حەمدی ئەفەندی لەبەر دەرکی سەرا لە سلێمانی شریک بوو لەگەڵ ڕەشیدی مەلا برایم و چایخانەیەکیان لەو شوێنە هەبوو. بەهاتنی قەوانەکانیشی، ئیشی چایخانەکەیان زۆر چاک بوو و هەمیشە قەرەباڵغ بوو، هەتا زۆرکات خەڵک دەهاتن بەڵام شوێن و یا کورسی نەبوو لێی دانیشن.

بەڵام پێش چایخانەکە، حەمدی ئەفەندی ئیشی تووتنچی بووە. ئینجا، دوایی، ئەو چایخانەیان کردۆتەوە لەگەڵ ڕەشیدا!

گۆرانیبێژ مەحمود وەندی

دیسان لەگەڵ کابراییێکی تر شریک بووە کە ناوی حاجی عەوول بووە، لە چایخانەیەکی تر،، یا لەوانەیە، لەبەر هەر هۆیەک بووبێ! بەهەر حاڵ، لە ئاخیری، چایچیاتی بەجێ دەهێڵی و دووکانێکی پێڵاو فرۆشتن دائەنێ لەبەر حەوزەکەی ناو بازاڕ. ئیتر هەتا کۆچی دوایی کرد هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، هەر ئەو دوکانەی هەبوو و تەنانەت ناویشی بە حەمدی ئەفەندی خەفاف دەرکرد. ئاوا، هونەرمەند لە وڵاتمان قەت بەهونەرەکەی ناتوانێ خۆی و خێزانی بژین و بژیوی ژیان بە (گۆرانی) پەیداکات. ئەبێ لەتەک هونەرەکەیا، ئیشوکارێکی هەبێ پێی بژی! کاویس ئاغا شوانی و گاوانی و ڕاوچییەتی کردووە... کۆچەر بووە تا لە شەڵاوە، لە ماڵی نەورۆز ئەفەندی گیرساوەتەوە و کردوویەتی بە(مأمور مخزن) بە

مووچەیەکی کەم. مامۆستا عەلی مەردان، لە (معهد المكفوفين) دەرسی عوودی فێرە قوتابییە نابیناکان دەکرد. تایەرتۆفیق موەزەفێکی بچووک بوو لە موتەسەریفیەتی (پاریزگای) هەولێر و مووچەیەکی زۆر کەمی هەبوو. کاتبی (صادرة و واردة) بوو. ئافرەتە گۆرانیبێژە کۆنەکان ئیشی دیکەیان دەکرد و ژیانیان بەزگێکی تێر و دەی برسی بەسەر دەبرد! ئەزانن هونەرمەندی دەوروبەری زێی (ئەلوەن)ی کوردستانی خێروبەرەکەت، مەحموود وەندی بە چی دەژیا ؟

مەحموود وەندی (کەنناسی) ئەمانەتولعاصمە (امانة العاصمة) بوو لە بەغدا... ئەم (امانة)ە لە شارانی تر پێی دەگوترێ (بلدیە) واتا شارەوانی! بەڵێ ئەم هونەرمەندە دەنگخۆشە، بەیانیان زۆر زوو بەخۆ و بەکابرایەکی عارەبی دیکە، ڕۆخ شەقامەکەی ڕەشیدی نێو جەرگەی بەغدایان پاک دەکردەوە. مەحموود گێسکی لێ ئەدا و عارەبەکەش بە (عارەبانە) شۆێنی مەحموود دەکەوت و زبلەکەی بەخاکەناس هەڵدەگرتەوە و دەیخستە ناو عەرەبانەکەوە! محەمەد عارف جەزراوی سونەنەتی منالانیشی دەکرد و لە دێهاتەکان دەگەڕا، خۆی و حەسەنی جزیری، شەوان لە مالە کوێخایەک یا ئاغایەک لە یەکێ لە گوندەکان، تا دوای نێوە شەو لاوک و مەقامیان بۆ دانیشتوانی دیوەخانە دەچڕی، ئینجا بۆ بەیانی چارەکە دینارێکی دەدایە هەردووکیان.

جارێکیش، محەمەد عارف گێڕایەوە وتی! دوای ئەوەی من و حەسەن تا بەیانی لاوکمان بۆ ئاغایەک گوت، بەیانی لەبەر دەرگای دیوەخان وەستابوو خوا حافیزیمان لێ بکات، ئەمری کرد یەکێک لە پیاوەکانی چوو جۆرێکێک (جۆ)ی هێنا و دایە دەستی محەمەد عارف. ئەو زەمانە خەڵک (جۆ)شیان لێ دەکرد لە ئاش و دەیانکردە نان! جا محەمەد عارف وتی: کە جۆیەکەم بینی، ڕووم کردە ئاغا و گوتم: ئاغام.. ئەزبەنی، ئەگەر ئیمکان بێ، ئەمر بکەی جۆرێکێک (کا)شمان بدەیتێ، بۆ هەڤاڵەکەم!

مەبەستیش (حەسەن جەزراوی) بوو.. جا نازانین ئەمە نوکتە بوو یا هەر واقیعێک و ڕاستییەک بوو، خوالێخۆشبوو محەمەد عارفێ جزیری گێڕایەوە! هونەرمەندانی تر کاری تریان دەکرد وەک (پۆلیسی)، شوفێری، کرێکاری قوڕوقوڕکاری، سەپانی، مەلا کەریم ناتری حەمام بوو. حەمدی ئەفەندیش، وەک دیمان، بە تووتنچییەتی و چایچییەتی و دووکانداری بەڕێوە چووە! ئێ: دە هەر ئەوان بوون ئەو کارانەی ئەغلەب خەڵکی کوردستان پێوەی بەڕێوە دەچوون و ژیانی خۆیان و خێزانیان پێ تەئمین دەکرد. چونکە هەموو گۆرانیبێژەکانمان، لە سالانی بیست و سی و چل و پەنجاکان.. ئومی و نەخوێندەوار بوون! ئەو پەڕی لە لای مەلا فەقێ بوون بۆ ماوەیەک و لە پاشان دەکەوتنە سەر کار و کاسبی! بەتایبەتیش لەو سالانەی پێشوو، هێشتا قوتابخانە زۆر کەم بوون.. لە شارە گەورەکان یەک یا دوو قوتابخانە هەبوون و بەس! هەر بۆیەش زۆربەی گۆرانیبێژە ڕەسەن و کۆنەکانمان، سەرەتا بەخوێندنی مەولوودنامە و تەواشیحی ئایینییان دەست پێ کردووە و ئینجا وردە وردە بەرەو چڕینی مەقام و بەستەی ئاسایی ڕوویان کردووەتە چایخانە و دیوەخانەکان و هەندێکیشیان بۆیان لواوە و هەریەکە و چەند قەوانێکیان دەرکردووە. لەنێوان سالانی ١٩٣٩-١٩٤٥یش شەڕ و شۆڕ و مالکاولی دونیای گرتەوە لە شەڕێکی بێ ئامانی دڕندانە.. ئیتر نە کاروکاسبی ما، نە قوتابخانە.

گرانی و بێ پارەیی و برسێتی، جیهانی گرتەوە و ولاتی ئێمەش لەو قات و قڕییە و گرانییە بێ بەش نەبوو. چای لە چایخانە بە فلسێک بوو! بەڵام زۆر کەس، لە بێ کار و بێ ئیشەکان، ئەو (فلسە)شیان نەبوو بچن لە چایخانە چایەک بخۆنەوە! بۆیە هەر خەڵک و کرێکاری (بێ کار) لەبن دیوار و لەسەر شوستەی شەقامەکان و لە بەر دەرگاکانی ناو کۆڵانەکانی گوند و شاردا، پاڵیان دەدایەوە و بەسەعات و دووسەعات ڕادەکشان و خەویان لێ دەکەوت! ناو بازاڕەکان سست و بێ کەلوپەل بوون. ئەو شتەی زۆر بوو (ئەلحەمدولیلا) ماست و پەنیری بەهاری و ژاژی و بەڕوو و گێوێژ و مێوژ و.. ئیتر ئەو میوە و خواردن و بەروبوومەی دار و درەختە پیرۆزەکانی کوردستان، یارمەتیدەرێکی چاک بوون بۆ فەقیر و هەژاران...

جا کەش و هەست و زەوقیش سست و سارد بووبوون.. گۆرانی وتن لە (بێعاری)یەوە دەهات! (خەڵک وایان دەگوت). شایی و ڕەشبەڵەک و دەنگی دەهۆڵ و زورناش زۆر کەم ڕوویان دەدا!

بەڵام لە سالی ١٩٤٥ بەولاوە، دوای کۆتایی جەنگە شوومەکە، نەختە نەختە... گرژی ژیان هێور بۆوە و جووتیار و کرێکار وردە وردە کاریان بۆ پەیدا بوو... گۆرانیش بووژایەوە... هەر لەو سالەش بوو خالە تایەر تۆفیق ڕووی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا کرد و بوو بەگۆرانیبێژی ئیزگە... هەروەها ڕەشۆل و ڕەفیق چالاک و سێوە و شەمال و خودادا عەلی و ئیبراهیم حەزین و مریەم خان و نەسرین شێروان و ڕەسوول بێزار گەردی و حەسەنی جزیری و محەمەد عارف و.. هەموو گۆرانیبێژەکان، لە دوای ئەم شەڕە جیهانییە دەستیان کردەوە بەئاهەنگ و بەزم و سەیران و نەورۆز کردن!

هەندێکیش، وەک حەمدی ئەفەندی و دایکی جەمال و ژمارەیێکی تر، هەر دوای ئەو چەند قەوانەی تۆماریان کردن تاسالانی ناوەڕاستی سییەکان و دوای شەڕەکە هەر نەگەڕانەوە سەر هونەرەکەیان و لێی سارد بوونەوە بەیەکجاری.. کاویس ئاغاش و یەک دووێکیش کۆچیان کرد... خوا لە هەموویان خۆشبێ!

حەمدی ئەفەندی مرۆڤێکی دڵپاک و دڵسۆز و بەدین بووە و لە خوا ترساوە و هیچ کاری خراپی لە ژیانا نەکردووە جگە لە چاکە و یارمەتی خزم و دۆستان.. لە مەولوودانیش زۆر بەشداری دەکرد و تەراتیلی ئایینی بەدەنگە خۆشەکەی لە کۆڕی مەولوود دا دەچڕی و تەنانەت، بیستومە، لەسەر منارەی مزگەوتی گەورەی سلێمانی جاروبار بانگی ئەدا و لە جەژن و بۆنەی تایبەتی ئایینی تەواشیخ و شتی تری گوتووە لە هەمان کاتیشا، وایان باس کردووە کە جاروبار چووەتە بەغدا و لە (اعظمية وكاظمية) لەگەڵ دەنگخۆشانی ئەو زەمانی بەغدا سروود و تەراتیل و مەقاماتیان خوێندووە!

هونەرمەند، کاک ئەحمەد (دەنگ گەورە) لە وتارێکیدا، لە گۆڤاری (ڕامان) سالی ٢٠٠٠ کە لە بابەت (حەمدیە فەندی) نووسیوە، وتوویەتی:

«حەمدی-یە فەندی، لە سالانی سییەکان (١٩٣٠ بەرەوژوور) جێی شانازی سەردەمی خۆی بووە!.. وەک پیاوێکی بە ئەخلاق و خوو و ڕەوشتی بەرزی کوردانە ناسرابوو.» هەر لەو وتارەشدا کاک ئەحمەد بەردەوام دەبێ لەسەر مەسەلەی باسکردنی ژیاننامەی هونەرمەندە ڕەسەن و کۆنەکان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ئەمڕۆ کە دەفەرموێ: «مایەی خۆشحاڵییە کە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەم سەردەمە (ئێستا) یادی ئەم کەڵە هونەرمەندانە دەکەنەوە و ئومێدەوارین ئەم کارە پیرۆزەیان هەر بەردەوام بێ و

لایەکیش لە باری گوزەرانی هونەرمەندان (مەبەستی ئەوانەی لە ژیانا ماون) بگرێتەوە... چی دیکە بە برسێتی و کەساسی و نەداری، سەر نەنێنەوە!». کاک ئەحمەد ناوی چەند هونەرمەندێکیشی هێناوە کە بەو شێوە، واتا بە هەژاری و بێ کەسی و بێ دەرمانی، کۆچیان کرد، وەک: تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، ڕەفیق چالاک، ڕەسوول گەردی... و منیش دەڵێم: هەروەها: حەسەنی جزیری و نەسرین شێروان و مەحمود وەندی و خودادا عەلی و... تاد.

ئەوەی ڕاستی بێ، ئەو خوالێخۆشبووانە، بەدڵێکی پڕ خۆێنگەرمییەوە و دڵسۆزانە هەوڵیان داوە هونەری ئاواز و فۆلکلۆری کوردی بپارێزن!

هیچ لایەنێکیش خۆی بە ساحیبیان نەزانیوە کاتی نەخۆشی و لێقەوماوییان.

پارەو پوولیان وەرنەدەگرت لە ژیانیان و ئاهەنگ و گۆرانی هەر بە (خۆڕایی) دەگوترا! ئەوەی لە ئێزگەی بەغداش ئاهەنگی هەبوایە، ئاهەنگ بۆ ٢٠ دەقیقە تا ٣٠ دەقیقە، دینار و نیو، دوو دینار، سێ دینار زیاتر نەبوو تا سالانی پەنجاکان... بۆیە هونەرمەندانمان بە پارەی گۆرانیەکانیان نەژیاون... ئەگەر کارێکی تریان نەبوایە، ئەوا هەر بەیەکجاری ئەگەر (عزة نفس)ەکەیان نەبوایە. چونکە دەبایە دەرۆزە بکەن!

بەڵی هەموویان، خوا عافوویان بکات، مەرد بوون... کورد بوون... نەفس بەرز بوون... سەریان بۆ پارە و پوول نزم نەکردووە! هەمیشە سەربەرز بوون... تا مردن. (حەمدی ئەفەندی)یش هەر بەڕەنجی بێ وچانی خۆی ژیاوە و تەمەنی هونەریشی لەگەڵ برادەر و خەڵکی بەزەوقیش، لە مەجلیسان و لە سەیرانان... کۆڕەکانی خۆش کردووە قەتیس گلەیی نەکردووە و دەستکورتی خۆی بۆ کەس دەرنەبڕیوە... بە پێچەوانەشەوە، میوانداری هەڤاڵی ئازیزی خۆشی کردووە و لە مااڵکەیا دەعوەتی کردووە و چێشت و خواردنی باشیشی بۆ کردووە...

ئەوەتا مامۆستای خوالێخۆشبوو (عەلائەددین سەجادی) لە کتێبی ڕشتەی مرواری، باسی دەعوەتێکی کردووە کە حەمدی ئەفەندی بۆی کردوون، بەشێکی لێرەدا دەگوازمەوە وەک خۆی:

حەمدی ئەفەندی گۆرانیبێژ

«ساڵی (١٩٣٤)ە، ڕابواردنی سولەیمانی جۆرێکی تر بوو.

حەمدیەفەنی چایچی- خاوەنی قەوانی ئای ئای- بڕیاری دا پەردەپلاوێک لە مااڵوە دروست بکا و بۆ نیوەڕۆژی ئەو ڕۆژە- کە ڕۆژی سێ شەنبە بوو- بیهێنێتە مزگەوتی حاجی مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسوول.

وەستا ئەورەحمانی کەبابچی و وەستا ئەحمەدی حاجی سەیف الله، دەرویش ئەحمەدی چایچی، حاجی مەلا عارفی بستۆ، وەستا سااڵحی چایچی، حاجی عەزیزی توتنچی، مەلا حەسەنی شاتری... منیش (واتا سەجادی) بەشوێنیانەوە نوێژی نیوەڕۆ کرا. حەمدیە

فەنی مااڵکەیان نزیک بوو لە مزگەوتەکەوە، دوو سێ جار هاتوچۆی مااڵوەی کرد و هەر جارە کە دەهاتەوە ڕەنگی زیاتر تێک دەچوو! حەمدیە فەنی خۆی لە خۆیدا تووڕە بوو. لەو هاتوچووەشدا ئەوەندەی تر ئاگری گرتبوو. لە ئێمە وایە پەردەپلاوەکە ڕێک نەکەوتووە و لە شەرمەزاریدا تووڕە بووە. ئێمە هەموو هەستمان پێ کرد. مامۆستا مەلا مستەفا هاتە قسە و وتی: حەمدیە فەنی، هیچ تووڕەیی و شەرمەزاری ناوێ. ئێمە هەموو براین و خێزانی مااڵێکین. خۆ غەریب نین. دوور نییە لە مااڵوە ئیشیان هەبووبێ بۆیان ڕێک نەکەوتبێ نان دروست کەن. ئێستا دەنێرینە بازاڕ لە کەبابە نایابەکەی وەستا ئەورەحمانمان بۆ دێنن و نان دەخۆین. ئیتر بۆچی خۆت سەغڵەت دەکەی؟ حەمدیە فەنی ئیتر خۆی نەگرت و وتی: مەلا مستەفا ئەوە تۆ دەڵێی چی؟ نانی چی و شتی چی؟ من ئەوە چەند ساڵ و عەیام و زەمانە، ئیمڕۆ هەوەسم هەستاوە. ئەو قەحپەبابەی ژنم، هەر کە دەچمەوە بە پەلە، سەیر دەکەم سێ چوار دێڵە قۆڕ لە ژوورەکەدان. دەیبەمە ژوورێکی تر، ئەو خراپتر! مااڵکەمان ئیمڕۆ بووە بە نێرگەلەکەی سەی ئەحمەدی بابە ڕەسوولەوە. نازانم ئەم هەموو ژنە چییە ئیمڕۆ ڕوویان کردۆتە مااڵی ئێمە: منیش بەخێر ئەبێ بۆ خۆم سەیر کەم تا ساڵێکی تر ئەم وەختە!! لەپاشان پەردەپلاویان هێنا بەاڵم چ پەردەپلاوێک؟!

پەردەپلاوێکی شیرداخی، بەڕۆنی زەنگ و برنجی بساکان و دەست و پەنجەی ئەجەخان لێنرابێ، ئەبێ چ پەردەپلاوێک بووبێ؟ ئای حەو جار سلاو ڕۆنە زەنگەکەی ئەو ڕۆژە!»

ئایا ئەوە دەاڵەتی ئەوە نییە کە هونەرمەندە ڕەسەنەکان...داب و نەریتی کوردایەتی و هەست و عیزەت نەفس لە لایان پیرۆز و موقەددەس بوو؟

سەیید عەلی ئەسغەر

حەمدیە فەنی زۆر ئیشی مەردانە و پیاوانە و دڵسۆزانەی کردووە!

دەڵێن: کە ڕۆژێ بیستی ئەوا مەقامبێژی کوردستانی ئێران، سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی هاتووەتە سلێمانی، بەپەلە دەچێتە پێشوازی و باوەشی تێوەردێنێ و ئەم لاو ئەولای ماچ دەکا و دەڵێ: سەیید گیان: لەمێژە چاوەڕوانمان دەکردی... شارەکەمانت ئاوەدان کردەوە. هونەرمەندانی سلێمانی لەم هاتنەی جەنابت ئاگادار نین، ئەگەر نا هەموویان دەهاتنە پێشوازیت و هەر بەباوەش تا بەردەرکی سەرا و چایخانەکەی منیان دەبردی. ئێستا من وا ئەم پەیتوونەم هێناوە و فەرموو سەرکەوە. ئینجا کە نزیک چایخانەکەی دەبنەوە و خەڵک لەناو پەیتوونەکە دەیبینن و دەزانن ئەوە سەیید عەلی ئەسغەری گۆرانیبێژی بەناوبانگە، ئەوەندە زوو هەواڵکە بااڵ بۆوە ئیتر هەر خەڵک بوون و دەهاتنە بەردەرکی سەرا و لە دەرکە و پەنجەرەکانی چایخانەکەی حەمدی ئەفدی دەچنە ژوورەوە هیچ شوێنی دانیشتن نامینێ! هەموویان دەکەونە ماچکردنی دەست و ڕوومەتی سەیید. پاشان جەماوەر دەیبەنە مزگەوتی گەورە تاکو بحەسێتەوە. کەچی لەوێش مەلایەکان تێی دەئاڵێن و دەکەونە سەر و ڕوو ماچکردنی.

حەمدی ئەفەندی، ناچار، پەیتوونێکی تر دێنێ و سەیید دەباتەوە مالّی خۆی!

ئیتر هەرچی هونەرمەند و گۆرانییبێژی شار هەبوون ڕوو دەکەنە مالّی حەمدیە فەنی.

نانی ئێوارە لە مالّی ئەو دەخۆن! شەوەکەش بەیاری و گۆرانی سەییید و ئەوانی دی بەسەر دەبەن و دەبێتە زەماوەندێک! درەنگی شەو خەبەر دەهێنن بۆ حەمدیە فەنی، یەکێک لە ئەندامانی خێزانی خۆی دەبێ، بەهێواشی بانگی دەکاتە دەرەوە و پێی دەڵێ: فریاکەوە.. کوڕەکەت زۆر شڕە و خەریکە گیان دەدات و دەمرێ! هەر واش بوو، تا گەیشتە ژوورەکەی نەساغەکەی لێبوو، تەواو دەبێ و دەمرێ! ژن و منالّەکان دەکەونە هەرا و شین و گریان، کەچی حەمدیەفەنی لێیان ڕادەپەڕێ و زۆر بەتووڕەییەوە و بەلاّم بەهێواشی دەڵێ: ئەو گریانەتان لە چییە؟ جا سوێندیان لێ دەخوا کە ئەوەی دەنگی گریانی لێوە بێ، دەیکاتە دەرەوە. بەبێ دەنگی و بەکڕی، هەرچی دەیکەن بیکەن. بەلاّم نامەوێ گۆرانی و بەزم و خۆشی لە میوانەکان تێک بچێت. تاکو بەیانی ناهێلّی کەس بەمردنی کوڕەکەی بزانێ، لەم لا بەزم و گۆرانییە، لەولاشەوە ناردی بەدزی کفن و مردووشۆر و... تاد هەموو شت ئامادە دەکەن، مردووەکە دەبەنە ژوورێکی تایبەت دایدەنێن تاکو بەیانی. بۆ بەیانییەکەی خواردن و بەرچاییان بۆ ئامادە دەکا و ئینجا دوای نانخواردن، هەڵدەستن بڕۆن... حەمدی ئەفەندیش دەڵێ: جارێ مەڕۆن!

وەرن با پێکەوە ئەو تەرمەش بۆ گردی سەیوان ببەین!

لەگەڵ ئەم قسەیە، هەموو میوانەکان دەحەپەسێن! سەریان سوڕ دەمێنێ و دەڵێن: چۆن ئەم کارەساتەت بەسەر هاتووە بەشەو و ئێمەت ئاگادار نەکرد؟ ئەویش دەڵێ: چۆن ئەو ئاهەنگ و بەزمەتان لێ تێک دەدەم؟ ئێوە نازانن کێ میوانمانە؟ سەییید عەلی ئەسغەری کوردستانی هاتووتە مالّەکەم... دنیام لێ ڕووناک و ئاوەدان بۆتەوە!



پەیتوونێک لە فولکەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی ١٩٥٥

دەشڵێین شێخ مەحموودی نەمر بەم هەوالّەی زانیوە و دەنێرێ بەشوێنیان و ئەویش دوو شەو و دوو ڕۆژان لەلای خۆیان، لە (داری کەلی)، دەیانهێڵێتەوە.. ئەو ماوەیەش کە سەییید لەوێ و لە سلێمانی دەبێ، وەک ڕۆژانی جەژن دەبێ!!

ئەوانەی خەسڵەت و سیفەتی هونەرمەندی ڕاستگۆ و هەستیار و دڵسۆز بۆ هونەر و جەماوەرەکەی و بۆ هەڤاڵان و برادەرانی!

(کاک جەمال)ی کوڕی حەمدی ئەفەندی گێڕاویتیەوە کە باوکی خوالێخۆشبووی، بە دەگمەن شەوان زوو دەگەڕایەوە مالّەوە چونکە هەر لەلای دۆست و لە مالّە برادەر و ئاشقانی دەنگی، یا لە چایخانە و

دیوەخان، شەویان ڕۆژ دەکردەوە... چ بە مەولوود گێڕان... یا بە مەقام و گۆرانی...!

بەڵێ: وتوویانە: (هونەرمەند مولّکی خۆی نییە! مولّکی جەماوەرەکەیەتی).

برادەرانی حەمدی ئەفەندیش هەموو پیاو ماقوولّ... شاعیر... گۆرانیبێژ.. وەک بێخود و مەحوی و هەندێ لێپرسراوانی حکوومەتیش کە ڕێزیان ئەگرت وەک هونەرمەندێکی بەرزی شار!

ئەم هەوالّەی دوایی کە لەو سالّەدا.. سالّی ٢٠٠٠ لە کاک عوسمان شاربازێڕیم بیست، زۆر پێی خۆشحالّ بووم و کەیفخۆش بووم کە وتی قەوانی حەمدیە فەندی دۆزیوەتەوە! ئەوە لە دانیشتنێک بوو لە مالّی خۆیان، کە زۆر دووریش نەبوو لە مالّمان! من و کاک ئامانج غازی چووینە لای کاک عوسمان، لە مالّی خۆیان و زیاتر لە دوو سەعات دانیشتین.

کاک ئامانج کەمێک زووتر چۆوە، مەوعیدی هەبوو. بەلاّم من بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ مامەوە و کاک عوسمان نەیهێشت بڕۆم و بەڕاستی خۆشترین برنجم لە مالّیان خوارد لەگەڵ مەڕەگەی بامیە و گۆشت مەریشک و تورشی... ئینجا چایەکی بەسەماوەر و ڕەژوو واتا (خەڵووز).. یەک دوو وێنەی فۆتۆگرافیشمان پێکەوە گرت.

پێش خوا حافیزی کردن، پێم وت: حەز دەکەم لە نزیکترین کات بۆت بلوێ، بێیتە لام، لە مالّەوە... من گرامافۆنی ئەو قەوانە قیرانەم هەیە و قەوانەکانی حەمدیە فەندیش بێنە گوێمان لێیان بێ! وەعدی دامێ و هەر چاوەڕێم کرد... نەهات!

دوای ماوەیەکی درێژ، ڕۆژێ لە کاک ئامانجم پرسی: ئەرێ کاک عوسمان لە چی دایە؟ بۆ دیار نییە؟ وتی: هایهوو... کاک عوسمان ڕۆیی بۆ هەندەران.. بەخۆو بەخێزانەوە کاسێتێکیشی لەلام بەجێ هێشتووە کە بیدەمە تۆ! بۆت دەهێنم!

وتم: خوایان لەگەڵ! بەلاّم حەزم دەکرد ببینم، پێش چوونیان!

کاسێتەکەش کە کاک ئامانج دوای ماوەیەک دایمێ، بریتییە لە چەند مەقام و گۆرانیێکی خۆی کە لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا لە شەستەکان و حەفتاکانا تۆماری کردوون. بەم جۆرە ئەو دەرفەتەم لە دەست چوو و گوێم لە دەنگ و گۆرانییەکانی حەمدی ئەفەندی نەبوو، بەداخەوە!! بۆیە هیچ گۆرانیێکم دەست نەکەوت تاکو لێرەدا بینووسم.

حەمدی ئەفەندی لە سالّی ١٩٤٩دا کۆچی کردووە و (٦٢) سالّ ژیاوە.. هەزار ڕەحمەتی لێ بێ و بەهەشتی بەنسیب بێ ئینشائەللاّ.

سەرچاوەکانی ئەم نووسینانەم لەبابەت حەمدی ئەفەندی ئەوانەن کە لە خوارەوە ناوم هێناون:-

١- کەمال ڕەئووف محەمەد: گۆڤاری (کاروان)- هەولێر- ژمارە (١٠) تەمموزی سالّی ١٩٨٣ (یەکەم گۆرانییبێژی سەر قەوان- حەمدی ئەفەندی- ل ٨٣.)

٢- هەمان نووسەر- گۆڤاری (بەیان)- ژ- ١١٥- ک٢ ١٩٨٦.

٣- عەلائەددین سەجادی: کتێبی (ڕشتەی مرواری) بەرگی شەشەم- بەغدا ١٩٧٩ ل١٢٧و ١٢٨.

٤- عەبدولقادر عەلی مەردان- چاوپێکەوتن لەگەڵیا، لە ماڵی خۆی لە هەولێر- هاوینی ١٩٩٨.

٥- کەمال ڕەئووف- ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ڕۆژی پێنج شەممە ١٩٩٦/٤/٢٥ (پێکەم گۆرانییێژی سەر قەوان کێیە؟)

٦- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٥٣)- تشرینی دووەم سالّی ٢٠٠٠ وتاری (حەمدی-یە فەندی- هونەرمەند و دەنگخۆش) نووسینی: ئەحمەد دەنگ گەورە، لە (سلێمانی)یەوە،

٧- عوسمان شارباژێڕی - گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ- ١٠٦ سالّی ١٩٨٥-ل ١٤٤.

٨- کتێبی (سلێمانی- شارە گەشاوەکەم- بەرگی سێیەم) ل ١٥٠ جەمال بابان و هاورێکانی.

٩- دانیشتنێکی دوو قۆڵی، تایبەت، کاک عوسمان و خۆم لە ماڵیان، لە هەولێر- هاوینی سالّی ٢٠٠٠.

٢- مەلا ئەسعەدی کۆیی

ئاواز و گۆرانی کوردی دەتوانرێ، بەپێی شوێن و بلاّوبوونەوە، بکرێ بە (دوو) بەشەوە: (١) گۆرانی گشتی: مەبەستم ئەو گۆرانییانەن کە هەموو کورد دەیانزانن و بەفۆلکلۆر ناو دەبرێن و لە هەموو پارچە و شار و دێهاتەکانی کوردستان، گۆرانییێژان دەیانڵێن. بەزۆریش، هەر هەمان هەڵبەست و ڕستە و بەیتن... گۆڕانکارییێکی کەم بەر گوێ دەکەوێ و دەبیسترێ، لەم گۆرانییێژ بۆ ئەم گۆرانییێژ و لەم جێ بۆ ئەم جێ!

٢- گۆرانی و ئاوازی تایبەت بەیەک شوێن یا ناوچە...«نازانم ئایا دەتوانم ئەم جۆرە بە (گۆرانی شوێن)، واتا (محلی)ناوبنێم؟». مەبەستیشم ئەو جۆرە ئاوازانەن کە لە شارێکی یا ناوچەیەکی وڵات بۆ هەڵبەستێک یا شیعرێک دائەنرێن... هەر ئەو شارەش، یا ئەو مەنتیقەیە دەیڵێنەوە تا عەیامێک، زۆر یا کەم، ئینجا سەیرئەکەی، وردە وردە، بەهۆی گواستنەوەی خەڵک و کاروان و کاروانچی دەنگخۆش، لە شوێنێکی تریش بلاّو دەبێتەوە و لەوێشەوە بۆ ناوچەیەکی تر... تا وای لێ دێ، ئەویش دەکەوێتە ناو لیستی گۆرانییە گشتییەکان!

بۆیە دەتوانین بڵێین: هەر ناوچەیەک (یا شارێک و دەوروبەری) گۆرانی تایبەتی خۆیان هەیە، کە هەندێ زاراوە و وشە و دەربڕینی وای تێدایە کە لە شوێنێکی تردا نییە! بەو تەرازووەش، لەوانەیە، بتوانین گۆرانییەکان، دوای بیستنیان، ئەگەر تاقیکردنەوەمان هەبێت و زانیاری گشتیمان هەبێ سەبارەت بە لەهجە و دیالێکت و داب و نەریتی هەر ناوچەیەک، یەکسەر بگەڕێنینەوە بۆ سەرچاوەی واتا ئەو شوێنەی گۆرانییەکەی تیادا دروست بووە و پەیدا بووە. وەک ئەوەی بڵێین ئەم گۆرانییە پێدەچێ هەورامانی بێت، یان دەڵێین ئەم گۆرانییە لە ئاوازەکانی شاری کەرکووک و دەوروبەری.. یان گەرمیان دەچێ! ئەم هەڵبەستەی ئەم گۆرانییە و ئاوازەکەی لە هەڵبەستی ناوچەی خۆشناوەتییە. وشەی دەوروبەری ئەو ناوچەیەی تیادا بەدی دەکرێ! ئەم بەستەیە و شێوە گوتنەکەی لە (ئاهەنگ)ەکانی کوردستانی ئێران دەکا- مەبەستم لە وشەی ئاهەنگ، گۆرانییە. چونکە لە کوردستانی ئێران... سنە و مەهاد... بەگۆرانی دەڵێن (ئاهەنگ). ئیتر ئا بەم جۆرە.

بەگوێرەی ئەو بەشکردنەی (گۆرانی) بۆ دوو بەش یا دوو جۆر... کە تەنها (ڕای) خۆمە... مەرجیش نییە هەموو خوێنەران لەگەڵ ئەو بیرو بۆچوونەی منداا بن، دەڵێم: لە منالّیمەوە و تا ئەمڕۆش هەستم کردووە و لە دواییشا خوێندوومەتەوە و گوێم لە (ڕای) هونەرمەندان و شاعیرانی کۆیە بووە کە: گۆرانی و ئاوازی گۆرانی و بەستە و مەقامەکانی کۆیە جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە! کە منالّ بووم، لەگەڵ منالاّنی دیکەی وەک تەمەنی خۆم، شەوان لەبەر دەرگای مالّمان یا مالّی هاورێیەکی ترمان دادەنیشتین یان یارمان دەکرد و لە هەمان کات، لە دوورەوە... لەسەر جادە سەرەکییەکەی ئەوساکە.. کە هەر یەک جادەشی هەبوو، ئەوەی کە لە دامەن قشلەوە بەرەو ئاشان و حەمامۆک دەچوو و لەلای خوارەوەشەوە تا گەراج دەچوو... گەراجیش نزیک سەرای کۆن بوو، گەڕەکی بەفری قەندی... بەڵێ لە دوورەوە... لە گەنجان و هەرزەکارانی لەخۆمان بەتەمەنتر، گوێمان لە گۆرانی خۆش و بەئاوازی بەجۆش دەبوو کە ئەو لاوانە

دەیانگوت و بەچەپڵەڕێزانیش هەوراز و نشێو دەبوونەوە، بە دەم پیاسەوە لەسەر جادەکە، تا کاتی خەوتن.

ئینجا بلاّوەیان لێ دەکرد و هەریەک بەرەو مالّی خۆی دەڕۆیشت... ئێمەش هەر وەتر، دایکمان... باوکمان بانگیان دەکردین: کوڕە وەرە درەنگە! بەس نییە؟ هەتا کەنگێ لە دەرێ دەمینێنەوە؟

لەو ساتەوە، ئەو ئاوازانەی گوێم لێیان دەبوو... فێریان دەبووم...



شاری کۆیە لە سالاّنی پەنجاکانا قشلەکەی لە دوورڕا دیارە و چیای باواجیش لە قوژبنی سەرەوەی دەستە ڕاست سەربەرز دیارە.

لەگەڵ خۆمەوە... یان بۆ دەستەی هاوڕێکانم، ڕۆژانی هەینی و عوتلە و جەژن، کە ڕووماڵ لە دەشتودەر دەکرد، بۆم دەگوتن و ئەوانیش لەگەڵما دەیانگێڕایەوە و چەپڵەیان لێ ئەدا! جا کە لە کۆیە دەرچووم، جاری یەکەم، ساڵی ١٩٤٦، بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی (سانەوی) لە هەولێر دیراسەت تەواوکەم، دواتریش ساڵی ١٩٥٠ کە سانەویم تەواو کرد و بەماڵەوە چووینە کەرکووک... ئینجا من چوومە بەغدا بۆ خوێندنی باڵا لە کۆلیجی (دار المعلمین العالیة) و لە هەمان کات تێکەڵبوونم لەگەڵ هونەرمەندانی شارەکانی تر وەک سلێمانی و هەولێر و کەرکووک و بەغدا... بەکورتی: هەندێک لەو ئاواز و مەقامانەی لە کۆیە گوێم لێیان دەبوو و فێریان بووم، زۆر بەدەگمەن یان هەر قەت و قەت هەندێکیانم گوێ لێ نەبوون بگوترێن، لەو گەشتە دوور و درێژە و دوورخایەنە: کۆیە – هەولێر– کەرکووک– بەغدا، تا ساڵی ١٩٥٧ کە دار المعلمین العالیەم تەواو کرد و بووم بە مامۆستای زمانی ئینگلیزی و لە کۆیە تەعین بووم بەم جۆرە دیسان، بەماڵەوە، گەڕاینەوە کۆیە، ئینجا جارێکی تر، لە دانیشتنی تایبەت لەگەڵ هونەرمەندانی کۆیە و خۆشخوانانی دەوروبەری ئەم شارە، هەمدیس گوێم لەو ئاوازە کۆن و ڕەسەنانە بۆوە و منیش لەگەڵیانا دەمگوتنەوە.

کەواتە لێرەدا زۆر ئاشکرایە، کە کۆیە مەڵبەندی جۆرێک ئاوازە، جۆرێک مەقاماتە، کە گۆرانیبێژانی غەیری کۆیە نایانزانن.

هۆی ئەو شتە، بەلێکدانەوەی خۆم، لەبەر ئەوە بووە چونکە ئەم شارە شارێکی مەیلە و دوور بووە لە شارەکانی دیکەی کوردستان وەک هەولێر و کەرکووک و سلێمانیش. دوای دروستکردنی.

خۆ زستانان هەر بەیەکجاری ڕێگاوبان دەگیران لەبەر قوڕ و بەفر و ئاوی ڕووبارانی سەر ڕێگاکان و نەبوونی جادەی قیرتاو کراو لە نێوان کۆیە و هەموو دەوروپشتی. دانیشتوانی ئەو شارە لە پایزەوە هەموو

زەخیرە و پێویستییەکانی زستانی درێژ و سارد و سڕیان ئامادە دەکرد هەر کەسە و بۆ خۆی و مالّ و منالّی. هەر لە قاورمە و ساوار و بڕوش و ئاوی تەماتە و گەنم و داری سووتاندنی تەڕ و وشک بۆ سۆبەی دار و بۆ نانکردن، جا چ بەساج یا بەتەندوور، هەروەها زۆربەی مالاّنی کەمێک گوزەرانیان باش بوایە، پێویستی شەوچەرەی زستانیشیان دائەنا وەک: گوێز و قەسپ و مێوژ و گوڵەبەڕۆژە و تۆی شووتی (شفتی) و گندۆرە و کودیش بۆ چەرەز و بڕێشکە!... چونکە زیاتر لە شەش مانگ، شارەکەیان لە ئاوایی و دنیا دادەبڕا. کەم کەس لە شار دەردەچوو... نەکەسیشی دەهاتە ناو!! خۆ ترومبێل هەر لەبیر خەڵک دەچۆوە، بەزستانان!

ئەمە حاڵی کۆیە بووە هەر لە کۆنی کۆنەوە... جا بۆیە خەڵکەکە شەوانی ئەو شەش مانگەی زستانیان بەزیارەتی دراوسێ و خزمان بەسەردەبرد.

لەبیرمە کە هەندێ شەو دەچووینە ماڵە دراوسێکامان یان خزمانمان، من فانۆسم هەڵدەگرت و لەپێشەوە دەڕۆیشتم. دایکم و برا و خوشکەکانیشم لە دواما، لەبەر ڕووناکی فانۆسەکەم هەنگاویان دەنا...

کۆڵانەکانیش هەموو قوڕ و چڵپاو و بەردەڵان و هەوراز و نشێو بوون.

جا لە هەندێ مالّ بێگومان، ئەگەر دەنگخۆشێک هەبوایە، ئەوە لەگەڵ خواردنی هەنار و گوێز و مێوژ و... ئەمانە، جار جارەش تێی هەڵدەکرد لە گۆرانییێک یا مەقامێک یا حەیرانێک!

ماڵە ئاغاکانیش، ئەوە هەر هەموو شەو لە دیوەخانەکانیان ئەو جۆرە ڕابواردنانە هەبوون! بەتایبەتی مالّی مەلا حەوێز ئاغا و کاکەزیاد چونکە ئەوانە خاوەن زەوق و پیاوی بەکەیف بوون و هەوەسیان بەگۆرانی و مەقاماتی ڕەسەنی کوردی دەهات بەدەنگی گۆرانیبێژانی باش و دەنگخۆش و لێزانی وەک سێوە و مەلا ئەسعەد و تایەر تۆفیق و ئەحمەدی حەمە مەلا...

مەلا ئەسعەد، کەواتە، هونەرمەندێک بوو، دەنگخۆشێکی شاری کۆیە بوو– لوتکەیەک بوو لە شارەزایی و ئاشنایەتی لەگەڵ مەقام و بەستە خۆشەکانی کۆیە و دەوروبەری. لوتکەکەی تر، کە تەواوکەری هەمان ڕێبازی ڕەسەنایەتی بوو لە گۆرانی چڕیندا، سێوەی شەماشە و میراتگری هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی پێشتر بوو کە لە ئاسمانی ئاوازی ڕەسەنی کوردی کۆیەدا ئەستێرە بوون ئەدرەوشانەوە و ئەو ئاسمانەیان دەڕازاندەوە. بە چریکە و ئاە و ئۆفی مەقامە کۆنەکان، ئەوانەی بابەلباب فێریان بووبوون.

مەلا ئەسعەدم دیت و لەگەڵیا هەڵسان و دانیشتنم بوو لە ساڵی ١٩٥٧ەوە کاتێ کە لە کۆیە بەمامۆستای زمانی ئینگلیزی دامەزرام لە قوتابخانەی ناوەندی (متوسطة)ی کۆیەی کوڕان.

هەر لە یەکەم چاوپێکەوتنم بەو مرۆڤە ڕووناکبیرە، خۆشم ویست.

پیاوێکی باڵا مام ناوەندی، بەجەستە لاواز، وەکو دەڵێن هەر ئێسقان و پێست بوو! کەوایەکی دریژی لەبەردەکرد و چاکەتێک لە بانیا! واتە لەسەر کەواکە. جەمەدانیەکیشی لەسەر دەنا، بەڵام هەمیشە لچکێکی جەمەدانیەکەی دەهێنایە خوار بۆ سەرچاوی لای چەپەی... یانیش بە پەڕۆیێک، چاوەکەی دەبەست و ئینجا جەمەدانیەکەی لەسەری خۆی دەبەست. ئەو چاوەی هەر وا بووە... ڕەنگە کۆرە بووە یا تانەی لەسەر بووە یا ئاوی ڕەشی هەبووە! ئیتر لای کەس، بەچاکی، ڕوون نەبۆتەوە! بەڵام چاوەکەی تری

زۆر باش بوو. دەم و چاویشی زۆر لەڕۆلاواز بوو و پێستی ڕوومەتەکانی چورچی و لۆچیان تێ کەوتبۆوە.

و دیار بوون! ئەمما دەنگی... نازانم چۆنی وەسف کەم! ئەوەندە قوڕگێکی ساف و دەنگێکی پیاوانەی نێرینانەی پاکی هەبوو... زۆر شیرین بوو!

ئەگەر لەگەڵیا دانیشتبای و بۆتی بگوتبا، حەزت دەکرد تا بەیانی هەر بۆت بڵێ و لێی جیا نەبیتەوە! چینە دەنگێکی ئەوتۆی هەبوو، کە ئۆکتاڤێک و نیو و زیاتریشی تێپەڕ دەکرد لە هەندێ مەقامدا.

هونەرمەند محەمەد عەبدولوەهاب

بەستەی کۆنی یەکجار زۆر دەزانی. ئەمە جگە لەوەی کە خۆی بەئەسڵ، ستڕانی ئایینی و تەواشیح و مەولوودنامەی زیاتر خوێندووە و لە کۆڕی شەوانی موناسەباتی دینی، لەگەڵ مەلا و فەقێی دەنگخۆش و مەقاماتی کە لە تەجویدی قورئانی پیرۆزدا بەکار هێنراون و خوێنراون بەشداری کردووە. بەڵام جگە لەو جۆرە بۆنە خاوەن تام و بۆنی تایبەتی خۆیان، حەزیشی لە مەقاماتی عێراقی- عەرەبی دەکرد و هەوەسی دەهات بەگۆرانیەکانی (محمد عبدالوهاب)ی گۆرانیبێژی میسری کە لەسەر قەوان، ئەو کاتە تۆمار کرابوون لە کۆپە هەندێ مانّ هەیان بوون و لە چایخانە گەورەکانیش لێ دەدران... وەک چایخانەی زراری، کە من خۆم زۆر شەوان لەگەڵ باوکم دەچووم و هەردووکیشمان هۆگر و خولیای قەوان بووین... وەک لاوکەکانی کاویس ئاغا و مریەم خان و سەعید ئاغای جزیری... و (محەمەد عەبدولوهاب و ئەسمەهان و سەیید دەرویش... لە گۆرانیبێژە عەرەبەکان.) باوکم زۆرباش لاسای لاوکەکانی کاویس ئاغای دەکردەوە... هەر دەنگی کاویسی زیاتر خۆش دەویست. کاتی خۆی، لە شەستەکانا، باوکم تەمەنی شەست سانّ بوو، یەک دوو لاوکی کاویس ئاغام بۆ تۆمارکرد و ئێستا لە لامە لەسەر بەکرە بە (مسجلە)ی گرۆندیک!، من هەموو قەوانەکانم خۆش دەویست. هەر بەسندووقەوە حەزم دەکرد لە دڵما دایان بنێم و بەهەمیشەیی لەلام بن! جا هەر واش ڕێک کەوتووە کە لە مانّەوە، سندووقی گرامافۆن، کەم وا ڕووی داوە، فرۆشرابێ و بۆ ماوەیەک مانّمان بێ دەنگ بووبێ!

چونکە هەر خێرا، پاش ماوەیەک، زیاتریش لەبەر خاتری زەوق و هەوەس و هیوایەتی من، سەیرت دەکرد ڕۆژی دەهاتەوە مانّ و گرامافۆنێکی لەگەڵ! ئای چەند خەنی دەبووم و دەگەشامەوە!

ئەمڕۆکەش، لەخوا بەزیاد بێ، هەر گرامافۆنم هەیە! لەگەڵ ژمارەیێکی زۆری قەوانی کوردی و تورکی و عەرەبی و ئاشووری و بیانی (ئینگلیزی... فارسی، سیمفۆنیات!!). خۆشترین کاتیش لەلاما، ئەو کاتەیە کە لەبەر دەم گرامافۆنەکە دائەنیشم و قەوانێکی لەسەر دائەنێم و گوێی لێ ئەگرم. باوەڕ بکە لاوکێکی کاویس ئاغا یا هەر گۆرانییەک عەرەبی، کوردی... پێم خۆشترە لەسەر قەوان هەمبێ و گوێی لێ ڕاگرم، نەک بە موسەجیلە.. واتا (تۆمارکەر)- یان لەسەر (CD).

جووڵانەوەی هونەری کوردیش لە شاری کۆیەی زیندوو، لەوانەیە بگەڕێندرێتەوە بۆ دوو سەدە لەمەوپێش و ڕەنگە کەمێک زیاتریش، تا چاخ و زەمانی شاعیر و مەقامشناس و هونەرمەند و ئاغا: (ئەمین ئاغای حاجی بەکراغا) کە بە نازناوی (ئەختەر) دەناسرا و شیعرەکانیشی هەر بەو نازناوە دەنووسی و بڵاو دەکرانەوە و دەناسران!

کاک مەسعوود محەمەد لە کتێبی (حاجی قادری کۆیی) بەرگی یەکەم، چەند لاپەڕەیەکی بۆ هونەر و ئەدەب و گۆرانی لە کۆیەی ئەوکات تەرخان کردووە و دەفەرموێ:-

«حاجی قادر (مەبەستی شاعیری گەورە، حاجی قادری کۆییە- باکوری) و حاجی مەلا عەبدوڵڵا (مەبەستی کاک مەسعوود باپیری خۆیەتی کە بەمەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە ناسراوبوو- باکوری) لە مەجلیس و دانیشتنە ئەدەبییەکانی ئەوسای مانّی حاجی بەکر ئاغا و بەدوای ئەودا، ئەمین ئاغا (ی کۆڕی- باکوری) کە خاڵوانی حاجی مەلا عەبدوڵڵا بوون، بەیەکەوە بەشدار دەبوون و تیایاندا وەک دوو ئەستێرەی ورشەدار، ڕووناکییان دەبەخشی».

ئەمین ئاغا (ئەختەر)یش وەک باوکی، ئەدیب و شاعیر و هونەرمەندبوو.

لە دوای باوکی، دیوەخانە گەشاوەکەی بەردەوام بوو... گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی نایاب بازاڕیان گەرم بۆوە و ئەو مەجلیس و کۆڕی مەقام گوتن وەک قوتابخانەیەک بوو، بەستە و ئاوازی کۆنی کۆیەی بووژاندەوە. ڕەنگە، وەک کاک مەسعوود فەرموویەتی، لە شوێنی دیکەش هەبووە، لە شارەکانی تر کە ئەم جۆرە ڕابواردنانە و فێربوونی مەقام و ئاوازیان تیادا جێبەجێ کرابێ، بەڵام لە ڕووی بلیمەتی و وەستایی مەقامزانەکان و دەنگخۆشەکان دانیشتنەکانی دیوەخانەکەی ئەمین ئاغا (ئەختەر) کەمتر بووین و پلە و پایەشیان نەگەیشتووتە ئەمەیان! سەبارەت بەو ئاهەنگ و کۆڕانەی لەلای ئەختەر ساز دەکران، گەلێک جیاواز بوون. چونکە ئەختەر خۆی شاعیریش بوو، شیعری بەکوردی و بەفارسی دەهۆندەوە و هەروەها توانای دانانی ئاوازیشی هەبوو کە زۆر جار، شیعرەکانی خۆی دەکردن بەگۆرانی، جا چ بە(مەقام) یان بە(بەستە) دەگوتران. کاک مەسعوود، لەم بارەیەوە دەڵێ: «بۆیە هەڵبەستی گۆرانییەکانی ئەو سەردەمەی کۆیە، کە زارە و زار بەئێمە گەییوە، زەوقێکی هونەرکارانە و واتای تازە و دارشتنی بێ سابیقەی تێدایە لە چاو بەندی گۆرانی عادەتیەوە.» نموونەیەکیشی هێناوەتەوە کە ئەو مەقامە حیجازیە کە (سێوە)ی نەمر تۆماری کردووە:

ئەرێ گورێ (واتا گوڵێ) گورە جوانێ
سینگ سپیێ مەمک فنجانێ
داک حدوودێ بێ نیشانێ

مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا قادری کوڕی تەهای سابڵاغی بوو. ڕەحمەتی (تەها)، باپیری مەلا ئەسعەد، لە سەردەمێکی ژیانیدا، ڕووی کردۆتە شاری کۆیە و لەوێدا، قادری کوڕی، کە دەبێتە باوکی مەلا ئەسعەد، لە دایک دەبێ. ئەم (قادر)ە، لە کۆیە دەخرێتە سوختەخانە و خوێندنی قورئانی پیرۆز و باقی دیراساتی ئایینی تر، بەچاکی تەواو دەکات. بۆیە دەکرێتە مەلای مزگەوتی (مەحموود ئاغا) و مەلایەکی

زۆر چاکیشی لێ دەکەوێتەوە. هەر لە کۆیەش، مەلا قادر، ژنێک دەخوازێ و دەیگواستەوە و دەبێتە مەلاژن. مانگان هاتن و چوون خوا کوڕێکیان دەداتێ، ساڵەکەش ساڵی ١٨٩٠ ز دەبێ و ناوی لێ دەنێن (ئەسعەد). دیسان، ساڵی تر کوڕێکی دیکەش دێتە دنیاوە و ئەویان ناوی (سەعید)ی لێ دەنێن. مەلا قادری باوک، هەردوو کوڕەکەی لە سوختەخانەکەی مزگەوتەکەی دایان دەمەزرێنێ و هەروەک منالەکانی تری سوختەکان، ئاگاداریان دەکات و فێریان دەکات و مامەڵەی ئاساییان لەگەڵ دەکات. کەچی هەردوو کوڕەکانی لە خوێندنەکەیان چالاک نابن و بەساردی و بێ گوێدان بەوانەکان، کاتەکەیان بەفیڕۆ بەسەردەبەن. باوکیان ئەمەی لا ڕوون دەبێت و هەست دەکا کە سوودی نییە و خۆ ماندووکردن و بەزەبروزۆری، نابن بەشتێ. وازیان لێ دێنێ و ئەوانیش، هەر دوای ساڵێک و شتێک، واز لە خوێندنی سوختەخانە دەهێنن. (سەعید)یان کۆیە بەجێ دەهێڵی و دەچێتەوە کوردستانی ئێران و لە (سەردەشت) نیشتەجێ دەبێ و ژن دەهێنێ و بە(مەلا سەعیدیش) ناو دەردەکات. هەندێ لە خزمانی باوکیشی لەم ناوچانە دەدۆزێتەوە و ئیتر خەریکی کار و کاسبی دەبێ و ژیان لەوێ بەسەر دەبات.

هەرچی (ئەسعەد)ی برای بوو، لە مالە باوکی مایەوە و خەڵکیش لەبەر خاتری باوکی، بە(مەلا ئەسعەد)ی ناودەنێن و بانگی دەکەن، تا ئەو ناوەی بەسەردا دەچەسپێ بەیەکجاری!

مەلا ئەسعەد هەر لە زووێکەوە... هەستی کردووە کە حەزی لە ئاوازی خۆش و مەقام گوتن بووە. بەو پێیەش کە (مەلا) بووە، تێکەڵی هەبووە لە مەجلیسی ئایینی و مەولوودنامە خوێندن و ئەم جۆرە کۆبوونەوانەی زۆر پێخۆش بووە.

هەوڵیشی داوە مەقامەکان فێر بێ و کاریان تێ کردووە. چونکە وەک ڕوونە، ئەوەندە شارەزاییەی مەلایەک لە مەقامدا پەیدای دەکات بەهۆی خوێندن و گوێگرتن لە تەراتیلە ئایینییەکان و تەواشیح و تەجویدی قورئانی پیرۆز، زۆر زیاترە لە ئامادەبوونی بۆنەی دیکەی تایبەتی وەک بەزمی بووک گواستنەوە، یا گۆرانی چڕین لە سەیران و زەماوەند و دیوەخانە. ئەم شارەزاییە لە مەقاماتەکان نەک هەر لە ئایینی ئیسلام و کۆڕەکانی مەولوودان و... تاد، بۆ مەقامبێژی ئیسلام ڕاستە، بەڵکو هەمان شت لە فێربوونی ئاوازی ڕەسەن و مەقامی ئایینی بۆ مەسیحیەکانیش ڕاستە، کاتێ ئامادەی (قوداس)ەکان دەبن لە کەنیسەکان، کە جۆرەها ئاواز و مەقام تەرتیل دەکرێن. ئەو ئاوازانەش هەر لە پەیدابوونی ئایینی مەسیحیەوە، لە کۆبوونەوەکانی نێو کەنیسەکان بۆ نوێژی جۆرا و جۆر و پەخش کردنی (قوداسی) هەمە جۆر، پێشکەش و نمایش کراون. جا سەیر ئەکەی گۆرانیبێژێکی زیرەکی وەک شەماشە سێوە، ئەم ئاوازانەی بەکارهێناوە، دوای کەمێک دەست تێوەردان و گۆڕانکارییەکی کەم، بۆ چڕینی مەقامی دیکەی عیشق و دڵداری و بەستەی خۆش و نەشئەدار بۆ موناسەباتی جۆراوجۆری وەک: شایی و سەیران و ڕمبازی و ڕاوکردن و بووک گواستنەوە و هەروەها بۆ دانیشتن و گوێگرتن لە مەقام لە دیوەخانان!

مەلا ئەسعەدیش، بەهەمان شێوە، خۆشترین ئاوازی مەقامی چڕیوە کە سوودی لە مەقامە کۆنەکانی کاتی هەرزەکاری خۆی، کە فێریان بووە لە کۆڕی مەولوودنامە خوێندن لە فەقێ و مەلاکانی تر.

نەک هەر ئەم دوو کەسە، بەڵکو زۆربەی گۆرانیبێژانی سەرەتای سەدەی بیستەم و تا کۆتایی سەدە،

ئەو نەمرانە، بەتایبەتی ئەوانی مەقامیان زیاتر چڕیوە، وەک سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی، حەمدی ئەفەندی، عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، محەمەد عارفی جزیری، محەمەدی مامڵێ و تەنانەت مەریێن و سێوەش، هەر سوودیان لەو تەراتیل و سروودە ئایینییانە وەرگرتووە و هونەری خۆیان، بەهۆیانەوە، گەش کردووە و خەڵکی کوردستانیشیان دڵخۆش کردووە!



مەریێن و باکوری

مەلا ئەسعەد، کاتی گەنجایەتی، لە کۆیە، لەگەڵ برادەرانی هاوتەمەن و هاوکەیف و مەشرەبی خۆی وەک: سمایلە خرە، ڕەفیق چارچاو، سێوە... حەمەدەمینی کەبابچی و حەمەدەمینی عەباسی... خۆشیان ڕابواردووە لەنێو باخ و دەشت و دەرێی کۆیەی دڵگیر وەک حەمامۆک و ئاشان و ئۆمەر خوچان و تاتووکان و تەمتەمان... و شوێنی زۆر خۆشی تر، کە بەتایبەتی لە بەهاران و هاوینانیش، دەبنە جێی سەیرانگا و ڕابواردنی دانیشتوانی شاری کۆیە لە ڕۆژانی هەینی و چوارشەمە سوورە و باقی ڕۆژانی جەژنەکان و نەورۆز.

کاک مەریێنی صلێوەی مەقامبێژی کۆیی، چەند وەرەقەیێکی دامێ، ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠١ لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان، لە هەولێر، کاتێ من لە ژووری (مۆنتاژ) خەریکی مۆنتاژکردنی ئەڵقەیێکی تایبەت لە بەرنامەکەم (گۆرانیبێژە نەمرەکان) بووم کە تایبەت بوو بە هونەرمەندی گۆرانیبێژی گەورەمان، بەهەشتی خاڵە تایەر تۆفیق ئەم وەرەقانە هەندێ زانیاری لە بابەت (مەلا ئەسعەد)یان تێدابوو.

بەڵام، جگە لە یەک دوو خاڵ نەبێ بەنیسبەت کۆنە زانیارییەکان، نووسینەکەی هونەرمەند مەریێن شتی نوێی تێدا نەبوو. بۆیە ئەو خاڵانەی کە نەم بیستوون لە بابەت مەلا ئەسعەدەوە، لێرەدا و لەسەر مەسئولیەتی کاک مەریێن، باسیان دەکەم، چونکە کاک مەریێن هیچ سەرچاوەیێکی دیار نەکردووە کە قسەکانی لێیانەوە وەرگرتبێت. پێشتر، وەک لە سەرچاوەکانی منداڵ هاتووە و یەکێکیان ئەو نووسینە بووە کە کاک مەریێن و کاک جەلال جۆباری شاعیری کۆیە، پێکەوە بڵاویان کردووتەوە لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٥٨)ی کانوونی یەکەم، ساڵی ١٩٧٩. بەڵام لەم چەند وەرەقانەدا هەوالێ و شتی نوێ ئەوانەی خوارەوەن:

یەکەم: لە لاپەڕەی یەکەمی ئەو بابەتەی هونەرمەند مەریێن کە بۆ منی نووسیوە دەڵێ: «... لە بەهاران، لەگەڵ چەند دەنگخۆشی هاوڕێی وەکو. فلان و فلان و... چەند ناوێک لە گۆرانیبێژانی کۆیەی هێناوە ئەمە هەوالێکی غەریب نییە و منیش لەپێشەوە ئەم زانیارییانەم نووسیوە، بۆیە لێرە دووبارەیان

ناکەمەوە. بەڵام ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام و بە(تازە)ی دەزانم و لە قەڵەم دەدەم ئەوەیە کە دەڵێ: «هەندێ جار (ئەحەی ناصر و عەجەم ئۆغلی) بەمیوانی هاتوون بۆ کۆیە...»

هەڵبەتە قسەکەی زۆر بەخێرایی نووسیوە ڕستەکەی تەواونەکردووە کە دەبوایە بڵێ «لەگەڵیانا گۆرانی و مەقامیان چڕیوە!» بەڵام کارەکە ڕوونە کە ئەوەی مەبەستە.

جا لێرەدا دەمەوێ کەمێک (ئەحەی ناسر)تان پێ بناسێنم، چونکە باس و خواس و کورتەیەکی ژیانم بیستووە و خوێندووتەوە. کەچی لەبابەت هونەرمەندی دووەم (عەجەم ئۆغلی) هیچم نییە و ئەمە یەکەم جارە ئەم ناوە دەبیستم!

ئەحەی ناسری هونەرمەند، هەروەک لە نامیلکەیەکی بچووک کە لە لایەن (غەفور ڕەشید داراغا)وە لە سلێمانی، ساڵی ١٩٧١ لە چاپ دراوە، دەڵێ: «ئەم بەهرەوەرە لە ساڵی ١٨٧٦ ز لە سلێمانی، گەڕەکی سەرشەقام لە دایک بووە. لە تەمەنی ١٢ ساڵیدا چووە بەر خوێندن لە لای مەلای مزگەوتەکان، ئەوکاتەش تەنیا بەزمانی فارسی بەقوتابیان ئەخوێنرا.» ئینجا نووسەر، دوای هەندێ باس و بیرو ڕای ئەحەی ناسر لە بابەت کۆمەڵ و شتی تر، وامان نیشان دەدا کە ئەم هونەرمەندە مەیخۆر بووە و دەڵێ «هەمیشە مەست و سەرخۆش بوو، شاگردی مەیخانە و مەی فرۆشان بوو... سەرچڕپیکەری بادەنۆشان بوو...

لە ژیانیا زۆر سادەبوو... ژنی نەهێنا و حەزی بەپێکەوەنانی خێزان نەدەکرد، حەزی بەژیانی سەربەستی و بەڕەڵایی و گەڕۆکی ئەکرد!

نەی ئەتوانی لە شوێنێک زۆر بمێنێتەوە... هەر ڕۆژە لە شارێک بوو.»

ئەم چەند دێڕە بەسە بۆ سەلماندنی قسەکەی کاک مەڕبێن و ئێستاکە من دڵنیام و باوەڕیش دەکەم کە (ئەحەی ناسر) بەسەردان هاتبێتە کۆیە و لەگەڵ مەلا ئەسعەد و خۆشخوانانی تر، کۆڕ و مەجلیسی گۆرانی و بەزمی خۆشیان سازدابێ و پێکهێنابێ.

کاک ئەحەی خوالێخۆشبوو، لە ڕۆژی ١٩٢٣/٩/٣٠دا کۆچی دوایی دەکات، دوای شەش ڕۆژ بریندارى کە بەگوللەی تفەنگێک بریندار کرابوو! لە سلێمانی و لە گردی سەیوان نێژرا.

دووەم: لە دوا لاپەڕەش، لە وەرەقەکان کاک مەڕبێن کە لەسەر (مەلا ئەسعەد)ی نووسیون، ناوی دوو هونەرمەندی ڕەسەنی کۆیەی سالانی ڕابردووی پێش چاخی مەلا ئەسعەد و ڕەفیقە هونەرمەندەکانی، هێناوە: (حەنیلە خرە و مەڕبێن) کە مەبەستیشی (مەڕبێن قەشە شابیل)ە و حەز دەکەم ئەمانەش، هەر یەکە و چەند دێرێکیان لەسەر بنووسم!

١- مەڕبێنی قەشە شابیل، یەکێک بوو لە دەنگخۆشەکانی شاری کۆیە و لە مەسیحیەکانی ئەو شارەبوو. لە ساڵی ١٨٣٥ لە دایک بووە و لە خێزانێکی ئایینی مەسیحی و باوکی (قەشە) بووە. مەڕبێن لە ئاوازی کۆنی سروودی ئایینی مەسیحی و هەروەها لەو ئاوازانەی لە دیوەخانی (ئەختەر)ی هاوتەمەنی هاوڕێی. ئەختەر شاعیرێکی لێهاتوو و مەزن و شیعرناسکی کۆیە بوو و دیوەخانەکەی هەمیشە شوێنی کۆبوونەوەی مەقامزان و مەقامبێژ بووە و ئەختەریش مەقامناس و ئاواز دانەر بووە.

مەڕبێن لەگەڵ هاوچەرخەکانی خۆیدا، گەلێ ئاواز و مەقامی ڕەسەنی کوردی زانیوە و فێر بووە و بەدەنگێکی پڕتام و لەزەت و عاتیفەوە چڕیوانی، بەتایبەتی مەقامی نیوەشەو کە لە مەقامی (حیجاز)ەوەیە- هەروەها مەقامی (سەحەر) کە لە مەقامی (عەجەم)ە و دەڵێن هەمان ئەو مەقامەیە، بە هەڵبەستەوەش، کە دوای نزیکی نیو سەدە لە کۆچی دوایی مەڕبێنەوە، خاڵە سێوە گوتوویەتی و تۆماری کردووە. دیسان مەڕبێن مەقامی (ئایشە گوڵ)ی گوتووە... کە ئەمان هەموو لە هەڵبەست و ئاوازی (ئەختەر) بووین. مەڕبێن لە ساڵی ١٨٩٥ هەر لە کۆیە کۆچی دوایی کردووە.

٢- حەنیل- ناوی (حەننا تۆما)یە و بەڵام بە(حەنیل) و هەندێ جار (حەنیلە خرە)ش ناوی هاتووە، چونکە کەمێک کورتیلە و قەڵەو و خڕیلە بووە، بە جەستە! ئەم حەنیلە، مەقامی گەلەک ڕەسەن و هەڵبەستی ناسک، لە مامۆستای خۆی (مەڕبێنی قەشە شابیل) فێربووە، کە ئەویش خۆشخوان و بولبولی دیوەخانەی (ئەختەر)ی شاعیر و هونەردۆست بووە. کە سێوە دەگاتە تەمەنی گەنجایەتی و دەست دەکات بە گۆرانی گوتن، خۆی دەگەیێنێتە لای حەنیل و هاتوچۆی دەکات و لێی فێردەبێ. ساڵێک زیاتر، حەنیلی مەقامناس لەگەڵ سێوەدا خەریک دەبێ تا سێوە زۆر وەستایانە ئەو مەقام و شێوە گوتنیان لە حەنیل وەردەگرێ، ئینجا لە مەجلیس و دیوەخانەکانی شاری کۆیە دەیێتە گۆرانیبێژی بەتوانا و خاوەن بەهرە و ڕێبازێکی تایبەت بۆ خۆی دەگرێ.

لە ژیانی مەلا ئەسعەددا و لەسەر زاری هەندێ نووسەراندا، مەقام چڕینەکە و گۆرانی گوتنەکەی هەندێ جار تووشی نەگبەتییان کردووە!

بۆ نموونە، دەگێڕنەوە کەوا لە ساڵی ١٩١٦دا، لە گەرمەی شەڕی جیهانی یەکەمدا، ئەفسەرێکی تورکمانی دەیێتە (ضابط تجنید)ی کۆیە. ئەو کابرایەش زۆری ڕق لە مەقام و گۆرانی کوردی دەبێتەوە. جا لە شەوانی هاوینانیش، نوستنی سەربانان شتێکی عادەت و باو بوو. بەڵام ئەو ئەفسەرە (جەهەننەم) بوو! هۆیەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دەنگ و گۆرانی گوتنی گۆرانیبێژانی ئەو کاتەی کۆیە، کە بەعادەتی لە شەودا، ئەو گەنجانە لەناو باخچە و سەرگرد و تەپۆلکەکانی دەوروبەری مالی ئەو ئەفسەرە، دەیانکردە بەزمی خۆیان! بەستە گوتن و چەپڵە لێدان و بگرە شایی دابەستن و... ئیتر ئا لەم بابەتانە، وایان کردبوو خەویان لە چاوی کاکی زابت تەجنید حەرام کردبوو! شەوێک و دوو و سێ! نەخێر، سەبر نەما و بەزمەکەی ئەو (شەیتانە گۆرانیبێژانە) بەردەوام بوو، هەموو شەوێ، تا درەنگ! ئەفسەریش، بەیانییەکیان فرمانی دایە جەندرمەکانی ژێر دەستی کە دەبێ ناو و سۆراخی ئەو (هەتیوانە)م بۆ بێنن! کە هاتنەوە، جەندرمەکان، ناوی (مەلا ئەسعەد)یان هێنابوو، وەک ئەوەی ئەو سەرۆکایەتی ئەو تاقمە دەکا و هەموویان بەفیتی! مەلا ئەسعەد ئەو هەرایە دەکەن! ئەفسەریش دوو جەندرمەی نارد و ئەمری کرد مەلا ئەسعەد بگرن و بیهێنن بەردەمی. کە هێنایان و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا کرد، هەوالەکە ڕاست دەرچوو و مەلا ئەسعەد بەسادەیی خۆیەوە وتی: بەڵێ، بەگم، من و یەک دوو هاوڕێم خۆمان دەخافڵێنین تا خەومان بێت و گۆرانی بۆ خۆمان دەڵێین. ئەفسەری تەجنید وتی دەبێ تۆ ببیت بەعەسکەر. مەلا ئەسعەد وتی: من چاوێکم کۆرەیە! ئەفسەر گوتبووی: ئەگەر هەردوو چاویشت کوێر بوونایە، دەمناردی بۆ عەسکەری،

تاکـو لەو بەزم و هەرایەی کـە دەیکەن بەشـەوان، لەسـەر ئـەم گـرد و لەناو ئەو دارسـتـانانە و خـەوم لێ ناکەوێ، لەکۆڵ خۆمتان بکەمەوە! سیکتر! بڕۆ دەرەوە! هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ دوو جەندرمە و بە پێ، دەیان نێرێت بۆ کەرکووک. ترومبێل نەبووە لەنێوان کۆیە و کەرکووک و جادەش نەبووە!

کۆیەش سەر بەکەرکووک بووە بۆ کاری (عەسکەری و ڕەسمی).



بینایەی ئینزیباتخانەی کەرکووک.کە قشڵەیەکی جەندرمە بووە و لە زەمانی عوسمانی دروست کراوە. هەر لەو زەمانەوە و تا دوای هاتنی حوکمی پاشایەتی لە عێراق و لە سەرەتای سالانی (کۆماری)ش هەر شوێنی عەسکەر و ئینزیبات (انظباط) بووە. وێنەکە دەگەڕێتەوە بۆ سالانی چلەکان.

لە نزیک کەرکووک، کاتێ ڕۆژێش بەرەو ئاوابوون دەچوو، بەبیانووی ئەوەی دەیەوێ دەستنوێژ بشـوا و نوێژی مـەغـریب بکات، مـەلا داوای دەرفـەتدان لە جـەندرمـەکـان دەکـات و ئەوانیش لێی ئەمێن دەبن، مەجـالی دەدەن. مـەلا لە پشت تەپۆلکەیەک خۆی نەوێ دەکـات و هەر لەوێوە بۆی دەردەچێ و بۆ ناو ئەو دۆڵ و ئەو نشـێو، خۆی دەگەیێنێتە ناو شار. مەلا ئەسعەد دێتەوە بیری کەوا خزمێکی هەیە ئەفسـەرە لە کەرکـووک. جا لە ترسی ئەوەی دەستگیـری نەکەنەوە جـارێکی تر و ڕەوانەی مەیدانی جەنگی (سـەفـەر بەلک)ی بکەن، بە پرسین و سۆراخکردن، مـاڵی ئەو ئەفسـەرە دەدۆزێتەوە و دەچێتە لایان و مەسـەلەکە بۆ خزمەکەی ڕووبن دەکاتەوە، ئەو عەسکەرەش کابرایەک دەبێ لە بنەماڵەی قوچ پاشا کە ناوبانگی هەبووە لە شـار و مـرۆڤێکی بەڕێز بـووە. بەمـەلا ئەسـعـەد دەڵێ: بەیانی وەرە لام لە قـشـڵـەی (ئینزیبـاتخـانە)، چارەیەکت دەکەم. ئەوە بوو، بۆ بەیانی بەهەر حاڵ، خۆی دەگەیێنێتە لای خزمەکەی لە دائیرەی ئیجباری.

ئەفسـەرەکە هەوڵێکی چاکی بۆ دەدا تا ئەمری بۆ دەردەکـا بنێردرێتە پێش لیژنەی پزیشکی عـەسکەری بۆ ئەوەی بزانن لێـوەشـاوەیە بۆ (ئیـجبـاری)، یا نـەء! لیـژنەکـە، دوای پشکنین، بۆیان دەردەکـەوێ کـە لێوەشاوە نییە بۆ شەڕ، بەچرووک (فاشل)ی لە قەڵەم دەدەن و بەڵام لەلای ئەفسـەرەکە وەک عـەسکەری بەردەست (مراسل) دادەمـەزرێ و ئیتر خزمەکەی دەڵێ: تۆ هەر لە لام دەبی، لە دائیرە و لە ماڵ. شەوانە یەک دوو مـەقـامم بۆ بڵێ دەخـەوم! پاش مـاوەیەک، بەیەکـجـاری بەرەڵلا دەکـرێ و عـەسکەری لەکـۆڵ دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە کۆیە و لە خانووەکەی خۆیان، لە ژوورێک دەحەوێتەوە کە بۆ خۆی هەڵی دەبژێرێ و باقی خانووەکەش دەدا بەکرێ بۆ سەربازێکی عوسمانی.

ئەمجارە، لێرەدا، گۆزانی گوتنەکەی بەخێر بۆی دەگەڕێتەوە!

ئەو جـەندرمـەیەی خـانووەکـەی لێ بەکـرێ دەگـرێ و ناوی (نەجیم ئۆنبـاشی) دەبێ، کـیـژێکی گـەنج و ناسک و جوانی دەبێ و ناوی (ئامینە) دەبێ.

ڕۆژان دێن و دەچن، مەلا ئەسعەد، هەر وەک لە حەکایەتە کۆنەکان دەیانگوت، بەدڵێک نا، بەسەد دڵ، عـاشقی ئامینەی شۆخ و شەنگ دەبێ- ئامینەش هەست بەو خۆشەویستییە دەکات و ئەویش دەکەوێتە داوی دڵداری... دڵدارییێکی پاک و بێ گەرد لە نێوانیانا وەک نەمامێک کە ئاو بدرێ، ڕۆژ بەڕۆژ گەش و هەراشتر دەبێ.

مـەلا ئەسعـەدیش هەر بەهەڵبـەستی جوان و شـیـعری دڵداری ناسک، ئەم عـیشـقـە، بەئاوازی خۆش و بەمەقام دەردەبڕێ و کچەش بەهەموو هەستی گـەنجیەتی و هیوای ڕۆژێکی پڕ ژیانێکی کامەران، گوێی بۆ دەنگی مەلای شەیدای شل دەکات و گوێی لێ ڕادەگرێ!

مـەلا ئەسـعـەد کـە چاک بۆی ڕوون بۆوە کـە ئامـینـە خـۆشی دەوێ، جـورئەتی تێ کـەوت و چەند خـزم و دۆستی نارده داخوازی دڵدارەکەی لە باوکی و دایکی. بەڵام تەگەرەیەک دێتە پێشەوە! باوکی کچە ڕازی نابێ کـچی شـوو بەکـابرایێکی گـۆرانیـبـێـژی لات و چاوەش بکات! خـۆی بەشـتـێک دەزانی! چۆن، من (ئۆنبـاشی نەجیم) کـچم بدەمـە چاوشـێکی گـۆرانیـبـێـژ؟ قـەت نەبووە و نـابێ! دایکەکـە، چونکە بەو دڵداریـیەی زانیبوو، حەزی دەکرد کچەکەی بداتە مـەلا. بەڵام لەبەر مێردی، نەی دەوێرا چ قسـە بکات! دوو ساڵێک ئەم سەین و بەینە دڕێژەی کێشا.

لەو مـاوەیەش، دایکی ئامـینـە و زۆر لـە دۆسـتـان و خـزمـان، دووبـارە و سێ بـارە دەهاتنە لای کـاکی (ئۆنبـاشی) و بەقـسـەی نەرم هەوڵیـان ئەدا ڕازی کـەن و ئیـقـناع بێ! کـەچی وەک ئاسنی سارد بکوتی، وابوو!

گوتی نەء! یانی نەء! لە ئاخیری وای لێ هات، بەینی خۆی و ژنی تێکچوو ژنە ئەمجارە بەتوندی بۆی دەهاتە پێش و هاواری لەسەر دەکرد.

ئەوەبوو، نەجیم تووڕە بوو، خۆی بەگواستنەوە دا بۆ کەرکووک.

کە ئەو کـەلوپەلی بارکـرد و ڕۆیی، زرووف هێور بوونەوە و بـارودۆخەکە گـونجـا و مـەلا ئەسـعـەد، دوای ڕازیبوونی دایکی، ئامینەی مارە کرد و زۆر کەیفخۆش بوو و هەردوو ئاشق بە یەک شاد بوون.

بەڵام چەرخ و فەلەک دیسانەوە پشتی لە مەلا ئەسعەد کردەوە.

ئامینەی هاوسەرە جوان و نازدارەکەی، لەپڕ، بەسەر منداڵییەوە چوو و کۆچی دوایی کرد، کاتێک مەلا ئەسعەد هێشتا لە خەونە خۆشەکەی دابوو!

سـاڵێک دەبوو نەدەبوو، ئامینەی بەناز و خۆشەویست، شەو و ڕۆژ بەیەکەوە ئەنجامی دڵداریـیەکەیان دەنۆشی... هێشـتـا تێر نەبوو بوون لەو کـات و سـاتە خۆشانە! چۆن وا بەئاسـانی، ئەی مـردن... چۆن ئەم غەدرەم لێ دەکەیت و ئامینەم دەبەیت؟!

ئاوا دیسـان مـەلا ئەسـعـەد، بەتەنیـا دەمـێنێـتـەوە! جـا وەرن دڵی مـەلای هونەرمـەند و هەست ناسک بکەنەوە و بزانن چی تیایە!!

شەو و ڕۆژ، لە ماڵ و دەرەوەی ماڵ، وەکو شێت، خولی دەخواردەوە چ بەتەنیا، یا لەگەڵ کۆنە دۆست و برادەرانی زەمانی گەنجایەتی، سەرلەنوێ، گەڕان و سووڕان و گۆرانی گوتن دەستی پێ کردەوە! بەڵام ئەم جارە کە مەلا ئەسعەد مەقامی بخوێندبایە، ئامینەی شۆخی دەهاتەوە یاد و هەر بەیادی ئەو، هەڵبەستی عیشق و دووری و ئازاری دەروونی و دڵداری بێ ئەنجامی بەو ئاوازە پڕ لە خەم و پەژارەی دەگوتن و ڕۆژانی خۆشی بەڵام کورت کە لەگەڵ دڵدارەکەی بەسەری بردن، یادی ئەم ڕۆژانەی بەفرمێسک ڕشتن لەگەڵ گۆرانی گوتن، دەکردەوە. ئەو یادانەی هەر جارەی لەگەڵیا دانیشتباین، بۆی دەگێڕاینەوە و بەزۆری شیعرەکەی (ئەخۆل)ی شاعیری بەئاوازی خەمگین و مەقامی هیجرانی دەگوت و فرمێسکی لە چاو دەهاتە خوار:

شەرتە تا ڕۆژی حەشر خولیای من بێ چاوی یار
وێڵی سەحرا بم هەمیشە تەرک ئەکەم خوێش و دیار
شەرتە وەک مەجنوونی بێ کەس دەشت و کێو بێ مەسکەنم
تا بە داخی لەیلەوە ئەمنێنە قەبری تەنگ و تار

زۆر جاری دیکەش شیعرەکەی وەفایی بۆ دەگوتین، کە ئەویش هەر پارچەیەکە لە گریان و فیغان بەدوای عەزیزێک کە دەڕوا و دڵی یاری خۆی چۆڵ دەکات:

لە باغان ئاە و نالێن دێ دەڵێن شای نێو گوڵان ڕۆیی
لە مەیخانان، سەدای شێن دێ دەڵێن پیری موغان ڕۆیی

یەکەم جار کە من مەلا ئەسعەدم بینی وەک گۆرانیبێژێک و لە گەڵیا دانیشتم و عوود و کەمانچەم بۆ لێدا، ڕۆژێکی زستانی ساڵی ١٩٥٧ بوو. (حەمەگەمان)ی خاوەن چایخانەی (لاوان) لە کۆیە کە زۆر برادەرم بوو- خوای لێ خۆشبێ- ئەو ڕۆژە وتی: بەشەو لە ماڵمان دائەنیشین، خۆت و عوودەکەت وەرە، هەندێ گۆرانیبێژی ناسراوی کۆیە لەلام دەعوەتن. حەمە گەمان (محەمەد عەبدوڵڵا)م دەناسی لە ساڵی ١٩٥٥ەوە چەند جارێ، ڕەحمەتی هورمزی کوڕی ئەسکەندەر، دەهاتە کەرکووک... بۆ یەک دوو شەو بەئیشی وێنەگری، ئینجا منیشی لەگەڵ خۆی دەبردم و دەچوومە کۆیە و لە ماڵی هورمز میوان دەبووم. کاکە حەمە هەر بەو شتەی بزانیایە، یەکسەر بەشەو دەهاتە لام، بەخۆ و بەموسەجیلەکەیەوە و هەندێ گۆرانی خۆمی تۆمار دەکرد.

جا وەک باسم کرد، ئەو شەوەی ساڵی ١٩٥٧ کە من مامۆستا بووم لە کۆیە، زۆر دانیشتن و ئاهەنگی بۆ تۆمار دەکردین. ئەوەبوو کە وتی ئەمشە و لەماڵمان دەعوەتی. بەشەو چووم، بینیم سێوە و مەلا ئەسعەد و حەمەدەمینی کەبابچی و حەمەدەمینی عەبباسی و یەک دوو کەسی تریش لە ژوورێکی بچووک لە ماڵە کۆنەکەی حەمە کۆ بووبوونەوە و چاوەڕوانی منیان دەکرد.

سێوە لە قوژبنێکا پاڵی بە بالیفێک دابۆوە، لە لای ڕاستی دیسان لەسەر بالیفێکی تر مەلا ئەسعەد بوو ئینجا حەمەدەمینی کەبابچی و ئینجا حەمەدەمینی عەبباسی کە دەفێکیشی لەسەر مافوورەکە، لە پێشە خۆی دانابوو... من لەسەر کورسییەک، بەرامبەریان جێی بۆ کردمەوە کاک حەمە. وتی تۆ چاکەت و

پانتۆڵت لەبەرە ناتوانی لەسەر عەردەکە دانیشیت. دوای سەلام و بەخێرهاتن و چاک و خۆشی... ئاهەنگەکەمان دەستی پێ کرد. زۆر دڵخۆش بووم بەو دانیشتنە لەگەڵ ئەو کەڵە هونەرمەندانەی شارەکەم، کە هەر لە ساڵانی سییەکان و چلەکانا، هێشتا هەرزەکار بووم، ناوبانگیانم بیستبوو.



محەمەد عەبدوڵڵا (ناسراو بە حەمە گەمان)ی خاوەن چایخانەی (لاوان) لە کۆیە- لە چایخانەکەیا و لەگەڵ ئامێری تۆمارکردنی دەنگ (مسجلة)- لە پەنجاکان

هەزار سڵاو لە گیانی پاک و بێ گەردیان بێ. ڕەحمەتی خوایان لێ بێ.

ئەوشەوە، بە واقیعی و ڕووبەڕووی چەندین ئاواز و گۆرانی ڕەسەن و فۆلکلۆری کوردی بەگشتی و هەندێکیش ئی ناوچەی کۆیە بەتایبەتی، کە دەرفەتێکی زۆر گرنگ و پڕ لە خۆشی و زەوق جگە لە هەندێ زانیاریش لە بابەت مەقامەکانەوە کەوا بەو سادەییەی خۆیان بۆ منیان شەرح و باس دەکرد.

لەو دانیشتنەدا سێوەی شەماشە لە کەنیسەکەی کۆیە و مەلا ئەسعەدی (مەلا)یێکی دەنگخۆشی موسڵمان، لە بۆ من بووبوون بە دوو لوتکەی بەرز لە مەقام و ئاوازی ڕەسەن. جارێک سێوە، جارێک مەلا ئەسعەد دانیشتنەکەیان وا گەرم و خۆش کردبوو، لە دەرەوەش ورده باران و هەوا تەڕ و بۆنخۆشەکەی دەشت و دەری کۆیەی بۆمان دەهێنایەوە لە دەرگا و پەنجەرە... بەشداری لە مەجلیسەکەمان دەکرد و خۆشتری دەکرد. ئینجا لە دوای هەر مەقامەی کە یەکێک لەو دوو لوتکە بەرزانە دەیچڕی، بەستەیەکی خۆشی بەتام کە لە هەمان نەغمەوە دەبوو، پێکەوە هەموویان دەیانگوت و لەگەڵ عوودەکەی من و دەفەکەی حەمەدەمینی عەبباسی، یەک کۆنسێرتی نایابی پێک دەهێنا، بەڵام چ کۆنسێرتێک: سەد سیمفۆنیای بەقوربان بێ!

ئەم جۆرە دانیشتنانە، چەند جاری تر دووبارە بوونەوە، ئەگەرچی زۆریش نەبوون، بەداخەوە! چونکە مەلا ئەسعەد لە بەهاری ساڵی دواتر، واتا ساڵی ١٩٥٨ کۆچی دوایی کرد. سێوەی فەقیر و بەستەزمانی هێشتەوە بۆ عەزاب و کەساسی و بێ کەسی... زۆر جاران، لە دانیشتنەکانی ساڵانی دوای کۆچی دوایی مەلا ئەسعەد، سێوە تەمەننای دەکرد ئەویش بمردبایە، هەر وەک خۆی دەیگوت:

« بریا ئەمنیش ئیسراحەتم دەکرد!»- واتا دەمردم!.

لەگەڵ مەلا ئەسعەد و سێوە و ئەوانی تر، لە ماڵی ئێمە هەر لە کۆیە لە ساڵانی ١٩٥٧ ، ٥٨و هەروەها لە ماڵی کەریمی حەمە مەلا لەسەر دەعوەتی کوڕەکە (جەمال)ی کەریمی حەمە مەلا و دیسان لە نێو ڕەزەکانی ئۆمەر خوچان، لەژێر کەپرەکەی هاوینانی ماڵی مستەفاغای خوالێخۆشبوو، لەگەڵ کوڕەکانی، شاعیری گەورە کاک دلزار و شاعیری گۆرانی و دڵتەڕ کاک کەریم مستەفا (شارەزا) و

خوشکه فریشتەی شاعیری ئاشتی و ئازادی...

بەڵام ئەمەی خەفەتی بۆ دەخۆم و هەمیشە لە چۆکم دەدەم و پرسیار دەکەم: من چەند نەزان و بێ بیرکردنەوە و سادە بووم!

ڕۆژێ لە ڕۆژان، لەو هەموو کۆبوونەوە هونەرییانە هەوڵم نەدا کامێرایەک پەیدا بکەم و وێنەی خۆمان بگرین! دەفەرموو ئەوە دنیا گەڕام، وەک مەتەڵەکە دەڵێ، وێنەیەکی مەلا ئەسعەدم نەدۆزییەوە و ئەو هەموو باس و خواس و لەسەر ژیان و مەقامەکانی دەنووسم بەڵام وێنەیەکیان لەگەڵدا نییە بۆ ڕازاندنەوەی بابەتەکە. ژیاننامە ئەگەر وێنەی خاوەنی باسەکەی لەگەڵدا نەبێ، بە پوولێک! وەچە سبەینێ نالێن... ناپرسن:

ئەرێ کاکە تۆ ئەوەندە (دەڕێسی) لەسەر ئەو کابرایە کە ناوی (مەلا ئەسعەد)ە، ئاخر نابێ وێنەیەکمان نیشان دەیت و بزانین چتۆ مرۆڤێک بوو؟

لەدوای ئەوەی هاوسەرەکەی بەتەنیای جێدێڵێ، مەلا ئەسعەدی جگەرسووتاو، سەر هەڵدەگرێ و ڕوو دەکاتەوە زێدی باپیری، کە کوردستانی ئێرانە و بەرەو سەردەشت و بۆ لای براکەی، کە مەلا سەعیدی ناو بوو. لەوێ بڕەبڕە ئامینەی هاوسەری لە یاد و لە خەیاڵ نەما... برادەران و خزمان و دانیشتنی نوێ لەودیو وای کرد کە جارێکی تر بەزەوق و دڵخۆشی، بگەڕێتەوە بۆ کۆڕی هونەر و مەقام وتن. هەر ئەمەش وای کرد بیر بکاتەوە و لە خۆی بپرسێ؛ تا کەی لە مااڵی برای بمێنێتەوە؟ هێشتا بەتوانا و پیاوێکی کامڵ و دڵتەڕیش بوو...

لە ئەنجامی ئەم مشتومڕە لەگەڵ براکەیا و لەگەڵ خۆیا... ژنێکی لەو ناوچەیە خواست و هێنای. بەڵام دیاربوو زۆر لەگەڵیا نەحەسایەوە!

نەیتوانی خۆشەویستێکی تەواو ببەخشێ و بداتە ئەم ژنە تازەیەی.

لەبەر هەندێ هۆی تری وەک دەستکورتی و بێ کاری، بە(تفاهم) و ئاشتییانە ژنەکەی تەاڵق دا و هەریەکە و بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت. سەیرکە. ژیانەکەی ئەم مەرحوومە، دەشێ بکرێ بەفلیمێکی سینەما.

چەند جارێ، لە دانیشتنەکان، لەکاتی پشوودان دوای ئەوەی چەند گۆرانی و مەقامێکی بۆ دەگوتین، ئینجا قسە و باس دەکرا... مەلا ئەسعەد بەشێکی ژیانی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە و زۆر بە سەراحەت! جا جاری وا هەبوو خۆی و ئێمەشی بەپێکەنین دەهێنا، بەتایبەتی کە باس دەهاتە سەر چاوپێکەوتنی ئەو ژنانەی کە شووپیان پێی کردبوو! چونکە خۆی سێ ژنی هێنا. من باسی دووانم کرد. جا باسی ژنی سێیەمیشتان بۆ دەکەم وەک خۆی گێڕاوێتیەوە.

«برا گیان... لە ئێرانەوە دەگەڕامەوە کوێێ. هەستم کرد من لە کوێە نەبم، ژیانم تەواو نییە و ناتوانم لە شوێنی تر بژیم! هاتمەوە،... چ هاتنەوەیەک!- لەو گەڕانەوەم، لەگەڵ کاروانێکا بووم، چاوم کەوت بە بێوەژنێکی ڕۆح مەیلە و سووکەڵە و دەم بەخەندە!

قسە لە من و قسە لەو، زانیم ناوی (ئامین)ە و دانیشتووی سلێمانییە و ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوێ. من لەلای خۆمەوە کەوتە دڵم و بەخۆم گوت: ئەگەر پێم ڕازی بێ، مێردم پێ بکا... دەیهێنم!

چ بکەم، وەک دەڵێن (شەڕ لە بەتاڵی چاکترە!). یەکسەر جورئەتم بوو لێم پرسی: من کەسم نییە و ئەگەر پێم ڕازی بیت، من حەز دەکەم ببیتە هاوسەرم. مێردم پێ دەکەی؟ ژنە، زوو ڕەزامەندی نواند. ئەوە بوو ئیتر پێکەوە هاتین بۆ سلێمانی و بەڕاستی ئەمە لەلایەکی تریش سوودی زۆر بوو، چونکە لە ڕێگا و بەپێ ڕۆیشتن، لەبەر گفتوگۆی خۆمان هەستمان بەماندوویەتی نەکرد و چۆن گەیشتینە شاری سلێمانی!

ڕێک کەوتین، کە ڕۆژی پاشتر، دوای گەیشتنمان، و دوای ئەوەی ناونیشانی مااڵکەی دامێ، بچم بۆ داخوازی، کە مااڵیان لە گەڕەکی مەاڵکەندی بوو. ڕووداوەکانی ئەم ژن خواستنەم زوو زوو ڕوویان دا و پێکهاتین و هەر ئەو ڕۆژە مارەمان بڕی و بەبێ دەهۆڵ و زورنا! ڕۆژی پاشتریش بەرەو کۆیە، کەوتینە ڕێگا.»

دیارە ئەم سێیەم ژنە، ئەو ژنە بوو کە نسیبی وا بوو تا مردنی لەگەڵیابێ، بە هێمنی و بەچاکی و بێ تەنگوچەڵەمە، ژیانیان پێکەوە بەسەر برد مەلا ئەسعەد لە هەندێ دانیشتن و لەگەڵ عوودەکەما داوام لێی دەکرد بەعەرەبی مەقامێک یا شتێکی خۆشمان بۆ بڵێ. ئەویش هەوەسی زۆر بەگۆرانییە کۆنەکانی (محەممەد عەبدولوهاب) دەهات.

هەروەها لە موشەحاتەکانی ئەندەلوسی و هەندێ (مواویل)ی زۆر چاک ئەدا دەکرد و زیاتریش زەوقی دەهات بەعوودەوە ئەو شتانە بڵێ چونکە منیش ئەو گۆرانییە عەرەبییانەم زۆر باش دەزانی و بەعوودەوە ئەدایەکی باشم دەکردن و زۆرم حەز لێیان دەکرد، بەڵام جاروباریش بەکەمانجە، سۆلۆیەکم بۆ مەلا ئەسعەد لێ ئەدا لەگەڵ مەقامەکانی، ئەگەر چیش (نیشاز)م دەکرد، چونکە ئەوەی ڕاستی بێ، من کەمانجە ژەن نەبووم. ژەنینی ئەم ئامێرە بۆ من دەستی نەئەدا، چونکە گۆرانییێژ ناتوانێ گۆرانی بڵێ و کەمانجە، کە پێویستە لەژێر چەناگەی بچەسپێنێ، بژەنێ. جا من هەر لە سەرەتاوە هەوڵم نەداوە کەمانجە فێربم. کەچی کە لە کۆیە، تیپی مۆسیقای باواجیم دامەزراند، خۆم خەریک کرد پێوە. یەک دوو کتێبم لە بابەتیەوە خوێند و هەندێ جاریش بەپێوەندیکردن لەگەڵ کاک قادر دیلان، ئەو زانیارییانەی پێویستم دەبوون، لەویم وەردەگرتن. بۆیە، سەیر ئەکەی، کاتێ کەمانجە بۆ مەلا ئەسعەد لێ ئەدەم، لەو کاسێتانەی کە حەمە گەمان بۆی تۆمار کردووین، ژەنینی کەمانجەکەم زۆر ناسازە و لەگەڵ خۆما دەڵێم: بریا ئەو ئامێرەم لەگەڵ ئەو هونەرمەندانە لێ نەدابایە! بەڵام دانیشتن لەگەڵ ئەو هونەرمەندە ڕەسەنانە، دانیشتنی مێژوویی بوون و قەت لە یادم ناچن!

کاک جەاڵل جۆبار، لە وتارێکیدا دەنووسێ: «مەلا ئەسعەد لە ساڵی ١٩٥٥ چووە بەغدا بۆ هەوڵدان لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی چەند مەقامێک تۆمار بکات، ئەویش وەک سێوەی هاوڕێی.»

بەڵام هەوڵەکەی سەرنەکەوت و لەگەڵ مۆسیقای تیپی ئێزگە ئینسیجامی نەکرد و ساز نەبوو. پێیان گوتبوو بچۆ هەندێ مەشق بکە لەگەڵ مۆسیقا، پاشان وەرەوە بۆت تۆمار دەکەین. ئەویش سارد بووبۆوە... لە کۆیە مایەوە چیتر نەچۆوە بەغدا، ئەگەرچی، وەک لێکدانەوەی خۆم دەڵێم ئەم کارە سێوە پێی کردبوو، سێوە حەزی دەکرد مەلا ئەسعەدی برادەری گۆرانی هەبێ و لە ڕادیۆ لێبدرێن. چونکە دڵنیا بوو کە خەڵک زۆریان خۆش دەوستن.

بەڵام ئەوا (نصيب)ی لەو بەزمە نەبوو و بۆی نەچووە سەر، بەداخەوە!.

ئەو کاتە من لە بەغدا بووم قوتابی بووم لە کۆلیجی (دار المعلمين العالية) دەمخوێند و هەفتانە ئاهەنگێکی گۆرانیم لەو ئێزگەیە، ڕاستەوخۆ، پێشکەش دەکرد! کەچی بە داخەوە، تووشی مەلا ئەسعەد نەبووم نە لە بەغدا و نە لە ئێزگەش. بهاتبایە، بمدیبا لەوێ و بمزانیبایە بۆ تۆمارکردنی مەقامەکانی هاتووە، دەبوایە هەر وا بکەم بۆی تۆمار بکەن! هەتا ئەگەر مۆسیقاژەنە عەرەبەکانیش ڕازی نەبوونایە، ئاسان بوو! بە شەمالّی ڕەحمەتیم دەگوت، خۆم و خۆی و یەک دوو کەمانجە ژەن هەبوون هاوڕێمان بوون لەگەڵ نەی ژەن، کاک (ئایڤن بەهنام) کە زۆر دۆستم بوو، ئێمە ئەو گرووپە، نەمان دەهێشت مەلا، ئاوا، بەپەشیمانی بگەڕێتەوە کۆیە!

داخێکی ترم لە دڵە... کەسەریشە... کە بۆ ئەو ڕۆژ و سات و کاتە خۆشانە، کە ئاوا کۆدەبوونەوە و بەزمی گۆرانی و ئاوازمان دادەمەزراند، ئەگەر حەمە گەمان لەگەڵمان نەبوایە، ئەوا هیچ کەسێکی تر ئامێری تۆمارکردنی دەنگی نەبوو: نەمن نە باقی برادەران و هونەرمەند و هونەر دۆستان ئەوسا! بایەخمان بەو لایەنە قەت نەدا.

لەڕاستەوە: حەمەگەممان – حەمەدەمین عەبباسی– لە بەغدا– لە ئووتێل گیراوە.

وامان ئەزانی ئێمە هەر ماوین و دەمێنین و گۆرانی دەڵێین و ئاهەنگ دەگێڕین! تەنانەت کامێرایەکیشمان نەبوو، هیچ کامێکمان! بۆیە لەگەڵ ئەو بابەتەم وێنەیەکی مەلا ئەسعەدم نەبوو کە ئەمڕۆ پێویست بوو بڵاو بکرێتەوە.

مامۆستای شاعیر و نووسەری کۆیی، کەریم مستەفا (شارەزا) لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) شتێکی زۆر جوان ... وتارێکی بەپێزی لەسەر مەقامەکانی سێوە و مەلا ئەسعەد، بەتایبەتی، و مەقام و گۆرانی کوردی لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم، بەگشتی، نووسیوە، حەزم کرد کورتەیەکی لێرەدا بنووسم چونکە گونجاوە لەگەڵ ئەم ژیاننامەیە کەوا زۆریش ناوی مەقام و سێوە و ئەو، واتا مەلا ئەسعەدمان کرد. کاک شارەزا دەفەرموێ:

«لە کۆیە، لەو سەردەمەی باسمان کرد، دوو ڕێبازی سەرەکی هەبوون لە مەقامی کوردی گوتن:

یەکەم: ڕێبازی فۆلکلۆری کە پشتی بەئاواز و شیعری فۆلکلۆرییەوە بەستووە و گۆرانیبێژان ئەم جۆرە ڕێبازەش کە یەک لە دوای یەک هاتوون و ڕۆیشتوون، حەنیل و لە دوای ئەو سێوە بوون کە میراتگری ئاواز و مەقام و بەستەکانی ئەمین ئاغای (ئەختەر)بوون.

دووەم: ڕێبازی دووەمیش، ڕێبازی کلاسیکی بووە کە پشتی بەئاواز و شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد و فارس بەستووە.

سەرۆکی ئەم ڕێبازەش مەلا ئەسعەد بووە. وەک دیاریشە ئەم هونەرمەندە، ئاوازی مەقامی فارسی کاریان زۆر لێی کردووە و بەفارسی مەقامی خۆشی چڕیوە».

مامۆستا شارەزا، بەراوردێکیش لەنێوان مەلا ئەسعەد و سێوە دەکات و دەڵێ: «دڵسۆزی بۆ ئاواز و مەقامی کوردی، ئەو دوو مەقام بێژە، ئایینی جیاوازەی ئەوسای کوردەواری گەیاندبووە یەک و بووبوون بەدوو هاوڕێی گیانی بەگیانی...»



کەریم شارەزا

من خۆشم ئاگاداری ئەم مەسەلەیەم و لە چەند دانیشتنێکدا کە لەگەڵ هەردووکیان دانیشتنی یا مەجلیسی گۆرانی و مەقام گوتنمان دەبوو، سەیرم دەکرد کە مەلا ئەسعەد مەقامێکی بەشیعری تەسەووفی یا مەتحی ڕێبازی ئایینی ئیسلامی تێدا دەبوو، خاڵە سێوەش لەگەڵ مەلا یەکیان دەگرتەوە و بەدووقۆڵییەوە مەقامەکەیان تەواو دەکرد.

هەروەها مامۆستا کەریم شارەزا نووسیویەتی:

«یەکێک لە مەقامە خۆشەکانی مەلا ئەسعەد، کە تۆمار کراوە، ئەم شیعرە ناسکەی ئەختەرە و مەلا ئەسعەد بەئاوازی مەقامی نەهاوەندی گوتووە»:

دەخیلت بم لە عوششاقت مەڕەنجە
دڵ و دینم فیدای ئەم لار و لەنجە
لە دەوری عارزت کاکۆڵی پڕچین
دەڵێیماری سیای ئێشکچی گەنجە
لە گورجستان و چین وەک تۆم نەدیوە
لە ماچین پشکنیم تا مووڵکی گەنجە

لە کۆتایی شیعرەکەش، ئەختەر دەڵێ:

تەماشاکە سەراپا ماهم (ئەختەر)
هەموو عیشوە و فریب و ناز و غەنجە!

(تێبینی: ئەم مەقامە لە لام هەیە و بەعوودەکەم، لە مالّی حەمە گەمان، سالّی ۱۹۵۷ تۆمارمان کردووە- باکوری)

کاک مەربێن صلێوە حەنناش، کە ئێستاکە خەریکی مەقام گوتنە و هەروەکو خۆی دەڵێ: لەگەڵ مام سێوە و مەلا ئەسعەد دانیشتووە لە هەندێ شوێن و خۆی بەشاگردیان دەزانێ و لە بەغداش بەشداری لە ئاهەنگەکانی (بيت المقام العراقي) کردووە و لە یوسف عومەریش مەقام فێربووە. خۆی لە کۆیە لە دایک

بووە و قوتابخانەی سەرەتایی خوێندووە. ئەمڕۆ لە (عەنکاوە) نیشتەجێیە.

کاک مەربێن هاتە لام، لە تەلەفزیۆن، هەندێ شیعری بۆ هێنام کە کاتی خۆی مەلا ئەسعەد، یان سێوە، یا هەردووک پێکەوە، گوتوویانن. لە هەر قەسیدەیەک، یەک دوو کۆپلێ دەنووسمەوە:

١- غەزەل، شیعری شێخ ڕەزای تالەبانی، مەڕبێن، لە تێبینییەکەیدا دەڵێ: ئەم مەقامە یەکێکە لە مەقامە خۆشەکانی مەلا ئەسعەد کە لەسەر (شریت)ی (مسجل) تۆماری کردووە:

بەشێکی شیعرەکە:

دەمکوژی حوکمە دەزانم بە خودا حوکمە حەبیب
وەرە سا بەشقی!! خوا دەس لە یەقەم بەردە تەبیب
وەرە دەستێ بخەمە گەردەنی بللەورینت
تاوەکو سفرە!! لە داخا بدرێ ورگی ڕەقیب
تالعم نەحسە دەترسم کە بە ئازاری فیراق
بمرم و ڕۆژێ نەبێ دەوڵەتی وەصلم نەسیب

تاقەتی تاق بووە بێچارە لە ژێر باری فیراق
بکە ڕەحمێ بە (ڕەزا) چاکە تەڕەحوم بە غەریب

٢- غەزەلێکی دیکە کە مەلا ئەسعەد بەمەقام گوتوویەتی، لە شیعری (وەفایی)یە و مەربێن صلیوە بۆی ناردووم و دەڵێ: مەلا ئەسعەد ئەم غەزەلەی بە ئاوازی مەقامی نەهاوەند و دەرویشی دەگوت:

هەروەها کاک مەربێن دەڵێ کە ئەو خۆی ئەم غەزەلەی بەهەمان ئاواز گوتووە و تۆمار کراوە بۆ تەلەفزیۆنەکانی بەغدا و هەرێم (هەولێر) و کۆیە:

بە اظهار و کەرەم قوربان دەپرسی گەر لە ئەحوالّم
نەخۆش و سەرخۆش و مەستی خماری چاوەکەی کالّم
پەرێشانم بلاّوم تێکشکاوم خاو و شێواوم
دەڵێی شانازی زولفی تۆم لە ڕووی تۆ شێت و عەودالّم
بەنازی چاوەکەی بازی کە بازی دام هەتا پڕ بووم
دەترسم هەر بە بازی بمکوژێ ئەو یاری منداڵم

٣- بەستەی زولف و ئەگریجەی یار- لە شیعری (دڵدار) ئاوازێکی کۆنە، عێراقییە، لە چلەکانا لە کۆیە زۆر ناوبانگی سەند زۆربەی گۆرانیبێژان، هەر لەو ساکەوە، گوتوویانە: مەلا ئەسعەد و سێوە و تایەر تۆفیق... تاد.

زولف و ئەگریجەی یار چەندە تەبایە
وێنەی جەمالی یار لە دڵی من دایە

شا بۆی گەدایە
گەداش فیدایە
ڕووح بۆی ڕەوایە
هەر بێ وەفایە
چونکە مەشرەبی یار جەور و جەفایە

***

سەد ماشاڵڵا یارم چەندە بەنازە
دڵم دەسووتێنێ بەم چاوە بازە
گەردەنی قازە
شاهین و بازە
بۆ ڕووح دڵخوازە
بەو عیشوە و نازە
لێوی پشکووتووە وەک خونچەی تازە

***

هەڵسە چاوەکەم یار وەعدەی جارانە
ئاسمان وەکو من ئەسیری تابانە
شایی و سەیرانە
لەنێو ڕەزانە
ڕووی چەندە جوانە
وێنەی گوڵانە
بەهارە ئەمڕۆکە جەژنی عاشقانە

***

مەلا ئەسعەد لە بەهاری ساڵی ١٩٥٨ هەر لە شارەکەی کۆیە کۆچی دوایی کرد و لەوێش نێژرا بەڕێوڕەسمێکی شاییستە. هەزار سڵاو لە گیانی پاک و بێ گەردی بێ. ڕەحمەتی خوای لێ بێ.

٣- ڕەفیق چالاک

بۆ نووسینی ژیاننامەی خوالێخۆشبوو ڕەفیق چالاک، سوودم لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگرتووە:

١- کتێبی (هونەری درامای ڕادیۆیی کوردی). نووسینی کەمال ڕەئووف محەمەد. لە سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٠ لە چاپ دراوە.

٢- ڕۆژنامەی (برایەتی)- ڕۆژی پێنج شەممە- ١٩٩٧/٥/١٥. ل ٦.

وتارێک بەناوی (ڕەفیق چالاکی دەنگخۆش و هونەرمەند) نووسینی: شامیران عەلی-

ڕەفیق چالاک

٣- گۆڤاری (ڕەنگین) ژ ١٥- کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٩- وتارێکی بەڕێز د. کوردستانی موکریانی، لەژێر ناونیشانی (نامەیەکی بلاّونەکراوەی مامۆستا گۆران بۆ مامۆستا گیو) ل ٢٠.

٤- گۆڤاری (ڕەنگین) ژ١١-١٩٨٩- وتارێکی بەڕێز د. عیزەدین مستەفا ڕەسوول- لەژێر ناونیشانی (یەکەم تیپی تەمسیلی ئێستگەی ڕادیۆی کوردی) . ل٦.

٥- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ٧٨ کانوونی یەکەم ١٩٧٩ وتارێک لە نووسینی- محمد ساڵح عبدالکریم- بەناوی (لە یادی شەش ساڵەی کۆچی دوایی ڕەفیق چالاک)ی هونەرمەند و چالاک و... ل٢٦.

٦- گۆڤاری (کاروان) ژمارە(٧٣)ی مارت ١٩٨٩ لەنووسینی کەمال ڕئووف محەمەد بەناونیشانی (بنچینەی شانۆی ڕادیۆیی کوردی) ل ١٠٨

هەروەها چەند بابەتێکی تری زۆر کورت کە بەبۆنەی کۆچی دوایی هونەرمەندیان نووسیوە و هەستی خۆیان دەربڕیوە، بۆ نموونە: کاک ئامانج غازی (برایەتی)، نووسەرێکی عەرەب- ڕۆژنامەی العراق-... تاد.

جگە لەوانەی باسم کردن، ئینجا (یاداشت)ەکانی خۆشم دەورێکیان هەبووە.

سوپاس بۆ هەموویان.

***

کاتێ لە پۆلی یەکی ناوەندی بووم، لە کۆیە، لە ساڵی ١٩٤٣، ژمارەیەکی گۆڤاری (گەلاوێژ)م چنگ

کەوت و چاوم بەلاپەڕەکانی و بەنووسینە پڕتام و بەنرخەکانی شادبوون.. هەر لەو ژمارەیەوە بەدڵێک نەء- بەسەد دڵ خۆشم ویست و عیشقی کەوتە بیر و هۆش و دڵمەوە. ئیتر ڕۆژانم دەژماردن تا مانگ تەواو دەبوو و وادەی هەڵهاتنی ئەستێرەیەکی تری (گەلاوێژ) دادەهات و بەم جۆرە ئۆقرەم نەئەگرت و واجبی قوتابخانەشم ئیهمال دەکرد تا گۆڤارە خۆشەویستەکەم، جارێکی تر، لەباوەش دەگرتەوە و وەک گیانلەبەرێکی نازدار، بە هێواشی دەستم پیادا دەهێنا و لاپەڕەکانم لەسەرەخۆ هەڵدەدایەوە و دەمخوێندنەوە... گوێم لێ نەبوو لە بابەتەکان چی بوون!

هەموویانم دەخوێندنەوە... میژوو... ئەدەب... شیعر، وای شیعرەکانی کە خۆش بوون! ناوی شاعیرەکانم وەک مرۆڤی موقەددەس و پیاوچاک دەخوێند و لەبەرم دەکردن... تا دەگەیشتمە (چیرۆکی ژمارە)... ئینجا کە چیرۆکەکەشم دەخوێندەوە... دڵم ئیسراحەتی دەکرد! دەمگوت: ئۆخەی ئەو مانگەش گەلاوێژم دەستکەوت و خوێندەوە.

ئەوەی ڕاستی بێ، من بۆیە دەترسام نەبادا مانگێک بەدەستم نەکەوێ... چونکە لە قۆناغەکەی تایبەت بەخۆم لە ژووری نووستنمانا، میزێکم هەبوو پاڵی نابوو بەتاقێکەوە... واتا وەک پەنجەرەیەک بوو بەڵام هەر لە دیوی ژوورەوە بۆشایی بوو... واتا کون بەدەرنەبوو! ئا لەم تاقەدا، یان کولاّنکەدا، کتێب و گۆڤاری غەیری قوتابخانەم تیایدا ڕیز کردبوون بەڕێکوپێکی دامنابوون لە نێوانیانا (گەلاوێژ)ی خۆشەویستم! جا بۆیە پێم خۆشبوو کە هەر مانگەی ژمارەیێکی زیاد دەکرد! حەزم دەکرد هەمووی ژمارەکانم هەبێ و لە تاقەکە، وەک لە (مەکتەبە)، ڕێزیان کەم و ئینجا بەردەوام بیانخوێنمەوە! لەپاشان، لەگەڵ هاوڕێکانما موناقەشەمان دەکردن.

پێم وایە یەکەم جار کە گۆڤاری گەلاوێژم بینی و درایە من بەدیاری، لە لایەن هاوڕێیەکی زۆر خۆشەویست بوو لەلام ناوی (حسام الدین طیب)بوو. لە هەمان پۆل بوو... ئێمە، ئەو وەجبەیەی کە ساڵی ١٩٤٣ بووینە پۆلی یەکی قوتابخانەی ناوەندی، ٣٠ کەسێک دەبووین.

ئەم (حسام الدین)ە، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، زیاتر بەسیاسەتەوە مەشغوول بوو... بەکوردایەتی.

بۆیە بە (حوسامەدین شەعب) ناسرابوو. لە وانەکاندا دواکەوتووبوو... گوێی نەئەدایە دەرس و خوێندنی کتێبی قوتابخانە.

کتێبی (خارجی) زیاتر دەخوێندەوە... ڕۆژنامەی (الاهالی) بۆ دەهات و دەیدا ئێمە بیخوێنینەوە... چەند قوتابیێکی تریش هەبوون کە هەستم دەکرد، بەم بۆنەشەوە دەڵێم من لە هەموویان منالّتر بووم..،

هەستم دەکرد ئەو قوتابیانە گۆڤار و ڕۆژنامان دەخوێننەوە و دەیانهێننە مەکتەب! برادەرێکی ترمان، فاتیح ڕەسوولی کەبابچی ناو بوو! زۆر ڕۆژنامەی (الاهالی) لە باخەڵیا هەڵدەگرت و تەنانەت هەندێ مامۆستاکانیش، جارو بار لێیان وەردەگرت و دوای خوێندنەوەی، دەیاندایەوە.

جا بێمەوە سەر باسی (گەلاوێژ)! ئەوەی سەرنجی ڕاکێشابووم وتارەکانی نووسەرێک بوون ناوی (ڕەفیق چالاک) بوو. ئەو کابرایە نووسینەکانی لە شاری (یافا)ی فەلەستینەوە دەنارد و بۆی بڵاو دەکرانەوە و زۆریش موعجەب بووم بەخۆی و بەنووسینەکانی و دەمگوت: سەیرکە! ئەوە ئەو پیاوە چی ئەکا لە یافا؟ چۆن گەیشتە ئەوێ؟ بەڵام دوایی ژمارەیێکی گەلاوێژی کۆنترم بەدەستکەوت، هۆیەکەم زانی. لەو گەلاوێژەدا، موژدەی داوەتە کوردان کە ئەوەتا حکوومەتی بەریتانیای (عظمی) ئێزگەیەکی ڕادیۆی کوردی دامەزراند لە شاری (یافا) لە فەلەستێن بۆ پەخشکردنی هەواڵی شەڕ و وتار و شیعری کوردی و گۆرانی و قەوانی گۆرانیبێژانی کورد.. هەروەها چەند کوردێکی ڕۆشنبیری تەعین کردووە وەک بێژەر و نووسەری بابەتی جۆراوجۆری هونەری و مێژوویی و ئەدەبی تا لەوێ بخوێنرێتەوە! لەوانەش بەڕێزان:

شاعیر گۆران و ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاک...

بەڵێ جا هەندێ جار، لە هەندێ ژمارەکانی ساڵانی ١٩٤٣ و ٤٤ و بەملاتر.. سەیرت ئەکرد شیعرێکی شاعیر ع. گۆران، لەگەڵ بابەتێکی ڕەفیق چالاک.. لە دوو شوێنی جیا، لە هەمان ژمارەدا بڵاو دەکرانەوە...

ئا بەم جۆرە، بۆ جاری یەکەم ناوی ڕەفیق چالاکم بیست و خوێند، لە نێو لاپەڕەکانی (گەلاوێژ)ی نەمردا. ئەما لە ڕادیۆ هیچم گوێ لێیان نەبوو تا لە فەلەستێن بوون و نەم ئەزانی چی ئەڵێن و تەنانەت چ گۆرانیش بڵاودەکەنەوە! چونکە زۆر بە بەساطەتەوە ئێمە ڕادیۆمان نەبوو! نەک هەر ئێمە!

ئەوسا شەڕ بوو. گرانی بوو. تەنها چەند مالّە ئاغایەک و یەک دوو بازرگانی شەکر و چا و خواردن نەبێ، کەس ڕادیۆی لە مالّەوە نەبوو. چایخانەش قەدەغە بوو بۆ قوتابیان.

تا ساڵی ١٩٥١-١٩٥٢ من سانەویم لە هەولێر تەواو کرد بوو و لە کۆمپانیای نەوتی کەرکووک (I.P.C) دامەزرابووم وەک موەزەفێکی (مخازن - STORES) و لە هەمان کات جاروبار سەرم ئەدایە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا. ئا لەوێ، بۆ یەکەم جار، ڕەحمەتی (ڕەفیق چالاک)م بینی. تەسادوفەکە بەم جۆرەی خوارەوە بوو:

دەمەو پایزی ساڵی ١٩٥١ بوو، دوای ئەوەی لە کەرکووک وەک عوودژەنێک و گۆرانیبێژێکی بەکوردی و عەرەبی و ئاسووری (گۆرانی دەڵێ...) ناسرام، بڕیارم دا حەزێکی زۆر کۆنی خۆم جێبەجێ بکەم، کە ئەویش بەچوونم بۆ ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا و بەشداریکردنم لە بەرنامەکانی گۆرانیدا، بۆم دێتە دی! پاڵپشتی هونەرمەندانی شارەکەش و زۆربەی ئەوانی گوێیان لێم دەبوو لەو ئاهەنگانەی تیایاندا بەشدار دەبووم و هاندانیان، زیاتر پاڵی پێوەنام و جورئەتم پەیدا کرد و ملم لە ڕێگای بەغدا نا، بە شەمەندەفەر و (یا ئەڵلا) بەغدا... وا هاتم. ئیتر بەکورتی دوای یەک دوو ڕۆژ هاتچوونی ئێزگە،

ئێوارەیەک خۆم لە ستۆدیۆی ڕادیۆکە دۆزییەوە، لەبەردەم شەش حەوت مۆسیقاژەن، ئەوانەی کە تیپی مۆسیقای ئیزگەی کوردییان پێک دەهێنا، و جگە لەوانیش سێ چوار ئەفەندی تریش لە لایەکەوە دەوریان دابووم و پێکەوە سەیریان دەکردم و لەژێرەوەش لەگەڵ یەکدی، مشتومڕیان بوو.

-«یاالله غني!» - لە ناکاو یەکێک لە مۆسیقارەکان بەدەنگێکی بەرز بانگی کردم. «تفضل غني». دووبارەی کردەوە.

وتم ئاخر من ئاوا یەکسەر ناتوانم- نازانم (دوزانەکەتان - واتا (نصب)ی ئالەتەکان چییە، چۆنە!. وتیان: (شترید؟). وتم: عوودێکم بدەنێ! دووکەس لەوێ عوودیان بەدەستەوەبوو.

یەکێکیان عوودەکەی خۆی دامێ و ئینجا کورسیەکیشیان لەژێرم دانا و من بەبێ ترس و لەرز هەندێ ترینگە ترینگم بەژێی عوودەکەوە کرد و یەکسەر (طبقە)کەم زانی و (نصب) و دوزانەکەم لە لا ئاشکرا بوو. ئینجا دەستم کرد بەگوتنی مەقامێکی کوردی لەوانەی خاڵە تایەر دەیگوتن و فێریان بووبووم. پاشان چ بکەم جەرگم سووتاوەم گوت. باشە گۆرانیێکی تر؟... شتێکی ترم گوت. گوتیان بەسە.

ڕەفیق چالاک، لە چلەکانا، کە بێژەری ڕادیۆی کوردی بوو لە یافا- لە فەلەستین

دواتر بۆم دەرکەوت ئەوانەی لە ستۆدیۆ وەستابوون، لیژنە بوون.

یەکێکی سەر ڕووتاو (أصلع)، دەم و چاوێکی لاواز، بااڵ درێژ: ئەمە ناوی (عادل عرفان) بوو، بێژەری ڕادیۆکەبوو.

ئەوی تر، دیسان بەجەستە ڕەقەلە بوو، پرچی ڕەش بوو، ئەسمەرانی بوو، خاوەن سمێڵێکی ڕێک و جوان وڕەش بوو، دەنگی زۆر ئەستوور بوو.

زانیم ئەمە ناوی (ڕەفیق چالاک)ە. لێرەدا یەکسەر گۆڤاری گەلاوێژ و بێژەری لە یافا و وتارەکانیم هەموو هاتنە پێش چاو.

ئەوەکەی سێیەم، مام بۆزۆیەک بوو، بە بەژن کورتترینیان بوو. چاکەت و پانتۆڵێکی مەیلەو قاوەیی کراوەی لەبەربوو. دوو چاوی هەندێ کز!

ئەمە مامۆستا عەلی مەردان بوو. ئەوانە وەک لیژنەی تاقی کردنەوەی گۆرانیبێژان بوون.

ئەوان بڕیاریان ئەدا: چاک یان خراپ.

لەپاشان بڕیاری خۆیان ئەدایە موسیقییەکان. ئەوانیش ڕای خۆیان هەبوو، هەردوو بڕیارەکان دەخرانە پێش سەرپەرشتیاری ئێزگە کامیل کاکە مین، کە ئەویش ڕۆژی تاقیکردنم، هاتە ژووری ستۆدیۆ بۆ ماوەیەک، دوایی گەڕایەوە سەر مێزەکەی، لە دەرەوە... کە لە قوژبنێکی هۆڵەکەی دەرەوە بوو.

جا کاک ڕەفیق چالاک، بۆم دەرکەوت، کە لە فەلەستین کاریان تەواو و شەڕی جیهانی کۆتایی هات... ئیزگەکە لە یافا داخرا و کاک ڕەفیق و مامۆستا گۆران و مامۆستا ڕەمزی قەزاز گەڕانەوە عیراق.

کارگێڕ و کارمەندانی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، لە ساڵی ١٩٥٥ بەوللاوە. دانیشتوان لە ڕاستەوە: ١- عادل عیرفان- بێژەر. ٢-کامیل کاکەمین- سەرپەرشتیار (مراقب) ٣- کەریم سەعید زانست- کارمەند- ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە ١- شێخ حوسین قەرەداغی- بێژەر ٢- مامۆستا حوسێن مەعروف- موتەرجم

ڕەفیق چالاک و ڕەمزی قەزاز لە بەشی کوردی ئێزگەی بەغدا، دامەزرانەوە، هەریەکە و هەمان ئەو کارەی کە بۆ (یافا)یان دەکرد، لێرەش ئاوا. ڕەفیق بوو بە بێژەر (مذیع)، کاک قەزازیش کاری گۆڕین (ترجمە) و ئامادەکردنی هەندێ بەرنامە و... شتی تر.

ڕەفیق چالاک، وەک ئەکتەرێکی زۆرزان و بە زمان... ئەکتەرێکی سەرکەوتوو، تیپێکی (تەمسیل)ی دامەزراند لە ئێزگە، بۆ پێشکەشکردنی (چیرۆکی تەمسیلی) جۆراوجۆر، کە زۆربەیان خۆی دەینووسین و ڕۆلیشی وەردەگرت و هەڵدەستا بەکاری دەرهێنانی تەمسیلەکانیش.

لەو ماوەیەی ڕەفیق لە ئێزگە بووە، کە نزیکی پێنج ساڵێک لەوێ دەمێنێتەوە، پێش ئەوەی لە ئێزگە دەرچێ و بەجێی بێڵێ و بگەڕێتەوە شاری سلێمانی، لەو ماوەیەدا، وەک خۆی باسی کردووە:

نزیکی (٢٠٠ دوو سەد) چیرۆکی تەمسیلی لە ئێزگە بڵاوکردۆتەوە و زۆربەشیان تۆمار کراون و ئێستاش لە ئەرشیفی ئێزگەدا پارێزراون.

تیپەکەی ڕەحمەتی ڕەفیق چالاک، لەو ئەکتەرانەی خوارەوە، پێکهاتبوو:

١- ڕەفیق چالاک- بەڕێوەبەری تیپ و نووسەر و ئەکتەر.
٢- ئەحمەد دلاوەر - ئەندام و نووسەر
٣- نووری عەنبەر- ئەندام (ئەکتەر)
٤- ئەحمەد مەحموود- گۆرانیبێژ- ئەکتەر
٥- فایق چالاک- ئەندام- ئەکتەر
٦- عەبدوڵڵا ئەلعەززاوی- دەرهێنەر

ئەمانە و چەند ئەندامێکیش، جاروبار یارمەتیدەر بوون و هەندێ ڕۆڵی بچووکیان پێ دەسپێردرا، وەکو:

١- قادر دیلان- کلارنیت ژەن- ئەکتەر
٢- عەلی مەردان- گۆرانیبێژ- ئەکتەر
٣- تایەر تۆفیق- گۆرانیبێژ- ئەکتەر
٤- عەلی ئیبراهیم- ئەکتەر

ئەحمەد مەحموود گۆرانیبێژ و ئەندامی تیپی تەمسیلی ڕەفیق چالاک لە ئێزگەی کوردی بەغدا، لە پەنجاکانا.

ڕەفیق چالاک لە ساڵانی ١٩٥٠-١٩٥٥ بێژەر و ئەکتەری ئێزگەی کوردی لە بەغدا

ئەوەی ڕاستی بێ، من مشتومڕێکی تێرو تەسەلم لەگەڵ خۆما کرد و بیر و ڕام، خۆم لەگەڵ خۆما، ئاڵوگۆڕ کرد تا لە پاشان، ڕەفیق چالاک، وەک گۆرانیبێژ شوێنم بۆ کردەوە لەم بەشەی دووەمی کتێبەکەم (گۆرانیبێژە نەمرەکان)!

چونکە ئەم هونەرمەندە کەشکۆڵێک بوو پڕ لە هونەر. هەموو جۆرەکان و بەشەکانی هونەر! جگەلەمەش، خۆی زیاتر وەک کەسایەتییەکی سیاسی ناوی بڵاو بووبۆوە، بەڵام لە تەک ئەو هەموو کەسایەتییە هونەرییانە! بەڵێ ڕەفیق چالاک، هەموو شتێ بوو! چەند کەسێ بوو لە یەک کەس!

ڕەفیق چالاک نووسەرێکی چالاک بوو، شاعیر بوو، نووسەری چیرۆکی تەمسیلی بوو. لە وەرگێڕان (ترجمة) لەنێوان هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی فەلتەیەک بوو! ڕۆژنامەنووس بوو.

ئەکتەر بوو، دەرهێنەری شانۆیی بوو، بێژەرێکی دەنگ ساف و پاک و قوڕگ ڕەوان و بێ گەرد بوو! ئاواز دانەر بوو، گۆرانیبێژ بوو، لە مەجلیسا قسەخۆش و نوکتەباز بوو. وەڵامی لەسەر زاری بوو یا وەک عەرەب گوتەنی (حاضر البديهة) بوو!

بەکورتی: کۆمەڵێ بەهرەی ئەدەبی، ڕۆشنبیری، هونەری کۆکردبۆوە... یان (کۆبەهرەیەک بوو) واتا بلیمەتێ بوو، وێنەی کەم بوو! لەم هەموو لق و پۆپانەش هەمیشە ئەندامێکی سەرکەوتووبوو و شوێن پێ و پەنجەی لە نێوانیانا دیار بوو.

سەرباری ئەمانەش، حیزبایەتیشی دەکرد. کوردێک بوو بەدڵ و بەگیان بۆ کورد و زمانی کورد دەسووتا! لەم مەیدانە، زانابوو! زیندوو بوو! وەری قایم و هەمیشە لەسەر پێ وەستابوو و قەت چۆکی نەدا بۆ ڕەشەبای دژە حەز و یاخود ئەو ڕەشەبایانەی هەوڵیان ئەدا ڕووی وەرگێڕن و پشت لە خواست و ئامانجی پیرۆزی بکات و بە دوای (إغراء)... جا چ پارە، چ مەرکەز و مەنسەب، بکەوێ! ڕێگایەکی ڕاستی بۆ خۆی نەخشە کێشابوو... کە دەیگەیاندە ئەو

ئامانجانەی کەوا خەباتی لە پێناویانا دەکرد: مرۆڤ، ئاشتی، کورد و کوردستان.

جا فەرموو یەکێک ئەو هەموو بەهرەیەی هەبێ، ئیتر چۆن دەتوانی یەکێکیان هەڵبژێری و بیکەیتە بەهرەی سەرەکی ئەم پیاوە و بڵێی: ڕەفیق چالاک بەهرەی گۆرانی گوتنی لەوانی تر سەرکەوتووتر بوو، دەنگی خۆش بوو... بۆیە من وەک گۆرانیبێژێکی لە قەڵەم ئەدەم! کەچی، دواتر کە بە بەهرەکانیدا دێیەوە، سەیر ئەکەی بەهرەیەکی تر، زەقتر، لەبەر دەمتا قیت دەبێتەوە! ئینجا بەخۆت دەڵێی: وەڵڵاهی ڕاستە! خۆ ڕەفیق چالاک لە نواندن و تەمسیل، یا لە شیعر نووسین، یا لە ئاواز دانان، چاکتر بوو لە گۆرانی وتن!

ئەدی باسی نووسینەکانی ناو (گەلاوێژ) بۆ ناکەی؟... ئەم وتارە نایابانە... ئەم بابەتانەی یەکسەر پەیوەندن بە ژیان... بە کوردەواری!

فەرموو لە گەلاوێژی ژمارە (٩)ی ساڵی (٤)- واتا (ئەیلوولی ١٩٤٣) لە لاپەڕە (٤٦)یدا، وتارێکی بڵاوکراوەتەوە لەژێر ناوی (لە مەیخانەی ژیانا) کە لە (یافا)ی (فەلەستین)ەوە ناردوویەتی، تیایدا دەڵێ:

«مەیخانەی ژیان سێ ساقی تیایە. ئەگەر بانگت کردن، بە پەرداخ و هەڵپەڕکێوە دێن. لێو و چاویان زەردەخەنەی گاڵتەپێکردنی تیایە!

یەکەمیان منداڵێکە هەمیشە منداڵە و تەمەنی پێنج ساڵە، پێی ئەڵێن (دڵداری). دووەمیان پیاوێکە و هەمیشە پیاوە و تەمەنی چل ساڵە، پێی ئەڵێن (شەیتان). سەهەمیان! بێ عومرە- واتا تەمەنی نییە- پێی ئەڵێن (مردن). مردن پیاوماقوڵی ئەم مەیخانەیەیە- ئەو کەسەیە کە هەرگیز بیرم لێ نەکردۆتەوە کە لێی نزیک ببمەوە! لەبەر ئەوە حەزناکەم لەبەر دەمی مەیخانەکەدا بخۆمەوە! حەز لە وێنە و ڕاوەستانە ناشیرینەکەی ناکەم. حەز ناکەم ملپێچە پیسەکەی ببینم کە هەزار پینەی پێوەیە!

پێکەنینە ناشیرینەکەی کە لە کۆخەی (کۆخەی-ب) سیلاوی ئەچێ... یا دانە زەردە ڕزیوەکانی...»

ئەوەی سەرەوە نموونەی پەرەگرافێکی نووسینێکی ڕەفیق چالاکە لە گۆڤاری (گەلاوێژ)...

وتاری دیکەی زۆر بەمانا و بەلەزەت هەیە وەکو ! گوڵ و دڕک، لە ژ-٧ی ساڵی ٥ (واتا ١٩٤٤)، یەکێکی تر بەناوی (مشتێک خۆڵ)، یەکێکی تر بەناوی (ئاگر نەک بەفر)، هەروەها وتارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی بەناوی (کورد و یەکیەتی عەرەب)ی نووسیوە کە نەک هەر بۆ ئەوسا، بەڵکو بۆ ئیمڕۆش دەست ئەدا و ئەگەر بیخوێنیتەوە، وا ئەزانی هەر لەم زەمانەی ئێستا نووسراوە بۆ وەچەی ئەمڕۆ!! بەپێویستم نەزانی بڕگەیەک لە هەریەک لە وتارەکانی لەم کتێبەمدا بڵاو بکەمەوە چونکە من لایەنی هونەری و گۆرانیبێژی ڕەفیق چالاکم هەڵبژاردووە... نەک لایەنی ئەدەبی.

بەم پێیەی کە ئاماژەم بۆ کرد ڕەفیق چالاکم لە لیستەی گۆرانیبێژە نەمرەکان تۆمار کرد و ئەوەتا ژیاننامەکەی دەنووسم.

خۆزگە، خەڵکانی تریش، لایەنەکانی دیکەی ئەم پیاوە بەئەمەکە دەنووسنەوە... چونکە هەر بەهرەیەکی، کتێبێکی چاکی لەسەر دەنووسرێ! بەڕاستی خزمەتی شاری سلێمانی بەتایبەتی و زمان و ئەدەب و هونەری کوردی بەگشتی، زۆر چاک کردووە... کە ئەبێ شانازی پێوە بکەین و هەمیشە باس و



سالی ١٩٥٥- شاری سلێمانی قارەمان- بەردەرکی سەرا

ناوی بەمەردانەیی و بەخۆشەویستییەوە بهێنن. چونکە قەت خراپەی نەکردووە و دڵی کەسی لە خۆی زوێر نەکردووە و هەمیشە گوڵی مەجلیس بووە.

جگە لەو چالاکییانەی، لە بواری سیاسەت و حیزبیدا ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو و لە ساڵی ١٩٦٧ کە ڕۆژنامەی (التآخي) دەرچوو، ڕەفیقی خوالێخۆشبوو لە نووسەرە چالاکەکانی بووە.

ئینجا کە پاشکۆی التآخي، بەکوردی دەرچوو لەژێر ناونیشانی (برایی) وەک ڕۆژنامەییکی ئۆرگانی پ.د.ک، کاک ڕەفیق بەرپرسیاری بوو. لە ساڵی ١٩٧٢ بەولاوە، پاشکۆیەکە ناوی بوو بە(برایەتی) و بەکوردی هەر لە بەغدا دەرچوو، ڕەفیق چالاک سەرپەرشتی دەرچوونی دەکرد.

هەروەها لە ئیزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا، لە نێوان ساڵانی ١٩٥٠ تا ساڵی ١٩٥٥ ژمارەییکی زۆری تەمسیل نمایش کردووە لەگەڵ تیپەکەی کە ناویانمان هێنا، پێشتر! زۆربەی چیرۆکەکان، ڕەفیق خۆی دەینووسین و هەندێکیان (وەرگێڕان) بوون لە عەرەبییەوە. من هەندێک لەو ناوانەی ئەو چیرۆکانەم لە زەیندا ماوە. ئەو کاتە من بووبوومە قوتابی لە کۆلێجی (دار المعلمين العالية). جا دوای دەوام، عەسران، لە بەشی ناوخۆیی (القسم الداخلي)، بۆ ئیسراحەت دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، دەچوومە ژوورەکەمان و لەسەر چارپایەکەم لێی ڕادەکشام و ڕادیۆی کوردیم دەکردەوە و گوێم ئەدایە بەرهەمەکانی ئەو ئێزگەیە لە گۆرانی و مۆسیقا و تەمسیلەکان... بۆیە هەندێکیان ناویانم لە بیر ماون وەک: بەزۆر بوو بەدکتۆر، پارە و شەیتان، یان لە ڕێی پارەدا، خەسوو، بەنگ کێشان، گوڵی خوێناوی (وەک ئۆپەرێت- ڕەفیق چالاک گۆرانیەکەی دەگوت) ئامۆژگاری مایکرۆفۆن (ڕەفیق دەوری مایکرۆفۆنی وەردەگرت)، تەلەفۆن، ژن هێنان، حاجی قادری کۆیی،... ئەم تەمسیلانە، لە ئاخیری بیژەر دەیگوت: لە دەرهێنانی (عبدالله العزاوي)بوو. ئەم (عبدالله العزاوي)یە کابرایەکی ورگەستوور و سەرگەورە و هەمیشە سیدارەییکی ڕەشی لەسەر دەنا، وا بزانم (أصلع) بوو. هەموو چیرۆکە تەمسیلییەکانی بەشی عەرەبی هەر لە سەرەتای دەست بەبڵاوکردنەوەی ئەم بابەتە - واتا تەمسیل- کرا، ئەوا (عبدالله العزاوي)- اخراج -ی دەکردن! ئینجا کە لە بەشی کوردیش ئەم چالاکییە دەستی پێ کرد، وەک ئەوەی لەناو هونەرمەندە کوردەکان (دەرهێنەر) نەبێ، عەولایان هێنا وەک دەرهێنەر، سەرپەرشتی تەمسیلەکان بکات. لە ڕاستیدا هیچی لە دەرهێنان نەئەزانی.. نە بەعەرەبی و نەبەکوردی.. تەنها دەرهێنانێکی (تهريج- ئاسا) و بەهەرا و هۆریا: انت تگول كذا و كذا... انت تجي هنا، انت تروحين هناك و تگولين (هیچی و

هیچی) وانت (تصیح- واتا تۆ هاوار دەکەیت).. ئا لەم بابەتە کە فڕی بەسەر دەرهێنانەوە نەبوو! خۆ بۆ تەمسیلە کوردییەکان، ئەغڵەب جار ئامادەی نمایش کردنەکەش نەدەبوو، بەڵام ناوی دەخوێنرایەوە: لە دەرهێنانی عەبدوڵڵا عەززاوی- تاکو کرێی ئەو دەرهێنانەی بەنسیب بێ و مانگێ هەشت نۆ دە دیناری وەردەگرت، بەبێ ماندووبوون!

تیپی تەمسیلی ئێزگەی کوردی بەغدایە، لە ستۆدیۆی ئیزگە گیراوە لە سەرەتای پەنجاکان: لە چەپەوە: ١- کامیل کاکەمین ٢- ڕەفیق چالاک ٣-!! ٤- نووری عەنبەر ٥- !! ٦- ئەحمەد مەحموود ٧- عبدالله العزاوی (مخرج)

ئەگەر لێم بپرسن: ئایا ڕەفیق چالاک، لەگەڵ ئەو هەموو توانا و بەهرە و مەوهیبانەی هەیبوون، کامەیانی پێ خۆشتر و بەلەززەتتر دەزانی و زیاتر هەست و تەواوی (خودی خۆی) تیادا دەدۆزیەوە؟

یەکسەر، بەبێ یەک و دوو وەڵامتان ئەدەمەوە، وەک ئەوەی کاک ڕەفیق خۆی ئامادەبێ و پرسیارەکەتانی گوێ لێ بووبێ و من لەجیاتی ئەو دەڵێم: گۆرانی، مەقام، ئاواز!

هەر ئەو هەستەیە کە من هەستی پێ ئەکەم، وای لێ کردم کە (ڕەفیق چالاک) بە(گۆرانیبێژ) حیسابی بۆ بکەم و لە لیستەی (گۆرانیبێژە نەمرەکان)ی تۆمار کەم و ئەم چەند لاپەڕەی بۆ تەرخان بکەم بۆ باسی ژیانی هونەری!

ئەم هەستەشم لە خۆڕاییەوە نییە! باوەڕ بکەن، کاتێ لەگەڵ (ڕەفیق)دا لە دانیشتنێکدا و لەگەڵ برادەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە شوێنێکا یەکترمان دەگرتەوە و نۆرەی (چالاک) بوایە بۆ پێشکەشکردنی شتێک ئەوا لەسەر دەم و چاوی ڕەفیقدا، یەک پارچە کامەرانی و زەردەخەنەی خۆشی و ڕاحەتی دەروونیم دەخوێندەوە و ڕوومەتی گەش دەبۆوە و لەگەڵ سەدا و دەنگی ئامێرەکانی مۆسیقاژەنەکان هەموو گیانی... دەمارەکانی لەشی... مووچڕکی حەز و ئارەزووی گەورەی وەک تەزووی کارەبا لە تەوقی سەریەوە تا بنی پێی دادەپۆشی. ئینجا میکرۆفۆنەکەی وا جوان و بەئەسپایی دەگرت بەدەستەوە، دەتگوت دەستی کچێکی جوانی گرتووە و نەرمۆڵە نەرمۆڵە موعامەلەی لەگەڵدا دەکرد و دەمی دەنایە ناو ئامێرەکە، چۆن کیژێک، بەدزیەوە ماچ کەیت و نەهێڵی سەغڵەت بێ، ئا بەم شێوەیە بوو پێوەندی لە نێوان ڕەفیق چالاک و مایکرۆفۆن!

ئاخر، ڕەفیق چالاک، لە کۆڕی گۆرانی و ئاوازی کوردیدا، یەکێکە لە گۆرانیبێژە هونەرمەندەکانی

تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سلێمانی لە سەرەتای پەنجاکانا.

کوردستان کە خاوەنی دەیان ئاوازی نوێ و ناوازەیە. ڕێباز و شێوازێکی تایبەتی خۆی هەبوو لە چڕینی مەقامدا.

هەموو جۆرە مەقامێکی عیراقی بەگشتی و کوردیش بەتایبەتی حەز لێ دەکرد! لە گۆرانی گوتندا جۆرە سستیەک هەست پێ دەکەین.

بەڵام وەنەبێ بێ خولقی و بێ تاقەتی بێ نەخێر! خۆی ئا بەم شکلە مەقامی دەگوت، جوانی شی دەکردەوە لە زاریا، ئینجا لە قورگێکی خاوەن ژێی ڕەسەنی کوردی دەری دەهێنا! کە تۆ گوێت دەدایێ، ئەگەر شارەزای بوای، ئەتزانی ئەو چی ئەکا و بۆچ وای دەڵێ: ئەو مەقام (بەیات)ەی یەکێکی تر دەیڵێ!

دەیگوت ئەمە بەیاتی منە! هەقم لە بەیاتی تۆ و فلان و فلان نییە!

ڕەفیق چالاک دەیەها ئاوازی بەتام و خۆشی داناوە، نەک هەر بۆ خۆی... بەڵکو بۆ گۆرانیبێژانی تریش. بۆ نموونە، لە شیعری (گۆران)ی نەمر، ئاوازێکی بۆ هەڵبەستی:

یار یار شیرین لەنجە و لار

داناوە، کاتی خۆی، گۆرانیبێژی دەنگخۆش (عوسمان سابوونچی) لە ئیزگە تۆماری کردووە... ئەوپەڕی تام و چێژی ڕەسەنایەتی ئاوازێکی کوردەواری پێوە دیارە.

لەو گۆرانییە خۆشانەی خۆی بۆ خۆی داینناون و تۆماری کردوون، گۆرانی:

١- مردنە بێ تۆ ژیانم- لە نەغمەی بەیات.

٢- قژکاڵی لێو ئاڵی- تانگۆیە- ئەم گۆرانییە، ڕەحمەتی (قادر دیلان)یش باسی کردووە کە ئاوازەکەی ئی خۆیەتی- واتا ئاوازی قادر دیلانە!

٣- ئەی خاڵەی ڕێبوار!

٤- ئارامی، ئارامی، گیان

٥- گوڵی خوێناوی- تانگۆ- یەکەم جار مەحموود محەمەد لە ئیزگەی کوردی بەغدا گوتوویەتی و تۆماری کردووە.

٦- ئەی کچە چەشنی... (تانگۆ).

٧- کوێستانان خاڵ خاڵ و ئەی خاڵەی ڕێبوار..

هەروەها ڕەفیق چالاک دەیان گۆرانی فۆلکلۆری کوردی زۆر خۆشی دەزانی و لە مەجلیسی برادەر و خۆشەویستەکانی دەیگوتن، هەمیشەش دەبوایە کەمانجەی قادر دیلان و عوودی ولیەم یۆحەننا لەگەڵیا بوونایە... زۆر ئارەزووی مۆسیقای هەبوو.

زۆر موعجەب بوو بە ئاوازی (تانگۆ) کە ئاوازێکی ئەوروپاییە بۆ جۆرە سەمایەکی کوڕ و کچ.. دڵداری لە ئاهەنگان لێ ئەدرێ. جا کاک ڕەفیق هەوڵی زۆر باشی داوە و چەندین ئاوازی تانگۆی سەرکەوتووانە بۆ مۆسیقای کوردی داناوە.

ئەمانە و زۆری تر، وەک کەلەپوورێکی هونەریی نوێی ئاوازی کوردی ڕژانە ناو گەنجینەی گۆرانی ڕەسەنی کوردییەوە، کە لە بەرهەمی هونەری ئەو هونەرمەندەیە.

خۆ لە سروودی نیشتمانی و گۆرانی بۆنەی میللی، وەک نەورۆز و موناسەباتی خۆشی میللەتی کورد، درێغی نەکردووە لە ئامادەکردن و ئاواز دانان بۆ ژمارەیێکی بەرچاو لەم سروود و گۆرانیانە.

یەک دوو نموونەم لە یادە: سروودی (دەمی ڕاپەڕینە)، سروودی (تا دەست لە مل هیوا نەکەم...)، (کوردستان... کوردستان، نیشتمانی جوان)، گۆرانی (ئامۆزا گیان)... تاد.

دەنگخۆشی لە خواوەیە! بەهرەیەکە کە خودا دەیدا بەعەبدی خۆی! ئەمە وتەیەکی جوانی خوالێخۆشبوو، مامۆستا نەجمەددین مەلای ئەدیب و ڕۆژنامەنووس و هونەردۆست بوو، دەنگی خۆشی لەلا وەک ئەڵماس گرانبەها بوو. هەڵبەتە ئەو دەنگەی (دەنگ) نەبوایە حەزی لێ نەئەکرد و بەئاشکرا، ڕووبەڕوو پێی دەگوت... دە لاچۆ... ئەو دەنگە چییە؟... بەڵام دەنگی ڕەفیق چالاکی لا خۆش بوو. لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ژمارە (١٦٧١) بەناوی (ڕەفیق چالاک)ەوە دەست پێ دەکات! هەروەها ناوی ڕەشۆڵ و مەلا کەریم و یەک دووانێکی تری هێناوە.

یەکێک لەو یادانەی قەت لەبیرم ناچن و زوو زوو ئەو سات و وەختە دێتە پێش چاوم، ڕۆژێکی پایزی درەنگی ساڵی ١٩٦١بوو. من تازە ساڵێک تەواو نەبوو گواستراباوومەوە بۆ هەولێر، لە کۆیەوە! شەوێکیان، لەگەڵ یەک دوو برادەر، لە یانەی مامۆستایان، لە ژووڕێکی بچووک، لەسەر مێزێک دانیشتبووین (کۆنکان)م دەکرد و وردە وردەش دەمانخواردەوە، من زۆر کەم دەچمە یانە و یان چایخانە و شوێنی گشتی ئاوا! هەروەها یاری کۆنکانیش هیچی لێ نازانم جگە لە ڕیزکردنی وەرەقەکان... بەهەزار حاڵ، لە سەد جار، جارێ کۆنکانم دەکرد!

ئەو شەوە کە ئاوا خەریکی ئەم ڕابواردنە (چرووکە) بووم، لەپڕ وتیان یەکێک لەبەر دەرگا، تۆی دەوێ. چوومە دەرەوە، سەیرم کرد ئەوە کاک هورمزە، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ! ئەم کۆڕە ناوی (هورمز ئەسکەندەر) بوو... لە کۆیە باوکم و باوکی پۆلیس بوون و مامۆستا جیرانی یەک بووین، وەک یەک ماڵ بووین. لە قوتابخانەش، لە سەرەتایی پێکەوە بووین.

من یەک دوو پۆل لە پێش ئەو بووم. یەکترمان زۆر خۆش دەویست.

ئەسکەندەری باوکی (بەڕەحمەت بێ) هەر ئەو کۆڕە تاقانەیەی هەبوو.

هورمز قوتابخانەی سەرەتاییشی تەواو نەکرد. زەوقی لەگەڵ (مەکتەب) نەدەگونجا. باوکی کامیرایەکی (سندووق)ی بۆ کڕی، هورمز لە بەیانییەوە لەسەر جادە، لەبەردەم سەرا کۆنەکە دەوەستا، ڕەسمی موعامەلاتی بۆ ئەو کورد و کرمانجە دەگرت کە بۆ تەجنید و کڕین و فرۆشتنی زەوی و مووڵک... تاد، بەکاریان دەهێنا. ئێواران، ئەگەر دنیا سارد نەبوایە و باران نەبوایە، دەهاتە مااڵوەمان، زەرفێکی پڕ دەکرد لە میوە و عەرەق و چەرەز و یەک دوو شیش کەباب لەگەڵ نان لە کیسەیەکا دەپێچان و دەهاتە لام. ئیتر دەچووینە دەرەوە، زۆربەی زۆریش بۆ سەر ئەو جۆگە ئاوە سیحراوییەی، لە پشت قشلەوە بوو، لە خوار تەلانەکە، کە ئاوێکی سافی پێدا دەهات لە لای حەمامۆکەوە بەدیوی (زرێبار)دا و بێ ئەوەی هیچ ماڵ یا خانوو یا خەڵکی لەسەر ئاوەکە بن یا بەکاری بێنن، هەر ئاوا پاک و خاوێن دەڕژایە ئەو کەندە. ئیتر لەوێ شاخ هەبوون، پان و بەرین و پاک، لێمان دەخست و دەمانخواردەوە و ناوە ناوەش جگەرەیەکیشمان دەکێشا لە نەوعی (یەنیجە)ی تورکی. ئێوارە درەنگ دەگەڕاینەوە ماڵەوە!

وێنەی هورمز و من لەسەر جۆگە ئاوێک لە حەمامۆک ١٩٥٥

گوتم ئەو شەوە هورمز هاتە لام لە یانەی مامۆستایانی هەولێر، کە لە تەنیشت سینەمای (سەلاحەدین)بوو. وتی: (فیلیپ)ی براتیان گرتووە لە سلێمانی و دەبێ بەخێرایی چارەیەکی بکەیت تاکو تۆمەتێکی گەورەیان نەداوەتە پاڵ. وتی من وا لە سلێمانییەوە دێم پێت بڵێم! وتم مواجەهەتان نەکرد؟ نەیگوت بۆ گیراوە؟ هورمز وتی: بەڵێ، پێیان گوتووە: تۆ عەمەلەکانی کارگەی چیمەنتۆ هان ئەدەی، بچن بۆ بەپێشمەرگە و چەک هەڵگرن! من پێکەنیم! وتم: تۆ دەڵێی فریای کەوە تاکو تۆمەتێکی گەورەیان نەداوەتە پاڵییەوە! ئێ باشە لەمە گەورەتر چیت دەوێ؟ بڵێن تۆ ویستووتە (عبدالکریم قاسم) بکوژیت؟

ئیتر بانگم کردە ژوورەوە و گوتم وەرە دانیشە. ئێستا بەم شەوە درەنگە هیچمان پێ ناکرێ. لە گەڵما دانیشە و شتێ بخۆ، ماندوویت! بۆ بەیانی (خوا یەکە و دەرکە هەزار...) دوای نانخواردن چووینە مااڵوەمان لە هەولێر، لە نزیکی (چایخانەی عەنتەری)ی ئەوسا، خانوێکمان بەکرێ گرتبوو.

ئەوشەوە پێکەوە ماینەوە... بۆ بەیانی قاوڵتیمان کرد و گوتم یاڵڵا هورمز با بچینە بەغدا، لێرە کەسم نییە، شک بەرم، ئیشێکی گەورەم بۆ بکات!

ئەو ساڵە تازە ترومبیلێکی (فۆلکس واگن)ی ڕەشم کڕیبوو لە جۆری کە پێیان دەگوت (قالۆچە)- زۆر پێوەی خەنی بووبووم و لەگەڵ منااڵەکانا خۆشمان ڕائەبوارد. تەنانەت لە هاوینا پێی چووینە سلێمانی-

مالّی فیلیپی برام کە لە سەرچنار- لە کارگەی چیمەنتۆ (ملاحظ) بوو خانوویەکی دوو نهۆمی خۆشیشیان دابووین هەر لە سەرچنار، لەسەر گردەکەی نزیک کارگەکە و دەینواڕییە ئاوە حەیاتەکە و ڕووبارەکەی سەرچنار!

بەیانییەکە... من و هورمزی برادەرم سوار بووین و بەرەو کەرکووک لێم خوڕی. لە کەرکووکەوە بۆ بەغدا هێشتا ڕێگای قیڕ و ڕێک و پاک نەبوو. ڕێگاکە لە تازە خورماتوو ئیتر دیار نەبوو. دەبوایە مل لێنێی و شارەزابیت ئەگینا لێت دەشێوا و ڕێگاکەت نە ئەدۆزیەوە. بۆیە زۆربەی موسافیرەکان لە کەرکووکەوە، بەرەو ڕۆژئاوا، تا نزیک کەیوان دەچووین ئینجا لەوێوە یەکسەر بەگۆشەیەکی (قائمە) ڕوومان دەگۆڕی بەرەو باشوور... بەڕێگای حەویجە تا دەگەیشتینە سەر زێبی (دیجلە) نزیک (فتحە). لەوێ خەڵک و سەیارەکان دەچوونە سەر قەیاغێک، پێیان دەگوت (دوبە) و بەم دوبەیە دەپەڕینەوە ئەو بەر زێبەکە. ئینجا دیسان بەترومبیلی خۆم بەرەو بێجی و بەلەد و سامەڕا... تا بەغدا.

ئێوارە، لە بەغدا سەرێکم دا لە ئێزگەی ڕادیۆ- من بەو هیوایە بووم بچمە لای بەڕێز (زەعیم وەحید بامەرنی) کە بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی بوو و برادەرێکی زۆر ئازیزم بوو و زۆر ڕێزی دەگرتم و خۆشی دەویستم. هەر لە سالانی پەنجاکانا، کە هێشتا مالّی ئێمە و ئەوانیش لە کەرکووک بووین، بەخێزانەوە دەهاتنەلامان شەوان تا درەنگ بەخواردن و عوود و گۆرانی ڕامان دەبوارد.

ترومبێلە (قالۆچە)کەم- سالّی ۱۹۶۱ هەولێر

من گوتم: ڕەنگە کاک وەحید شتێکی بەدەست بێ و بتوانی یارمەتیم بدات. کە چووینە ئێزگە، کاک هورمزیشم لەگەڵدا بوو (خوا لێی خۆشبێت)، بینیم وا کاک ڕەسوول گەردیش (هەزار ڕەحمەتی لێ بێ) لای زەعیم وەحید دانیشتووە. کە موفاتەحەی بەڕێز وەحیدم کرد لە دەم و چاوییەوە و لەو زەردەخەنە ساردەی لەسەر لێوانیم بینی، بەخۆمم وت: نەخێر! قسەکەم هەوا و هەوا ڕۆییە! ئەو سێبەرەی لێی دەگەڕێم، لای وەحید نییە!

ئەمە بوو ڕەحمەتی کاک ڕەسوول وتی: هەڵسە لەگەڵم بابڕۆین. من دەتبەمە شوێنێک... ئینشائەڵلا شتێکت بۆ دەکەن. دوعاخوازیمان لە زەعیم وەحید کرد و دنیا شەو بوو، بە سێ قۆڵی: من و هورمز بەدووی کاک ڕەسوول کەوتین و لە بینایەی ئێزگە چووینە دەرەوە- هەر بەپیاسە، بەسەر شەقامەکەی بەردەم ئێزگە، بەلای ڕاست شۆڕ بووینەوە، لەسەرەخۆ، کەمێک ڕۆیشتین، ئینجا لەبەردەم دەرگای

خانوێکی جوان و ڕێک و پاک وەستاین و کاک ڕەسوول زەنگی دەرگای لێدا و یەکێک دەرگای کردەوە و بەکوردی بەخێرهاتنی مام ڕەسوولی کرد. ئەویش منی پێ ناساند: ئەمە کاک باکورییە... بەخێرهاتنێکی گەرمی کردین... کاک ڕەسوول پرسی: ئەدی کاک کەمال لە مالّە؟

ئەو گوتی: فەرموون وەرنە ژوورەوە... ئێستا دەگەڕێتەوە پێش دەمێک سەرۆک عەبدولکەریم تەلیفۆنی بۆ کرد و داوای کرد. ئەویش چووە لای. بەڵام تەئخیر نابێ!

چووینە ژووری میوانێکی گەورەی نەخشاوە... عەرد و دیوار هەمووی مافووری هەزار ڕەنگی کاشان... دیمەنی جوان ژوورەکەی ڕازاندبۆوە... لەو سەرەوە وێنەیەکی گەورەی سەرۆکی وەزیران: زەعیم عەبدولکەریم قاسم، لەسەر دیوارەکە هەڵواسرابوو... بەکامیلی بەژن و بالا و نیشان و جلە عەسکەرییە ئووتی لێدراوەکە... دەتگوت وا خۆیەتی لەوێ وەستاوە.

ئێمە دانیشتین و هەندێ قسەمان کرد و باسی هەولێریان لە کاک ڕەسوول پرسی... و چایەمان بۆ هات و ئافرەتێکیش هات چاک و خۆشی لەگەڵ کاک ڕەسوول کرد... لەو سەین و بەینەدا بووین کاک کەمال... کەمال عوسمان هاتە ژوورەوە... ئیتر بەخێرهاتنی کردین و بەخێرهاتنمان کرد. کاک کمال (بەڕەحمەت بێ) منیشی دەناسی. چونکە چەند جارێ کە دەهاتە هەولێر، بەشەو لە مالّی یەکێک لە برادەرە هەرە خۆشەویستەکان، ڕەحمەتی (حاجی حەمە شەریف) میوان دەبووین و ئیتر عوودم دەهێنا و تایەر تۆفیق و جامیلە و ڕەسوول و جەمال عەبدۆک... هەموو دەمانکردە ئاهەنگێکی زۆر خۆش. لە میوانەکانی کە ئامادە دەبوون، جاروبار حەمە ڕەشید و حەمەدەمین. عەبۆ ئاغا و دکتۆر ڕەئووف دیشچی... و هەندێ شەویش لە مالّی ئەم دکتۆر ڕەئووفە بەزمەکە ساز دەکرا و دوای نیوە شەو، زەنگینەکان دەستیان دەکرد بەقومارکردن!

کەواتە لە مالّی کاک کەمال عوسمانی خوالێخۆشبوو، ئەوشەوە لێی پرسیم موشکیلەکەم چییە و من بۆم ڕوون کردەوە. وتی کاغەزێکت دەدەمێ بۆ فلان ئەفسەر- ناوەکەیم لەیاد نەماوە- بەڵام لە سلێمانی (كل في الكل) بوو. نازانم ئامیر (موقع) بوو یا گەورەتر ئینجا میز ڕازاندرایەوە و خواردنەوەی جۆراوجۆر هات و تا درەنگ ماینەوە... کاغەزەکەی بۆ نووسیم و قەپاتی کرد. مام ڕەسوول هەر لە مالّیان مایەوە. من و هورمز چووینە مالّی خزمانمان شەو ماینەوە لە بەغدا، بۆ بەیانی دیسان بەسەیارەکەم بەهەمان ڕێگای بێجی و کەیوان و کەرکووک و ئینجا بەرەو سلێمانی بەڕێ کەوتین. نیوەڕۆمان لە مالّی کاک ولیەم یوحەننا خوارد.

حەکایەتەکەم بۆ گێڕایەوە- وتی بەڵێ ئەم کابرایە شتی بەدەستە و خۆی لێپرسراوی عەسکەرییە لە سلێمانی. باشە. چۆن ئەم کاغەزەی بدەینێ؟

تا ئێرە تەسەلسولی ڕووداوەکانم لەبیرە. بەڵام لێرەوە بیرەوەرییەکەم! دەپسێ! چەندی بیر دەکەمەوە نەمزانی چۆن کاغەزەکەی (کەمال عوسمان)مان گەیاندە ئەو مەسئوولە. ئینجا یەکسەر خۆم دەدۆزمەوە ئەو شەوە لەگەڵ ئەو پیاوە بەسام و بەکارەی زۆری لێ دەترسام! بەڵام ئەوەتا ئەو شەوە ئێمە دەعوەتی ئەو مرۆڤە عەسکەرییە بووین!

جا ئێمە کێ و کێ بووین؟ ئێمە ئەو کەسانەی خوارەوە بووین:

١- من باکوری (برای فیلیپ)ی خاوەن قەزیەکە!

٢- هورمز ئەسکەندەری برادەرم کە لەو دوو ڕۆژەدا لە هەولێر بۆ بەغدا بۆ کەرکووک بۆ سلێمانی، هەر لەگەڵما بوو.

٣- ئەم شەخسە زۆر گرنگە: هونەرمەندی گۆرانیبێژ ڕەفیق چالاک!!

٤- هونەرمەندی گەل، گۆرانیبێژ تایەر تۆفیق

٥- هونەرمەند قادر دیلان

٦- هونەرمەند ولیەم یۆحەننا

٧- ئەفسەرە لێپرسراوەکە- خاوەن دەعوەتەکە.

هەموومان لەو خانووەدا دانیشتبووین کە لەناو دارستانەکەی (سەرچنار) دروست کرابوو- خانوویێکی سیاحی خۆش بوو- بەو شەوە سارد و خۆشە ئێمە کردبوومانە ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا هەروا بەشێوەیەکی هاکەزایی(عفوي) بێ خۆ ئامادەکردن لەو چۆلستانە! چونکە جارێ کازینۆ و ئووتێل لە سەرچنار پەیدا نەبووبوون و دروست نەکرابوون! دوو سێ عەسکەر خزمەتیان دەکرد. ئەوەی پێویست بوایە، زوو ئامادەیان دەکرد! ئاو، بەفر، مەشروب، مەزە، تکە.. خواردن... ئینجا چای... تاد.

بەڵێ تا درەنگ ئەو شەوە هەموومان مەست بووبووین و هیچم لە مێشکدا نەبوو... مێشکم بەتاڵ بوو! نەمزانی ئێمە چۆن لێرە کۆ بووینەوە... چۆن هاتین... کابرای خاوەن دەعوەت ئەوەندە بەکەیف بوو: جارێک لە ڕەفیق چالاک داوای مەقامێکی عەرەبی عیراقی دەکرد... ئینجا ڕووی لە خاڵە تایەر دەکرد مەقامێکی کوردی لێ داوا دەکرد... من یەک دوو گۆرانی (فرید الاطرش و عبدالوهاب)م گوت! هەموویانی پێ خۆش بوو! زۆر زۆر خۆش ڕایبوارد و تا هەڵساین، ڕووی لەگەڵمانا زۆر خۆش بوو!



(فیلیپ)ی برام لەناو کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار- سلێمانی، لە سالی ١٩٥٧ گیراوە کاتێ کە (ملاحظ) بوو لەو کارگەیە.

کاتێ دەهاتینە دەرەوە، لەبەر دەرگا، لەیادم نییە ئایا بەکاک ڕەفیقم گوت یان بە کاک قادر دیلان، کە لێی بپرسن:

ئەرێ من چ بکەم؟ وەڵامی ئەو کاغەزەی لە بەغداوە هێنام چی بوو؟

بەڵێ: ئەوانیش، هەر لەبەر دەرگا و پێش خواحافیزی، لێیان پرسی: باکوری کێوە بچێت؟ چی بکات؟

کابرا سەیری کردم و بە دوو چاوی ڕاستگۆیی و (جدی) بەعەرەبی، بەمن و هورمزی گوت:

- خلاص. روحو. انا مسوي اللازم! فيما نلا!

کاک ڕەفیق بوو لەگەڵ قادر و تایەر وتیان: تۆ بڕۆڕەوە! هەقت نەبێ! ئەو ئەوەی پێویست بێ کردوویەتی.

بەم جۆرە ئەو شەوە مەقام و دەنگە بەسۆزەکەی ڕەفیق چالاک و تایەر تۆفیق، ئەو موشکیلەیان بۆ من خستە سەر ڕێگایەکی ڕاست و، ئەزیەت بەبراکەم نەگەیشت!!

جا لێرەدا، با بەو هونەرمەندەتان بناسێنم: ڕەفیق چالاک، کێ بوو؟

بەگوێرەی زانیارییەکانی ناو دەفتەر نفووسەکەی، ژمارە: ٤٢٥٦٨ کە لە میژووی ١٩٦٢/٩/١٢ بۆی ڕێک خراوە لە سلێمانی:

ناو و نازناوی: ڕەفیق چالاک.

ناوی باوکی و باپیری: تۆفیق مەحموود

ناوی دایکی و باپیری: ڕەعنا ئەحمەد

بەگوێرەی هەندێ نووسین، لە ساڵی ١٩٢٥ لە دایک بووە.

ڕەفیق چالاک لە ساڵی ١٩٢٣ ز لە خێزانێکی هەژاری دانیشتووی سلێمانی، هاتووەتە دنیاوە. نازناوی چالاک، هەر لە زووەکەوە، لە قوتابخانە، بەسەربدا دابڕاوە و چەسپاوە گوایا چونکە زۆر چوست و چالاک بووە. «حەسەن زیرەک- نموونەیەکی تری ئەم جۆرە ناوانەیە- واتا (زیرەک) بەسەربدا چەسپاوە، لەبەر زیرەکی خۆی!»



ڕەمزی قەزاز، گۆران، ڕەفیق چالاک

دەشڵێن باوکی ڕەفیق، واتا تۆفیق مەحموود، پۆلیس بووە!

پێم سەیر نییە کە زۆر لە هونەرمەندانی دەنگخۆش یا شانۆ، کوڕە پۆلیس بووین! چەند نموونەیەک لەبەر دەستمدان، یەکیان هەر خۆمم: من (باکوری) باوکم پۆلیسی سواره بوو لە کۆیە، لە ساڵی ١٩٢٧ەوە تا ساڵی ١٩٥٠.

کاک ولیەم یوحەننا- باوکی پۆلیس بوو (سەیری کتێبی شاری سلێمانی، بەرگی دووەم- لاپەڕە ٤٦٧ بکە- نووسینی ئەکرەم مەحموود) ڕەفیق چالاک- باوکی پۆلیس بووە لە سلێمانی (سەیری کتێبی: هونەری دراماى ڕادیۆیی کوردی بکە- نووسینی کەمال ڕەئووف) جەلال بایاری ئەکتەری هەولێری-

باوکی پۆلیس بووە. ڕەسوول گەردی- خۆی پۆلیسی سواڕە بووە لە کۆیە و هەولێر.

ڕەفیق چالاک، خوێندنی سەرەتایی، بەشێکی لە سلێمانی و بەشێکی لە شاری کۆیەدا تەواو کردووە، قوتابخانەی ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و چووەتە (دار المعلمین) لە بەغدا و لە سالّی ١٩٤١دا دەرچووە بەمامۆستای سەرەتایی و لە قوتابخانەکانی سلێمانی دامەزراوە: لە مەلّکەندی، خالدیە، کانی ئاسکان.

لە سالّی ١٩٤٢ لەگەلّ دوو هاوڕێی تری خۆی: شاعیر عەبدولّلا گۆران و ڕەمزی قەزاز، لەسەر حیسابی حکوومەتی بەریتانیا، دەنێردرێنە (فەلەستین) بۆ بەڕێوەبردنی ڕادیۆی کوردستان کە لەوێ دامەزراوە، لە شاری (یافا). لە سالّی ١٩٤٥ دەگەڕێتەوە بەغدا و لە بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا دەبێت بە بێژەر (مذیع) بۆ جاری یەکەم. بەلاّم لەوێ دەردەکرێ و دەگەڕێتەوە سلێمانی و بەمامۆستا لە (سورداش) تەعین دەبێ.

لە سالّی ١٩٤٧ لە سەر سیاسەت، فەسل دەکرێ لە مامۆستایەتی. ماوەیەکیش، لە سالّی ١٩٤٩دا دەگیرێ! لە ١٩٥٠ بەڕەلّا دەکرێ.

ئینجا، بۆ جاری دووەم، دیسان وەک موزیع لە ڕادیۆی کوردی، لە بەغدا، دادەمەزرێ.

لێرەدا دەمێنێتەوە تا سالّی ١٩٥٥ و ژمارەیێکی زۆر چیرۆکی تەمسیلی دەنووسێ و دەردەهێنێ لەگەلّ تیپە تەمسیلیەکەی کە بەناوی خۆی بوو، هەر وەک پێشووتر باسم کرد ڕەفیق چالاک هەر لە گەنجایەتی و لە زووەوە کاری سەر شانۆی خۆش دەویست. بۆ نموونە، لە سالّی ١٩٤٦دا دوای گەڕانەوەی ڕەفیق لە فەلەستینەوە و بوو بەمامۆستا لە سلێمانی، لەو سالّەدا، لە قوتابخانەی (گۆیژەی سەرەتایی کوڕان)، لە ئامادەکردن و دەرهێنانی (ڕەفیق چالاک)، چیرۆکی (لە ڕێی نیشتمانا) پێشکەش کرا. سوودەکەشی بۆ لێقەوماوانی بوومەلەرزەکە (زلزال)ی پێنجوین سەرف کرا کە ئەو سالّە ڕووی دا بووە هۆی مالّوێرانی گەلێک لە دانیشتوانی پێنجوین.

ئەو ئەفسەرەی لە لای ڕاستی کچەکە دانیشتووە (ڕەفیق چالاک)ە لە تەمسیلی (لەڕێی نیشتمان) سالّی ١٩٤٦لە دەرهێنانی (ڕەفیق چالاک) لە سلێمانی، نمایش کرا

نەک هەر ئەمە، لە زۆر بۆنە و موناسەباتی ئاوا، بۆ سوودی گشتی، ڕەفیق چالاک خێرا تەمسیلێکی ئامادە کردووە و پارەی بۆ لیقەوماوان کۆکردۆتەوە- لە بیرم ناچێ، سالّی ١٩٥٧، بە تەسادوف لە سلێمانی بووم، ڕەفیق چالاک، بۆ سوودی لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی، چیرۆکی (پیسکەی تەڕپیر)ی مولییێر بەدەسکارییەوە وەری گێڕا و لە

لایەن کۆمەلّی (هونەرە جوانەکان)، لە دەرهێنانی ڕەفیق بەخۆی، پێشکەش کرا و هەر خۆشی دەوری (بەخیل)ەکەی دەبینی!

لە سالّی ١٩٦٣ لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عیراق- لە چیا، کە سەر بەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوو، لەوێ بێژەر بووە. لە سالّی ١٩٧٠ دوای بەیانی (١١) مارت - ئادار گەڕایەوە سەر وەزیفە و بوو بە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندن لە وەزارەتی (شؤون الشمال)..

ڕەفیق چالاکی هونەرمەند لە ١٩٧٣/١١/٣٠ بەنەخۆشی وەستانی دلّ کۆچی دوایی کرد و تەرمەکەیان لە بەغداوە هێنایەوە بۆ سلێمانی و لە گردی سەیوان، بەخاکی باب و باپیرانی سپێردرا.

هەزار سلاّو لە گیانی پاکی بێت.

بەلاّم ڕەفیق چالاک لە لای خۆشەویستەکانی لە ئەدیب و هونەرمەندان هەر بە دەنگ و بەڕەنگ لەگەلّمانایە و نەمردووە!

هەر کاتێک لە مالّەوە دانیشم بە تەنیا و کاسێتەکانی لەسەر ئامێری دەنگ دابنێم، وا ئەزانم ئەوەتا خۆم و خۆی دانیشتووین و عوودی بۆ لێ ئەدەم و ئەویش گۆرانیم بۆ دەلّێ:

خۆزگەم بەو ڕۆژانە... بەو زەمانە... ئەی هونەرمەندانی دلّسۆز و پەنجە ڕەنگین و قورگ زێڕین... چەند خۆشبوون ئەو سەیرانانە... یا ئەو شەوانەی لە مالّە برادەران یەکترمان دەبینی و کۆ دەبووینەوە هەریەکە هەولّی ئەدا مەجلیسەکە بەجۆرێ خۆش کات!

ئەوەی بەئامێری مۆسیقا، ئەوەی بەشیعر خوێندنەوە.. ئەوەی بەدەم گۆرانی گوتن، ئەی هونەرمەندانی ڕاستەقینە، حەیف ئێوە کوردستانتان ئاوا چۆڵ کرد... هەموتان چوون! ئەی هاوار.. بۆ کوێ چوون! بۆچی هەموتان لە دەورەمان نەمان!؟ ئەی قادر دیلان و حەمە سالّح دیلان... ئەی بەهجەت ڕەشید و شەوکەت ڕەشید... ئەی ڕەفیق چالاک و ڕەشۆڵ و عوسمان سابوونچی... ئەی حەسەنی جزیری... محەمەد عارفی جزیری... مریەم خان... فەوزیە محەمەدی جوان... شەمالّی شەیدا و ئاشقی فەوزیە خان... ئەی نەسرین شێروانی کۆکەرەوەی گەنجان و هونەرمەندان لە مالّەکەی خۆی... خۆت کە چووی؟ نەتگوت ئێمە بچینە کوێ ئێستر؟... ئەی خالّە تایەر و سێوە و مشکۆ و حەیدەر...

ئەی فایق بەزاز و جەمیل قاپقاپچی... کووچە و کۆڵانەکانی هەولێرتان بۆچی وا چۆل کرد؟ ئەدی ئەمن عوود بۆ کێ لێدەدم ئێستر؟... ئەی خالّە ڕەسوول گیان... وەی قوربانی دەم و حەیرانت بم... ئەی ئەحمەد خەلیلی دەنگخۆشی قورگ کوردی... کێ ئێستر گۆرانیمان بۆ بلّی بۆ ئاشتی و (عيد المحبة والتآخي) کێ وەک تۆ ئەزانێ بلّێ (هەر بژی کورد و عەرەب)... بەخوا جگە لە خۆت و شێوە شیرینەکەی خۆت کە وات دەگوت... لەسەر هیچ زارێک و زمانێکی تر (هەر بژی...) ئەو تامە و ئەو بۆنەی نییە!

کاک ڕەفیق چالاک شەوێک... سالّێک پێش کۆچی دوایی... بەو پەڕی خۆشی و بەختیاری و هەست بەکامەرانی کردن... لە شەوێکی سالّی ١٩٧٢ لە دانیشتنێکی خۆش لە مالّی هونەر دۆست و پیاوی مەرد (حەسیب سالّح قەرەداغی) دانیشتبوو لەگەلّ ژمارەیێکی زۆر لە برادەرانی، وەک ئەوەی ئەو هەستی کردبێ کە چیتر ئەوانە نابینێتەوە، ناوی هەموویان دەهێنێ کە لەو مالّە کۆبوونەتەوە، کاسێتەکەم

له لایه‌ک ڕەفیق چالاک لەو دانیشتنه چەند شتی خۆشی گوتووه و براده‌ری خۆشه‌ویستی کاک شەماڵ سائیب عوودی بۆ لێداوه:

له سەره‌تای کاسێته‌که، کاک ڕەفیق دەڵێ:

«- ١٩٧٢ له ماڵی برای خۆشه‌ویستمان کاک حەسیب سالح دانیشتووین، دکتۆر ئیبراهیم تەها، د. قەره‌نی دوغره‌مه‌چی، لەگەڵ د. عەبدولسەلام و هەروەها برای خۆشه‌ویست و هونەرمەند کاک شەماڵ سائیب، برایانی خۆشه‌ویست: کاک محەمەد جەزا، کاک بەهائەدین، کاک کەمال، کاک سەردار، ئامادەی ئەم دانیشتنەن. لەم شەوه خۆشەدا لەگەڵ برای هونەرمەند کاک شەماڵ سائیب ئەم گۆرانیەمان (تسجیل)کرد. دوێنێ و ئەمڕۆ- کە شیعری برای خۆشەویست و ئەدیب و نووسەری هەڵکەوتوو (محەمەدی مەلا کەریم)ە.



شاعیری هونەرمەند حەمە سالح دیلان

ئینجا دوای ئەم قسانە، کاک شەمال بە عوودە نازدارەکەی و (عەزف)ە پڕ هەستی هونەری لە کانگای دڵیەوە، دەست دەکات بەژەنینی مۆسیقایەک لە مەقامی (ڕاست)ەوە. کەمێکیش لاسای عوودی (فرید الاطرش)ی تیادا بەدی دەکرێ. ئینجا دوای ئەم مۆسیقایە بەلەزەتە، هونەرمەند ڕەفیق چالاک، بەوشەی (گیان)ێکی بەرز و نەفەسێکی درێژ گۆرانییەکە دەست پێ دەکات:

شەماڵ سائیب لە تافی لاویدا

گیانە دوێنێ سەرم لە... هەورە بوو
چاوم لە میژووی ڕابردوو و داهاتوو بوو
پەنجەی هیوام چاوی ناشیاوی دەر... تاد.

هەر لەو دانیشتنەدا گۆرانی (گوڵی لاولاو)ی گوت... ئینجا شیعرە بەتامەکەی (شیرینەکەم سبەی ئەڕۆم) و تانگۆی (قژکاڵی لێو ئاڵی) و بەستەی فۆلکلوری وەک لیمۆ هەی لێمۆ... و زۆر شتی خۆشتر... کە هەر شایستەی ئەوەیە مرۆڤ لەبەر مسەجلەکە دانیشێ و چ نەکات، بەس گوێ بگری لەم داهێنانە!

لەم ئیبداعە: لەم ئەفڕاندنە لە ئاواز و مۆسیقای گۆرانی ڕەسەنی کوردی!!

ڕەفیق چالاک، لەگەڵ ئەو هەموو ناخۆشییەی کە لە ژیانیا تووشی دەهات و لە وەزیفە دەردەکرا... و دیسان دادەمەزراوە و دیسان فەسل دەکرا... لەسەر سیاسەت یا حزبایەتی یا نووسینی بابەتی (حساس) بەنیسبەت ئەو زەمانەی خۆی، بەڵام ڕەفیق زوو ناخۆشی لەبیر دەچۆوە و لەگەڵ یەک دوو هاوڕێی دڵسۆز

ئاکتەر(ڕەئووف یەحیا)

دانیشتبایە، هەموو خراپە و ناخۆشی لە دڵی دەردەچوون و بەڕووێکی خۆش و بەپێکەنین و نوکتە دانیشتنەکەی دەڕازاندەوە! لە ساڵی ١٩٥١ کە ژیانی کەمێک ئاسوودە بوو... ژنی هێنا لە سلێمانی و ماوەیەک بەختیار بوو لەگەڵ هاوسەرەکەی و بەتایبەتیش کە منداڵیان بوو... یەک لە دوای یەک، تا ٧ حەوت کچ و کوڕ...

یەکێک لە چالاکییە هونەرییە بەرزەکانی، هەوڵدانی دامەزراندنی (کۆمەڵی هونەرە جوانەکان) لە سلێمانی بوو، کە هەوڵەکەش سەرکەوت و سەری گرت و خۆی و هەڤاڵەکانی مۆڵەتی (ڕەسمی)یان وەرگرت، لە ڕۆژی ١٩٥٧/٦/١٩ بەڕەسمی ئیعلان کرا. لەپاش کەمتر لە ٢٠ ڕۆژ، واتا لە ١٩٥٧/٧/٥ هەڵبژاردن کرا و لیژنەکان دانران، بەم جۆرە بوون:

أ- لیژنەی تەمسیل- ئەندامەکانی ئەمانە بوون:
١- ڕەفیق چالاک
٢- ڕەئووف یەحیا
٣- نووری وەشتی
٤- تەها خەلیل
٥- نامیق محی الدین.

ب- لیژنەی گۆرانی و مۆسیقا- ئەندامەکانی ئەمانە بوون:
١- ولیەم یوحەننا
٢- بەهجەت ڕەشید
٣- نەجات عەبدە

جـ- لیژنەی شێوەکاری: ئەندامەکانی ئەمانە بوون:
١- خالید سەعید
٢- جەمال بەختیار
٣- ئازاد شەوقی

د- هەیئەتی ئیدارەش لەوانەی خوارەوە پێک هات:
١- ڕەفیق چالاک - سەرۆکی کۆمەڵە
٢- ولیەم یۆحەننا - نائیبی سەرۆک

٣- ڕەئووف یەحیا - سکرتێر

٤- نووری وەشتی - ژمێریار

٥- بەهجەت ڕەشید - ئەمینداری سندووق

***

٤- حەیدەر بەقاڵ هەولێری

حەیدەر و باکووری لە ڕۆژی جیهانی مۆسیقا لە هەولێر ١٩٧٦

سەبارەت بەناوی ئەم هونەرمەندە، ڕاستییەکەی بەم ناوەی سەرەوە نەناسرابوو- ئەو ناوەی پێی ناسرابوو (حەیدەرە کەچەڵ) بوو... وە بەڕاستیش (کەچەڵ) بوو و ئەوەی گرنگیشە خۆی، خۆی بەو ناوەی بەخەڵک دەناساند! واتا، بۆ نموونە، ئەو ڕۆژەی کە من بۆ یەکەم جار حەیدەرم بینی و لە ماڵی خوالێخۆشبوو، دکتۆر ڕەئووف دیشچی، لە ساڵی ١٩٦١ خاڵە تایەر تۆفیق ئێمەی بەیەکدی ناساند، حەیدەر یەکسەر هەنگاوێک هاتە پێش و من لەسەر کورسییەکەم هەڵسابووم و دەستم دڕێژ کردبوو بۆ تۆقەکردن لەگەڵیا، ئەو بەبێ ئەوەی شەرم بکات، یاخود هەست بەهەڵوێستێکی ئیحراجی تیا بی، بکات، دەستی بۆ من دڕێژ کرد و تۆقەی لەگەڵما کرد و گوتی: خۆمت تەقدیم دەکەم: حەیدەرە کەچەڵ! ئەرێ وەڵاهی هیچ سوێندتان لەسەرم نییە، ئەمە قسەکەی حەیدەر بوو بەبێ زیاد و کەم.«خۆمت تەقدیم دەکەم، حەیدەرە کەچەڵ.» لە پێش میوانێکی زۆریش کە دەعوەت کرابوون لەوێ ئامادەبوون! حەیدەر قەت و قەت هەستی بە(عقدة مرکب النقص) نەدەکرد لەبەر کەچەڵایەتییەکەی! چونکە، دەنگە خۆشەکەی ئەم عەیبەی دادەپۆشی!

(ئەگەر چیش عەیب نییە) بەڵام دەنگی حەیدەر و گۆرانییە ڕەسەن و قۆریاتە خۆشەکانی، وایان کردبوو کە کەس هەر بیر لەوە نەکاتەوە کە حەیدەر (کەچەڵە) - هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

ئەم هونەرمەندە... گۆرانیبێژی میللی... قۆریات بێژ... بەستەزان... فۆلکلۆر پەرست... حەیدەری مرۆڤ و هەست ناسک... خۆشەویستی هەموو دانیشتوانی شاری هەولێر بوو... هەولێر قەڵاتی هەیە...

قۆریات و گۆرانیش لە هەولێر لە دەم حەیدەر و چەند گۆرانیبێژێکی تر ناسنامەی هونەری بەهەولێر بەخشی.

حەیدەر قۆریات و گۆرانییە تورکییەکانی لە قەوانەکانی (جەلال بەگ)ی گۆرانیبێژی تورکیای بەناوبانگ فێربووە. هەر لە سەدا سەدیش بەدەنگیشەوە لاسای جەلال بەگی دەکردەوە و هەوڵی ئەدا چینی دەنگی خۆی (یان بڵێین: تەبەقەی دەنگی خۆی) بگەیێنێتە تەبەقەی دەنگی جەلال... کە بە(جەلال دیاربکرلی)ش مەشهوور بوو. من چەند قەوانێکی ئەم (جەلال)ەم لەلایە ئێستاش ماومە... لەوانەی کە حەیدەر دەیگوتن لە دانیشتنەکانماندا...

بەڕاستی دەنگێکی خۆشی هەبوو ئەم جەلالە... ڕەحمەتی خوای لێ بێ و لە حەیدەری نەمریش بێ! جا حەیدەریش سەد لە سەدا جێی ئەو هونەرمەندە تورکییەی گرتووە لە چڕینی مەقام و قۆریاتی تورکی - لە هونەرمەندە هەولێرییەکانی زەمانی گەنجایەتی، حەیدەر موتەئەسیر بووە بەدەنگی شەهابە و مەلا وەلی (یان حاجی والی چایەچی) بەتایبەتی ناوی (مەلا شەهاب، یان بەکورتی: شەهابە) زۆر دێت کە باس لە هونەرمەندە کۆنەکانی قەڵاتی هەولێر دەکرێ! خۆزگەم نووسەرێک پەیدا بێ لە هەولێرییان و بەتێروتەسەلی و بەدرێژی ژیاننامەی ئەم کابرایەمان بۆ بنووسێتەوە... چونکە سەرچاوەی ژیانی شەهابە زۆر کەمە و چنگ ناکەون...

حەیدەر، ئەگەر سەیری دەفتەری نفووسی بکەین، دەبینین ساڵی لەدایکبوونی (ساڵی ١٩٠٤)ی بۆ دەستنیشان کراوە.

بەڵام من بەهەڵەی دەزانم و حەیدەر لە ساڵی ١٩١٥ لەدایک بووە بەگوێرەی وەسائقی دیکەی مالّەوەیان. کە ئەم مێژووە نزیکترە لە تەمەنی (حەیدەر)ی کە من و باقی هەڤاڵەکانی کە لەگەڵیا ژیاوین، لە دەم و چاو و هەڵسوکەوتی ڕا پێوەی دیاربوو.

چونکە کە وەفاتی کرد لە ١٩٧٩/١٢/٤ حەیدەر هەر ٦٠ ساڵی دەبوو...

مەلا شەهاب یاخود (شەهابە)ی هەولێری مامۆستای دەنگخۆش و گۆرانیبێژانی هەولێری سەدەی بیستەم.

هێشتا، لەگەڵ ئەوەش کە ماوەیەکی زۆر پێش کۆچی دوایی، هەر نەساغ بوو، بەڵام هێشتان دەم و چاوی سوور و سپی و ڕوومەتی لووس و ناسک و چاوی شینی جوان... واتا تەمەنی لە ٧٠ ساڵدا دیار نەبوو.

هەرچی دەیناسی، هەر ئەوەندەی بۆ تەخمین دەکرد... لەنێوان ٥٥ تا ٦٠ ساڵ... هەزار ڕەحمەت لە گیان و گۆڕی پاکی بێت.

ئەوەش جگە لەوەی کە تا نزیک ڕۆژانی کە بەجارێ کەوتبوو لەناو جێی لە مالّەوە و نەخۆشی پێوە دیار بوو بەڵام دەنگی زۆر جیاوازی نەبوو... لەگەڵ دەنگە ڕەسەن و بەهێزەکەی جارانی.

حەیدەر لە قوتابخانە نەیخوێندبوو. تەنانەت وەک (فەقێ)ش لە سوختەخانەیەک یا لە لای مەلایەک دەرسی دینی نەخوێندبوو- ناوی خۆشی نەدەزانی بنووسێت! جێی داخە! بۆیەش لە گۆرانی وتندا شیعری شاعیرە ناوداڕەکانی کورد و یان تورکمانیش هیچی ئەزبەر نەبوو.

هەر بۆیەش لە هەموو ئاهەنگ و مەجلیسێک هەر هەمان ئەو مەقام و بەستانەی دەگوتەوە و دووبارەی دەکردنەوە... جا ئەوەی مەجلیسی حەیدەری خۆش دەکرد دەنگە زرینگەدارەکەی بوو.

چینە ناسک و بەرزەکەی دەنگی وای دەکرد کە ئەوی لە دانیشتنەکە بوایە، گوێ نەداتە قسەکان... واتا هەڵبەستەکان، چونکە ئەیزانی هەر هەمان شتی کۆنن... بەڵام گوێمان دەدایە دەنگەکەی... ئەوەمان پێ

وێنەیەکی پرۆپاگەندەی قەوان، کاتی خۆی لەسەر کیسی قەوان چاپ کرابوو

خۆش بوو زیاتر!

کاتێ حەیدەر هەستی کرد کەوا دەنگی خۆشە و لە تەمەنی لاوێتیدا بوو، لە ساڵانی بیستەکانا... ئەو کاتە چاخ چاخی قەوان بوو! قەوانی کوردی جارێ نەبوو!

قەوانی عەرەبیش زۆر کەم بوون و لە شارە کوردییەکان جارێ باویان نەبوو! ڕادیۆش هێشتا هەر نەگەیشتبووە عیراق- بۆیە لە مالاّن... لە مالّە خەڵکانی بەزەوق و خاوەن خووی ئاواز و مۆسیقا... سندووقی (گرامافۆن) پەیدا دەبوو! دیارە حەیدەریش، وەک خۆی بۆی گێڕامەوە چەند جارێ، لە مالّەوەیان گرامافۆنیان هەبوو و زۆربەی قەوانە تورکییەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە و کۆمپانیاکانی قەوانی ئەو وڵاتەیان هەبوو. هێشتا کۆمپانیای قەوان لە عیراقیش دانەمەزرابوون، تا لە دوا ساڵانی بیستەکانا بوو یەک دوو کۆمپانیا هاتنە بەغدا و دەنگی یەک دوو گۆرانیبێژی کورد و چەند مەقام بێژێکی عیراقیشیان خستە سەر قەوانەکانیان.

جا کەواتە حەیدەر لە کوێ فێرە گۆرانی وتن بێ؟ کە گۆرانیبێژ نەبێ... ڕادیۆ نەبێ... حەیدەریش تامەزرۆی گۆرانی گوتن بێ؟

حەیدەر، ئەگەرچیش لە قوتابخانەی نەخوێندبوو... بەڵکو هەر لە منالّییەوە کەوتبووە بەر کارو کاسبی ناو بازاڕ، بەڵام بەهۆی تێکەڵبوونی لە ئاهەنگان و لە مالّە ڕەفیقان و برادەرانی هاوتەمەنی و چوونە دەرەوەی شار، بۆ ناو دەشت و سەر ڕووبار و دانیشتن لەگەڵ پیاوماقول و ڕۆشنبیر و دکتۆر و بگرە مالّە ئاغاکانیش، لەمانە زۆر زۆر شت... گەلێک عادەت و ئەخلاق و ڕەوشتی چاک و مەردانە فێر بوو.

لە بەر زۆر گوێگرتنی ئاخاوتن و ئەو گفتوگۆیانەی لەو جۆرە دانیشتنانە دەکران... حەیدەر زمانی کرایەوە و فێرە قسەی خۆش بوو! لەو دانیشتنانە زۆر ڕووداوی سەیرو سەمەرە ڕوویان دەدا، حەیدەر دەیقۆستەوە و دەیکردن بەنوکتە و لەشوێنی تر دەیگێڕانەوە... جا ئەوانە و لەپاڵ دەنگە زوڵاڵەکەشی... دەبوون بەهەوێنی باس و خواسی خۆشتر... ئینجا نۆرە دەهاتە سەر ئاواز و گۆرانی و قۆریات و مەقام... بەم شێوە شەوانی زستانانی دەورەی سۆبەی دار... وەیا شەوانی هاوینانی نێو باخ و بیستانەکانی دەورەی شار... بەڕێ دەکران... و میوانان بەخۆشی، ڕۆژیان دەکردەوە!

زۆر جار لێیان دەپرسیم: دەنگی حەیدەر ناوی چی لێ دەنێی؟

زێڕین، زیوین، ئەڵماسی... تاد؟ دەمگوت: دەنگی حەیدەر دەنگێکی (حەیدەرییە!). دەنگێکی تر وەک دەنگی ئەو نییە! جا هەر واش بوو! چینە دەنگی حەیدەر هەر بەخۆی دەچوو!

جـاری وا هەبووە، وەک بۆم باس کـراوە، حەیدەر لەگەڵ هەڤاڵانی لە ساڵانی سییەکان و چلەکـانا، لە دەشـتی دەوروپشـتی هەولێر قـۆرباتی گـوتووە، خـەڵک لەسـەربانان، لە خانووەکـانی ناو قەڵات، گـوێیـان لە دەنگی بووە! من بـڕواشم بەو قـسـەیە هەیە، چونکە لە سـاڵی شەستەوە کە من ناسیم، فیـعلەن ئەو توانا دەنگییەی هەبوو!

جـا لە سـاڵانی بیـست و سـیـیـەکـان و چلەکـانا... هێشـتـا شـاری هەولێر شـارێکی بچووک بوو... قـەرەبـاڵغی تـرومبـێل نەبوو... دەنگی ڕادیۆ لەسـەربانان نەبوو... خـەڵک زوو... دەچوونە سەربان بۆ نوستن... شەوەکان خامۆش بوون... بۆیە دەنگی گـۆرانیبێژێکی وەک حـەیدەر، لەو دەشـتـە خـۆشـە، بەشـەوێکی مـانگە شـەو، ئەگـەر بەتەبەقـە چریکەداڕە بەرزەکـەی گـۆرانی بڵێ، ئەوا زۆر ئاسـاییـیـە و سـروشـتـیـیـە ئەو دەنگە بگاتە گـوێی ئەو خـەڵکانەی لەسـەربان خەوتوون... لە سەر قەڵات!

حـەیدەرە کـەچەڵی هونەرمـەندی دەنگخۆشی هەولێر، کـوڕی حاجی حوسێنی نەجـارە... وەک پێـشـتـر وتم: یەک دوو سـەرچاوەی جیـاواز هەنە بۆ نیـشـانکردنی سـاڵی لەدایکبـوونی: لە دەفـتـەر نفـووسی، سـاڵی ١٩٠٤ی بۆ تـۆمـارکـراوە لە سـەرچاوەییکی تر، کـە جـەلال خـدر نووسـیـویەتی لە گـۆڤـاری (بارش) سـاڵی ١٩٠٦ی بۆ داناوە. کەچی لەسـەر کـێلی قـەبری، خـوای لێ خـۆشـبێ، نووسـراوە: لە سـاڵی ١٩١٥ هاتووتە دنیـاوە... منیش بەمـەزەندەی خـۆم و ئەو حـەیدەرەی سـاڵانێکی زۆرم لە گـەڵدا ڕابواردە... دەوروبەری سـاڵی ١٩١٠ تا ١٩١٥ بە ڕاسـتـتـر دەزانم بۆ سـاڵی لەدایکبوونی حەیدەری هونەرمەندمان!



قەڵای هەولێر لە ساڵانی بیستەکاندا

حەیدەر لە ئاهەنگێکی یانەی ئازادی لە هەولێر شەوی ١٩٦٨/٣/٢٥ لەگەڵ باکووری – عوود، یوسف باکووری – عوود، واحید مەرجان– کەمان

باوکی حەیدەر دارتاش بووە... حەیدەر بەمنالّی لە دوکانی باوکیدا یارمەتی داوە... دوای ئەوە لە لای ئاسینگەرێک شاگردی کردووە...

لەوێش بەولاوە لە گومرگ دامەزراوە... کاتێ کە بەیانیان ڕزق دەهاتە گومرگ، ئەویش پڕ بەدەم هاواری دەکرد و ئەو سەوزەیەی هەبوو دەیفرۆشت.

لە هەمان کاتیشا، لە هەندێ دیوەخانە و ماڵە ئاغایان ئامادەی ئاهەنگی جۆراوجۆر بووە و دەرفەتی بۆ ڕەخساوە ئەویش دەنگی خۆی تاقی بکاتەوە و... دیاریشە خەڵکەکە لە دەنگەکەی ڕازی بووین و خۆشیان ویسـتـووە... بەڵام حـەیدەر قـەت هەوەسی بەتۆمـارکـردنی دەنگ نەهاتووە و ڕقی گـەورەی لە ئامـێـری تۆمارکردن دەبۆوە.

ئەگەر هەستی کردبایە لەو ماڵە یا ئەو شوێنەی کە گۆرانی تێدا دەڵێ ئامێری (تەسجیل) هەبوایە، یەکسەر دەچووە دەرەوە! ئیتر هێز نەبوو حەیدەر بگەڕێنتەوە بۆ ئەو جێگایە تاکو گۆرانییان بۆ بڵێ.

حەکایەتی یەکتر ناسینی (تعارف)ی من و حەیدەرم قەت و قەت لەیاد ناچێ. وەک دوێنێ ها لە پێش چاوم... وەک فلمێکی سینەما هەمیشە لە پێش چاومە:

ساڵی ١٩٦٠/١٩٦١ی دیراسی، من کە پێشـتـر لە شاری کۆیە بووم، مامۆستای زمانی ئینگلیزی بووم لە قوتابخانەی ناوەندی کۆیسنجاقی کوڕان، گواستراممەوە بۆ شاری هەولێر! لە ناوەندی (زازا) بووم بەمامۆستا. خانوویەکمان بەکرێ گرت لە پشت سەرای کۆنی هەولێر کە پێیان دەگوت (متصرفية اربيل) کە پارێزگاری هەولێر لەوێ دەوامی دەکرد و هێشـتـا ئەو ناوەی (پارێزگا) یان (محافظة) باو نەبوو... وشەی (متصرف) بەکار دەهێنرا کە هەر لە زەمانی عوسمانییەکانەوە لە عیراق بەکار دەهێنرا.

تایەر تۆفیقی هونەرمەندی برادەریشم لەو بنایەدا، واتا لە سەرا، موەزەف بوو، لە شوعبەی زاتییە، لە بەشی (صادرة و واردة)دا کـاری دەکرد. زوو زووش دەهاتە مالّمـان شـەوان ئەگەر شـوێنی تری نەبوایە! ڕۆژێکیـان خـاڵە تایەر وتی:... ئەمـشـەو دەعـوەتین لە مـاڵە برادەرێکم... دانیـشـتنێکی خۆشـە و بەناوی خاوەن ماڵەکە تۆ دەعوەت دەکەم چونکە داوای لە من کردووە کە پێکەوە بچین.

ئەوە بوو ئێـوارە هاتە لام، لە مـاڵەوە عـوودەکـەم هەڵگرت و بەرێ کـەوتین... چووینە ئەو گـەڕەکـەی ئێستاش ماوە، کەوتووەتە بەرامبەر دائیرەی پەروەردە (تربية) ماڵەکەش ئەو کاتە خانوویێکی خۆش و تازە بوو کە مالّی خوالێخۆشبوو (دکتـۆر ڕەئووف دیشچی) بوو، من جارێ نەم دەناسی. کە گەیشـتـینە بەردەرگاکە... ڕەحمەتی دکتۆر ڕەئووف خۆی بەرەو پیرمان هات و پێشوازی گەرمی لێ کردین و من و ئەو بەهۆی خاڵە تایەرەوە یەکترمان ناسی! پیاوێکی کورتیلەی ورگ گەورە...

ملی کـورت و سـەلکێکی خـڕیلەی دەم و چاو سـووری پف دراوی لەسـەر ئەو ملە کـورتە بوو! زۆر مـرۆڤـێکی ڕووح سـووکەڵەم هاتە پێش چاو و هەر لەو دەقـیـقـەوە خۆشم ویست و دیار بوو ئەویش منی خۆش ویست...

کـە چووینە ژووری مـیـوانان، زۆر کـەس دەعـوەت کـرابوون، هەمـوویان تایەریان دەناسی، بەڵام جارێ زۆربەیانم نەدەناسی. لەسـەر دوو کـورسی دانیـشـتین و بەخێـرهاتن کـراین. پاش دەمـێـک لەبەر دەرگـای

ژوورەکە سەلامێک کرا و هەموومان سەیری خاوەن سەلامەکەمان کرد! کابرایێکی درێژی بە قەلافەت... کەوا و چاکەتێکی (رصاصی) لەبەربوو لەگەڵ تایەریش نزیکترین کەس بووین لە دەرگاکە، یەکسەر هاتە لامان: ئێمە هەڵسایین: کاک تایەر بەیەکتری ناساندین:

ئەوە باکوریە و ئەوە حەیدەرە... بەڵام حەیدەر خۆی خۆی بەمن ناساند و وتی: خۆمت تەقدیم دەکەم: حەیدەرە کەچەڵ! موحسینی برای بچووکتریشی لەگەڵدا بوو. موحسین بە پێچەوانەی حەیدەر بوو بە بەژن و بالا! موحسین پیاوێکی لاواز و زەعیف و بەژنی زۆر کورتتر بوو لە حەیدەر. بەڵام ئەویش پۆشتەبوو! کەوا و چاکەت و جەمەدانی، بەهەمان ڕەنگی مەیلەوشینی (رصاصی) لەبەر دابوو. هەر دووکیان لە تەنیشتمانەوە دانیشتن. من کەوتمە بەینی کاک تایەر لە دەستە ڕاستما و کاک حەیدەریش لە لای چەپمدا. موحسینیش لە تەنیشت برای دانیشت.

هونەرمەندی هەولێر حەیدەر حاجی عەبدولڕەحمان زەمانی گەنجایەتی لە بەغدا گیراوە.

وا بزانم ئەوەندە درێژە پێدانی ناوێ کە باسی ئەو شەوە خۆشە بکەم کە هەرگیز لەیادم ناچێ کەوا ئەمڕۆ چل ساڵی تەواوە تێپەڕی بەسەر یەکەم جاری بەیەک گەیشتنی من و هونەرمەند و هەقاڵی خۆشەویست و ئازیزم، حەیدەری مرۆڤ... حەیدەری مەرد و پیاو... حەیدەری خاوەن دڵێکی پاک و بێ گەرد... دڵسۆز بۆ برادەرانی... خۆشەویست لای هەموو دانیشتوانی شاری هەولێر... و هەرچی ناسیویەتی!!



دکتۆر ئیحسان میرزا خوای لێ خۆشبێ

ئیتر لەو شەوەوە هیچ دانیشتنێک و دیوەخانەیەک بەبێی ئێمە، هەر سێکمان: تایەر، حەیدەر و من، مەجلیسی بەستە و مەقام و گۆرانی تیادا ساز نەدەدرا! ئەمە هەقیقەتێکە و ئەوانەی ئەو کاتە بوون بەهاومەشرەب و هاوزەوق لەگەڵمانا، ئەمڕۆش ئەوە باس دەکەن و دەیسەلمێنن. ڕاستە ئەو کات گۆرانیبێژی تریش لە هەولێر هەبوون: زۆریش، بژمێرن لەگەڵما:

مەحەمەد ئەحمەد (ئەربیللی) و برای جەبار ئەحمەد و براکەی تریان حەردان... مشکۆ، فایق بەزاز، یونس خەطاط، ڕەسوول گەردی، فوئاد ئەحمەد، تەحسین تەها، یەحیا مەرجان، یوسف باکوری، جەمیل قاپقاپچی، یونس مەحمود (سایقی پاسی هاتوچۆ)، مەلا کۆرە، و چەندانی تر ناویانم لە یاد نییە لەبەر ئەوەی کەم پێکەوە دانیشتووین: ئەم گۆرانیبێژانە هەموشیانم دەناسی و برادەری ئازیزم بوون... بەڵام بۆچی لەو دانیشتنانە و ئەو مالانەی ئێمەی (سێ کوچکە) کە، حەیدەر و تاهیر و من تەنها

ئەو سێ هونەرمەندە دەعوەت دەکراین... ئەوانی دیکەیان بانگ نە دەکردن؟

چەند جارێکی کەم فوئاد و کاک ڕەسوول ئامادە بووین لە هەندێ مالّە ناسراوەکان... کە ڕەفاقەتیان پێکەوە هەبوو، ئەگینا هیچیانم ڕۆژێ لەڕۆژانا چاو پێ نەکەوت لەو شوێنانە کە دەعوەت دەکراین وەک مالّی خوالێخۆشبووان، کوڕەکانی عەبۆ ئاغا: شێخ محەمەد و حاجی حەمەشەریف و حەمەڕەشید و حەمەدەمین عەبۆ ئاغا و هەروەها مالّی چەلەبی (یان دەباغ)ەکان... مام و ئامۆزاکانی بەڕێزان دکتۆر عەبدولڕەزاق شەهاب دەباغ و محەمەد و شەهاب دەباغ کە وەختێک سەرۆکی شارەوانی بوو... یا لە مالّی عەلی ئاغا و زۆر زۆر لە بنەمالّە ناودار و خاوەن زەوق و هۆگری گۆرانی و مەقام و قۆریات...

لە مالّی دکتۆر حیکمەت حەکیم و ئاگۆب نیشان و ئیحسان میرزا کە سێ دکتۆری مەسیحی زۆر بە زەوق بوون... تەنانەت دکتۆر حیکمەت عوودێکی چاکیشی لێ دەدا و شەوێک لە مالّیان، نزیک قوتابخانەی ناوەندی و سەرەتایی هەڵگورد بوو... بەرامبەر مزگەوتی حاجی حسێن، دەعوەتێکی گەورەی کرد و دکتۆر عوسمان ئەحمەدی بەڕێوەبەری (صحة)ی هەولێر و زۆربەی دکتۆرەکان و ئەوانەی ناوم هێنان لە سەرەوە دەعوەت کرابوون لەگەڵ ئێمەی سێ هونەرمەند (سێ کوچکەکە).

ئەو شەوە حەیدەر خۆشترین قۆربات و مەقامی گوت و دەنگی تا دەهات خۆشتر دەبوو، هەر ئەو شەوەش دکتۆر حیکمەت، حیلەیەکی زۆر چاکی ڕێک خستبوو کە توانی دوو کاسێتی تەواو لە دەنگی حەیدەر تۆمار بکات بەبێ ئەوەی کەسمان پێ بزانین- جا دکتۆر حیکمەت جاروبار عوودی لێ ئەدا و من کەمانجەم لێ ئەدا، ئەگەرچی (عەزف)ەکەشم نشازی تێدابوو، ئەم کاسێتانە دوایی هەر کەسە و نوسخەیەکی بۆ تۆمار کردین و تەنانەت بۆ حەیدەریش ئاشکرای کرد و دوو کاسێتیشی پێی دا و حەیدەر کەیفی پێ هات!

لە ڕاستەوە بۆ چەپ: حەیدەری هونەرمەندی هەولێر، براکەی موحسین، یووسف باکووری (برام) و من (باکووری) و میوانێک لە یانەی ئازادی هەولێر لە شەوی ٢٦/٢٥ی مانگی مارت (ئادار) ساڵی ١٩٦٨ گیراوە.

حەیدەر کاسبکار بوو، بەئارەقەی نێوچەوانی خۆی بەڕێوە دەچوو و گوزەرانی دەکرد و دەوڵەمەند نەبوو... ئەگەرچی لە شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) حەیدەر منالّ یا هەرزەکار بووە هێشتا لەڕێر بالّی بابە و دایە دەژیا... بەڵام لە شەڕی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥) حەیدەر پیاوێکی کامل و تەواو بووە و بڕێوی خۆی و خاو و خێزان و باب و دایک و برا... پێویستیان بەیارمەتی ئەو بوو! بۆیە حەیدەر، وەک مەسەلە کوردیەکە دەڵێ:

«سەری خۆی لە دار و بەرد ئەدا بۆ پەیداکردنی نانی ڕۆژانە قەت و قەتیس

حەیدەر نەبوو. مالّی خۆی نەدەهاتە پێش چاوی. هەرکەسێکی پێویستی بەیارمەتیدانی حەیدەر بوایە، بەهەر نەوعێک، حەیدەر ئامادە بوو یارمەتی بدا... بەپارە یان بەکۆشش لای گەورەپیاوان و مەسئوولان بۆ چارەکردنی موشکیلەیەک ئەگەر هاوولاتیەک هەیبوایە و هانای هێنابایە لای حەیدەر. چونکە، لە خواوە بوو، کە ئەو دەنگە خۆشەی پێ دابوو هەروەها قسەخۆش بوو... مەجلیسی خۆش دەکرد... جا ئەگەر ئیشێکی کەوتبایە لای هەر کەسێک، ئەوا دەبوایە هەر چارەی بدۆزێتەوە و بۆ بەرژەوەندی خاوەن (قەزییەکە) مەسەلەکە بشکێتەوە!

بەهەشتی، مامۆستا مەلا مەسعوود (بێ بەش)

سالّی ١٩٦٢ ڕەمەزانی پیرۆز لە زستاندا هات. منیش لەناو کۆمەلّگای هەولێر چاک ناسرام و خەلّکی خاوەن زەوق و خولیای ڕابواردن و گۆرانی و مۆسیقا زۆریان خۆش ویستم و لەگەلّ تایەر تۆفیق و حەیدەری دەنگ فریشتەیی، شەو نەبوو لە مالّێک لەو مالّە دۆستانەی کە باسم کردن، هەوەسی ڕابواردنی شەوانی زستان و ڕەمەزانیان هەبوو بە بەزم و مۆسیقا و گۆرانی شەوەکان تا درەنگ ڕابوێرن... تا کات نزیکی پارشیوان دەبوو، ئینجا یان هەر لە هەمان شوێن خواردنی پارشیوەکە دەکرا دەمانخوارد... یا دانیشتنەکە زووتر کۆتایی پێ دەهێنرا و هەریەکە دەچۆوە مالّی خۆی.

لەو ڕەمەزانە کە زۆر خۆشم ڕابواد: حەیدەر سەرۆکایەتی تیپێکی یاریزانی یاری (کلاو کلاوانی یاخود سینی و زولفانێ) دەکرد کە ناوی هەندێکیانم لەبیرە، کە ئەمانە بوون... بەلاّم مەرجیش نەبوو هەموو شەوێک هەموویان بەشداری یارییەکە بن هەر شەوە هەندێکیان تەنها وەک (مشجع) لە دەورەی ئەلقەکە کە لەسەر عەرد، لەسەر مافوور یارییەکە دەکرا، دادەنیشتن.

هەموو شەوێک خواردنێکی زۆر لە میوە و چەرەز و پاقلاوە و کۆکا کولا و چای و شیر و شەربەت و کێک... ئامادە دەکرا لە کۆتایی یارییەکە دەخورا، لایەنە دۆڕاوەکەش پارەکەی دەژمارد... واتا نرخی ئەو خواردنەی کە کڕابوو!

جا ئەگەر تیمەکەی حەیدەر دۆڕابا ئەوە حەیدەر هیچی پێ نەدەخورا... دەیگوت خواردنەکە لە قورگم دەمێنێ لە حەژمەتان و پێی دەخنکێم! ئەگەر تیپەکەشی یارییەکەی ببردبایە و سەرکەوتوو بایە، ئەوە حەیدەر هەر شتە دوو دووی دەخوارد:

واتا بۆ نموونە: دوو سێو، یەکی زەرد یەکی سوور، دوو هەنار یەکی شیرین دنک سوور شارەبانی، یەکی مێخۆشی دنک سپی نازەنینی، دوو وشی ترێی دەخوارد و یەکی ڕەش یەکی سپی... دوو پرتەقال... دوو کووپ چا و شیری نۆش دەکرد!

ناوە ناوەش، لەپڕ هاواری دەکرد و دەیگوت (لا اله الا الله) و هەلّدەستایە سەرپێ و جەمەدانیەکەی

سەری (یا چەفیە سپیەکەی کە لەسەری دەبەست) بەتوندی لەسەری خۆی دەکردەوە و بەهەموو هێزیەوە لە زەوی دەدا و ئینجا دەیگوت:



دیمەنێکی قەڵای کەرکووک لە سالاّنی پەنجاکان

(یعیش حیدر کچل!) و سەلکە لووسە کەچەلّە سوورەکەی چەند سانیەیەک ڕووت دەمایەوە و ئێمەش هاوارمان دەکرد (یا... یعیش... یا... یعیش فرقة حیدر) و چەپلّەمان لێ ئەدا. «بخۆن کوڕینە هەر ئەو شەوەیە... سبەی شەو نییە!». ئەویش چەفیەکەی خێرا هەلّدەگرتەوە و لەسەری دەنایەوە.

ئینجا هەموو دادەنیشتین و نۆرەی گۆرانی دەهات: ئیتر حەیدەر و تایەر، خوا عەفوویان کات، تا درەنگ ئەو مەقامە نیوەشەوانە و ئەو بەستە و قۆرباتە تورکییە خۆشانەیان دەچڕی و منیش بەعوودەوە... مەجلیسەکەمان دەگەشاندەوە!

لە سەیرانێکا لە بەستۆرە- بەهاری ١٩٦٢ فارس شێخ محەمەد دزەیی و عەبدولقادر جێمسی وا خەریکە یاری بەژێیەکانی عوودەکەم دەکات.

شەوی وا هەبوو، کۆمەلّێک برادەرانی کەرکووک دەهاتن و دەبوون بەمیوانی گرووپەکە... جا بەشەو هەولێرییەکان و حەیدەر، بەرامبەر کەرکووکییەکان دادەنیشتن و یارییەکەیان دەکرد... جا لێرە زۆر یارییەکە لە نیوەی ڕا دەگیرا، یەکێک لە کەرکووکییەکان قۆرباتێکی تێ هەلّدەکرد... یەکسەر دوای ئەو، حەیدەر هەلّدەستا سەرپێ و بەقۆرباتێکی تر وەلاّمی دەدایەوە... تا تاوێک ئەم بەزمە بەردەوام دەبوو، پاشان دادەنیشتنەوە و یاریەکەیان تەواو دەکرد. جا وا دەبوو (کەرکووک) دەیدۆڕاند.

لێرە ئوسوولّ وابوو دەبوایە هەموومان دەعوەتی ئەوان بین بۆ سبەی شەو لە کەرکووک-

لە کەرکووکەوە هونەرمەند (مەمەد قەلاّیی) کە زۆر برادەرم بوو، هەندێ جار دەهات... ئەویش هەم گۆرانی دەگوت و عوودی جوان لێ ئەدا و یاریشی دەکرد!

ئەو سالّە... من زۆر کامەران و بەختەوەر بووم کە لەگەلّ ئەو مرۆڤە سادە و ئاسایی و خەفەت هەلّنەگرانە مانگەکانی زستان و ڕەمەزانم ڕابوارد.

من ئەگەرچی یاریم نەدەکرد، بەلاّم چەند کەسێکی تریش هەبوون هەموو شەو دەهاتن... یاریان نەدەکرد... تەنها سەیرکەر بووین! لە قوژبنێکا لە ژوورەکە دادەنیشتین: جا بەشیعر خوێندنەوە و ترینگە

ترینگی عوودەکەم و بەنوکتە و قسەی خۆش، ئێمەش ڕابواردنی خۆمان هەبوو... بەڵام بەسکووتی و بێ دەنگی ڕامان دەبوارد و یارییەکەمان لەوانی تر تێک نەدەدا: ئەوانەی ئەغلەب شەو لەگەڵما ئاوا دادەنیشتن و بە بەزمی خۆمان مەشغوول دەبووین، هەندێ ناوم لەبیرە... ڕەحمەتی خوایان لێ بێ، ئەوانی وەفاتیان کردووە و تەمەنێکی درێژ و ئاسوودە و بەتەندروستییەکی باش بۆ ئەوانی ماون:

جارێ مامۆستا عیزەددین فەیزی و عەبدولوەهاب حاجی حەسەن کە ئەوسا سەرۆکی شارەوانی بوو، مام هادی، مامۆستا مەلا مەسعوود (بێ بەش)... ئەوانی وەختە بڵێم هەموو شەو (جمهووری هاندەر- مشجع)ی فەریقی حەیدەر بووین! شەوانی تر هەبوو وەستا خدری بەننا و موهەندیس هاشم عەبدوڵڵا و قادر جێمسی و هەندێ شەو محەممەد مەجید و حەمە ڕەشید و حەمەدەمین عەبۆ ئاغا و ... چەند کەسانی تر... ئەگەر بۆ ماوەیەکی کورتیش بوایە، دەهاتن و دادەنیشتن... هەندێ پێدەکەنین بە بەزمی یاریکەران و هاوار هاواری حەیدەرە کەچەڵ کە دەیبردەوە... و میوە و پاقلاوەی خۆیان دەخوارد و دەڕۆیشتن! ئەوە نموونەی ڕابواردنمان بوو کە بووە (عادەت) لەوە بەدواوەش، لە سالانی کە داهاتن هەر ئەو بەزمە بەردەوام دەبوو... هەر سالەش کەسانی تازە و میوانی تازەش دەهاتنە کۆڕ و مەجلیسەکان... قۆریات بێژانی کەرکووک بەسەیران دەهاتن و هەندێ جار بەڕۆژ لەگەڵیان دەچووینە سەیران بۆ لایەک... تا شەو، ئینجا دەگەڕاینەوە و لە مالی حەیدەر یا برادەرێکی تر... کۆبوونەوەکەی گۆرانی دەستی پێ دەکرد! مالی حەیدەر، جۆرە (کوبیەیەکی) موصلاوییان دروست دەکرد، مەپرسە چەند گەورە و پڕ قیمە و باوی و کشمیش و بەتامیان ئامادە دەکرد... پێنج کەس کوبیەیەکیان بەزۆر، پێ تەواو دەکرا. مامۆستا مەلا مەسعوود (بێ بەش) لەو دانیشتنانە شیعری بۆ دەهات و دەیگوت بەبێ نووسین... (ارتجالی)... شەوێکیان قەسیدەیەکی درێژی خوێندەوە لەبەر... نەک لە سەر وەرەقە... بەداخەوە تەنها بەیتی یەکەمم لەبیر ماوە... بەڵام لە ڕۆژنامەی (هەولێر)ی ئەوسا بڵاوی کردەوە و نوسخەیەکی دامێ... کەچی بەداخەوە لێم ون بوو، نازانم چۆن...!! قەسیدەکە وا دەست پێ دەکات...

لێدە باکوری لە نەی تاهیر بۆم بڵێ ئەوا

ئینجا ناوی مامۆستا عەلی مەردانیشی تێدایە...

حەیدەر تا بڵێی مرۆڤێکی دڵسۆز بوو بۆ هاوڕێ و دۆستانی... دڵپاک بوو لەگەڵیانا... حیقد و کینەی لە دڵدا نەبوو بۆ کەس. برادەرانی نزیکی زوو زوو دەعوەت دەکردین بۆ مالی خۆی و ئەگەرچیش بۆ نوکتە هەر دەیگوت: کورە من زۆر لە خێزانەکەم دەترسم!! بەڵام دەعوەتتان دەکەم!

خێزانەکەی منیش لەگەڵ حەیدەری نەمر جاروبار بەعەرەبی موصلاوی بەتەعلیقەوە قسەی لەگەڵ حەیدەر دەکرد و دەیگوت «هەموو خەتای تۆیە هەموو شەو باکوری دەبەیتە دەرەوە!»

ئینجا حەیدەر تەفسیری دەکرد بۆی، بۆ نموونە دەیگوت:

«والله أختي آني هم مرتي (يتعارک)!! بەڵان شیسەوی: هەدۆلە مایخلونا...»

ئەوەی ڕاستی بێ هەر وا بوو وەک ژنەکەم بەحەیدەری گوت! چونکە ئەگەر لە شوێنێک دەعوەت بکرابایە... پێی دەگوتن: ئەگەر باکوری بێت، منیش دێم! ئەگەر ئەو نەهات، ئەمنیش نایێم!! ئێمە

هەردووکمان لە ژنەکانمان دەترسین. ناتوانم وەعدت بدەمێ ئەگەر ژنەکەم ئیقناع نەکەم! زۆریش زەحمەتە!!

لە سالی ١٩٦٢ حەیدەر و براکەی (موحسین) لەگەڵ قادر جێمسی وەکالەتی فرۆشتنی مەشرووبی (پیپسی PEPSI)یان لە هەولێر وەرگرت. جا ڕۆژێکیان، بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ کاری پێویست کە پێوەندییان بەوەکالەتەکەیان هەبوو، بڕیاریان دا بچنە بەغدا. لەبەر ئەوەی من و سیهامی خێزانیشم بەتەمابووین بچینە بەغدا بۆ بەدواداچوونی فرمانی (سحب اليد)ی سیهام خان کە دەستیان لە وەزیفە کێشابۆوە بەئەمری (بدرالدين علی) کە موتەسەریفی هەولێر بوو، کاک قادر و حەیدەر گوتیان لە گەڵمان وەرن. ئەوە بوو لە ٢٤ی نیسانی سالی ١٩٦٢ بەترومبێلی قادر جێمسی هەر چوارمان بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتین. لە ڕێگا، هەر چایخانەیەک دەگەیشتین، دادەبەزین و حەیدەر داوای (پیپسی) بۆ دەکردین...سیهامی خێزانم زۆر حەز لە پیپسی ناکات! ئەگەر ناچاریش بێ، جگە لە یەک ئیستیکانی چای، لە پیپسی ناتوانی بخواتەوە!

بە هەر حاڵ گەیشتینە (خالص) ئێمە دابەزین... سیهام دانەبەزی.

دوای پیپسی خواردنەوە، بەڕێ کەوتینەوە بەرەو بەغدا. حەیدەر، لەناو سەیارەکە، لە دایکی منالانمی پرسی بەعەرەبیە شلۆقەکەی، وتی: «اختي، انت ليش مانزلت تشرب فد پيپسي بارد؟» وەڵامی خوشکتانیش ئەوەبوو، وتی: «بطني وجعتني هلقهد ماشربتني من هذا الپيپسي... موطيب» حەیدەر تێ نەگەیشت، پرسی «شلون؟» سیهام گوتی: «موخوش پیپسی!».

کە وای گوت، حەیدەر هەر هەندەی نەمابوو کلاوەکەی لە عارد بدات و زۆر پەست بوو. ڕووی لە من و سیهام کرد، چونکە ئەو لەپێشەوە بوو لە تەنیشت (سایق) واتا قادری برادەرمان، بەڵام من و سیهام لە دواوە، لەسەر کوشنەکەی پشتەوە دانیشتبووین. کە سەیری ئێمەی کرد، جارێ بەتورکمانی قسەیەکی لەگەڵ قادر کرد، قادر هەر هەندەی دڵی لەخۆ نەبۆوە لە بەر پێکەنینا! ئینجا حەیدەر هەمان ڕستە تورکییەکەی کردە عەرەبی و بەخێزانمی گوت: «بالله انت اشلون آدمي. آني من اربيل يشتريلک پيپسي... هسه انت تگول موخۆش پيپسي؟» ئینجا ڕووی لە من کرد و بەکوردی گوتی: «باکوری هەقم نییە ئێستا ژنەکەت لە ترومبێلەکە فڕێ دەمە خوارێ؟» من و قادر جێمسی ڕەنگە پێنج دەقیقە زیاتر پێکەنین و قادر گوتی: «ام شوبان، حيدر زعلان و صاير عصبي.» دایکی شۆبان نەی دەزانی مەسەلەکە چییە و منیش پێم نەگوتبوو کە ئەوانە هەردووکیان وەکیلی پیپسی فرۆشتن لە هەولێر! جا کە زانی، ویستی چاکی کاتەوە و گوتی:

«لا كاک حەیدەر أنا احب هذا الپيپسي. كلش خۆش پيپسي.

لكن انا ما اشرب هوايه مشروب بارد... عندي ألم بالمعدة!»

حەیدەر سکووت بوو، بەڵام هەر لەژێرەوە مڕە مڕی بوو. گوێم لێی بوو، خۆی بە خۆی گوت: «وەرە چاکە لەگەڵ ئەو نەوعە بکە!.» قادر هەر پێدەکەنی.

لە بەغداش، ئێمە لە مالی خاڵی منداڵان دابەزین، حەیدەر و قادریش چوونە ئووتێل. بەڵام بەشەو هاتنە دوام و منیان برد لەگەڵ خۆیان بۆ ئەو مالەی کە (فاتم دەبابە)ی هونەرمەندی کۆنە گۆرانیبێژ لە

مەلهای مووسڵ، لێرە لە بەغدا کردبوویە (بارِ و مەیخانە).

شەوان، گەنجە کوردەکان و خەڵکی کە هەوەسیان لە ڕابواردنی بەغدا هەبوو، دەهاتنە مالّی (فاتم) و بەخواردنەوە و گۆرانی و بەزمی تریان ڕادەبوارد. جا ئێمەش! حەیدەر و قادر و من چووینە ئەوێ.

یەکسەر هەرسێکمانی ناسی و بەخێرهاتنی کردین و لە ژوورێکی پاک مێز و کورسی بۆمان ئامادەکرا و ئیتر پێویستی ڕابواردن لە مەشروبات و مەزەی باش... بۆمان هات. پاش دەمێک فاتمیش هات لەگەڵمانا دانیشت. داوای قۆریاتی لە حەیدەر کرد و حەیدەر گەرم بووبوو... دەنگی وا خۆش و بەرز بوو، هەموو میوانەکانی تری لێمان کۆ کردەوە... ژوورەکە شوێنی تیادا نەما!

بۆ ڕۆژی دواتر (٢٥ی نیسان بوو ١٩٦٢) لە مالّی ڕەحمەتی (کەمال عوسمان) دەعوەتیان کردین و ژمارەیێکی زۆری شەخسیاتی کوردی بەغدا هاتبوون- لەوان کاک (حەسەن ڕەفعەت) وەزیری بەلەدیات بۆ ڕۆژی گەڕانەوە هاتنە لامان، کە مالّی کێژە پلکم و مێردەکەی، واتا (لیندا و عودیشۆ) بووین... دوای ئیسراحەتێک لەگەڵیانا گەڕاینەوە هەولێر.

بووک (لیندا) کچە پلکمە لەگەڵ زاوا (عودیشۆ) لە کاتێ ئاهەنگیان لە بەغدا، من و خێزانەکەم وا پیرۆزباییان لێ دەکەین

ئەم کێژە پلکەم و مێردەکەی، دوای چەند ساڵێک، دەچنە لەندەن، لەوێش کاک صەنعان ئەحمەد قەصاب، دەیانباتە لای کاک حەیدەر کەوا لە نەخۆشخانەیەکی لەندەن چارەسەری نەخۆشییەکەی دەکرا، لە ژوورەکەدا لەگەڵ حەیدەر دادەنیشن و دوای چاک و خۆشی، حەیدەر مەقامی (قۆریات)ی تورکییان بۆ دەڵێ. کە هاتنەوە لە لەندەن و هاتنە لامان لە هەولێر وتیان، بەو نەخۆشییەی خۆیەوە، ئەو قۆریاتە خۆشانەی بۆ گوتین. کاتێ کە بەمردنی حەیدەریشیان زانی زۆر خەفەتبار بووبوون و منیان تەکلیف کرد کە لەجیاتی ئەوان پرسە و سەرەخۆشی لە کاک موحسین و خێزانی و منالّەکانی بکەم.

لە بیرەوەرییە خۆشەکانی دیکەم لەگەڵ حەیدەری دڵسۆز بۆ برادەرانی... حەیدەری زۆر سادە و خۆی خۆی پێگەیاند تا بووە خاوەن مالّ و منداڵ و دووکانێکی کە بەو بڕە پارەی پێوەی پەیدای دەکرد، گوزەرانی خۆی و مالّە برای پێوە بەڕێوە دەچوون.

ڕۆژێک وتی: حەز دەکەم دەعوەتت بکەم سبەینێ بۆ نانی نیوەڕۆ. دەبی هەر بێی. خۆت و برات و ئامۆزات و تایەر تۆفیق... سبەی لە مالّی ئێمەن! ئەوە من گفتم دا و بەدایکی منالّانیش خەبەر دراوە. تەنها ئەوە ماوە بڵێم چێشتەکە چی بێ؟ تۆ چ خواردنێکت پێ خۆشە؟

وتم: حەیدەر باوەڕ دەکەی خۆشترین و چاکترین خواردن لای من (ساوارە)؟ بەڵام چ ساواری! بەگۆشتی بەرخ ڕۆنی خۆمانە... تەڕە پیاز و ماستاوی مەڕ!

دڕێژە نادەم بەو گفتوگۆیە دڕێژەی لەگەڵما کردی و پرسیاری لێ دەکردم و تەنانەت وتی باکوری... دەترسێم قەشمەریم پێ دەکەی و نایەی! سوێندم بۆ خوارد کە دەچم و ساواریشم حەز لێیە.

بۆ سبەینێ... کە من و برام (تیمە) و مەتی (مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی هەولێر- ئامۆزامە) چووینە مالّی حەیدەر کە یەکێک لەو کۆڵانە ناڕێک و چلکنانەی کەوتوونەتە پشت قوتابخانەی (خەنسا)ی دواناوەندی کچان، لە سەرەتای گەڕەکی تەیراوە، مالّەکەی حەیدەر لەوێ بوو. دوو خانووی (شرقی) بچووک... وەک یەک... هەریەکە و پەنجەرەیەکی هەر لەناو کۆڵانەکەبوو... دەرگاکەش دوو دەرکەی (پلێت)ی ڕەنگی شینی کراوە بوون تەسک و بەرز- دڕێژ! حەیدەر دەبوایە هەردوو لای دەرگاکەی بکردبایەوە ئینجا پێوە دەچوو! بە قەڵافەت دڕێژ و تەنگەستوور بوو! خوای لێ خۆشبێ! کە چووینە ژوورەکەی- بەناو دیوەخانە- کە پەنجەرەی دەنواڕیە ناو کۆڵان، دیتمان کاک تایەر و (ئەبوو عەلی)ش دانیشتبوون.

وێنەی دەعوەتی پلاّو ساوارەکەی لە مالّی حەیدەر لە ڕاستەوە- ١- ئەبو عەلی ٢- مامۆستا مەتی ٣- حەیدەر ٤- باکووری ٥- تایەر تۆفیق ٦- مامۆستا طیمە

ئەم (ئەبوو عەلی)یە، موزەف بوو لە دائیرەی مەعاریف (پەروەردە)ی هەولێر! بەئەسڵ خەڵکی داقووق بوو... لەمێژبوو لە هەولێر گیرسابۆوە و بەزگورتی- واتە بێ ژن و مناڵ- لە ئوتێل (فەرح)ی ژێر قەڵات، ژوورێکی بەکرێ گرتبوو، بەمانگانە- بەڵام مرۆڤێکی بەزەوق و زۆر مەند و هێمن بوو. کاری خۆی، کە شتێکی ئەوتۆش نەبوو لە دائیرەی مەعاریف، زۆر بەجیدی و بەڕێکی جێبەجێ دەکرد! کەسێک، ڕۆژێک گلەیی لێ نەکردبوو. هەولێریانی زۆر خۆش دەویست و دۆست و برادەری لە هەولێر زۆر بوون.

ئەوەبوو، وەک لەو وێنەیەدا دیارین، لەسەر ئەو مێزەی لە پێشمانە، پلاّو ساوارێکی زۆر خۆشمان خوارد لە مالّی حەیدەری گۆرانیبێژ، لە گەڕەکی تەیراوە، لە ڕۆژێکی بەهاری سالّی ١٩٦١- جا هەر ئەوەندەش نەبوو: دوای چای خواردنەوە، وتی: سبەینێ تۆ و کاک تایەر وەرنە دووکان، پەنیرێکی ژاژی کوێستانی زۆر مومتازم بۆ هاتووە، هەر یەکەتان بەشی خۆتان ببەن!

وەڵاّ ئیتر بۆ بەیانی من چوومە دووکانەکەی، هێشتا گومرک نەبوو. دووکانێکی عادەتی بوو لەناو کۆڵانێک کە تێکەڵ بەقەیسەری پەنیر فرۆشان دەبۆوە! ئێستاش بەشێکی ماوە...

ئەگەر بە قادرمەکانی نزیک مزگەوتەکەی سەر شەقامی سەرەکی، کە دەچیتە ناو یاری منداڵان و سەبەتە و مەسینە و سەتڵ و شتی تری نایلۆن و پلاستیک دەفرۆشن، دوایی بەکۆڵانێکی تر بۆ لای چەپ بڕۆی... کە تێکەڵ بە دووکانەکانی دارتاشەکان دەبێ و ئینجا بۆ ناو پەنیر فرۆشەکان...

ئا لەوێ بوو. بەخێرهاتنی کردم و دوو سێ سەلکە پەنیری جوانی لە پێستێک دەرهێنا و لەگەڵ برێکی زۆر ژاژی، لە کیسەیەکی کرد و دایمێ و وتی: ئینجا برۆ لەگەڵ چای بیخۆ و هەر دووعام بۆ بکە!. منیش هەر دەڵێم: یارەبی جێگات بەهەشت بێ ئەی حەیدەری ئازیز!

حەیدەر ساده و نەخوێندەوار بوو بەڵام زیرەک بوو. زانیاری هیچ نەبوو لە بابەت مەقامات و جۆرەکانیان و ناویان و چۆنیەتی گوتنیان!

بەڵام ئەوە بوو دەنگی خۆش بوو... ئیتر ئەو شتانەی لە قەوانەکانی جەلال بەگ و چەند ڕستە گۆرانییێکی کوردیشی لە تایەر تۆفیق و لە ڕادیۆی کوردی فێر بوو بوو... ئەوانەی دەگوتەوە.

زۆربەی دانیشتنەکانمان لە مالّی حاجی حەمە شەریف و حەمە ڕەشید و حەمەدەمین عەبۆ ئاغا و دکتۆر ڕەئووف دیشچی و چەند مالّێکی تر. بەڵام لە هەموو ئەو مەجلیسانە باقی براەرانیش ئاماده دەبوون وەکوو:

کەمال عوسمان و سەلاحی برای... جامیلەی سایق و برادەرەکەی جەمال خەلیل... دکتۆرەکان... عەبدولڕەزاق دەباغ و محەمەد شێخۆ (خوای لێ خۆشبێ)و ئاگۆب نیشان و ئیحسان میرزا و حیکمەت حەکیم و مودیری بانق و مودیری پۆلیس، ڕەحمەتی حوسێن شێروانی (شەهید) و قادر جێمسی و لە دوای حەفتاکان شێخ ڕەزای مودیری شورتە و یاریدەدەرەکەی شێخ محەمەد ڕەشید و هەندێ جار موحافیز عەبدولوەهاب ئەتروشی و گۆرانیبێژان، جاروبار فوئاد ئەحمەد و ڕەسوول گەردی و مشکۆ و هەروەها کاک سەنعان ئەحمەد قەساب هاوڕێیەکی خۆشەویستی کاک حەیدەر بوو لەگەڵ براکەی (کەنعان و بورهان قەساب) و زۆربەی تاجیرەکانی عەلوە و بازاڕ... هەموو حەیدەریان خۆش دەویست و دەبووە مایەی خۆشی و کامەرانییان ئەگەر لە مەجلیسیان حەیدەر ئامادە بوایە. موتەسەریفی ناوەڕاستی شەستەکان، (عبدالمنعم مصرف) هەر دانیشتنی هەبوایە، لەگەڵ کاک محەمەد شەهاب دەباغ ڕێک دەکەوتن و ئێمەیان تەبلیغ دەکرد ... هەروەها موتەسەریفی پێشووتر، سەرەتای شۆڕشی ١٤ی تەمووز... هێشتا من نەهاتبوومە هەولێر، بەڵام لە سالّی ١٩٦٠ بەولاوە کە گواستراوەتەوە هەولێر، هێشتا مابوو کە ناوی عەمید عەلائەدین مەحموود بوو. تا بڵێی ئینسانێکی بەزەوق و دیموکراسی و ڕۆشنبیر بوو- حاکم جەلیل هوشیار و فەتاح جەبار ئاغا و ڕەحمەتی شێخ جەمال نەقشەبەندی- باوکی مامۆستا فوئاد شێخ جەمال، زۆر جار سەیرانیان بۆ ڕێکەدەخستین بۆ سەر دەوزێی کەلەک...

عزەددین قۆجە (مقاول) بوو خانووێکی هەبوو لەسەر زێی، لە هەوراز کەلەک- دەچووینە ئەوێ و سەیرانەکەمان هەمیشە دەبوایە بەرخێک دووان بکرێن بە (بەربەسێر) و دەمانخواردن- فارس شێخ محەمەد دزەیی یاری (زۆرانباری)یان دەکرد. هەر دووکیان لەو... کە دەکەوتن، بەزەحمەت هەڵدەستاوە!

ئاهەنگەکانی (عەزیز قەساب و عەبدۆک- مقاولی میوەی معەسکەر و عەبدولخالق چەلەبی دەباغ... ئەوان هەر لەبیر ناکرێن... سالّی ١٩٧٥ کە (مەجلیسی تەشریعی کوردستان) دامەزرا- بابەکر پشدەری بوو بەسەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە- بەڕای من کابرایەکی ڕۆشنبیر و (معتدل) بوو... زۆر (تطرف)ی نەبوو... جا چەند جارێ دەعوەتی ئەندامە باشەکانی مەجلیسی دەکرد و لە مالّی خۆی دادەنیشتین، زۆربەی جار

حەیدەر و من و تایەر تۆفیق دەعوەت دەکراین.

حەیدەر و تایەر زۆر بەجورئەتەوە لەسەر داوای میوانەکان گۆرانی نیشتمانی کوردیان دەگوت... هەندێکیان لەگەڵمانا دەبوون بەکۆرس... لە عاشقانی دەنگ و سەدا و قۆریاتەکانی حەیدەر، کاک جەودەت ئەحمەد ناجی بوو... لە ئاهەنگەکانی موتەسەریفەکانی هەمیشە لەگەڵمانا بوو...

زوو زوو داوای ئەو گۆرانییانەی خۆشی دەویستن لێمان دەکرد و بۆمان دەگوتن... بەم شکلە ئەو ڕۆشنبیر و ئاغا و بازرگان و خەڵکی هەولێر حەیدەریان خۆشدەویست حەیدەر زۆر ڕقی لە تۆمارکردنی دەنگی دەبوو، ڕازی نەدەبوو کەس لەو خاوەن دەعوەتانە ئامێری (تسجیل) لەپێشی دابنێن و دەنگی تۆمار بکەن. بەڵام زۆر جاران بەدزی، قۆریاتەکان و گۆرانیەکانیان بەحیلە و حەوالە تۆمار دەکرد و ئەمڕۆ لەلای دووکاندارەکان و خاوەن ستۆدیۆی تۆمارکردن چەند کاسێتێکی حەیدەر چنگ دەکەون.



حەیدەر هەردوو قۆچەکانی ئەو بەرخەی گرتووە کە پاش دەمێک سەری بڕا و کرا بە(بەربەسێر)، لە سەیرانێک لە دەو زێی کەلەک- لە بەهاری ١٩٦١ لە خانووەکەی (عزەددین قۆجەوە). فارس ئاغا دزەیی لەلای ڕاستی وەستاوە.

لە ڕووداوە زۆر گرنگەکانی تر، هاتنی وەفدێکی مۆسیقا لە تورکیاوە لە سالاّنی حەفتاکان بوو، شەو لە یانەی فەرمانبەران (یان کۆنەکەی تەنیشت قەبرستانەکەی هەولێر) بەرامبەر بانقی ڕافدێن، ئاهەنگ لەوێ بوو. حەیدەر ئەو شەوە حەشری کرد- زۆر کەیفخۆش بوو- هونەرمەندە تورکەکانیش زۆر موعجەب بوون بەتەبەقەی دەنگی حەیدەر.

جارێکی تریش، لە هەمان شوێن، ئاهەنگێک کرا بەبۆنەی هاتنی خانمی گۆرانیبێژی تورکیا- ئایشەشان- بۆ هەولێر. ئەو شەوە، حەیدەر بەناوی هونەرمەندانی کورد و هەولێر و دانیشتوانی هەولێر، بەکوردی و بەتورکی، وتە بەخێرهاتنی ئایشە شانی پێ ڕاگەیاند و ئەویش وەڵامی دایەوە بەکوردی و خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بەهاتنی بۆ کوردستان. لەم ئاهەنگەش تایەر تۆفیق وە ڕەسوول گەردی و حەیدەر هەریەکە و فەسڵێکی خۆشیان لە گۆرانی و مەقام و حەیران وەک چەپکە گوڵ پێشکەش بەئایشەشان و دانیشتوانی یانەکە و هەولێر بەگشتی کرد. ئینجا ئایشە شانیش دەیەها لاوک و بەستەی فۆلکلۆری کوردی پێشکەش جەماوەرەکە کرد.

دوا ئاهەنگی گۆرانی کە حەیدەر و تایەر تۆفیق پێکەوە ئامادەی بوون و هەریەکە و جوانترین و خۆشترین ئاواز و مەقامی پێشکەش کرد، لە مالّی (عبدالغفار الضائع) بوو، کە (نائب امین عام)ی

پەروەردە بوو لە هەولێر. ئەو شەوە لە مالّی خۆیان، لە گەڕەکی (عەرەب)ی نوێ، بەبۆنەی سوننەت کردنی منداڵی، ئەو ئاهەنگەی کرد.

ئیسماعیل ڕەسوول (موحافیز) و گشت پیاوماقوول و حاکم و بەڕێوەبەرەکانی دائیرەکانی حکوومەت و پۆلیس و تاجیر و بازرگانەکان و ئاغاکان ئامادەبوون و هەموو جاریش حەیدەر و تایەر پێکەوە دەهاتنە سەر میکرۆفۆنەکە بەنۆبە هەریەکە کۆپلەیەکی دەگوت و من عوودم بۆ هەردووکیان لێ ئەدا.

ئینجا هونەرمەند، محەمەد جەزا، کە ئەویش ئامادەبوو، چەند بەستە و گۆرانییە خۆشەکانی پێشکەش کردن.

گۆرانیبێژی کوردی کوردستانی تورکیا هونەرمەند ئایشە شان خوای لێ خۆشبێ لە ساڵانی حەفتاکان گیراوە

ئەوەی باسم کرد، تەنها بەشێکی کەمی ژیانی (حەیدەر بەقاڵ) گۆرانیبێژی هەولێری بوو... هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، دوای چوونی بۆ حەج و لە ڕۆژی ٤ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٩ دڵی پڕ خۆشەویستی بۆ هەولێر و بۆ کورد و کوردستان، لە لێدان وەستا.

تەرمەکەشی بەڕێوڕەسمێکی شایستە لەلایەن هونەرمەندان و هەموو شاری هەولێر و لە دەرەوەی هەولێریش، بۆ قەبرستانی شێخەڵڵایان هەڵگرت... و لەوێ بەخاکی کوردستانی باب و باپیران سپێردرا.

بەداخەوە ئەو هونەرمەندە، وەک هونەرمەندێک، هیچ لایەنێک یا حکوومەتی ئەوسای بەغدا، جارێکیش نە تەکریم نەڕێزلێنان... هیچی بۆ نەکرا تا کۆچی دوایی کرد هەر بۆ کوردستان سروودی دەگوت:

«بمکوژن لەت لەتم کەن هەر دەڵێم کوردم ئەمن»

بەداخەوە ئەو ڕۆژی ئەمڕۆی بەچاوی خۆی نەدیت، نە ئەو نە تایەر تۆفیقی نەمر... کە هەمیشە عیشقی وڵاتیان لە لا موقەدەس بوو... میللەتەکەیان دەپەرست... بەگۆرانی ئەو تەعبیرەیان دەکرد.

کوردایەتی کردن لەلایان مەرج نەبوو هەر بە چەک بوایە! ئەگەرچی چەک چاکترین وەسیلەیە یان ڕێگەیە بۆ بەرگری لەخۆکردن و شەرەف و ناموس پاراستن! بەڵام هەندێ جاریش، سروودێک یا گۆرانیێک، کار و تەئسیری لە تفەنگ و تۆپ و شەستیر کەمتر نییە، ئەگەر ئەو سروودە داڕشتنێکی کاریگەری هەبێ و وشە و ڕستەی وەهای تێدا هۆنرابێتەوە کە زوو ئامانجی خۆی دەپێکێنێ و میللەت تێی دەگات و بەهۆی وتنەوەی، جەماوەر هەڵدەچێ و دەکوڵێ!!

٥- عەزیز ئاغا قەوان

لە سەرەتای ئەم نووسینەم لەسەر هونەرمەندی لاوک بێژی نەمر (عەزیز ئاغای قەوان)، بەچاکم زانی ئەم نامە کورتەی کوڕی عەزیز ئاغا، کاک عەبدولواحید عەزیز، کە بۆ منی نووسیوە لەو مێژووەی لەسەر نامەکەیە، لێرەدا بڵاوی بکەمەوە وەک بەڵگەیەک و هەروەها بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز ئەو زانیارییەی هەبێ کە ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژەی ئەمڕۆ باسی لێوە دەکەم، کوڕی و نەوەی ماون و لە هەولێری دێرین... پایتەختی کوردستانی ڕەنگین، نیشتەجێن و دەژین:

من کە ناوم (عبدالواحد عزیز)ە کە فەرمانبەرێکم لە نەخۆشخانەی هەولێری فێرکردن (مستشفى اربيل التعليمي) ئیش ئەکەم بەپیشەی برین پێچ (المضمد الصحي) کە خەڵکی شاری هەولێرم وەهەروەها لە شاری هەولێر لە دایک بوومە وەچەند خوشکێکم هەیە ژمارەیان ئەگاتە(٤) هەموویان لەناو مالّومندالّی خۆیان کە ئێمە هەمووما ن ئەولادی وەکوڕی هونەرمەند و لاوک بێژی ڕەسەنی کوردی (عزيز آغای) لاوک بێژین کە وا خۆیی لە عەشیرەتی زراریە لە گوندی هەبابان ژیابوو وەچەند ژنی هێنابوو ئەگەیشتە (٩) ژن یەک لەم ژنانە کە ناوی (مامز) بوو دایکی ئێمە بوو خەڵکی شاری هەولێر بوو.

ئیتر خۆشیتان

براتان عبدالواحد عزیز آغا موالید ١٩٤٦

٢٠٠١/٥/٢٠

لە دوا دوایی ساڵی ١٩٩٧، لە تەلەفزیۆنی هەرێم، لە هەولێر دامەزرام لە بەشی ئامادەکردنی بەرنامەی هونەری جۆراوجۆر. ئەوەبوو یەکەم شت بیرم لێی کردەوە، ئامادەکردن و پێشکەشکردنی بەرنامەیەک بەناوی (گۆرانیبێژە نەمرەکان). یەکەم ئەلقەش لەم بەرنامەیە تایبەت بوو بەژیان و هونەر و سەربوردەی هونەرمەندی کوردستانی ئێران، بەهەشتی (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی)، کە هەر لە دوا مانگی ساڵی ناوبراو - ١٩٩٧- پەخش کرا و خەڵک دەستخۆشیان لێ کردم و داوای بەردەوام بوونیان بۆ کردم، بۆ باسکردنی هەموو گۆرانیبێژەکانی ڕەسەنی کوردی کۆچکردوو!. ئەم هاندانە لە لایەن برادەر و هونەر دۆستانەوە وای لێ کردم، بەردەوام بم لە یادکردنەوەی ئەو مرۆڤە خەباتکەرانە- کە من بەبۆچوونی خۆم- کارەکەیان خەباتێک بووە و خزمەتێکی گەورەی هونەر و ئاوازی کوردییان کردووە و هەزارەها لاوک و حەیران و بەستەی فۆلکلۆری زۆر کۆنی کوردییان پاراستووە... جا چ بەتۆمارکردنیان لەسەر قەوان، کاتێ کە لە سەرەتای بیستەکانا چەند کۆمپانیایێکی پڕ کردنەوەی قەوان هاتنە بەغدا و دەستیان کرد بەدەرهێنانی قەوانی عەرەبی و کوردی بۆ گۆرانیبێژانی ئەوسا، کە هێشتا ئامێری

تۆمارکردنی کارەبایی (مسجلە) و هەروەها ڕادیۆ و تەلەفزیۆن پەیدا نەبووبوون، یاخود کاتێ ڕادیۆ و دەزگاکانی پەخشکردنی گۆرانی دامەزران لە بەغدا، کە یەکەم جار لە مانگی تەمووزی ساڵی ١٩٣٦ بەزمانی عەرەبی دەستی پێ کرد. ئێنجا پاش نزیکی چوار ساڵان، واتا لە سەرەتای چلەکانا پەخشی ڕادیۆی کوردیش، هەر لە بەغدا، دەستی پێ کرد. ئیتر گۆرانیبێژانی بەجورئەت و چاونەترس، پەیتا پەیتا، سەریان لەو دەزگایە دەدا و گۆرانی و بەرهەمی دیکەی هونەری و ئەدەبی بۆیان بلاو دەکرایەوە ڕاستەوخۆ!

لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩٧، وەک لە سەرەوە ڕوونم کردەوە، تا بەهاری ساڵی ١٩٩٩ چەند ئەڵقەیەکم لە بەرنامەکەم، زۆر سەرکەوتووانە، ئامادەکرد و پێشکەشم کردن هەر لە تەلەفزیۆنەکەمان، تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان، لە هەولێر، تایبەت بوون بە خوالێخۆشبووان، عەلی مەردان، مریەم خان، حەسەن جەزراوی، کاویس ئاغا، سێوە، تایەر تۆفیق، ڕەسوول گەردی... تاد.

عبدالواحد عزیز تاقەکوڕی عەزیز ئاغای لاوک بێژە لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر لە دایک بووە. ئێستاش لە هەولێر نیشتەجێیە.

بەم تەسەلسولە یان (زنجیرە)یە، نۆرە گەیشتە سەر خوالێخۆشبوو (عەزیز ئاغا) کە بەناوی (عەزیز ئاغای قەوان) مەشهوور بوو.

بەداخەوە هیچ وێنەیەکی ئەم هونەرمەندەمان دەست نەکەوت تاکو لەگەڵ ئەم ژیاننامەیەی بلاوبکەینەوە.

تەنانەت کوڕەکەشی (کاک عەبدولواحید) وتی: کاتی خۆی وێنەیەکی هەبوو لەگەڵ ڕەحمەتی کاکە زیادی کۆیی- مەبەستی کاکە زیاد غەفووری کوڕی حەمەئاغای کۆیە، ڕەحمەتیان لێ بێ- پێکەوە گرتبوویان، لەژێر قەڵاتی هەولێر، بەڵام دوای کۆچی دوایی باوکمان، ئەم وێنەیە ون بوو و تا ئێستاش نەمانزانی چی لێ هات... کێ بردی و چ وێنەی دیکەشی نییە.

ڕۆژی ٧ی نیسانی ساڵی ١٩٩٩ش ڕۆژێکی بەهاری خۆش بوو! سامالّ و هەتاو بوو. لەگەڵ فلمێکی تەلەفزیۆن کە بەسەرۆکایەتی خۆم بوو و بەیارمەتیدەرانم کە ئەوانە بوون: کاک زیاد تەنیا، وێنەگری تەلەفزیۆن لە هەرێم TV، مامۆستا جەلال مەلا حەسەن خۆشناو، نووسەری بابەتی هونەری گۆرانی و لێکۆڵەرەوە لە ژیاننامەیان، کاک واحید کوڕە تاقانەی هونەرمەندی لاوکبێژ عەزیز ئاغا، و هەروەها گەنجێکی ئاشنای ڕێگای سەفەرەکەمان بۆ گوندی (هەبابان)، بەتاکسیە بەرازیلیەکەی وەستا قاسم، سایقی تاکسی بەمانگانە لە تەلەفزیۆن، بەڕێ کەوتین و بەناو گوندی ناحیەی عەنکاوەدا ڕێگامان بڕی بەرەو ڕێگای بەحرکە ڕوومان لە چیای پیرمام بوو، بەڕێگایێکی زۆر ناخۆشدا دەڕۆیشتین... ترومبێلەکەشمان قورس بوو... شەش کەس بووین... بۆ سەیارەی بەرازیلی چوارکەس زیاتر، مانای تەنگ و چەڵەمەیە! ئێمە و ماشینەکەش ئەزیەتێکی زۆرمان خوارد... تاسە و گاشە بەرد و تۆزی ڕێگا و لەگەڵ گەرمای ناو ترومبێل بەڕۆژێکی هەتاوی مانگی نیسان...

مەپرسە چەند نارەحەت بووین! بەڵام لەبەر ئەوەی بۆ کارێکی هونەری پیرۆز دەچووین و هەموو مەبەستمان لەم گەشتە... خزمەتی هونەر و گۆرانییێژە نەمرە لەبیرکراوەکان بوو... بۆیە هیچێکمان، گوێمان نەدابووە زەحمەتەکە!

پاش دوو سەعاتێک، ئێنجا ڕێگامان کەوتە ناو چەم و زیخ و چەگلی ڕووباری بەستۆڕەی وشک و بێ ئاو! ئەو بەشەی نێوان ئەم دیوەی، لای بەحرکە، تا دەپەڕیەوە ئەو دیوی کە عارد و زەوی لای ناحیەی سەلاحەددینە، لێرە چەمەکە زۆر بەرینە و ماوەیەکی زۆری ویست تا پەڕینەوە ئەودیو. هەموشی بەناو بەردەلاّن و کەند و کۆسپ و جۆگەی وشک و درک و دار... کە بەڕاستی من خەفەتی ترومبێلەکەم دەخوارد، زۆر گەرما بوو! کاک زیادی وێنەگریش، لێرە و لەوێ دادەبەزی و گۆشەیەکی هەڵدەبژارد و دەدۆزیەوە ئینجا ئامازەی بۆ دەکردین کە حەرەکەت کەین و ئەویش وێنەمانی دەگرت چۆن لەناو ترومبێلەکە بەناو ئەو ڕێگایە خۆلە پڕ ئەو دار و بەرد و لۆفەی تەسک و تەلانی پڕ مەترسی، بەهێواشی بەرەو پێش دەڕۆیشتین...

دوای نیو سەعاتیک و بەڵکە زیاتریش، کوڕە گەنجەکە پەنجەی بۆ گوندێک دڕێژ کرد لە دوورڕا دیاربوو... چەند خانووێکی قوڕی نیشان داین و گوتی: ئەوە هەبابانە!. گوتمان ئەلحەمدولیللا بەسەلامەتی هەموومان و ترومبێلەکەش، گەیشتینە ئێرە و باقی ڕێگاش خوا کەریمە!

پێش ئەوەی بگەینە گوندەکەی عەزیز ئاغا، وەستاین و من دابەزیم. لێرەوە بەپیاسە بەرەو گوندەکە دەچووم بەهێواش و کاک زیاد لەپێشمەوە بەکامیراکەی وێنەی دەگرتم کاتێ دەستم کرد بەپێشکەشکردنی (ئەڵقەکە) و گوتم:

«بینەرانی خۆشەویست، ئەو کاتە و هەموو کاتێکتان باش!»



لایەک لە دەوروپشتی گوندی هەبابان

ئینجا پەنجە گەورەکەم دڕێژ کرد و بەئیشارەت بۆ گوندەکە، وتم:«ها... ها... ها... هۆو گوندە... ناوی (هەبابان)ە، شوێنی لەدایکبوونی لاوکبێژی بەناوبانگ (عەزیز ئاغای قەوان)ە، کە ئیمرۆ وا هاتووین بۆ ئەوەی بچینە ناویەوە و ئەڵقەی ئەمجارەمان لەبەرنامەی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) لەوێوە پێشکەش ئێوەی بەڕێز بکەین کە تەرخانە بۆ ژیاننامە و لاوکەکانی عەزیز ئاغا».

دوای ئەم پێشەکییە، سواری ترومبێلەکە بوومەوە لەگەڵ کاک زیادیش و بەرەو دێیەکە حەرەکەتمان کردەوە و لەسەرەخۆ ئەو بەشە ڕێگایەی کە مابوو بڕیمان و گەیینە ناو گوندەکە کەوا سەر بەناحیەی پیرمام (مەسیف سەلاحەددین)ە دێیەکە دیاربوو دەوروپشتی بەگیا و گوڵی سەوز و ڕەنگاوڕەنگ دەورە درابوو... دەشتایی بوو... نزیکترین بەرزایی گرد و چیای پیرمام - بەشی

ڕۆژئاوای بوو. هەندێ مەڕ و ماڵات و گاو گوێلک، هەر لە نزیک ماڵەکان دەلەوەڕان چونکە گیای لێ بوو و تازەش هاتبوونەوە لە دەشتێ! کاک زیاد هەندێ وێنەی جوانی ئاژەڵەکان و ماڵەکان گرت کە دیار بوو هەندێکیان تازە دروست کرابوونەوە، چونکە دێیەکە لە شەڕی عیراق و ئێران، حکوومەتی عیراق کاوڵی کردبوو... تێکی دابوو خەڵکەکەش ئەوی هەڵاتبوو و ئەوی چووبووە شار... لێرە و لەوێ خۆیان ون کردبوو!

دیسان داوای وێنەیەکی هونەرمەند، عەزیز ئاغام لە هەندێ لە دانیشتوان کرد، لە پیاوە بەتەمەنەکان... بەڵام وتیان ئێمە دێیەکەمان چۆل کردبوو... تازە هاتینەوە و هیچمان نییە، جا وێنە لەکوێ پەیدا کەین!

پێشتریش من لە هونەرمەند (محەمەد ئەحمەد ئەربیلی) گۆرانیبێژ داوام لێی کردبوو وێنەیەکی عەزیز ئاغام بۆ پەیدا بکات، چونکە دەبێتە زاوای- واتا کاک محەمەد ئەربیلی کچی گەورەی عەزیز ئاغای هێناوە و تا ئێستاش هاوسەریەتی! بەڵام کاک محەمەدیش سوێندی خوارد کە قەت وێنەی عەزیز ئاغای نییە و هەر پەیدا نابێ!

عەزیز ئاغا، وەک لە قەوانەکانیرا بۆم ڕوون بۆوە، دەنگ و لاوکەکانی کاویس ئاغا زۆریان کار تێ کردبوو و هەر لەسەر شێوەی ئەو لاوکانەی کاویس ئاغا، عەزیز ئاغاش قەوانی تۆمارکرد. بگرە هەندێ لاوکەکانی کاویس ئاغای یەکسەر دووبارە کردەوە و لەسەر قەوانان تۆماری کردن وەک لاوکی ئەرێ کچێ زاڵمی زاڵم بابێ، گەنج خەلیل، ئەی لێ نەزانێ... تاد.

من خۆم گوێم لەو قەوانانە دەبوو و زۆریشم خۆش ویستن چونکە بەئەسل من کاویس ئاغام خۆش دەویست و حەزم لە دەنگی دەکرد.

بەڵام دەنگی عەزیز ئاغا کەمێک (قەبە) و ئەستوورتر بوو کە لاوکەکانی دەگوت... هەروەها هەندێ دەسکاری لاوکەکانی کاویس ئاغای دەکرد و لەلای خۆیەوە ڕستە و وشەی تازەی دەهاویشتە ناویانەوە!

هەڵبەتە عەزیز ئاغا، ئاغا نەبوو! کە لە پیاوە بەتەمەنەکانی هەبابانم پرسی، ئەوانی کە عەزیز ئاغایان دیتبوو و دەیانناسی: ئایا عەزیز ئاغا بەڕاست ئاغای دێیەکەتان بوو؟ لە وەڵامـا وتیـان: «نەوەڵڵا، فەقیـرە، نە ئاغا بوو و نەکوێخاش! چ نەبوو. گەنجەکی هەژاری خێزانێکی گوند بوو وەک ئەوانی تر! ئەو عادەتە، کۆمپانیاکانی قەوان گرتبوویان لە سـاڵانی بیـست و سی و چلەکـان... ئەگـەر گۆرانیـبێژێکی کورد لە لایان گۆرانی تۆمـار بکردایە، ناویان لێ دەنا: فلان ئاغا: بەم جۆرە چەند (ئاغا)یێکی گۆرانیبێژمان بۆ پەیدا بوون وەک:

لاوک بێژ سەعید ئاغای جزیری

کـاویس ئاغـا، محـمد مـەندۆ ئاغـا و حـەسـەن ئاغـای جزیری و سەعید ئاغای جزیری ومحمد عارف ئاغا... و هەروەها بۆ ئافرەتی کوردیش (خان... یا خانم، بەناویانەوە دەڵکاند وەک: مریەم خان، ئەڵماس خان، مەنیجە خانم... تاد.)

کـاتێ من خەریکی ئامـادەکـردنی بەرنامـەکە بووم بۆ تەلەفـزیۆن،

زۆر لە برادەران و تەنانەت قـوتابیـانی پەیمانگای هونەرە جـوانەکـان و هەندێ لەو گـەنجـانەی خـۆیان بەگۆرانیبێژ دەژمێرن دەیانپرسی: چما گۆرانیبێژ بەناوی (عەزیز ئاغا) هەبووە؟ کەی؟ لە کوێ ژیاوە؟ ئەم پرسیارانە و پشـتگوێ خستنی بەرهەمەکانی ئەم گۆرانیبێژە و نەبیستنی تاقە لاوکێکیشی لە هەموو ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی هەرێم، زیاتر پەستیان کردم... من لە دوای لاوکەکانی کاویس ئاغا، ئەوانی عـەزیز ئاغـام گـوێ لێ دەبوون لەو چایخانانەی سندووقی قـەوان (گرامـافـۆن)یان هەبوو لە کـۆیە، وەک چایخانەی زرار و عـەبـۆ قـاوەچی... لە چلەکانا و و دوای دامەزراندنی ڕادیۆی کوردی بەغداش، جاروبار قەوانێکیان لێدەدا، زۆر کەیفم پێیان دەهات! باشە ئەمڕۆ لە دوای ڕاپەڕین... چۆن گۆرانیبێژە کۆنەکان بەم شکلە کەس لێیان نەپرسێ و ڕۆڵی خزمەتکردنیان لە مەیدان و لە بواری هونەری ئاواز و گۆرانی کوردی ئاوا بەیەکجاری باس نەکرێ و پشـتگوێ بخرێن؟. بۆیە من بەم کـارانە هەڵسـام... بەڵکو بتـوانم وەک خزمەتێک بۆ گۆرانیەکانی عەزیز ئاغا کەوا بزر بووبوون و ئیهمال کرابوون نە ناو و نەدەنگ و نەلاوک و نەبەستەکانیشی... قەت کەس گـوێی لێ نەدەبوون! منیش، دوای سۆراخکردن و پرسین و چۆن و مۆن... لێرە و لەوێ و لەم و لەوم پرسی، تا لە هاوڕێی خۆشەویستم کاک جەلال مەلا حەسەن خۆشناوم زانی کە ئەو زانیاری هەیە دەربارەی عەزیز ئاغا.

هەروەها وتاریکی نیشان دام کە لەکاتی خۆی لە ساڵی ١٩٨٦ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بلاوکردبۆوە و نوسـخـەیەکی کـۆپی کـراوی دامێ... بەم کـارە زۆر گـەشـامـەوە... چونکە سـەری داوەکـەم دۆزیەوە! ئەو مامۆستایە، وەک بۆم ڕوون بۆوە، زۆر خۆی مـاندوو دەکات و بەدوای ژیاننامەی ئەو هونەرمەندە ڕەسەن و لەبیر کراوانە، دەگەڕێ و دەپشکنێ تا هەرچی هەیە لە بابەتیانەوە بەدەستی بکەوێ وەک زانیاری تەواوی هەبێ.

بۆیە پێکەوە، لەگەڵ مامۆستا جەلال، بڕیارمـان دا ئەلقەیەک لە (گۆرانیبێژە نەمرەکان) پێکەوە ئامادە و وێنە بگرین بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم، وەک ئەوەکەی لەسەر کاوێس ئاغام ئامادەکرد، پێشتر!

ئەوە بوو، ئێتر وەک باسم کرد، گەیشتینە ناو گوندی (هەبابان)ی زێدی عـەزیز ئاغای لاوک بێژ! هەر کە بەناو کۆڵانەکانی گوندەکەدا، چەند پیاوێکی بەتەمەنمان بینی و چاک و خۆشیمان لە گەڵیانا کرد و مەبەستی هاتنەکەمان بۆ گوندەکـەیانمان ڕوون کردەوە، ئەوانیش زۆر کەیفخۆش بوون و یارمـەتیـیـەکی زۆریان داین. جارێ زوو ڕایانگەیاند کە گوندەکەیان بەر شـاڵاوی خـاپوورکردن و ئەنفال کـەوت لەسـەر دەستی ڕژێمی عێراقی پێش ڕاپەڕین، خشتی لەسـەریەک نەمابوو! بەڵام دوای ڕاپەڕین، وا خەڵکی گوند و ناوچەکە ڕۆژانە و هەفتـانە... بەشـێکیان دەگەڕێنەوە و ورده ورده خەریکی دروستکردنەوەی کۆلیت و خانووە قوڕەکانیانن. ئێمە بەچاوی خۆشمان بینیمان لێرە و لەوێ خەڵکانێک خەریکی کاری قوڕکاری بوون، لە خشت بڕین و بناغە هەڵکەندن و کاریتە و دار کۆکردنەوە... هەندێ مەڕ و ماڵات و مریشک و کـەڵەشـێریش، لەناو گـیـا و زبل و خـۆڵ هاتوچۆیان بوو و دەلەوەڕان، بەئاسـوودەیی و بێ ترس! ئای کـە ژیانی دێهـاتی خۆشە... براڵە! چەندم حەز دەکرد لە قەد چیایەکی ئەو وڵاتە خۆشەم، خۆم و خێزانم بژیاینە لە نێو خانوویەکی بەرد یا قوڕ... لەنێو دارستانێک لەگەڵ چەند سەرە مەڕێک و چێلێک و گرامافۆنێک،

نەک ڕادیۆ و موسەجیلە! من زەوق لە قەوان زیاتر وەردەگرم، نەک لە ڕادیۆ و کاسێت! ئینجا شەوانە، لە ناو هەیوانێک دانیشتبام لەگەڵ یەک دوو برادەری بەزەوق و هونەر دۆست و بەعوود و شمشاڵ... گۆرانیمان بچڕیان و دەوروپشتمان دەنگەکەیان بگێڕابایە و سەدای بچووبایە ئەو دیوی هەرە دووری ناوچەکە! ژیانی نێو شاخ و ڕۆخ ڕووبار و دار گوێز و هەنار و هەنجیر و باوی و تریێ و هەرمێم زۆر لا خۆشترە لەو ژیانەی ناو شار و هەرای ترومبێل و هۆڕنی نشاز و قەرەباڵغی خەڵکی سەر شەقامەکان... بەڕاستی ئەم جۆرە ژیانە تامی لێ وەرناگرم!

لەو پیاوانەی چاومان پێیان کەوت، هەندێکیان تازە گەڕابوونەوە جا لێمان پرسین ئەگەر هیچ زانیاریەکیان لەیاد مابێت و بیرەوری خۆیان بۆمان بگێڕنەوە لەبابەت عەزیز ئاغاوە. یەک دووانێکیان هاتنە قسە و لە گفتوگۆیەکانیان دەریان خست کە ئەوان عەزیزیان دیتبوو و دەیانناسی، کە هەموویان هێشتا مناڵ بوون. تەنانەت یەکێکیان، وا بزانم ناوی مام سلێمان بوو، تەمەنی لەنێوان ٥٠-٦٠ ساڵی دەبوو، شوێنی خانووەکەی ماڵی باوکی یا برای عەزیزیشی نیشان داین. بەڵام هەڵبەتە تێکدرابوو. کەسیشیان نەهاتبوونەوە تا دروستی بکەنەوە. تاکە کوڕیش، کاک عەبدولواحید لەگەڵمانا ڕاوەستابوو گوێی لە ئاخاوتنەکان بوو و وتی: من ئێستا لە هەولێر نیشتەجێم و لە نەخۆشخانە برین پێچم و مەعاشم و وەزیفەم لەوێیە! بێمە ئەم دەشتە چی بکەم؟

نە فەلاحەتی دەزانم. نە چاندن و دروێنە و مەڕبەخێو کردن.

من منالّی هەولێرم! لە گوند نەژیاوم. ماڵ و منالّیشم هەر لە شار ژیاون.

هەروەها خۆشکەکانیشم، هەموویان مێردیان کردووە و ماڵ و منالّی خۆیان هەیە لە شار! کێ دێتە ئێرە! ڕاستیشی کرد، کاک عەبدولواحید عەزیز ئاغا بەنیسبەت وەزع و بارودۆخی خۆیان هەرکەسەش ئازادە لە چۆنیەتی ژیانی و ڕابواردنی!

ئەم جۆرە ژیان خۆشتر نییە لە ژیانی ناوشار؟ وێنەیەکە لەگەڵ تێپی مۆسیقای (نالی) لە سەیرانێک لە بناری چیای (سەفین) گیراوە لە ٢١نیسانی ساڵی ٢٠٠٠

مام سلێمان ئەحمەد گوتی: « تەمەنم ٦٠ شەست ساڵە. بەڵێ زۆر باش لە بیرمە کە ماڵی باوکی عەزیز ئاغای هونەرمەند لێرە بوون و عەزیزیشم زۆر چاک لەبیرە و لەپێش چاومە و تەمەنمان نزیک یەکتر بوو!»

مام (هادی)ش کەمێک گەورەتر دیاربوو بەعومر، ئاماژەی بۆ دیوارێک کرد لەو شوێنەی لێی ڕاوەستابووین و گوتی: «ئەمە دیواری زێ برای عەزیز بوو. ناوی (عارەب) بوو». بەداخەوە ئەو کاتەی ئەم قسانەمان دەکرد، عارەب لە گوندی نەبوو، نەماندیت!

هەندێ باس و خواسی دیکەشیان بۆ دەگێڕاینەوە کاتێ هەموومان بەناو کۆڵانەکاندا بەپیاسە دەڕۆیشتین و ئەوبوو لە گوند چووینە دەرەوە بۆ دەشتە کەسک و هەوا خۆشەکە- لەوێ لە قەد تەلانێک کە دەغڵیشی لێ چێندرابوو بەرامبەر دێیەکەیان، هەموویان لەسەر زەوی، لەناو گیا و دەغڵەکە، لەسەر شکلی ئەللقەیەک لێی دانیشتین و کاک زیاد لەولاوە وێنە و گفتوگۆیەکەی تۆمار دەکرد!

من لە تەنیشت مامۆستا جەلال خۆشناو دانیشتم و لەو لای تریشمەوە کاک عەبدولواحیدی کوڕی خوالێخۆشبوو، دانیشت- ئینجا ڕووی پرسیارم لە مامۆستا جەلال کرد و داوام لێی کرد سەربوردەیەکی تێروتەسەلّمان بۆ بگێڕێتەوە لە ژیاننامەی ئەو گۆرانیبێژە دەنگخۆشە. جا کاک جەلال بەدوورودرێژی بۆی باس کردین و هەندێ کاغەز و دەفتەریشی لەپێش خۆی، لەسەر زەوییەکە دانابوو، جاروبار سەیری دەکرد بۆ دۆزینەوەی میژووێک یا ڕووداوێک یا ناوی قەوانێک...

لە باسەکەی مامۆستا جەلال بۆمان ساغ بۆوە کە:

عەزیز ئاغا، لەو دێیەی کە تیایدا دانیشتبووین، واتا دێی (هەبابان)، لە یەکێک لە خانووە قوڕەکانی دێ کە کەوتووتە سەر چەمەکەی بەستۆرە، لای خوارەوەی... واتا بەرەو ڕۆژئاوا، لە ساڵی ١٩٠٤ ز چاوی کراوەتەوە.

لەم ناوچەیەی پێی دەڵێن (زرارەتی)، سەر بە هەولێر، لەدایک بووە، لە خێزانێک وەک هەموو خێزانەکانی دیکەی گوند: هەژار... فەلاح و کاسبکار. وەک منالّ، لە ناو ئەو کوچە و کۆڵانە تەسک و پڕ لە خۆڵ و بەرد و تەنانەت زبڵی ئاژەڵیش، لەوانەشە بە پێ خاوسی، هاتووە و چووە و هەڵاتووە و یاری لەگەڵ منالّەکانی هاوتەمەنی کردووە... لەگەڵ دەنگی باڕەی بەرخۆڵان و چریکەی مەل و تەیروتواری ئەو دەشتە پان و بەرینە پڕ گوڵزار لە بەهارا... لەگەڵ هاژەی و ئاوی ڕووبارەکەی بەستۆرە کاتێ کە بەفرەکان لەسەر شاخەکانی پیرمام و سەفین دەتاوێتەوە و بەرەو دێیەکەیان دەهات... لەم کەش و هەوایە ساف و بێ گەردە ژیاوە ئاوی بەفرینی کوردستانی شیرینی خواردووە و پێی گەورەبووە... ئیتر چۆن دەنگی خۆش نەبێ و نەبێ بەو لاوک بێژەی کە ئێمە زۆر درەنگ ناسیمان، کاتێ کە هەر دەنگی مابوو بەڵام خۆی نەمابوو!

ئەم هونەرمەندە ناوی تەواوی (عەزیزە کوڕی عەلی، کوڕی عەزیزە) واتا بەناوی باپیریەوە ناو نراوە! ئەم خێزانەش وەک هەموو دانیشتوانی گوندەکە، لە خێڵی زراری بوون. دایکی عەزیز، خوای لێ خۆشبێ، ناوی (ئایشێ) بوو، خەڵکی گوندی (سرێشمە) بوو و خوشکی مەلا تاهیر بوو کە بە (مەلای ڕەش) ناسرابوو!

مامۆستا جەلال، زیاتر گوتی: «ئەم کوڕە کە کەمێک هەراشتر بوو، لەگەڵ منالّەکانی تر، لەلای مەلای گوند بوون بەسوختە و قورئانی پیرۆزیان دەخوێند و وەک فەقێیەکانی دیکەش فێرە ئەلف و بێ دەبوو! بەڵام کە عەزیز گەورەتر بوو، خوێندنی لای مەلای بەجێ هێشت و تەواوی نەکرد و وازی لە ئەلف و بێ هێنا و کەوتە سەر کار و کاسبی فەلاحەتی و بەدوای نان پەیداکردن بۆ باب و دایک و براکانی کەوت.

دیارە گوزەرانیان باش نەسووڕاوە... عەزیزیش وەک باسیان کرد، کوڕێکی بەهۆش بووە و ئەحوالّی دنیا و مەعیشەتی خێزانی تێگەیشتووە و هەوڵی داوە ژیانێکی چاکتر و ئاسوودەتر بژین. بەتایبەتیش، وەک

مامۆستا جەلال فەرمووی: کاتێ عەزیز تەمەنی دەگاتە چوارده پانزه ساڵان، تازه شەڕی جیهانی یەکەم (١٩١٤-١٩١٨) کۆتایی هاتبوو و ئاگری بێ ئامانی ئەو جەنگە کوژاوێوە بەڵام ئاسەواری لە هەموو قوژبنێکی دونیا دەرکەوتبوو... فەقیری و هەژاری و بێ کاری و بێ پارەیی هەمو جیهانی گرتبۆوە!

دەوڵەتەکان ماندوو، بێ هێز... کارگەکانی بەرهەمهێنان تێک شکێنرابوون ئەم شەڕە، سەفەر بەلگ ناوی لێ نرابوو... چونکە دەوڵەتی عوسمانی هەموو گەنج و لاوەکانی وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی خۆی ڕاپێچ دەکردن و بەرەو جەبهەی شەڕی دەناردن و هەموشیان دەکوژران و دەبوونە قوربانی (خەلیفە)ی عوسمانی! جا لە کوردستانیش هەمان شت ڕووی دەدا... سەدەها لاوی خێزانە هەژارەکان و بێ دەسەڵاتەکانیان بۆ شەڕ بردن و نەهاتنەوە.



مامۆستا جەلال مەلا حەسەن

عەزیز ئاغا لەم جۆرە دنیایە ژیا و گەنجایەتی لەو دێیە بەسەر دەبرد لەگەڵ برادەران و هاوتەمەنی.

مەلا حەمدوونی شاعیری نەمر، کە بەکوێری لە دایک بوو بوو و بەکوێری ژیانی نەژین و نەمری... بەخەفەت و خەمەوە ڕۆژانی دەهاتن و دەچوون و لە شیعرێکی زۆر ڕێک و جوان بەڵام فەلسەفە ئاسا، وەسفی ئەو جەنگە مااڵ کاولکەرە دەکات، ئەگەرچی لێی دوور بووە و نەشیبینیوە، دەڵێ:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە عالەم شڵەژاوە
هەرکەس بە جەخاری جگەری قیمە کراوە
هەر شەش جیهەتی گرتووە ئاشووبی موسیبەت
مێشوولە مەجالی نییە دەرچێ لە هەواوە
وەک تەرزە ئەباری بەهەموو دەم ئەسەف و غەم
هەوری غەزەبی قڕی خودا تونڊ و بەتاوە
گیرۆدەیە ئەم عالەمە هەر کەس بە سیاقێ
کەوتووتە کەشاکەش بە قوماندەی ئومەراوە
ئەم زاڵمی سەففاکی (سەفەر بەرلگە) ئیمرۆ
نامەی فەرەحی داوە بە دەم بادی فەزاوە...

عەزیزی هۆشمەند... لەو تەمەنەی ١٥، ٢٠ سالآنەدا، دەبوایە شتێ بکا و خێزانەکەی باوکی... بەرەبابەی دوو ژن... برا و خوشک، ئەو کوڕە گەورەبوو دەبوایە ئاگاداریان بێ... خۆی بەرپرسی بێ.

ئەگەرچی ئەم کوڕە هەستیارە... هەستی بەوەش دەکرد و بەگوێرەی هەبوون کاسبی دەکرد، بەڵام بەهرەیەکی گۆرانی گوتنی لە ناوەوەی خۆی هەست پێ دەکرد... هەستی دەکرد لە خوێنیان ئاواز بەناو

شادەمارەکانی دەچنە ناو دڵیەوە و لەپاشان بۆ ناو هەموو لەشی و جەستەیدا پەرتو بڵاو دەبوونەوە و... هەستی لاوک گوتن لە مێشکیدا دەخولایەوە!

زۆری نەبرد... کە بارودۆخ کەمێک لە دەوروپشتی ناوچەکە و بگرە دنیاش، کەمێک خۆشتر بوو، خەڵک شەڕ و سەفەر بەلکیان لەبیر چۆوە و هەریەکە دەستی کرد بە پرۆژە دانان بۆ دواڕۆژی خۆی...

عەزیزی هونەرمەند، ڕووی لە شاری هەولێری دێرین و ئاوەدان کرد، چونکە دەیبیست لە هەولێر، لە دیوەخانان، گۆرانیبێژ بەدەم گۆرانییەوە، ئەو دانیشتن و مەجلیس و دیوەخانانە گەرم دەکەن و لاوک بێژی وەک کاویس ئاغا کە سەر قافلەچی ئەم بەزمانە بوو... بۆیە هاتە هەولێر و تێیدا نیشتەجێ بوو و کردیە شوێن و شانۆی جموجوولێ چالاکییە هونەرییەکانی خۆی...

هەولێری ئەو کاتیش هەولێرێکی کوردی پڕ داب و نەریتی کوردەواری بوو. جێی ڕابواردنی سەیرانی دەشت و دەری زۆر بوو. دەنگخۆشی زۆری لێ پەیدا بوو بوون...

چایخانەکەی (عەلی فلەیح) زۆر بەناوبانگ بوو. شوێنی دانیشتن و کۆبوونەوەی شەوانی زستان بوو کە خەڵک لە دەورەی سۆبەی دار و دەنگی خۆشخوانان کۆ دەبوونەوە و بە دەم چا و قاوە و شیر خواردنەوە، گوێ بیستی ئەو هونەرمەندانە دەبوون.



هەولێر سالی ١٩٣٥ بە کامێرای گیوی موکریانی

مام سلێمان (دانیشتووی دێی هەبابان ئەمڕۆ- باسی هات لەپێشەوە) وتی:

«من عەزیز ئاغام دەدیت کە دەچوومە هەولێرێ، لەو چایخانەی ئەوان لێی دادەنیشتن و مەقامیان دەگوت. دیسان لە دیوەخانەشم چاو پێ کەوتیە کە لاوکی دەگوت بۆ ئاغا و دانیشتوەکانی دیوەخانە و میوانەکانی... گەنج بوو، دەنگی زۆر خۆش و بەهێز بوو» لێم پرسی: ئەی باشە بۆچی لێرە- واتا لە گوندی ڕۆیی و چووە هەولێر؟ مام سلێمان وەڵامی دامەوە و گوتی: «وەڵاهی پێم وایە بە عێدزی- واتە تووڕەبوو- و ڕۆیشت. دڵی لە مااڵوە شکابوو! چووە هەولێر!» مام سلێمان، شتێکی دیکەشی هاتەوە یاد لەم بابەتەوە فەرمووی: «جارێکیان عارەبم دیت دەیویست سەفەرێ بکات- لێم پرسی: کێوە دەچی؟ گوتی: دەچمە لای برام- عەزیزی برام.» پێشتر باسم کردووە کە ئەو (عارەب)ە زۆر برای عەزیز ئاغا بوو- یەعنی لە ژنەکەی دووەمی باوکی بوو! بەڵام دیارە یەکتریان خۆش دەویست. من هەر بۆ پێکەنین لە ئامادەبووانی دانیشتنەکەمان لە هەبابان پرسیم: داخوا زیز بوونەکەی لەبەر چی بوو؟ ئایا حەزی لە کچێکی گوند کرد و نەیاندایێ؟ ئایا خەڵکی گوند یارمەتیان

نەداون کە دەستکورت بوون؟... بەڵام پیاوەکان پێکەنین و گوتیان:

«وەڵڵاهی ئەوجا ئەمە نزانین داخوا لۆ تووڕە بووە! دەبێ شتێک لەوانەی باست کرد ڕووی دابێ، لۆیە عێدز بوو و ڕۆیی! دەنا لۆ دەڕوا...؟»

ئەمەی ڕاستی بێ کە من ئەو پرسیارەم کرد، لەسەر ئەساسێک بوو! لە دەرئەنجامی زانیاریەکی مامۆستا جەلال بوو کە گوتی:

عەزیز ئاغا لە هەولێر سێ ژنی هێناوە! بۆیە من وای بۆ چووم و بۆ خۆم گوتم: لەوانەیە لە دێیەکەی حەزی لە کێژێک کردبێ، بەڵام باب و دایکی کێژە ڕازی نەبووین کچەکەیان بدەنێ. ئەویش لە ڕکان هەستا چووە هەولێر و لە ماوەیەکی کورت سێ ژنی هێنا! لە سێیەمی، کە ناوی (مامز) بوو، چوار کچ و کوڕێکی بوو... ئەوەی کە کوڕەکەی، کاک عەبدولواحید، لە پێشەکیدا باسی لێوە کردووە! ئێستاش هەموویان لە هەولێرن!

لە خەڵکی تریشم بیستووە کە عەزیز ئاغا دڵتەڕی وەک خۆی نەبووە.

حەزی لە ژن بوو! حەزی لە پۆشتەیی و جلوبەرگی جوان و خاوێن و ڕێکوپێک بووە. زوو زوو جلی تازەی بۆ دەهات بەدیاری لەلایەن ئاغاکانەوە کە دەچووە لایان... ئەمەشم وەک ڕەحمەتی ڕەسوول گەردی دێتە پێش چاو... کە ئەویش هەمیشە پۆشتە و جلی تازە و قاتی جلوبەرگی کورتەک و شروالّی نوێی بۆ خۆی دەکڕی.



کچە کوردێک و سەماوەر و چایە لەژێر ڕەشمالێکی کوردەواریدا

کاک واحیدی کوڕی ڕەحمەتی گوتی:«کە باوکم کۆچی دوایی کرد، من پۆلی سێیێ سەرەتایی بووم.- واتا تەمەنی دەبێ لەنێوان ۹و۱۰ ساڵان بووبێ: جا بۆیە، دەڵێ: من زۆر شتم نایەتەوە بیر! بەڵام باوکم هەمیشە لەپێش چاومە! باوکم بە قەڵافەت بوو ئێمەی زۆر خۆش دەویست. ڕووحی لە لای ئێمە بوو. کە دەچووە دەرەوە یا بۆ سەفەر و گەشت بۆ شار و شارۆچکەکان، چاکترین و نوێترین جلکی لەبەردەکرد. سەرو مشکی یان هەوربیەکی گەورەی لەسەری دەبەست.

سمێڵێکی گەورە و پڕی هەبوو، هەمیشە بۆیاغی دەکرد، بەخەنە و دەرمانێکی تر. ئەم قسەیە مام سمایلیش لە خەڵکی گوندەکە دەری بڕی گوتی: ئەوەی بزانم خەنەی لە سمێران (سمێڵان) دەنا!

بەڵام مامۆستا جەلال خۆشناو ناوی دەرمانەکەی چاکتر دەزانی و گوتی:

«وەسمەی بەکار دەهێنا بۆ ڕەنگکردنی سەر و سمێڵ!» هەروەها کاک جەلال و ئەوانی تریش گوتیان:

هەموو ددانەکانی خۆی بەزێڕ داپۆشیبوو. حەزی لە (جوانی) بوو... حەزی دەکرد سەرنجی ئافرەت ڕاکێشی بۆ خۆی! دڵتەڕ بوو!

بەڕاستی ئێستا من، لە خەیاڵی خۆم، وێنەیەکی لەسەدا سەدی عەزیز ئاغام کێشاوە... ئەگەر ڕەسمم باش بزانیبا و فڵچە و بۆیاغم بزانیبا بەکار بێنم، لەوانەبوو وێنەیەکی تەواوی عەزیز ئاغام ڕەسم کردبایە! زۆر خەم و خەفەت دەخۆم کە ڕەسمێکی ئەو هونەرمەندە پۆشتە و ڕێک و سواڕە چاکەم چنگ نەکەوت!

خۆ لە ساڵانی پەنجاکان وێنەگر لە هەولێر هەبوون... هەر هیچ نەبێ دووکانی - یا چاپخانەی کوردستان-ی گیوی موکریانی، مەکینەی وێنە گرتنیشی هەبوو و ئامادە بوو هەرکەسێ بیەوێ، وێنەی بۆ بکێشی بەکامیراکەی... ئەگەرچی کامیرایەکی سادەی، سەدەی نۆزدەهەمیشی بوو! باشە بۆچی وێنەی خۆی لەوێ یا لە شوێنی تر نەگرتووە؟

نازانم ئەم زاتانە... هەندێک کەس هەن لە خزمان و خاو و خێزانی هونەرمەند و ئەدیب و شاعیر و پیاو ماقوول و ئاغایانی ئەم کوردە، بۆچی ئەوەندە کەمتەرخەمیان کردووە لە بابەت وێنەگرتنی ئەو مرۆڤە مێژوویی‌یانە! یاخود هەر ئەوان خۆیان، چۆنە کە حەزیان لەوە نەکردووە وێنەی خۆیان لە لای وێنەگرەکانی شار بگرن بۆ جوانی و بۆ دوارۆژ.

عەبدولڕەحمان گیوی موکریانی

من موعجەبم- لەم لایەنەوە- بە هونەرمەندی حەیران بێژ کاک ڕەسوول گەردی ڕەحمەتی!

ئەگەر بڵێم... سەد، تۆ بڵێ پێنج سەد ڕەسمی هەیە... بەتەنیا و یا لەگەڵ ئاغاکان کە چووتە گوندەکانیان، یا لەگەڵ هونەرمەندان... ئەگەر بچیتە ژوورەکەی مام ڕەسوول، کە ئێستا کاک (سەفین)ی کوڕی وارسیی... واتە میراتگری باوکیەتی، سەیری دیوارەکان بکەی، لەژێر سەقفەکەوە بەمەسافەیەکی وەک یەک، دەیان وێنەی خۆی و هونەرمەندانی تر، بەگەورەیی و لەناو چوارچێوەی جوان گرتوون و هەڵی واسیون. ئەمانە جگە لە ژمارەیێک ئەلبوومی وێنەی فوتۆگرافی کە ڕەنگە دووسەد وێنەیان زیاتر تێدا هەبێ. ئەمە کارێکی باشە.

من خۆشم ئەم کارەم کردووە. هەر لەو ڕۆژەی هەستم بەبوونی خۆم کردووە... لە تەمەنی دە ساڵ... تا ئەمڕۆ، هەوڵم داوە لە هەر موناسەبەیەک... لە هەر ئاهەنگێک... لە هەر سەیرانێک... لەگەڵ هەرکەسێک وێنەم گیرابێ، هەوڵم داوە دانەیەکی ئەو وێنەیەم هەبێ و هەموشیان لەسەرم نووسیون: کەی، لەکوێ، بە چ موناسەبەتێک، ئەم وێنەیە گیراوە... ئەوانی لەگەڵمانا لە وێنەکەن، کێن و کاریان چیبە!

جا ئەگەر مردم ئەوە هەرکەسێ بچێتە لای ماڵ و منداڵەکانم داوای وێنەی من بکات لێیان بۆ نووسین یا ڕا دەربڕین یا مێژووی نووسینی من، ئەوا دەتوانی لەجیاتی وێنەیەک، سەد وێنەی جۆراوجۆر و لە تەمەنی جۆراوجۆریان لێ وەربگرێ و ئیشوکاری خۆی بەچاکی جێبەجێ بکات و وێنەکانم بەکار بێنێ بۆ

ئەو مەبەستەی ویستوویەتی، و پاشان بۆیان بگەڕێنێتەوە.



بەهەشتی مام ڕەسوول گەردی کە بەقەڵەمی خۆی لە دواوەی وێنەکە پێشکەشی کردووم لە ڕۆژی ١٩٦١/١١/١٣ لە هەولێر

ئێمە لە مالّەوە هەمیشە سندووقی قەوان، واتا (گرامافۆن)مان هەبووە... باوکم بە زەوق بوو. زۆربەی لاوکەکانی کاوێس ئاغای دەگوتن لە مەجلیسی خۆی و برادەرانی لە مالّی خۆمان بوایە یا لە مالّە برادەرەکانی. منیش هەمان هەوەسم هەبوو. کە باوکم لە مالّ نەبوایە، من خۆم سندووقەکەم دەکردەوە و قەوانم بۆ خۆم لێ ئەدا و بەخشووعەوە بۆیان دادەنیشتم، بێ دەنگ، گوێم ڕادەگرت! تەنانەت جاروبار زەمبەلەکەی دەپسا، من هەڵم دەگرت و دەمبردە لای وەستا (نصرالله)ی تەنەکەچی، کە دووکانی لە نزیک قوتابخانەی (اولی) بوو، کە بەسەر قادرمەکان دەکەوتی، بۆ ناو ئەو فەرعەی بازاڕ کە دەچێ بۆ لای دەرگای مزگەوتی گەورەی ناو بازاڕەکە.

وەستا نصرالله، خوا عافووی کا، تاکە وەستا بوو لە کۆیە کە ئەو کارەی دەزانی، مەبەستم چاک کردنەوەی سندووقی قەوان!

لە دوادوای چلەکانا گوێم لە هەندێ لاوکی عەزیز ئاغا دەبوو، لە چایخانەکان کاتێ بەلایان دادەڕێشتم! لاوکەکانی خۆش بوون وەک ئەوانی کاوێس ئاغا و بگرە هەندێکیانی هەر لەو وەرگرتبوو و هەوڵی دەدا لاسایی کاوێس ئاغا بکاتەوە.

گۆرانی -یا لاوکی (لێ لێ میرۆ) و لاوکی (سەرێ زۆزانا لمن حەلیا)، تا بڵێی تامێکی خۆشی لاوکی ڕەسەنی کوردەواریان تیایە... دەنگی عەزیز ئاغا قەبە و ئەستوور و بەرز بوو... قورگێکی سافی هەبوو بۆ گۆرانی چڕین! ئەگەرچیش نەخوێندەواربوو... لاوک بێژێکی خۆرسک و سادە و ساکار بوو... خۆی بۆ خۆی لاوکی ڕێک دەخست زۆربەی جار!! بەڵام بە پێی زەمان و بەدواداچوونی ئاواز و گۆڕگرتن، ئەویش توانی چەپکە ئاواز و لاوکی نوێی ڕەسەن... لە لاوک و بەستە و حەیران و بەرهەمی بەتام و خۆش باوێتە سەر لیستەی گەنجینەی گۆرانی میللەتەکەی. جەماوەری بەزەوقیش پێشوازی باشیان لە گۆرانییەکانی کرد و لە ماوەیەکی کەم، عەزیز ئاغا ناسرا، بەتایبەتی دوای ئەوەی قەوانەکانی دەست پێ کرد و ناوی بە(عەزیز ئاغای قەوان) بڵاو بۆوە لەناو خەڵک.

دیوەخانەکانی ئاغایانیش خێرا ئەو جۆرە پیاوانەیان بانگ دەکردە لای خۆیان و دیوەخانەکانیان پێیان دەڕازاندنەوە... چونکە شەوان لە کوردستان هەر دەبوایە بەڕابواردنێک بۆی دانیشی تا کاتی خەوتن. کارەبا نەبوو، لەبەر ڕووناکی لالە و فانۆس دادەنیشتن. لە مالّە فەقیر و هەژاران ئەوانەش نەبوون، لەبەر چرادان دادەنیشتن. جیاوازیش لە نێوان فانۆس و چرادان ئەوەیە، فانۆس شووشەی هەیە و ناهێلێت دووکەڵی فتیلەکە و بۆنی نەوتەکە لە ژوورەکە بڵاوبێتەوە، کەچی چرادان زۆر سادەترە.

پێکهاتووە لە فتیلێکی لۆکەی لوولدراو بەناو بۆرییەکی تەسکی کورتدا دەچێتە ناو قوتوویەک نەوتی تێ دەکرێ. فتیلەکە لەو نەوتە دەمژێ و لە سەرەوە ئاگرەکە نەوتەکە دەکاتە ڕووناکی و دووکەڵ.

ڕووناکییەکەی ئەوتۆ نییە! دووکەڵەکە و زەرەری لەو نەختە ڕووناکییەی کە دەیبەخشی، زۆرتر بوو. لەدوای چلەکانا (لۆکس) پەیدا بوو. لۆکس جۆرە پێشکەوتنێک بوو لە عالەمی فانۆسان! ڕووناکی لۆکس زیاتر بوو... سپی بوو... زۆر دەڕۆیشت و هۆڵێکی گەورەی دەتوانی ڕووناک کاتەوە! جا گۆرانیبێژ پێویست بوو بۆ چایخانە و بۆ دیوەخانان بۆ ڕابواردنی شەوان!

چایخانەکەی ئیسماعیل عارەب لە کۆیە- لە سالّانی چلەکانا تا پەنجاکان مابوو.

مامۆستا جەلال وتی: عەزیز ئاغا بەنۆرە و بەوەرز سەری لەو دیوەخانانەی ئاغایەکانی ناوچەکە دەدا! دەڵێ! سالّی مانگێک لە مالّی سوارئاغا دەمایەوە لە گوندی (سەرخمە) و (گردجان) و بووبووە دۆستێکی خۆشەویستی سوارئاغا. هەر لەو مەوزووعە، واحیدی کوڕی عەزیز ئاغاش ئەوەی گوت کە سوارئاغا هەر جارە قاتێک یا دووان جلی کوردەواری و ئەسپێک و پارەیەکی باشی دەدایە باوکم و بەڕێزەوە، دوای مانگێک میواندارى، بەڕێی دەکرد!

سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) لەلای چەپییەوە، خوسرەوی کوڕی وەستاوە. لەلای ڕاستەوە، سەرهەنگ نیعمەت خان سالّی ١٩٣٠ لە (شنۆیە) وەرگیراوە.

هەروەها زوو زووش دەچووە ڕواندز و لەلای (نوری باویل ئاغا) دەمایەوە و دەچووە کۆیەش، لای مەلا حەویز ئاغا و کاکە زیاد ئاغا میوان دەبوو.

هەڵبەتە لەو سەفەر و سەرلێدانی شار و شارۆچکەکانیش، زۆرجاران لە چایخانەکانی ئەو شارانە دانیشتن و مەجلیسی لاوک گوتن سازدەکرا وەک چایخانەکەی ئیسماعیل عەرەب و زراری کۆیە و چایخانەی عەلی فلەیح و مەچکۆی هەولێری... کە لێرەدا لەگەڵ کاویس ئاغا زۆر ئامادە بووە... و زۆریش

ڕەفاقەتی لەگەڵ (حاجی شکور) چایچی هەبوو و هەمیشە سەری لە چایخانەکەی ئەدا.

لاوک بێژ عەزیز ئاغا سەردانی هەندێ دۆستی لە شارەکانی کوردستانی ئێران دەکرد، جاروبار، بەبراددەرکانی شاد دەبوو و چەند ڕۆژێکی لەلایان بەسەر دەبرد، بەتایبەتی هاوڕێی زۆر خۆشەویستی (حاجی تەها ئاغا)ی هەرکی، کە شەوان لە دەوروپشتی سۆبەی دار لەگەڵ میوانان دادەنیشتن و گوێیان لە لاوکەکانی عەزیز ئاغا ڕادەگرت و یا باسی ڕاو و ڕاوشکارییان دەکرد... یا گوێیان دەگرت لە هەقایەتی کوردەواری خۆش. ئەمەش بوو لوتکەی ژیانی خۆش لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە... ڕادیۆ و موسەجیلە و تەلەفزیۆن هێشتا نەگەیشتبوونە عێراق و کوردستانیش!

لاوک و گۆرانییەکانی عەزیز ئاغا هەموو لایەنێکی کۆمەڵگای کوردەواری سەردەمی خۆی گرتووتەوە: شەڕوشۆڕ، سوارچاکی، خۆشەویستی و دڵداری، ئەمەکداری، باسی سەرکردەی لەشکر و داستانە کوردییەکان... تاد.

لەو لاوکانەشدا باسی چەوسانەوەی گەلی کوردی کردووە کە لە لایەن دراوسێکانی کە هەندێ جار دوژمنانە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا کردووە. عەزیز ئاغا، وەک کاویس ئاغا، بەسەر ڕاستی ڕووداوە میژووەکانی لە لاوکەکانیدا گێڕاوەتەوە، وەک ڕووخاندنی فەرمانڕەوای (بۆتان) لە لایەن عوسمانییەکان و شەهیدکردنی (سمایل خانی شکاک) لە لایەن عەجەمەکانەوە... هەروەها بەرهەڵستکاری داگیرکەری ئینگلیزی و ڕووبەڕووبوونەوەی بەسەرکردایەتی شێخ مەحمودی نەمر.

لاوکەکانیشی لەسەر شێوە دیالێکتی کرمانجی ژووروو گوتووە هەرچەندە خۆشی لە خێڵی (زراری)یە و ئاخاوتنی ئاساییان کرمانجی خوارەوەیە.

بەڵام چونکە زۆربەی لاوکەکان، ئی هەموو لاوک بێژەکان، باس لە شەڕ و شۆڕ و بەسەرهاتەکانی کوردستانی تورکیا و سەرکردەکانی ئەوێ دەکەن! جا بەتێکەڵبوونی هونەرمەندەکانی هەر دوو لا لەگەڵ یەک و سەردانەکانیان بۆ ئەم لاو ئەولا... لە یەکتر لاوک فێربوون و هەریەکە و شێوەیەکی تایبەتی و لەگەڵ زانیاری خۆی، ئەو لاوکانەیان گوتووە و زیاد و کەم کردووە! گۆرانیبێژان کاویس ئاغا و عەزیز ئاغا و محەمەد مەندۆ ئاغا و عەلی مەحموود پالانی و ونسە کۆری گردەپانەیی و شەریفە شڕۆی هەرکی و سەیدۆی گردەپانی و محەمەد جووجەری لە پیاوان، ئینجا مریەم خان و ئەڵماس خان و نەسرین شێروان... لە ئافرەتان گۆینده و خۆشخوانی ئەو سەردەمە بوون.

عەزیز ئاغا، بەگوێرەی زانیارییەکانی مامۆستا جەلال، لاوکەکانی لە سەیدۆی گردەپانەیی فێربووە. بۆیە هەردەم سەردانی ئەو سەیدۆیەی کردووە و شتی زیاتری لێ فێر بووە. چونکە سەیدۆی گردەپانەیی لاوکی بەخۆی دادەنا و ڕێکی دەخستن و لەم بارەیەوە کارامە و زیرەک بووە.

قەوانەکانی ئەم گۆرانیبێژە لە کۆمپانیاکانی قەوانی: ئۆدیۆن، بەیزافۆن، دواتریش (چەقماقچی) لە بەغدا، تۆماری کردوون.

عەزیز ئاغای قەوان، لە پایزی ساڵی ١٩٥٩ تووشی نەخۆشی دڵ دەبێت و لە نەخۆشخانەی هەولێر دەنوێ بۆ ماوەیەک. ڕۆژانە هونەرمەندانی هەولێر: ڕەسوول گەردی، حەیدەر بەقاڵ، تایەر تۆفیق، مشکۆ،

مەحەمەد ئەربیلی و زۆرانی تر، سەردانی دەکەن و هەواڵی دەپرسن و قسەی خۆشی بۆ دەکەن. بەڵام دیاربوو تەمەن چی تر مەودای نەمابوو لەگەڵیا و هەر ئەو ساڵە، لە نەخۆشخانە بە(دڵ وەستان) کۆچی دوایی دەکات، خودا عەفووی کات و لە بەهەشتی خۆی شوێنی بکاتەوە...

تەرمە پیرۆزەکەی لە گۆڕستانی (شێخ ئۆمەر- شێخ عمر)، لە شاری هەولێر بەخاکی کوردستانی باب و باپیرانی دەسپێردرێت.

من چووم، لەگەڵ وێنەگر کاک زیاد و کوڕی عەزیز ئاغا، (واحید) بۆ سەر گۆڕەکەی... کە دیتمان و کاک واحید نیشانی داین، زۆرم پێ ناخۆش بوو و زۆریش پەست بووم. چونکە لەسەر زەوییەک، چەند کەرپووچێک دانراون، کەس نازانێ ئەمە قەبری کەڵە هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کورده! بەڵکو هەر پێ ناچێ ئەم چەند کەرپووچە قەبرین!

ئەبوایە شارەوانی بایەخێکی دابا بەم گۆڕە و گۆڕی هەموو هونەرمەندان و پیاوی گەورە و ئەوانی خزمەتی میللەتەکەیان کردووە و گۆڕەکانیان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و لێوەشاوە بۆ دروست کەن و شوێنی دانیشتنیان لێ هەبێ و بە دار ودرەخت و گوڵ چاندن دەوری قەبرەکە بدەن و ناو و میژووی هونەرمەندەکە لە سەر کێلێکی مەرمەڕ بنووسن.

لاوک و بەستەکانی عەزیز ئاغا زۆرن، ئەمانەی خوارەوە زیاتر ناسراون و باڵاو بوونەتەوە:

١- لێ لێ وەی نارینێ
٢- هەی لێ هەی لێ دەلێل
٣- گەنج خەلیل
٤- ئاغاوۆ (سمایل ئاغای شکاک)
٥- وەرە بەهارێ
٦- لێ لێ میرۆ
٧- سەرێ زۆزانا
٨- حەسۆ لاوۆ
٩- لاوکی سەعدونی نحو
١٠- ئەی لێ نەزانێ
١١- ئەی دەلال
١٢- زاڵم
١٣- ئەرێ یارێ
١٤- وەرە لۆلۆ دولبەرا من
١٥- دەرۆیشی عەبدی
١٦- عەدلێ من

تایەر توفیق

١٧- گەلێ جێرمێ بە شیلانە

سەرچاوەکان

١- جەلال مەلا حەسەن خۆشناو - ڕۆژنامەی (هاوکاری) ١٩٨٦/٧/١٠.

٢- کوڕی عەزیز ئاغای لاوک بێژ، کاک عەبدولواحید عەزیز لە چاوپێکەوتنێکا و نامەشی بۆ ناردووم.

٣- بەرنامەی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) لە تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان- بەهاری ١٩٩٧ لە گوندی (هەبابان) ئامادەم کرد.

٦- محەمەد سالّح ئەحمەد دیلان



شاعیر و هونەرمەند محەمەد سالّح دیلان

حەمە سالّح دیلان، ناوی تەواوی (محەمەد سالّح، کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلان، کوڕی مەلا سالّح، کوڕی مەلا قادری شەوخوێن)ە. بۆ کورتکردنەوە، هەر بەناوی حەمە سالّح دیلان یا کورتریش (سالّح دیلان) و زۆر کورتیش تەنها نازناوەکەی (دیلان) بەس بووە بۆ ئەوەی بزانین کە مەبەست ئەم شاعیر و مەقامبێژە گەورەیەیە...

بنەماڵەی (دیلان) لە شاری (قەڵاچوالان)، پایتەختی پێشووی ئەمارەتی بابانەوە هاتوون و هەوارگەی نوێی لە پایتەختی تازەی- واتا شاری سلێمانی- هەڵداوە و نیشتەجێ بووین.

حەمە سالّح دیلان لە سالّی ١٩٢٧ (ڕۆژ و مانگ نەزانراوە) لە گەڕەکی گۆیژە، لە سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.

باوکی سالّح دیلان، مەلا ئەحمەد دیلان، پیاوێکی دەنگخۆش و مەقامخوێن بووە و لەناو کۆڕی پیاو ماقوڵاندا، لە مەقامەکان کە دەیگوتن، شیعری کوردی و غەیرە کوردی ئەخوێند. لەگەڵ ئەمەشدا تێکەڵی کەم بوو. نەدەچووە هەموو شوێنێک و مالّێک! دەڵێن لە شەوانی ڕەمەزانا یاری کلاّو کلاّوێن- واتا فنجانی-ی دەکرد و لەم ڕووەوە یاریزانێکی بێ هاوتا بوو.. پاڵەوان بوو لەم یارییە!

حەمە سالّحی کوڕیشی دەنگخۆشی و شیعر دانانی لە باوکییەوە بۆ مابۆوە. ئاواز دانان و هۆنراوە نووسین بەهرەیەکی جوانی ڕەنگین بوو کە لە بابیەوە فێری بوو یان باشتر بڵێین گوازترابۆوە بۆ ئەو! بۆیە خۆشەویست بوو، بەڕێز بوو لای خەڵکی شار، چونکە دڵسۆز و پاک ڕەوشت بوو، گۆرانی و شیعری عەشق و جگەرسۆزی بۆ خاک و نەتەوەکەی و مرۆڤایەتی، بەگشتی، دەچڕی.

کەواتە بەهرەی شاعیرێتی و دەنگخۆشی هەروا لە خۆوە نەهاتووەتە کایەوە، بەڵکو گەلێ هۆ و هەلومەرجی شیاوی بۆ ڕەخساوە و لە بارودۆخێکی تایبەتیدا، زەمینەیەکی لەباری بۆ گونجاوە. لەلایەک ژیانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و خێزانی بەتایبەت باوکی لەم ڕووەوە، وەک ڕۆشنبیرێکی سەردەمەکەی خۆی، دەورێکی باڵای لە شاعیرێتی (دیلان)ی کوڕیدا بینیوە و (سالّح دیلان)یش دان بەم ڕاستییەدا ئەنێ و دەڵێ «... باوکم، خوالێخۆشبوو مەلا ئەحمەدی دیلان، کەسێکی خوێندەوار و شیعر دۆست و شیعرزان و دەنگخۆش بوو...» .

بەم جۆرە (دیلانی کوڕ) زیرەکانە کەڵکی لە شارەزایی و ژیانی ڕۆشنبیری (دیلانی باوک) وەرگرتووە و لە پێناوی عیشقی پیرۆزی ناخی دەروونیا، گۆشی کردووە و خەملاندوویەتی. باوکی بەڕاوێژدانەر و دەرس دادەر و مامۆستایەکی وانەی ژیانی ئەدەبی خۆی داناوە.

بۆیەش، سالّح دیلان خۆی لە ناخۆشی گەلەکەی دوورەپەرێز ڕانەگرتووە، بەڵکو بە زمانێکی تەڕ و پاراوی کوردانە هونەروەری شیعری خۆی نواندووە و دەری بڕیوە:

ئەی هەورەکە، داڕێژە... سەری تشرینە
وادەی پەڵە و ناشتنی تەرمی هاوینە
نۆرەی تۆپە بگری بەسەر هەموومانا!
بەسەر ئێسک و پروسکی ڕابردوومانا!

مەلا ئەحمەد دیلانی باوکی، بەشیعری چاک و بەدەنگی پاراو و ڕەسەن، کارێکی زۆری هەبووە نەک هەر لەسەر سالّح بەڵکو براکەی دیکەشی، قادر دیلانی مۆسیقار و هونەرمەند. هەر ئەو کەش و هەوایەی لە مالّ و لەنێو ئەم خێزانەدا ڕەخساوە، وای کردووە کە کوڕەکانی مەلا ئەحمەدیش ببنە مرۆڤی هەستیار خاوەن هۆش و بیری قوولّ و بەهەڵبەست و گۆرانی پەروەردەبن و ببن بەو دوو جوامێرە کە هەر یەکەیان، بەوپەڕی زیرەکی و دڵسۆزی، خزمەتی گەل و وڵاتەکەیان بکەن.

لە کتێبی (شاری سلێمانی- بەرگی یەکەم، کە لە دانانی (ئەکرەمی مەحمودی سالّحی ڕەشە)یە و لە (دار الحرية- لە بەغدا)- سالّی ١٩٨٧ لەچاپ دراوە... شیعرێکی درێژ لە لاپەڕە (٤٩)ی کتێبەکەدا هەیە کە لە دانانی شاعیرێکە بەناوی (قادر برسی)- لەژێر ناوی (ناودارانی سلێمانی)دا زۆر جوان و بە بەیتە شیعری ڕێک و بەوەزن و مۆسیقا و ئیقاعێکی سووکەڵە، ناوی دەیەها پیاو ماقوول و ئەدیب و هونەرمەند و سیاسەتمەدار... هتد لەو شیعرە هێناوە و وەسفی کردوون. سەبارەت بە مەلا ئەحمەد دیلانی خوالێخۆشبووش بەیتێکی نووسیوە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

خاوەن دەنگ و سەلاّی خۆش
مەلا ئەحمەدی دیلان



قادر برسی شاعیر

قەسیدەکەش (نوونی)یە... واتا قافیەی دوایی پیتی (نوون)ە، هەر لە دوای ئەم بەیتەش باسی (دەرویش عەبدوللا)شی کردووە و ناوی هێناوە:

سەرچاوەی ساز و هونەر
دەرویش ئەولاّی شمشالّ زان

سالّح دیلانی خوالێخۆشبوو، تاکو پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندی خوێندووە.

لە سالّی ١٩٤٧ لە دائیرەی (ئینحیساری تووتن، لە سلێمانی) بەموچەخۆر، تەعین دەبێ بەناونیشانی (مأمور مخزن). هەر لەو کاتەشەوە، لەدوای ئەوەی هەستی ناسکی، چاک وریا دەبێ و لە هەڕەتی گەنجایەتی و خوێن گەرمیدا دەبێ، دەست دەکات بە شیعر نووسین و، بەشیعر هەستی خۆی دەردەبڕێ بەرامبەر بەژیان... و سالّی

١٩٤٨ی بەسەرداهات، لەکاتی هەرای (پۆرتسموث) کە سالّح جەبر، سەرۆکی وەزیرانی عێراق لەگەلّ وەفدێک چوونە لەندەن بۆ نوێکردنەوەی موعاهەدەی سالّی (١٩٣٠) کە لە بەینی لەندەن و بەغدادا ئیمزا کرابوو. گەلی عێراق، بەکورد و عەرەبەوە دژی ئەم کارەی حکوومەت خۆپێشاندانیان بەرپا کرد و لە هەموو شارەکان، تووندوتیژی پەیدا بوو... ئا لەو زەمانە، سالّح و دەیەها گەنجی تر بەشداربیان کرد لە سلێمانی لەو خۆپێشاندانانە. بۆیە حەمە سالّح، لەگەلّ ژمارەیێکی تر لە خەلّک دەگیرێ و ڕاپێچی مەجلیسی عورفی ئەکرێ و ئەوەش دەبێتە هۆی لابردنی لە وەزیفەکەی، کە هێشتا پێی خەنی نەبووبوو.

لە سالّی ١٩٤٩- ١٩٥٠، دیسان لەسەر چالاکی سیاسی و بەشداری لە بزووتنەوەی نیشتمانیا، لەلایەن حکوومەت و کاربەدەستانی ئەمنی، تەوقیف کرا و درایە حوکمی عورفی و بەسالّێک حوکم درا، جگە لە چاودێریش (مراقبە) کە بەسەری دادرا.

دیسان لە سالّی ١٩٥٢ گیرا لەسەر مۆرکردنی (بەیانی ئاشتیخوازان).

لە سالّی ١٩٥٣، ١٩٥٤ لەگەلّ وەفدی عێراقی بۆ کۆنگرەی (میللەتان لە پێناوی ئاشتی) کە لە شاری (ڤیەننا) بەسترا، زۆربەی ئەندامانی وەفدەکە گیران لە کاتی گەڕانەوەیان و سالّح دیلانیش لە کونی زیندان تونـد کرا.

لە سالّی ١٩٥٥ تا ١٩٥٦ لە بەندیخانەی (نقرة سلمان) پەسترا لەسەر چالاکی ئاشتیخوازی.

لە سالّی ١٩٥٦ دیسان گیراوە لەسەر لایەنگری بۆ (میسر) و مافی ڕەوای عەرەب، کاتێ (ئیسرائیل و بەریتانیا و فرەنسا) هێرشیان بردە سەر خاکی میسر، ئەو هەلاّیەی کە بە (العدوان الثلاثي) ناسراوە.

بەکورتی، دەتوانین بلّێین ئەوەندەی ژیانی لە حەپسخانە و زیندان و (تحت المراقبة)ی بەسەر بردووە، ئەوەندە لە مالّی خۆی ژیانی بەسەر نەبردووە! چونکە تەنانەت لە سالاّنی ١٩٦٠ و٦٢و٦٣و٦٦یش هەر لە زیندانان بووە... جا لە زەمانی (عبدالكريم) یا حوکمی بەعس بووبێ!

چونکە حەمە سالّح دیلان قەت بیروباوەڕی خۆی نەگۆڕیوە و لە هەموو کاتێک و لەژێر هەر حوکمێک کە حوکمڕانی عێراق و کوردستانی کردبێ، حەمە سالّح هەمان حەمە سالّح بووە... نەگۆڕاوە!

ئەحمەد دلّزار و گۆران

دیارە (دلّزار)ی شاعیریش سالاّنێکی دوور و درێژی لەگەلّ سالّح دیلان و گۆران ڕابواردووە و یەک بیر و یەک بۆچوون هەرسێکیانی پێکەوە بەستبۆوە کە ڕێگای خەبات بۆ ئاشتی و ئازادی بوو. جا (دلّزار)ی شاعیر هەندێ بیرەوەری لە گەلّیانا دەگێڕێتەوە، دەلّێ:

«... دوای هەشت سالّ، بۆ هەلّسووڕاندنی کاروباری ڕێکخراوە سیاسییەکەمان لە سلێمانی، لە ڕۆژی (١) یەکی نیسانی

(١٩٥٣)دا، لەگەڵ (لەتیف مستەفا)ی هاورێی (قەڵغان)، گەیشتینە سلێمانی و... زۆری نەخایاند پێوەندی ڕێکوپێکم بە(گۆران) و (حەمە سالّح دیلان)ەوە بەست. ئەوسا گۆران و دیلان، ئەندامی پالێتۆراوی حیزب بوون!

گۆران زۆر بەندیوار بوو بەڕێکوپێکی حزبییەوە. زۆر جار لە گردی (سەیوان) و هەندێ جاریش لە مالّی دیلان یەکترمان دەبینی.» دیسان، لە بیرەوەرییەکی تری مامۆستای شاعیری بەڕێز کاک (ئەحمەد دلّزار)دا ئەمە دەگێڕێتەوە دەڵێ:

«لەبیرمە ئێوارەیەک لەگەڵ مامۆستا گۆراندا، لە مالّی حەمە سالّح دیلان بانگ کرابووین. بەر لە خواردنی شێوان، حەمە سالّح، بۆ کارێکی پێویست چووە دەرەوەی مالّ. جا بۆ ئەوەی بەتەنیا تاقەتمان نەچێ، مەلا ئەحمەدی دیلان، باوکی حەمە سالّح و کاک قادر، هاتە لامان و بەخێرهاتنی کردین و لەگەڵمان دانیشت و قسەی خۆشی بۆ کردین. ئینجا مامۆستا گۆران مەتحی کرد و گوتی: ئەم مەلا ئەحمەد دیلانە دەنگخۆشێکی زۆر بەناوبانگە و خۆشەویستی هەموو سلێمانی و دەوروبەری بوو... کە ئێستا، بەداخەوە، وا پیر و بێ هێز بووە».

حەمە سالّح دیلان پێوەندییەکی تۆندی بەزۆربەی کەسایەتییە ئەدەبییەکان و نووسەران و هونەرمەندان هەبوو. ئەگەر ئەو کەسەی خۆشی دەویست و حەزی کردبایە بیدوێنێ، بەنامەنووسین پێوەندی پێوەی دەکرد. ئەوەتا لە ١٩٧٥/٤/٩ کاغەزێکی بۆ نووسەری ناسراو، مامۆستا (د. مارف خەزنەدار) نووسیوە و تیایدا دەڵێ:

«برای گەورەم دکتۆر خەزنەدار:

سڵاوێکی پڕ لە هەناسەی دڵسۆزی و بۆنخۆشی هاورێیەتی، دووکەڵاوی خەمخواردن. هەموو جارێک و هەموو تاسەیەک لە یادمای، لەبەر دەمای، لەناو پەرداخی عەرەقەکەمای! بۆچ؟ چونکە (دوو سێیەکن) بەتۆوە، کە تازە هەرگیز بیرناچنەوە... دوو سێیەک لەو دنیا فراوان و پڕ لە هەرا و هۆریایەدا، جا تۆش جێگا و مەڵبەندی دیاریکراوی خۆت لە دڵما بەدووربینێکی ئەم سەرەوسەر مەنواڕە... نا، بەدووربینێکی ڕاستەوخۆ تەماشاکە... تەماشام بکە... (تا دوایی نامەکە)...

حەمە سالّح دیلان

ئیمزا

برای بچووکت: حەمە سالّح دیلان

١٩٧٥/٤/٩»

دلّزاری شاعیر، گەرچی ئێستا بەتەمەن ٨٠ ساڵە، بەڵام هۆش و زەینی زۆر ڕوونە و زۆربەی ئەو ڕووداوانەی لە ژیانیدا ڕوویان داوە، زۆر باش و بەوردی دەیانگێڕێتەوە.

لە بابەت یەکەم جار کە چاوی بە حەمە سالّح دیلان کەوتووە، بەم شێوە یادەکە دەگێڕێتەوە:

«لە ڕۆژی ١٩٤٨/٥/٣١، ئەز و ڕۆستەم و مەجیدی کاکەی حاجی مەحموود... لە کۆیە گیراین و دوای چەند ڕۆژێک ڕەوانەی (گرتووخانەی هەولێر) کراین... لە ناوەڕاستی تەمووزی هەمان ساڵدا، هاورێ جەمال حەیدەری و برادەرە هەولێرییەکان و ڕواندزیەکان و (چەند کەسێکی سلێمانی) ناردرانە گرتووخانەی (غازی) لە کەرکووک کە پێشتر قوتابخانەیێکی سەرەتایی بوو! دوای چەند ڕۆژێک، ئێمەشیان نارده هەمان گرتووخانە [ئەگەر حوکمی ولاتێک دیموکراسی پەیڕەو بکات و ئازادی هاوولاتیان مەبەستی سەرەکی بێ لە حوکم، ئەبێ بەپێچەوانەوە بێ]، مامۆستا دلّزار، وەک خۆشت چاک ئەزانی. یانی دەبێ هەموو گرتووخانەکان بکەن بەقوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆ!- باکوری.

کاک دلّزار بەردەوامە لەسەر بیرەوەرییەکە و دەڵێ: [لەوێ (واتا لە گرتووخانەکەی غازی لە کەرکووک) جگە لە ئێمە، کۆمەڵێک برادەرانی پارتیشی لێ بوو کە یەکێکیان کاک حەمە سالّح دیلان بوو! ئەوسا لە هەڕەتی لاویدا بوو، کوڕێکی بالّا ناوەنجی، گەنم ڕەنگێکی ڕووخۆش و چاوگەش و نیگاتیژ و زمان پاراوی تەمەن بیست و یەک ساڵی، و فرە دەنگخۆش بوو. زوو زوو دەنگی لێ هەڵدەبڕی و کۆپلە شیعرێکی دەچڕی و دەیچریکاند، کە زۆر جار لە یەک دەقیقەی پتر نەدەخایاند و تێکڕای ئەو خەڵکەی هۆشیار دەکردەوە و گوێیان بۆ ئەو دەنگە زوڵاڵە هەڵدەخست! لەوێ یەکترمان ناسی.

بەڵام لە ڕاستیدا هەر ناسین بوو و بەس! دوایی زانیم: پاش گرتنی سکرتێری یەکەمی حزبی پارتی دیموکراتی کورد،... و ڕوودانی هەندێ گۆڕانکاری، سالّح ڕوشدی و حەمە سالّح دیلان و چەند کەسێکی دیکە، جۆرە ڕێکخستنێکی جیاواز لە پارتی، پێک دێنن و... دواییش حەمە سالّح دیلان دەچێتە ناو حزبی شیوعی عێراقەوە!»

بەهرە و لێهاتوویی (دیلان) لە شیعردا، لە سەرەتای ژیانییەوە دەرکەوتووە و هەر لە تەمەنی بیست ساڵیشەوە، شیعرەکانی نموونەی ئەم بەهرەیە و ئەم لێهاتووەیان پێوە دیارکەوتووە. وەک پێشتریش باسم کردووە کە مەلا ئەحمەدی باوکی وای لێ کردووە شیعری خۆش بوێ.

لە پێشەکی کتێبەکەی کە لە بابەت شیعرەکانی دیلانە و کاک عەبدوڵلا عەزیز خالید ئامادەی کردووە، کاک عەبدوڵلا دەڵێ:

«... یەکەم هەنگاوی (دیلان) لەم بوارەدا، سەرنجی شاعیری نیشتمانپەروەری کورد (بێکەسی) بەلای خۆیا ڕاکێشاوە... لە مانگی مارتی ١٩٤٨دا، شیعرێکی ئەداتە دەست بەناونیشانی (سکالاّیەکی کورت) کە بەم جۆرەیە:

منم بە دەستی چەرخەوە، وا گێژ ئەخۆم و ئەڕۆم
منم کە بوومە خۆینەخۆر، خۆینی خۆم ئەخۆم
منم لە بەحری خەیالاّتی بێ وچانی ماتەما
هەر پەل ئەگێڕم نە کەڵک و نەسوود و عەلاجە بۆم

زامـداره بولبـول له دەوری گـولّ ئەکـا ڕەقس و سـەمـا
بەکەیلی ئەشکی سوور و سوێر و ئەسەف دەست و چاو ئەشۆم

بێکەس لە خوێندنەوەی شیعرەکە ئەبێتەوە لێی ئەپرسێ:

ئەمە هی کێیە؟ دیلان وەڵامی ئەداتەوە و ئەڵێ:

– شیعری خۆمە.

بێکەس: شتی وا نییە.

دیلان: ئەڵێم شیعری خۆمە.

ئەم شایەتییەی بێکەس بۆ ئەو شیعرە سەرەتاییەی ژیانی ئەدەبی دیلان، لە هەردوو ڕووی هونەری و ناوەڕۆکەوە، بەڵگەی لێهاتوویی و بەهرەی شیعری دیلان نیشان ئەدا.

دڵزاری شاعیریش، سەبارەت بەشاعیریەتی دیلان، دەڵێ:

«دیلان شاعیرێکی بەدەسەڵات و نەفەس درێژ بوو. ڕای لە هەندێ شیعری شاعیرە گەورەکانیش نەبوو، بەڵای ئەوەوە سەرقافڵەچی تێکڕای شاعیرانی کۆن و نوێی کورد، مەولەوی تاوەگۆزی بوو.»

بەبۆچوونی زۆربەی ئەدیب و شاعیران، حەمە سالّح دیلان فەرهەنگێکی قوڵ و وردی زاراوە و وشە تایبەتییەکانی شاری سلێمانییە.

دیارە دڵسۆزی دیلان لە پێناوی خزمەتی ڕاستەوخۆی زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیا وای لێ کردووە ئەو وشە و زاراوانە بەکار بهێنێ و لە فەوتاندن بیانپارێزێ...

دیلانی شاعیر، لوتکەیە... بلیمەتە. خاوەنی دەنگ و ڕەنگی تایبەتی شیعری خۆیەتی و هەر ئەو ڕاستییەشە، بەدڵنیاییەوە، ئەو قەناعەتەی لای کاک عەبدوڵلا عەزیز خالیدەوە دروست کردووە کە شیعری دیلان وەک پێویستییەکی ژیانی ئەدەبی کوردی، شوێنی خۆی گرتووە و کەلێن و دەلاقەیەکی تەواوی پڕ کردۆتەوە و شوێنی تایبەتی لە بزووتنەوەی شیعری نوێی کوردیا بۆ تەرخان کراوە...

حەمە سالّح دیلان لە کۆڕێکدا

دکـتـۆر مـارف خـەزنەدار دەرفـەمـوێ: «دیلان یەکـێکە لەو شاعـیـرانەی کە گـۆرانی (غـەزەل)ی تازەی نیشـتـمـانی کوردیان داهێناوە.» هەروەها دەڵێ: «دیلان لە بەختیاریی ئادەمیزاد ئەدوێ، هەڵبـەسـتی وا دادەهێنێ کە مـیـللەت لە چەوسـاندنەوەی چینایەتی نەتەوایەتی بپارێزێ...»

هەست دەکـەم زمانم بەڕەڵا بوو و زۆر بە دوای لایەنی شیـعـر لە ژیانی حـەمـە سالّح دیلانا دوام، ئەگەرچی تا باسـیـشی بکـەین لەم دیوەوەی دیلان هەر ناگەینە کۆتایی دیوەکە... جا بۆیە لێرەوە ئـیـتـر سـالّح دیلانی شـاعـیـر جێ دێڵم و هەزارەها سـلاّوی خـۆشەویسـتی

دەنێرم بۆ گیانی پاکی، بەڵام هێشتا سالّح دیلانەکەی دیکەشی واتا... گۆرانیبێژەکە ماوە و ئەوا هەموو دەمـار و هەست و مـێـشکم نوقـورچەم لێ دەدەن و دەڵێن: دەی، بەسـە، ئەوە ئـیـشی تۆ نـیـیـە... تۆ باسی دەنگ و سەدا و ئاواز و چریکە خۆشەکەی بکە... لایەنی ئەدەب و شیعری دیلان زۆری لەسـەر نووسراوە و گوتراوە و تاکو ئێستاش بەردەوامە... بەڵام لایەنەکەی، تری کە (دەنگەکەیەتی) هێشتا پەردەی بەتەواوی لەسـەر لانەدراوە. ئەمە ئەرکی تۆیە!

بەڵێ ئازیزان... خوێنەرانی خۆشەویست، ئەگەر چیش زۆر کەمتان گوێ لە گۆرانییەکان و دەنگی حەمە سالّح دیلان بووبێ، بەڵام دڵنیام و بەتەئکیدیش لەگەڵ منداد دەڵێن:

ئەو (کەمە)ی کە هەیەتی و گوێمان لێی بووە، زۆر زۆر خۆشترە... بەتامترە... بەنرختـرە... بایەخی زیاترە بۆ هەڵبژاردنی بەرهەمی چاک و خراپ! کـە بەرهەمـەکانی دیلانی گـۆرانیـبێژ ئەگـەر بەتەرازوویـکی زێڕ هەڵسەنگێنین، هەموو زێڕی دنیای لازمە بۆ بەرابەرکردنی بەرهەمەکانی!

حەمە سالّح شتێکی نەگوتووە نوقصانی و عـەیبی تێدابێ چ لە لایەن هەڵبەستەوە، یاخود ئاوازەوە، یان لەلایەن دەنگ و ئەداکردنەوە! بەڵام دیلان زۆر بەشداری نەدەکرد لە دانیـشـتنی بەزم و گـۆرانی... یا ئاهەنگێکی گشتی، نە لە سلێمانی و نە لە شوێنی تر.

ئەمەیە هۆی کەمی بەرهەمەکـانی... هەروەها دەیەها بەرهەمیشی چ لە مـاڵان یان لە ئاهەنگی گـشـتی تۆمـار نەکراون! چونکە هەمـیـشـە و لە هەمـوو ئاهەنگێکی تایبـەتی، یا گـشـتی، ئامـێـری تۆمـارکـەر (مسجلە) پەیدا نەدەبوو! لە پەنجاکانا هێشتا کەم کەس (مسجلە)یان هەبوو.

تازە تۆمـارکـردن لەسـەر بەکـرە پەیدا بوو بوو. هەروەها سالّح دیلان قـەت نەچووەتە ئێـزگـەی ڕادیۆی کوردی بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانیـێک یا مـەقامێک لە کـاتی لاوێتی و لە کاتی پیـریدا. ئەمەی زۆر فەرامۆش کردبوو. بەخەیاڵیشیدا نەدەهات، وەک ڕەشۆڵی هاوڕێی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕووبکاتە ئێزگەی کوردی بەغدا. ڕاستیەکەش لەوانەیە زیاتر لەوەودیە کە حەمە سالّح دیلان لە گرتووخانەیەک بەڕەڵلاکراوە، پاش ماوەیەکی کورت جارێکی تر لە گرتووخانەیەکی تر پەستراوە...

لەوانەیە پێکەنینی بەخۆوە هاتبێ گەر پێیان گوتبێ:

ئەرێ ئەوە بۆچی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی چەند مەقامێک تۆمار ناکەی؟ چونکە وای بیرکردۆتەوە کە لەوانەیە هەتاکو بەرهەمێک ئامادە بکا... بەهەڵبەستەوە و بەئاوازەوە... لەوانەیە لە دەرگا بدەن و بڵێن:

تۆ حەمە سالّح دیلانی؟ وەرە پێشمان کەوە! کاکە بۆ کوێ؟ بۆ کوێ! یانی تۆ نازانی؟

بۆ ئەو شوێنەی پێش ماوەیەک لێی بووی! هاهاها!

بەڵێ: دیلان شارەزای مـەقـامـاتی کـوردی وەک دەنگێکی تایبـەت بوو دوور لە ناوبانگی ئێـزگـە و تەلەفزیۆن. وەک کاک ئامانج غـازی وتەنی: توانی لەو دنیا هونەرییە کە دەیویست بۆ خەمڕەوێنی خۆی، بەشێوازێکی تازەبابەت لە (تەجویدی) هونەری شیعری کلاسیکی کوردی فەراهەم بکات.

ڕەنگە زۆرکەس ئەو بۆچوونەیان لا ڕاستە کە دەڵێ:

(محەمەد سالّح دیلان) ئەو کارەی پێ خۆش نەبووە و ڕەتی دەکردەوە کە وەک (گۆرانیبێژ)یک ناوزەند

بکرێ.

بەڵام من دەڵێم ئەم بۆچوونە هەرگیز ڕاست نییە و حەمە سالّح دیلان پێی ناخۆش نەبووە بە(گۆرانیبێژ)ێکی کورد بژمێردرێ و ناوی بهێننەوە!

کاک محەمەد نووری تۆفیق، یەکێک لە دۆستە زۆر نزیکەکانی حەمە سالّحی ڕەحمەتی بوو، لە یادکردنەوەیەکی ئەم هونەرمەندەدا دەڵێ: «حەمە سالّح دیلان، هەر وەک چۆن پیاوێکی پاک و بێگەرد و نیشتمانپەروەر بوو،... وەک چۆن شاعیرێکی سەردەمی خۆی بوو کە شانی دەدا لە شانی گۆران و کامەران... و دیلانی دۆست و خۆشەویستی شار، لەسەر هەموو ئەمانەشەوە، بەڵێ ئەو مەقام شوناسی کورد و گۆرانیبێژێکی هەرە ڕەسەن بووە، کە تا ئێستاش وەک قوتابخانەیەک، دەیان شاگرد و قوتابی لە قوتابخانەی ئەو دەرچوون! کاسێتەکانی گۆرانییەکانی لە لای لاو و پیری ئەم کوردستانە، بەتاسەوە گوێیان لێ دەگیرێت...»

ناوبانگی دیلانی گۆرانیبێژ، وەک شۆڕەسوارێکی مەقام و بەستە فۆلکلۆرییە کوردییەکان، دەنگی چریکە بولبولییەکەی ئەو لە پێش زۆربەی گۆرانیبێژانی سەردەمی خۆی بوو.

من لە گەڵ ئەو ڕایەشدا نیمە کە گۆرانی کەم گوتبێ چونکە گوایا لەو سەردەمەدا هێشتا گۆرانی گوتن تۆز و گەردی سەردەمانی کۆنی پێوەمابوو... واتا عەیب بوو! لەوانەیە کەمێک خۆی دوور خستبێتەوە بەو هەنجەتەی کورە مەلا بووە و لە خێزانێکی ئایینپەروەر پەروەردە بووە! ئەم بۆچوونەش بەنیسبەت سالّح دیلان سفر لەلای چەپەوەیە! ئەوە نییە باوکی ڕەحمەتی خۆی مەقامزان بووە و لە دیوەخانی برادەر و گەورە پیاوان مەقامی گوتووە؟ ئەوە نییە هەردوو کوڕەکانی: حەمە سالّح و قادر دەنگخۆش بوون؟ ئەدی قادر دیلان کێیە؟ ئەو مۆسیقارە بلیمەتە نییە کە بەهەوڵ و کۆششی ئەو تیپی مۆسیقای (مەولەوی) لە پەنجاکانا دامەزراند کە خەڵکەکە هەموو مەتح و سەنایان دەکرد و شانازییان بەهەموو ئەندامانی تیپەکەوە دەکرد؟ لەوانەشە هەندێ جار، دیلان پەست بووبێ! بەڵام هۆیەکەی لەبەر مەسەلەی (عەیبە) نەبووە!



<<<< ڕەشۆڵ عەبدوڵڵا
حەمە سالّح دیلان >>>
هەردوو بولبولی
خۆشخوانی کوردستان

حەمە سالّح زۆر جار خۆی بەزمانی خۆی دەری دەبڕی و دەیگوت:

«ئەو هەموو ڕێزلێنانە و ئەم خۆشەویستییەی خەڵک بۆ من لە شاری سلێمانی و شارەکانی تر، دەگەڕێنەوە بۆ ئەو مەقامە ڕەسەنانە و بۆ دەنگەکەی کە توانیویەتی (توظیف)ی بکات بۆیان و زانایانە بیانلێێت!»

مامۆستا (نەجمەدین مەلا)ی نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس دەیگوت: «دەنگخۆشەکان بە بەر وشەدا و دەیهێننە زمان. ئادەمیزادی پێ دێننە هەلەکە سەما، یا دەیخەنە گریان!»

هەروەها لە ڕۆژنامەی (ژین)، جارێک نووسیویەتی:

«دەنگخۆشی بەهرەیەکە، خوا دەیبەخشێ بەمرۆڤ... لە ولاّتی سلێمانی ئێستا دەنگخۆشمان زۆرە.» ئینجا ناوی ژمارەییێک لەو دەنگخۆشانە ئاشکرا دەکات کە یەکەمینیان: (دیلان)ە. دیلانی بەپێشەنگی ئەو کاروانە دەنگخۆشانە داناوە: زۆربشی حەز لە مەقامی (سەفەر و ئەڵاوەیسی لەگەڵ ئەژدەهاک) دەکرد بەدەنگی حەمە سالّح دیلان.

حەمە سالّح دەیگوت: «سیانزە سالان بووم کە خووم دایە گۆرانی گوتن. لەناو کوردەکان حەزم لە دەنگی (شێخ نووری شێخ سالّح) بوو. لە عەرەبەکان شەیدای دەنگی (محەمەد عەبدولوهاب) بووم و لە تورکەکانیش دەنگی (جەلال بەگ)م زۆر لە لا بەسۆز و خۆش بوو. ئەمانە پەلکێشیان کردم بۆ (دونیای هونەری گۆرانی) بەڵام دەیگوت: لاساییان ناکەمەوە. ئامۆژگاریشی بۆ گۆرانیبێژان ئەوە بوو دەیگوت: «پیسترین پەتا کە تووشی گۆرانیبێژ دەبێ، دەردی لاسایی کردنەوەیە! ئەو دەنگخۆشەی کە تووشی بوو، زوو چارەسەری خۆی نەکا، لێی پیس دەکا. بەهرەکەی دەپووکێتەوە و مایەی پووچ و ڕەنج بەخەسار دەبێ.» جا کە ئەوە بۆچوونی سالّح دیلان بێ، چۆن نابێ بەمامۆستایەک کە یەکسەر هاتە گۆڕەپانی گۆرانی وتن؟!

کاک عوسمان شارباژێڕی هونەرمەند، باسی لە چۆنیەتی دانانی ئاوازی سروودی نەورۆزی حەمە سالّح دیلان کردووە کە خۆی، واتا دیلان، ئاوازەکەی بۆ شیعرەکەی پیرەمێرد داناوە:

ئەم ڕۆژی سالّی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی قەومی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

حەمە سالّح دیلان وای گێڕاوەتەوە: (هەوڵ ئەدەم بەکورتی بیگێڕمەوە- باکوری)

«لە کۆتایی سالّی ١٩٤٨ بوو... چەند کەسێک لە شەو کۆڕێکدا دانیشتبووین. باس هاتە سەر (نەورۆز)ی ئەو ساڵە. گوتیان جەژنی نەورۆز بێ سروودە. لێیان داوا کردم کە شیعرێک بۆ نەورۆز دابنێم و هەر خۆم ئاوازەکەشی بۆ دابنێم. بەڵام یەکێکیان ڕای خۆی بەشێوەیەکی تر دەربڕی، کە لە (پیرەمێرد) داوا بکرێ شیعرەکە دابنێ، چونکە پیرەمێرد جگەرگۆشەی نەورۆزە و هەر ئەو ئەزانی نازی بکێشێ. قسەکەی زۆر بەجێ بوو.

منیش، هەر لەو شوێنە و ئەو شەوە، بەتەلەفۆن، بەناوی هەمووانەوە، داوام لە پیرەمێرد کرد ئەم شیعرەمان بۆ دابنێ. پیرەمێرد چەند (نەورۆز)ێکی هەبوو ویستی بۆم بیانخوێنێتەوە، من پێم وت: (ئاخر

من دەمەوێ باسی شێر و هەڵمەتی شێرانە لە شیعرەکەدا هەبێ. قوربانی حاجیان و مەڕ سەربڕین، ناکرێ بە سروود. پیرەمێرد گوتی: حەمە سالّح، نەورۆزەکەتان لێ فڕاندم، دەتانەوێ نەورۆزی (با بژی و با بڕووخێ)تان بۆ بڵێم و بەم پیرییەمەوە سەرم فەتارەت دەدەن!. گوتم: خالّە، تۆ لە سوڵتان عەبدولحەمید و مستەفا کەمال نەترساوی، لە سالّح جەبر دەترسی؟ (سالّح جەبر سەرۆکی وەزیرانی عێراق بوو، لەگەڵ وەفدێک چووبووە لەندەن بۆ سەرلەنوێ کردنەوە و ئیمزا کردنی معاهدەی نێوان عێراق و بەریتانیا- باکوری). پیرەمێرد گوتی: تەلەفۆنەکە داخە. حاڵی بووم... مۆڵەتم بدەن تا سبەینێ. بۆ شەوی دوایی. هەر بە تەلەفۆن، پیرەمێرد، دێڕ دێڕ ئەو هۆنراوەیەی بۆ دەخوێندم و دەمنووسیەوە بەم جۆرە لە دایک بوو. هەر ئەو شەوە گەڕامەوە ماڵەوە، کەوتمە دانانی ئاوازێک بۆ شیعرەکە. بۆ ئاوازەکەشم، هەر ئاوازێکی بۆنی بێگانەی لێ دەهات، لە دەروون و دەماغی خۆمدا هەموو سڕینەوە! پاش چەند ڕۆژێک ئاوازەکەم دانا، بەم جۆرە ئاوازەکەش لە دایک بوو، بووە ئەو گۆرانییەی نەورۆز کە ڕۆژی جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٤٨ هات، لە ئاهەنگێکی گەورەدا، لە شاری سلێمانی، بەدەنگی خۆم و گێڕانەوەی (کۆڕسێکی دەنگخۆش) ئەو سروودەمان پێشکەش بەجەماوەر کرد لە دەشتی (تووی مەلیک)دا. دوایی چوومە خزمەت پیرەمێرد و پیرۆزباییم لێ کرد کە هونەر و بەهرە و گەورەییەکە هی ئەوە.

بەڵام فرمێسک بەچاویا دەهاتە خوار کە وتی: «حەمە سالّح، من وا خۆشم نەگوتبوو. دەنگت نەڕزێ. تۆ خۆشت کرد.»

ئەوە بوو حەمە سالّح دیلانێ کە گوایا ڕقی لە گۆرانیبێژی دەبۆوە، بەبۆچوونی هەندێ کەس! توخوا، ئەو کەسەی ئەو کارە جوانە نەتەوەییە بکات، ئەوە حەز بەگۆرانی وتن ناکات؟

یا ڕقی هەڵدەستێ ئەگەر پێی بڵێن گۆرانیبێژ؟ نەخێر سەد جار نەخێر.

یەکەم جار من لەگەڵ بەهەشتی حەمە سالّح دیلان یەکترمان ناسی، لە ماڵی خۆیان بوو، ساڵی ١٩٥٥-یا ١٩٥٦ بوو من زوو زوو دەچوومە سلێمانی و لە ماڵی کاک ولیەم دائەبەزیم، ئەگەرچی ماڵی (فیلیپ)ی براشم لە سەرچنار بوو.

جارێکیان لەگەڵ کاک قادر دیلانی ڕەحمەتی من و ولیەم دووکانی ڕەحمەتی بەهجەت ڕەشیدی سەعاتچی وەستابووین، چونکە ئەوێ وەک بارەگای ئەندامەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی بوو. هەر عەسر بوایە، دەتبینی ئەوا نەجاتی عەبدە لەگەڵ حاتەما هاتن، پاش کەمێک ئەوا هادی عەنبەر هات... ئیتر تا بەهجەت دووکانەکەی دائەخست، هەر لەوێ، لەسەر شۆستەکە نوکتە و چەنەبازیان لەسەر ئەم و ئەو لێ ئەدا! وتم: من و کاک ولیەمیش ئەو ڕۆژە وەستا بووین و قادر دیلان وتی: ولیەم سبەی نیوەڕۆ، خۆت و کاک باکوری لە ماڵی ئێمە نانی نیوەڕۆ ئەخۆین!

بۆ نیوەڕۆی سبەی، کە هەر دیسان لەبەر دەم دووکانی بەهجەتا بووین، کە کاتی نێوەڕۆ هات و بەهجەت خەپەنگەکەی هێنا خوارەوە، نازانم چاک ئەوەم لەیاد نەماوە ئایا بەهجەتیش لەگەڵمانا هات، یان خواحافیزی کرد و ڕۆیشت! بەرەو ماڵی کاک قادر بەڕێ کەوتین... نازانم ناوی گەڕەکەکەی ماڵیانی تێدا بوو، ناوی چییە... لە کۆڵانێکی خۆڵاوی، واتا قیڕتاو نەکرابوو... زۆریش بەرین نەبوو، لە دەرگایەک

قادر پێشمان کەوت و چووینە ژوورێ میوان، لەلای چەپی هەیوانەکەوە بوو.

گەنجێکی ڕوومەت مەیلە و خڕیلە و پرچ (قژ) و سمێڵی نیمچە ڕەش و ئەستوور، کراس و پانتۆڵێکی لەبەر، هەڵسا سەر پێ. ئێمە سەلامان کرد و کاک قادر (هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، لە خۆی و ساڵحیش) وتی ئەمە کاکە ساڵحی برامە...

ئەوە مامۆستا باکوریە... تۆقەیەکی گەرمان کرد!

من زۆر موشتاق بووم بیبینم و ئەویش وتی: قادر زۆر باسی تۆی کردووە و باسی چالاکییەکانت. ئاوازەکانیشتم بە دڵە.

بەم جۆرە یەک دوو سەعاتی خۆشم لەوێ لەگەڵ کاک حەمە سالّح و قادری برای و ولیەم بەسەر برد و دواییش مام ئەحمەدی باوکیان هاتە ژوورەوە و هەمووەمان هەڵساین و منیان پێ ناساند... بەخێرهاتنی کردین زۆر زۆر. قسەی دەکرد چاوی هەر لە حەمە سالّح بوو... یەک دوو جار کە باس و خواس دەهات... یا ڕوودداوێ باس دەکرا، مام ئەحمەد یەک بەیت شیعری دەهێنایەوە کە لەگەڵ ئەو حەکایەتە بگونجابایە.

دوای ئەو ڕۆژە، ئیتر هەر جارەی بچووبامە سلێمانی، لەگەڵ کاک قادر و کاک ولیەم دەچووینە ماڵی کاک قادر، هەر بۆ پیاسە و چا و جگەرە خواردنێکیش بوایە... ئەغلەب جاریش حەمە سالّح لە ماڵ دەبوو، کتێبێکی هەمیشە لەبەر دەما دەبوو، یا شتێکی دەنووسی!

پایزی ساڵی ١٩٥٧ بەسەلامەتی بەسەر شاری سلێمانیدا ڕەت نەبوو. لە ئێوارەی ڕۆژی ٨ی مانگی تشرینی یەکەم، لافاوێکی یەکجار گەورە، دوای باران و تەزرەیەکی زۆر، ڕووی دا و زەرەر و زیانێکی زۆری بوو. هەر ترومبێل بوو بەخۆو بەنەفەرەکانەوە لەگەڵ ئاو و شەپۆڵی لافاوەکە غلۆر دەبۆوە و وەک ئەوەی لەناو زێیەک بێت، نەک لە سەر شەقام! دەیەها ماڵ ڕووخان و کەلوپەلی دەیەها دووکان بەسەر ئاو کەوتن و شەپۆڵەکانی لافاو ڕایدەپێچان بەرەو دەشت و دەری خواروو شار.

مناڵ و ژن و پیری زۆر خنکاندن! تیپی مۆسیقای مەولەوی بەخۆو بەگۆرانیبێژەکانی ڕەسەنی خاوەن دەنگی بەسۆز: ڕەشۆڵ عەبدوڵلا و حەمە سالّح دیلان و عوسمان سابوونچی دەستیان کرد بەگەشتێک بۆ هەولێر و کۆیە بۆ کۆکردنەوەی پارەوپووڵ بۆ لێقەوماوانی لافاوەکە.

ئەوەبوو ئێمە لە کۆیە، وەک خەڵکی شار وەک تیپی مۆسیقای باواجی کە هێشتا کۆڕپە بوو، تازە کەوتبووە سەر پێمان، ئامادە بووین بۆ پێشوازی کردنیان. ڕۆژانی ١٥و١٦ی تشرینی دووەم، لە کۆیە ئاهەنگێکی زۆر زۆر خۆش ڕێک خرا لە هۆڵی قوتابخانەی (زانست)ی سەرەتایی کە نزیک ئاشان، بەرامبەر کۆنە حەوزی (بەللوعە!) بوو. ئێستا وا بزانم سانەوییە! لەو قوتابخانەیە ئاهەنگەکە بەڕێوەچوو هەر لە دوای نیوەڕۆوە تا ئێوارەیێکی درەنگ. لەو ئاهەنگە ئەو بەرهەمەی پێشکەش کرا، هەمووی ڕەسەنایەتی و ئیبداع و ئەفراندنی تێدا بەدی دەکرا. لەپێشەوە تیپی مۆسیقای مەولەوی، کە منیش، بۆ نیشاندانی هاوخەم و هاوبەشیم، لەگەڵ ئەندامانی تیپ بەعوودەوە دانیشتم و دوو پارچە مۆسیقامان پێشکەش کرد. لەبیرمە یەکەمیان مۆسیقای (مەولەوی) بوو لە دانانی قادر دیلان و دابەشکردنی خۆی.

لەم پارچە مۆسیقایەدا، چونکە کات و زەمان و ئەحوالی کوردەواری و ڕێگای مەولەوی لە ژیان و ئایین

و ڕەوشتی نیشان ئەدا. قادر دیلان رزم (ئیقاع)ی دەفی خستبووە ناو مۆسیقاکەوە... دەفی سۆفی و دەرویشان... بۆیە خەڵکەکە زۆریان خۆش ویست و بەچەپڵەلێدان لەگەڵ مۆسیقاکە هەستی خۆیان دەردەبڕی.

لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە کۆیە، لە ١٩٥٧/١١/١٥ سروودی (لە خەو ڕاپەڕە) دەڵێم- باکووری

پارچە مۆسیقایەکەی دووەم، مۆسیقای پێشەکی گۆرانی- النهر الخالد-ی مۆسیقاری میسری (محمد عبدالوهاب) بوو. لەو مۆسیقایەش (صولو)یەکی عوودی تیایە، من ئەو سۆلۆیەم ژەنی.

ئینجا دوای ئەوە، گۆرانیبێژەکان، هەریەکە و بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەعات، مەقام و بەستە فۆلکلۆرییە خۆشەکانیان دەگوت و دانیشتوانی هۆڵەکەیان هێنابووە، هەژان. ڕەحمەتی ڕەشۆڵ لە دەوری خۆی، بەچریکە ناسک و لەرینی ژێیەکانی قورگی، ئاسمانی کۆیەی پڕ دەکرد لە ئاوازە ڕەسەنەکانی مەقامی دەشت و خورشیدی و بەستە نازدارەکەی (ئۆخەی گردەکەی یارە، چەند شیرینە نازدارە)... ئینجا کاک عوسمان سابوونچی دەستەگوڵێکی ڕەنگینی لە گۆرانییە خۆشەکانی خۆی پێشکەش کرد، دوای ئەو منیش سروودی (لە خەو ڕاپەڕم) گوت کە لە شیعری مامۆستا کەریم مستەفا شارەزایە... کۆیییەکان چەپڵەیەکی زۆریشیان بۆ لێدام... زۆریشم سوپاس کردن بۆ هەستی دڵپاکییان بەرامبەر بەمن.

جا لە دوا برگەی بەشی گۆرانی ئاهەنگەکە، کاک حەمە سالّح دیلان هەر بەدەرکەوتنی لەسەر شانۆ بەچەپڵەیەکی گەرم و گوڕی ئاشقانی پێشوازی لێ کرا. ئینجا شیعرەکەی: (ئای نائومێدی)ی پیرەمێردی گوت بەمەقام... بەس چ مەقامێک. ناتوانم بەنووسین دەنگە خۆشەکەی و نەبراتە پڕ لە سۆز و هونەری مۆسیقا کە ڕستەکانی پارچە دەکرد و هەرپارچەی لەگەڵ ڕستەیەکی شیعرەکە بە با دەدا... هۆڵەکەی دەهەژاند... دانیشتووەکان هیچ چەپڵەیان لێ نەئەدا! سەرسام بووبوون لە مانای شیعرەکە و لە نەغمە مۆسیقایەکانی مەقامەکە:

ئای نائومـــێـــدی ئای نائومـــێـــدی
ئای ڕەنجـــەڕۆیی و دڵ نائومـــێـــدی
بەدبەختی وەک من، توخوا ســا کێ دی؟
دەردی مـــــەجنوونم، لـێ هاتـۆتە دی

هەر لە (نەجـد)ەوە، تا هەردەی دوجـەیل
بۆ لەیل ئەگـەڕام، دەروون لە غـەم کـەیل
هاتمە بێـســتـوون، لای قـەسـری شـیـرین
بـۆ فـــــەرهـاد گـــــریـام، بـە دیدەی نمین
..... تا دوای شیعرەکە

حەمە سالّح دیلان لە کاتی پێشکەشکردنی ئاهەنگی گۆرانی لەگەڵ تیپی مۆسیقای (مەولەوی) لە شاری کۆیە، لە ١٩٥٧/١١/١٥بۆ لێقەوماوانی لافاوی سلێمانی ١٩٥٧.

بەشی دووەمی ئاهەنگەکە پێک هاتبوو لە تەمسیلێکی کۆمیدی، کاک قادر دیلان نووسیبووی و سیناریۆی بۆ دانابوو بەناوی (ڕەزیل و لافاو). خۆی و هەڤاڵەکانی هەموویان بەشداربیان کرد یا بەنواندن وەک ئەکتەر یا لە ماکیاج کردن یا لە ئێکسسوار ئامادەکردن و دیکۆر و بەڕێوەبردنی شانۆ و... هتد و لەو کـــــارانەی لە بۆ هەر شانۆگەرییەک پێویستن. ئەو گەنجە خوێن گەرمانە، بەڕاستی دڵسۆز بوون بۆ مـــیللەتەکـــەیان... چەند ڕۆژێک لە هەولێـــر و لە کـــۆیە و لەوێوە بۆ سلێـــمانی، بێ ئەوەی کەسێکیان درهەمێکی چووبێتە باخەڵی. هەموویان بەدڵ و بەگیان و بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە، بێ وچان، خۆیان ماندوو دەکرد... بەمۆسیقا ژەنی، گۆرانی گوتن، کاری سەر شانۆ و... شتی تر، بەشەو هەموو میوانەکانی لە سلێمانییەوە هاتبوون لەگەڵ گەورە پیاوانی حکوومەت و پیاوماقوولانی شار و ئەدیب و نووسەر و شاعیر و تیپی مۆسیقای باواجی و گۆرانیبێژانی بەناوبانگی کۆیە...

لە (دار الضیافە) تەنیشت یانەی فەرمانبەرانی کۆیە، دەعوەتێکی گەورەیان بۆ کرا. کۆیییەکان پارەیەکی باشیان (تبرع) کرد بۆ لێقەوماوەکانی سلێمانی و هاوخەمی خۆیان دەربڕی بۆ میوانەکان و هەروەها ئامادەییان بۆ هەر خزمەتێکی لێیان داوا بکرێ، ئەیکەن بۆ کەمکردنەوەی ئازار و خەم و خەفەتی لێقەوماوەکان و کەسوکاریان. لەم ئاهەنگەشدا: سێوە و چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی کۆیە مەقام و بەستەکانی ناوچەکەی کۆیەیان پەیتا پەیتا پێشکەش دەکرد.

دیسان لەو شەوە خۆشەدا حەمە سالّح دیلان و ڕەشۆڵ چەندین مەقام و گۆرانی دیکەیان... کە هەندێکیان دەگمەن بوون... خستنیانە بەر گوێی ئامادەبووان و دانیشتنەکە تا درەنگی شەو بەردەوام بوو.

کاک حەمە سالّح دیلان لە مالّی شاعیر کاک ئەحمەد دلّزار، هاوڕێی ئازیزی خۆی، دابەزیبوو... لە گەلّیا بەشەو چووە مالّیان...

لەدوای ئەمەش چەند جارێک دەرفەتم بۆ هەلّکەوتووە کە لە سلێمانی، لە دانیشتنی مالّی هەندێ مرۆڤی بەزەوق و خاوەن هەستی هونەری، لەگەلّ برادەرە خۆشەویستەکانم، ولیەم و قادر دیلان و حەمە سالّح دیلان و بەهجەتی سەعاتچی و نەجاتی عەبدەی شمشال ژەن کۆبینەوە و لەگەلّ دەنگ و سەدای خۆشی حەمە سالّح و ڕەشۆلّ، شەوانی خۆشی زستان بەسەر بەرین.



تیپی مۆسیقای (باواجی) کۆیە سالّی ١٩٥٨ لە یاریگەی وەرزش.

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی سالّی ١٩٥٨ حەمە سالّح گەشایەوە وەک هەموو هاوولاّتییەکی عێراقی. چونکە وامان زانی ئیتر (خەلاس) ئازادیمان کەوتە دەست... ئێش و ئازار و حەبسکردن لەسەر بیروباوەڕ نەما... ولاّتی عێراق دیموکراسی بەخۆیەوە دەبینێ... حەمە سالّح لەو ماوەیە چەند سروود و گۆرانییێکی تازەی دانا و ئاوازی بۆ چەندین هەلّبەست دانا، بۆ نموونە:

سروودی هۆنراوەی:

کوردستان بەهەشتی زەمین جێی تێکۆشان و ڕاپەڕین

ئەم سروودە زوو لەسەر زار بلاّو بۆوە و لە هەموو ئاهەنگەکانا دەگوترا. حەمە سالّح خۆشی لە چەند ئاهەنگێکی بەو بۆنەیەوە بەدەنگی خۆی پێشکەش میللەتەکەی کرد. هەروەها ئاوازی بۆ هۆنراوەکەی پیرەمێردی نەمر دانا کە دەلّێ:

وەفدی کوردستان میللەت فرۆشان
هەرزەوەکیلی شاری خامۆشان

سروودێکی تر لە هۆنراوەکانی (گۆران)ی نەمری ئاواز بۆ دانا کە ئەمەی خوارەوەیە:

ئەژدەهاک زیندانت قەلاّقەلاّیە
دیواری کۆنکریت، دەرگای پۆلاّیە

دیسان لە هۆنراوەی (گۆران)، ئەم شیعرەی کردە گۆرانی:

بەڕەنگی زەرد و شێوەی دەست و شمشالّی کزا دەرۆیش

هەروەها ئەم گۆرانیانەی گوتووە و تۆمار کردووە:

* ساقی بۆم تێکە جامێ شەرابی حەوت سالّە (هۆنراوەی ساقی)
* با بچینە سەر وەیس (فۆلکلۆر)
* کەتان کەتانە (فۆلکلۆر)
* چارۆگێ و چارۆگێ (فۆلکلۆر)

و چەندین گۆرانی دیکەی خۆشەویستی و داب و نەریتی کوردەواری.

خۆی عاشقی جوانی بوو... جوانی شیعر و جوانی سروشت و گوڵ و ئافرەت...

ئەگەرچی سیاسەت کاتی زیاتری لێ سەندبوو و نووسین و شیعر و کاروباری خێزانیش لەولاوە!.

حەمە سالّح دیلان، چۆن دەنگخۆش بوو، ئەوهاش قسەخۆش بوو. مەجلیسی خۆش بوو... لە شاری سلێمانی کەس نەبوو نەیناسێ و بەحورمەت بوو، بەڕێز بوو.

لە شیعرەکانی وێنەی شیعری جوان و وەسفی نایاب هەیە کاتێ وەسفی نەورۆز و میللەت و کەسایەتی ناسراو و شار و لادێ و دەشت و شاخ و ڕووبار و گوڵ و گوڵزاری ئەم کوردستانەی کردبێ!

کچەکوردێکی خانەدان- میژوویێکی زووی کوردستان

ئەم قسەیە دەگێڕنەوە وەک نوکتە و دەڵێن:

ڕۆژێ (دیلان) دەچێتە سەردانی برادەرێکی، لە دائیرەیەکا. برادەرەکەی لە تەنیشت خۆی، لەسەر کورسی دای ئەنێ، دیوارێکی داریش لە بەینی هەر دووکیان و باقی ژوورەکە دەبێ، کەس (دیلان) نابینێ. لەو کاتەش دۆستێکی دیکەی ئەو (موەزەفە) دێتە سەردانی و لەودیو دیوارەکە دائەنیشێ. ئەویش قسەی خۆش بوو. برادەرە موەزەفەکە لێی دەپرسێ: ئەرێ تۆ ڕات چییە بەرامبەر بەدیلان؟ میوانەکەش کە (دیلانی) نەدیبوو، گوتی:

«وەلّلاهی شاعیرێکی زۆر باشە و خوا هەلّناگرێ دەنگیشی زۆر خۆشە. بەلاّم حەیف: تۆی زۆر زلە.» ئا لێرە دیلان هەستایە سەرپێ و تێی خوڕی و لێی پرسی: «باشە لە کوێ گوێت لە تڕم بووە؟» برادەرەکە کەوتەسەر پشت لەبەر قاقای پێکەنین و میوانەکەش بەپەشیمانیەوە وتی:

«خۆم نەگبەتم. زەمی هەر کەسێک بکەم، وەکوو قارچک لە بن گوێما هەلّدەتۆقێ! دیلانیش دەستی بەقاقای پێکەنین کرد و دۆستەکەی هەردووکیانی سارد کردەوە و ئیتر کاتەکەیان بەقسەی خۆشتر بەسەر برد.

ئەدیب و هونەرمەند حەمە سالّح لەو چالاکییە ئەدەبیانە و هونەرانەی هەبوون کاتێ لە ژیاندا بوو، هەرگیز دوورەپەرێز نەبووە. لە ڕێکخراوە هونەری و ئەدەبییەکان، هەمیشە لە پێشەوەی ڕیزەکان بووە و بەئەندام هەلّبژێردراوە. خۆی هانی ئەم جۆرە چوست و چالاکییانەی ئەدا و لاوانی ئەوساش بەپەرۆشەوە

بوون بۆ خۆ ڕێکخستن لەم کۆڕ و کۆبوونەوانە.

کاک سالّح دیلان لە سالّی ١٩٥٧، کە کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان لە سلێمانی دامەزرا، کە چەند بەشێکی بەخۆوە گرتبوو! بەشی هونەری مۆسیقا، بەشی هونەری شانۆ، بەشی ئەدەب... تاد بەسەرۆکی بەشی ئەدەب هەڵبژێردرا... تا کۆمەڵەکە نەما.

بەداخەوە... لە سەرەتای پایزی ١٩٩٠ و لە ڕۆژی ٢٨ی تشرینی یەکەمی ئەو سالّە، ڕۆژی ژیانی حەمە سالّح دیلانی دەم و قوڕگ زێڕین ئاوا بوو، مالّئاوایی لە کەسوکار و سەدەها ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند و دەنگخۆشی کوردستان کرد.

سەرچاوەکان

١- گۆڤارەکانی (ڕامان)ی ژمارە: ٦، ٩، ٥٦.

٢- گۆڤاری (ڕەنگین) ژمارە (١٣، ١٤) سالّی ١٩٨٨

٣- برایەتی- ڕۆژنامە- ڕۆژی ١٩٩٧/٤/١٧

٤- برایەتی- ڕۆژنامە- ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/٢٨

٥- برایەتی- ڕۆژنامە- ڕۆژی ١٩٩٨/١٠/٢٨

٦- ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ٢٠٠١/١٠/٢٨

٧- کتێبی (دیوانی شیعر) محەمەد سالّح دیلان- ئامادەکردنی عەبدولّلا عەزیز خالد- چاپخانەی سومەر- بەغدا سالّی ١٩٨٧.

٨- کتێبی (شاری سلێمانی) بەرگی یەکەم- چاپی دووەم- نووسینی ئەکرەمی مەحموودی سالّحی ڕەشە. (دار الحرية- بەغدا- ١٩٨٧)

٧- قادر دیلان

قادر دیلان لە گەنجایەتیدا لە گۆڤاری (ڕوناهی) ژمارە (٥و٦)ی سالّی (١) وەرگیراوە، کە لە شوبات و ئاداری ١٩٦٠ لە بەغدا دەرچووە ئەویش لە گۆڤاری (عێراقی نوێ)ی هەمان سالّی وەرگرتووە.

سەرچاوەکانی کە سوودم لێیان وەرگرتووە بۆ ئەم باسە، جگە لە بیرەوەرییەکانی خۆم، ئەوانەی خوارەوەن:

١- گۆڤاری (ڕوناهی) ژمارە ٥و٦ی هەردوو مانگی شوبات و ئاداری سالّی ١٩٦١ کە لە بەغدا دەردەچوو. لاپەڕەیەکی لەسەر (قادر دیلان) نووسیوە لەگەڵ ئەو وێنەی لە سەرەوەیە، کە (ڕوناهی)ش لە گۆڤاری (عێراقی نوێ)ی وەرگرتووە، ئەوسا ئەویش لە بەغدا دەردەچوو.

٢- ڕۆژنامەی (ژین)- ژ١٣٧٢ سالّی ١٩٥٧- ڕیپۆرتاجێ لەسەر ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی، مۆسیقا و تەمسیلی ڕەزیل و لافاو: لە هەولێر و کۆیە.

٣- ڕۆژنامەی (ژین) حوزەیرانی سالّی ١٩٥٨- وتارێک لەسەر (ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی)- کە لە جەژنی قوربانی ئەوسالّە لە سلێمانی کرا.

٤- ڕۆژنامەی (العراق)ی عەرەبی بەغدایی- ژ(٢١٢) لە ١٩٧٦/١٠/٣١ لە دیمانەیەک کە لەگەڵ قادری ڕەحمەتی کراوە، لەژێر ناوی (الفنان قادر ديلان في ارض الوطن)- پەیامنێری ڕۆژنامەکە (عبدالرحمن علي) کردوویەتی.

٥- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) ژ- ١٠٦ سالّی ١٩٨٥ وتارێکی کاک عوسمان شارباژێڕی بەناونیشانی (کاروانی مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانی)

٦- گۆڤاری (ڕامان)- ژ- ٢٨، لە ١٩٩٨/١٠/٥ دەرچووە. دیمانەیەک کراوە لە ولّاتی (سوید) لەگەڵ هونەرمەند قادر دیلان لە لایەن فەخرەددین تایەرەوە.

٧- ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) - مانگی مارت (ئازار)ی ١٩٩٩ وتارێک لەسەر چلەی قادر دیلان لەلایەن سامان قەرەچووغی.

٨- ڕۆژنامەی (خبات)ی بەعەرەبی- ژ ٩١٨-٢/٤/١٩٩٩ چارەگە ستوونێکی بلّاوکردۆتەوە لە بابەت (رحيل الفنان قادر ديلان).

٩- برایەتی (ڕۆژنامە)- ڕۆژی ١٩٩٩/٤/٢٧ وتارێک بەناوی (پەیڤێکی وەفاداری لە چلەی قادر دیلانی...) لەلایەن کاک جیهانبەخش کۆبییەوە نووسراوە.

١٠- گۆڤاری (زاگروس) بەعەرەبی. ژ١٧ لە ١٩٩٩/٤/٢٧ دەرچووە.
وتارێکی خۆم (باکوری) تێبیدا بلاوکردۆتەوە بەناوی (الفنان قادر دیلان کما عرفته).
١١- رۆژنامەی (رێگای کوردستان) لە رۆژی ١٩٩٩/٦/٣. وتارێکی بەناوی (هونەر و هونەرمەند) لە لایەن یاسین بانیخێلانی کە لە (بەرلین)ەوە ناردوویەتی، بلاو کراوەتەوە.
١٢- رۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر) لە نیسانی ٢٠٠٠ بۆ سالیادی هونەرمەند قادر دیلان- وریا جاف، یادەکەی نووسیوە.
١٣- رۆژنامەی (رێگای کوردستان)- لە رۆژی ٢٠٠١/٣/١٩ وتارێکی سامان قەرەچووغی بلاوکرایتەوە بەناونیشانی (قادر دیلان...)
١٤- کتێبی (شاری سلێمانی)- بەرگی دووەم- نووسینی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشە- بەغدا سالی ١٩٨٩ چاپ کراوە باسی قادر دیلان لە لیستی قسە خۆشەکانی سلێمانیدا هاتووە و ئینجا باسی (تیپی مۆسیقای مەولەوی) بەدرێژی تێدا نووسراوە.
١٥- کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) کە لەلایەن! جەمال بابان و هاورێیانی نووسراوە- بەرگی سێیەم- ل ١٥٨ باسێکی گۆرانی و مۆسیقای تیایە.
دەزگای چاپەمەنی سەردەم، سالی ٢٠٠٠ لەچاپی داوە.
١٧- کتێبی (شەوچەرەی شار) لە نووسینی: ئەکرەمی مەحموودی سالحی رەشەیە. بەرگی یەکەم. لە ئۆفسێتی دلێر لە سلێمانی لەچاپ دراوە. باسی قادر دیلان و هاورێیانی کراوە وەک قسە خۆش و دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی. ل ٢٥٤.

ئەم هونەرمەندە مەزنە، ناوی تەواوی (قادر کوڕی مەلا ئەحمەدی دیلانە. مەلا ئەحمەد کوڕی مەلا سالحی کوڕی مەلا قادر)ی شەوخوێنە. واتا قادر لە خێزانێکە باوک و باپیرانی هەموو (مەلا) بوون. لە مالێکی ئایینپەروەر و خاوەن ناو و ناوبانگی باش، قادر دیلان پەروەردە بووە. باوکی: مەلا ئەحمەد دیلان، بەپیاوێکی دەنگخۆش و مەقامزان ناسرابوو. بەلام تەنها لە هەندێ شوێن و مالی پیاو ماقوولْ و خووڕەوشت پاک و ناسراو، مەقامی دەچڕی.

زۆر کەم تێکەڵی لەگەڵ خەڵک هەبوو. هەڵبەتە ئەوەشتان لە لا ڕوونە ئێستا، دوای ئەوەی زانیتان قادر دیلان کێیە، کە قادر دیلان برای بچووکتری شاعیر و سیاسی و دەنگخۆشی نەمر حەمە سالح دیلانە.

قادر دیلان لە سلێمانی، لە دایک بووە، لە سالی ١٩٣٠ لە شەشی ئەیلوول، هەروەک لە گۆڤاری (ڕوناهی) ژمارە (٥و٦)ی مانگی شوبات و ئاداری سالی ١٩٦١دا نووسراوە. بەلام لە دیانەیەک لەگەڵیدا، کە پەیامنێری رۆژنامەی (العراق)ی عەرەبی بەغدا لەگەڵی کردووە کە ناویشی (عبدالرحمن علی)یە، بەعەرەبی نووسیویەتی، کوردیەکەی ئەمەیە: (هونەرمەند قادر دیلان یەکێکە لە هونەرمەندە یەکەمەکانی ئاسمانی بزووتنەوەی هونەری لە ناوچەکە. لە سالی ١٩٢٨دا لە سلێمانی هاتۆتە دنیا...). کەچی هونەرمەند قادر دیلان لە چاو پێکەوتنێکی دیکە، لە (سوێد)، کاک فەخرەددین تایەر کاتی خۆی،

لەگەڵیا، کردوویەتی، دەڵێ «لە سالی ١٩٣٠ لە سلێمانی بۆ یەکەم جار چاوم هەڵیناوە!». بەهەر حال، یەک دوو سالْ کەم یان زیاد، قەیران دروست ناکات لە تەمەنی پیاو.

قادر دیلان، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە. وەک گوتمان، لە خێزانێک پەروەردەبوو، کە ئاواز دانەر و مەقامبێژی تێدا هەڵکەوتووە. ئاوازی مەقامە ڕەسەنە کوردیەکان لە باوکی و لە حەمە سالحی برای گوێ لێ بووە... بۆیە هەر لە منالییەوە حەزی لە گۆرانی و مۆسیقا کردووە. هەر بۆیەکەش، کاتێ هاوینی سالی ١٩٤٧ خولێکی مۆسیقا کرایەوە لە سلێمانی، قادر دیلان یەکێک بوو لەو قوتابیانەی بەشداریان تێدا کرد و عیشقی فێربوونی مۆسیقا، قادر و هاورێیەکانی وەک موگناتیس، بۆ ئەم دەورەیە ڕاکێشا. ئەم دەورە مۆسیقایەش لە لایەن وەزارەتی پەروەردە ڕێکخرا و چەند مامۆستایەکی مۆسیقاژەن وانەکانی مۆسیقایان لە دەورەکەدا دەگوتەوە، هەریەکە و بەگوێرەی پسپۆری خۆی، کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- مامۆستا حەننا پترۆس- بەڕێوەبەری خولەکە و دەرسی ئامێرە (هوائیە- فوودارەکان)ی فێر دەکرد.
٢- غانم حەداد- کەمانچە
٣- جەمیل بەشیر- کەمانچە
٤- سالم حوسێن- قانوون
٥- یەعقووب یوسف- عوود
٦- حەقی...؟ - شمشالْ- نای
٧- شواع...؟ دیارە جوو بووە- کەمانچە
٨- مونیر ئەڵلاوێردی- کەمانچە

لەو قوتابیانەی کە لەو خولە وانەی مۆسیقایان خوێند، ژمارەیێکیان ناومان زانیون کە ئەمانەی خوارەوە بوون:

١- بەهجەت ڕەشید ئەفەندی سەعاتچی
٢- قادر دیلان
٣- شەمالْ سائیب
٤- نووری عەنبەر
٥- ئەحمەد حەمەی لەیلێ
٦- مەحموودی حەمەی لەیلێ
٧- ئەحمەد زرنگ
٨- غەریب میرزا کەریم
٩- عەبدوڵلا میدیا
١٠- ڕوبێن ئۆفیک

١١- سەرکیس کیغام

١٢- ڕەزا شێخ مەحەمەد گوڵانی

خوێنەری بەڕێز: سەیری لیستەی قوتابییەکان بکە، کە وێنەشمان لێرەدا بڵاو کردۆتەوە، تێ ئەگەی ئەم مناڵ و گەنجانە چ ڕووحیەتێکی هونەرییان هەبوو و پاڵی پێوەناون کە خۆیان ناونووس بکەن و هەوڵدەن فێرە مۆسیقابن. لە پاشانیش، وەک ئەزانین، ئەم بەڕێزانە هەموو بوون بەهونەرمەندی مۆسیقاژەن یا گۆرانیبێژ هەشن هەردوو بەشی: مۆسیقا و گۆرانییان پێش خستووە و کاریان لە هەردوو بوار ئەنجام داوە و بەرهەمیان هەیە.

هەندێکی دیکەشیان لە بواری جیاجیاکانی تری هونەر، جگە لە مۆسیقا و گۆرانی، ناوبانگیان دەرهێناوە و کاریان کردووە، وەک: ئەدەب و نووسین و شانۆ و... تاد.

قادر دیلانی خاوەن بەهرە و حەز و هەستی گوڕو گەرمی هونەری، ڕوو لە بەغدا دەکا بۆ تەواوکردنی خوێندن و گەشکردنی زانیاری مۆسیقا...

ئەو مۆسیقایەی لە خولەکەی لە سلێمانی تەواوی کرد! لە بەغداش لە پەیمانگا یاخود (کۆلیجی) بازرگانی وەرگیرا. لە هەمان کاتیشا، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانیش، کە دەوامی ئێوارانی



مامۆستایان و قوتابیانی خولی مۆسیقا، کە لە سلێمانی کراوەتەوە لە ساڵی ١٩٤٧دا

لە ساڵی ١٩٥٢ لە ستۆدیۆی ئێزگەی کوردی لە ڕادیۆی بەغدا گیراوە، کاتێ ڕەحمەتی (سێوە) ئاهەنگ و مەقامەکانی بۆ تۆمار دەکرا، لەگەڵ تیپی مۆسیقای بەشی کوردی. قادر دیلانی نەمر، لەلای ڕاست، لە نزیک قۆزبنەکەوە وەستاوە و کلارنێت دەژەنێ. ئەوەی عوودەکە لێ ئەدا ئەحمەد خەلیلە، ئەویش کوردی لای زاخۆیە. ئافرەتەکەش (ئەڵماس خان)ی گۆرانیبێژی بادینییە.

بوو، وەرگیرا. بەم جۆرە وەختەبوو بەشێکی چاکی ئامانجەکانی بێتە دی! واتا بڕوانامەی (کۆلێج)ی بازرگانیش وەرگرێ و مۆسیقایەکی باشیش لە مەڵبەندی مۆسیقای ئەو زەمانە، لە بەغدا، فێربێ! بەڵام داخەکەم... لە هەردوو لا دوور خرایەوە! نە ئەم لا، نە ئەولای پێ تەواو نەکرا! هۆیەکەش لەبەر ئەوەبوو کە گوایا لەسەر (سیاسەت) لە خوێندن دوور خرایەوە، چونکە بەقوتابییێکی (شیوعی) ژمێردرابوو! ئەمە تا ساڵی ١٩٥٠ مایەوە!

کامیل کاکەمین، موشریفی ئیزاعەی کوردی بەغدا، ئەمەی بیست، هەوڵی بۆی دا، لەگەڵ هەندێ خێرەومەندی کوردی تر، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٥١ لە ئێزگەکەی کوردی وەک (کلارنێت ژەنێک) دامەزرا.

ڕۆڵێکی گرنگی ئەنجام دا لە ئێزگە. ئەندامانی تیپەکەی ئێزگە هەموویان عەرەب بوون. کە مۆسیقایان بۆ گۆرانیبێژە کوردەکان لێ ئەدا، ژەنینی ئامێرەکانیان دەچۆوە سەر شێواز و ڕووحیەتی مەقامە عەرەبییەکان- بەڕاستی ئەو مۆسیقایەی ئەم تیپەی ئێزگەی کوردی بۆ گۆرانیبێژانی ئەوسایان لێدەاوە زۆر لە تام و چێژی کوردەواری و ئاوازی ڕەسەنی کوردی دووەر. ئەگەر بتانەوێ ئەمە بەڕاستی و واقیعی هەست پێ بکەن، گوێتان بدەنە یەکێک لە مەقامەکانی سێوە یا عەلی مەردان یا تایەر تۆفیق یا مەحمود وەندی، دەبینن، بەڕاستی، وەک عارەب گۆتەنی: المطرب في وادي والموسيقى في وادي! واتا گۆرانیبێژ لە دۆڵێکە و مۆسیقاژەنەکان لە دۆڵێکی ترن، و ئاگایان لە یەکتر نییە!

گۆرانیبێژ شتێ دەڵێ، مۆسیقاژەن شتێکی تری بۆ لێ ئەدا... کە دووربوو لە ئاوازە کوردییەکە و ڕەسەنایەتی ئاوازەکە...

کە قادر دیلان چووە ئێزگە... لە کاتی پرۆڤە کردنا لەگەڵ گۆرانیبێژ بەو پێیەی کە لە ئاوازە کوردییەکان شارەزایی چاکی هەبوو، ئەو پێشتر بەکلارنێتەکەی، ئاوازەکەی بۆ ئەوانی تر لێ ئەدا مەشقی پێ دەکردن دووبارە و دە بارەی دەکردەوە بۆیان، تا ئەو کاتەی وردترین چێژەکانی ناو ئاوازەکەی نیشان ئەدان و لێی ڕادەهاتن.

جەمیل بەشیر

جەمیل بەشیری کەمانچە و عوود ژەنی بلیمەت و ناسراویش زوو زوو دەهاتە بەشی کوردی و بەشداری دەکرد لە ئاهەنگی گۆرانی هەندێ لەو گۆرانیبێژانی ئەوسا، بەتایبەتی ئەوانەی مەقامیان لە ئاهەنگەکەیان دەگوت. ئەمەش یارمەتیێکی زۆر چاک بوو، جا لەگەڵ قادر دیلانیش دا برادەر بوون، وایان دەکرد گۆرانییەکان کەمێک بەلای ئاوازی کوردیدا بشکێنەوە و بۆنی

کوردەواریان لێ بێت!

ڕەحمەتی شەماڵ سائیبش، هەر لەگەڵ قادرا، یەک زەوق و یەک مەشرەب بوون! شەمالێش زووتر لەگەڵ ئێزگەی کوردی پێوەندی کردبوو و لە دوا ساڵانی چلەکانا چەند گۆرانییەکی فۆلکلۆری لە ئێزگە بڵاو کردبۆوە و ئیتر ئەویش لە یارمەتیدان دریغی نەئەکرد.

بەندەش کە چوومە ئێزگە، هەر لەو مێژووە بوو، هەرسێکمان، قادر و شەماڵ و من زۆر شتمان کرد و هەمیشە لەگەڵ تیپەکەی ئێزگە، بەئامێرەکانمان هەوڵمان ئەدا لەسەر ڕێگای ڕاستی ئاوازی کوردی، ئامێرەکانیان بەکار بێنن و بژەنن.

هونەرمەندی عودژەن مونیر بەشیر

هەروەها ڕەحمەتی قادر دیلان بووە ئەندام (عازف) لە تیپی مۆسیقای (انوار الفن).

کە لەو زەمانە پێک هات لە مۆسیقاژەنە مومتازەکانی وەک مونیر بشیر، جمیل بشیر، غانم حداد، ناظم نعیم، کریم بدر، خضر الیاس،، حسین عبدالله، سالم حسین، سامي عبدالاحد، خضیر الشبلي، أحمد خلیل و ژمارەیێکی زۆری تر لە مۆسیقارە زۆر باشەکانی بەغدا. ئەو تیپە مۆسیقایە، هەفتەی ڕۆژێک، ئاهەنگێکی مۆسیقای پێشکەش دەکرد لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدای بەشی عەرەبییەکەی- تیپی مۆسیقای ئەنوارولفەن، زۆری نەخایاند، ناخۆشی کەوتە نێوان ئەندامەکانی و بووە هۆی لێک ترازان و دوورکەوتنەوەی ئەندامەکانی لە تیپەکە، بەم جۆرە لە بەرهەمهێنان وەستا. ئەو تیپە لە سەرەتاوە بەرهەمی گەورە و شتی پاکی، دوور لە تورەهات، بەرهەم دەهێنا و لەگەڵ گۆرانیبێژە ناوادارەکان، ژمارەیێکی زۆر گۆرانی نایاب بەدابەشکردنی مۆسیقایی ڕێکوپێک، تۆمار کرد. لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٧، مونیر بەشیر،عوود ژەنی لێهاتووی عێراق، تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی پێک هێنا و دیسان زۆربەی عازفەکانی تیپی (انوار الفن)ی لە کارکەوتووی هێنایەوە بۆ تەلەفزیۆن و خۆی سەرپەرشتی دەکرد. ئەم تیپەی تەلەفزیۆن لە سەرەتا بچووک بوو. بەڵام بەرەبەرە و ساڵ لە دوای ساڵ ئەندامەکانی زیاد بوون تا وای لێ هات زۆر گەورە بوو و لە ستۆدیۆ کۆنەکەی بەشی عەرەبی جێگایان نەدەبۆوە کاتێ دائەنیشتن بۆ تۆمارکردنی بەرهەمێکی مۆسیقا یا گۆرانی!

کەمانچەژەنی عێراقی ناودار ناظم نعیم

قادر دیلان ئەوسا بەغدای بەجێ هێشتبوو و چووبۆوە بۆ سلێمانی.

هونەرمەند قادر دیلان، دوو ساڵ پێش گەڕانەوەی دوایی بۆ سلێمانی، سەرۆکی تیپی ئێزگەی کوردی لە بەغدا پێ سپێردرا.

لەو ماوەیەش توانی بەدڵسۆزی کاربکات و هیممەت بکات بۆ بەرهەمهێنانی هەندێ گۆرانی کە گۆرانیبێژان لە ئاهەنگەکانی خۆیانیان پێشکەش دەکرد، زۆر بەپاکی، بێ نیشانکردن و لەگەڵ هەندێ دابەشکردنی سادە و کورت لەو گۆرانییانە و دانانی پێشەکی بۆ هەندێ بەستەی فۆلکلۆری. تا ئەو ڕۆژەی بڕیاری دا بگەڕێتەوە سلێمانی چونکە وەک بڵێی، بۆنی کردبوو کە ئیدارەی گشتی ڕادیۆی بەغدا بەڕەسمی دەری دەکەن. جا بیری کردەوە، چاکترە خۆی بەجێی بهێڵێ پێش ئەوەی ئەوان فەسڵی کەن و لەوانەش بوو تەشقەڵەیەکیشیان پێ دەکرد... چونکە، وەک پێشتر باسم کرد، بۆنی شیوعییاتی لێ دەهات! ئەو جۆرە ناوەش لەگەڵ ڕەوشت و سلووکی حکوومەتی نووری سەعید، و پاشایەتی، بەگشتی، نەدەگونجا. بۆیە قادر بوخچەی پێچایەوە و دوعاخوازی لێ کردین و بەمن و شەمالێ گوت: وەرنە سلێمانی، ئینشاڵلا لەوێ شتی باش دەکەین!

لە دوا دوای ساڵی (١٩٥٥) بوو، عەسرێک لە بەشی ناوخۆی (القسم الداخلي) دار المعلمین العالیة بووم کە لە یەکێک لە خانووەکانی گەڕەکی (وەزیریە) بوو زۆر نزیکی بەشی دیراسیمان بوو، کاتێکم زانی (فیلیپ)ی برام هاتە ژوورەوە و سەلامی کرد. یەک دوو براەدەریشم لەوێ بوون لە قوتابیان.

دوای کەمێک قسە و هەواڵی ماڵەوەم لێی پرسی، وتی من هاتووم بتبەم لەگەڵ خۆما بۆ کەرکووک و لەوێشەوە بچین بۆ سلێمانی حەز ئەکەم ئەو کچەی دوزیمەتەوە و خۆشم دەوێ، چاوت پێی بکەوێ ئەویش برای هونەرمەندە و عوود لێ ئەدا، مامۆستایە، ناوی (ولیەم)ە و هاوڕێی قادر دیلانە. بەشکم ئیقناعی بکەن و خوشکەکەم بداتێ، چونکە بەدەست ئەوە. ئەگەر ئەو ڕازی بێ، دایک و باوکی کچە ڕازین!. ئەوەبوو شەو بەترومبێل بەڕێکەوتین بۆ کەرکووک، چونکە بارانێکی زۆر باریبوو لە دەشتەکەی کەرکووک و دەشتی (ئینجانە) و لە دوو سێ شوێن، سکەی شەمەندەفەر ئاوی لافاوی باران تێکی دابوو. جا بۆیە ئەو یەک دوو ڕۆژە شەمەندەفەرەکە وەستابوو و سەفەر بە قەتار نەبوو. ئەو شەوە ئێمەش تا بەیانی لە ڕێگا بووین لە بەینی بەغدا و کەرکووک... باران بوو... قوڕ بوو... چەندین جار ترومبێلەکە چەقی لە قوڕدا و دەهاتینە خوار و دەرمان دەهێنا...

کە ڕۆژ بۆوە و گەیشتینە چایخانەیەک، لەسەر ڕووبارێک، بینیمان چەندین سەیارە لەناو ئاودا کۆژابوونەوە و هەندێکیان لەو دیوی ئاوەکە، دوای دەربازبوونیان، ئەمجا لە قوڕ چەقیبوون.

بەهەر حاڵ بەیانییەکی درەنگ گەیشتینە کەرکووک... ماندوو و جلەکانمان هەموو بە قوڕ و تەڕ بوون!

فیلیپ بۆ سەری ساڵ ماوە لە کەرکووک. چونکە مالمان ئەوسا لە کەرکووک بوو. خۆی لە گوندی (عەربەت) کاری دەکرد لەگەڵ ئەو ئەندازیارانەی سەددەکەی دەربەندیخان و ڕێگاکەیان دروست دەکرد، جا خۆی و برادەرێکی دیکەی خانوێکی بچووکی بە بەرد دروستکراویان بەکرێ گرتبوو لە سەر جادەکە بوو... نزیک (کامپ)ی باقی عەمەلە و کرێکارەکان.

دوای جەژن وتی من بۆ پشوودان (عطلة)تان، لە مانگی شوبات چاوەڕێت دەکەم. هەر دەبێ بێیت.

ئەوە بوو لە مانگی شوبات، کە گەڕامەوە کەرکووک، ڕۆژێک ترومبێلێک لەبەر دەرگامان وەستا، تاکسی بوو. شۆفێرێکی قەڵەو، چاکەتی لەسەر شروالّ لەبەربوو، لەچەکێکی سپیشی لەسەر و دەم و چاوی ئالاندبوو. دنیا زۆر ساردبوو و بارانیش بوو. گوتی: کاک فیلیپ لە سلێمانییەوە منی نارد تا بتانبەمەوە بۆ سلێمانی . من و کاک مەتی ئامۆزام، کە ئەویش سالّی یەکەمی بوو لە دار المعلمین العالیة و مالّیشیان لە کەرکووک بوو، سواری تاکسی بووین و بەرەو سلێمانی بڕۆ! لە دوای هەورازەکانی بازیان بەفرێک بوو نەبێتەوە! دابەزین هەندێک وێنەشمان لەناو بەفرەکە گرت. لە سلێمانی، فیلیپ چاوەڕێی دەکردین.

لەنێوان کەرکووک و سلێمانی پشووی نیوەی سالّ– شوباتی ١٩٥٦ من و مەتی ئامۆزام و شوفێرەکەی تاکسی کە فیلیپ ناردبووی بەشوێنمان. بەفرێکی زۆریش دەباری– لە وێنەکەدا لەسەر تەلانێک لە ناو بەفرەکە ئەم وێنەمان گرت.

دیاربوو لەگەلّ کاک قادر دیلان و بەهجەت و ولیەم ڕێک کەوتبوو کە بچینە مالّی ولیەم، ئەو شەوە لە مالّی ولیەم دانیشتین و باسەکەی خوشکەکەیمان کرد بۆ فیلیپ. کاک قادر دیلان و برادەرەکانی دیکەش پشتیوانیان لێ کردم و ئیتر لەسەر خێران مەسەلەکە تەواو بوو و کاک ولیەم ڕازی بوو. ئیتر ئەو شەوە، هەر لەوێ دانیشتنێکی بچووکمان کرد و خواردنەوە و مەزەی هات و ئالاتی مۆسیقاش هەر لە مالّی ولیەم بوون. چونکە زۆربەی جار لەوێ دادەنیشتن پرۆگەیان دەکرد. ئەو شەوەمان زۆر خۆش ڕابوارد و منیش بۆ شەوی پاشتر دەعوەتم کردن بەناوی کاک فیلیپ کە لە عەربەت، لە خانووەکەی دائەنیشین.

بۆ ڕۆژی پاشتر، فیلیپ هەموو شتێکی ئامادە کرد! خواردن و خواردنەوە و میوەی نایاب... تاد. لە کامپێکی نزیک قلیاسانیش برادەرێکی من و فیلیپ کاک جەوادی شەفیق ئاغای کۆیە، بوو، کە ئەویش لە کۆمپانیایەک کاری دەکرد و خیوەتی هەبوو لەوێ. ئێوارە چووینە لای ئەویشمان هێنا و بەجێبێک هاتنەوە شار و برادەرەکانی دیکەش لەگەلّ جێبێکی تر کە لەلای فیلیپ بوو هەموو سوار بووین و جا ئەوەی کە سەفەرەکەمانی خۆش کرد، وجوودی هونەرمەند (حەسەن زیرەک) بوو کە بە تەسادوف ئەویش لە سلێمانی بوو. جا کاک قادر دیلان پێی گوتبوو بۆ دەعوەتەکە و نەیهێشتبوو. بچێتە هیچ لایەکەوە. ئەوە بوو لەگەلّمانا، هەموو پێکەوە، بەرێ کەوتین بە جێب، بۆ عەربەت.

شەوەکە شەوێک بوو هەرگیز لەیاد ناچێت: چەند شتێک وام لێ دەکەن هەمیشە لەپێش چاوما بێت: یەکەم: دەستگیرانی فیلیپی برام کە خوشکی کاک ولیەم بوو، بۆمان خواست.

کاک مەتی جومبوشەکەمی لە دەستە و من، پێکەوە، لە دێی عەربەت لەپێش ئەو خانووەی شەوەکەمان تیایدا ڕابوارد لەگەلّ حەسەن زیرەک و تیپی مۆسیقای مەولەوی، مانگی شوبات سالّی ١٩٥٦

دووەم: دانیشتنی تایبەت لەگەلّ حەسەن زیرەک و سێیەم دیتنی ئەو ناوچەیە... چونکە یەکەم جار بوو لە سلێمانییەوە بۆ ئەم ڕێگایە و ئەو شوێنە خۆشانە بێم و بیانبینم.

ئەم برایەم (فیلیپ) سالّی ١٩٧٥ چووە ئەمریکا، بەخۆو بەمنالّەکانی. تا لەوێ کۆچی دوایی کرد بە نەخۆشی شێرپەنجەی سینگ. بەلّام خێزان و منالّەکانی کە دوو کوڕن (ئازاد و نیاز) و کێژێک (هوەیدا)یە ناوی، لەوێ گەورە بوون و ژنیان هێناوە و کێژەش مێردی کردووە.

بەڕاستی ئەو عوتلەیەی نیوەی سالّم زۆر خۆش ڕابوارد لەگەلّ هەموو ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، کە عەسران، لەبەردەم دووکانی بەهجەت سەعاتچی ڕادەوەستاین و بەقسە و نوکتەجاری کاتمان ڕادەبوارد. بۆ شەوەکەی، چەند جارێ دەچووینە یانەی فەرمانبەران کە لەوێش لەگەلّ (ڕەشۆلّ عەبدولّلا)ی مەقامزان و دەنگخۆش تا درەنگ دەماینەوە. پاشان هەر بەپێیان بەناو شەقامەکاندا بەقسە و پێکەنین دەگەڕاینەوە مالّ. من لە مالّی کاک ولیەم دابەزیبووم.

ئیتر بووین بە خزم!

تیپی مۆسیقای مەولەوی، دوای ئەوەی کاک

تیپی مەولەوی و حەسەن زیرەک. لە ڕاستەوە: ئەحمەدی شێخ خالی (ئەندامی کۆرسی ئێزگەی کوردی بەغدا، حەسەن زیرەک بە جەمەدانیەکەیەوە، نای ژەن نەجاتی عەبدە، کەمانچە ژەن بەهجەت ڕەشید، کەمانچە ژەن هادی عەنبەر.
دانیشتوەکان: ولیەم یوحەننا– عوود، ئومێد مەدحەت موبارەک– ئەویش عوود و کەمانچەشی دەژەنی و کاک قادر دیلان کە دوا کەسە بەکەمانچەوە.

قادر دیلان گەڕایەوە سلێمانی، لە ساڵی ١٩٥٤ەوە، لەگەڵ کاک ولیەم یۆحەننا و بەهجەت ڕەشید... بیریان لە دامەزراندنی تیپەکە دەکردەوە. تیپەکە لە ڕاستی هەر هەبوو. بەڵام بێ ناو بوو. هەر کە موناسەبەتێک هەبوایە، ئەو هونەرمەندانە یەکتریان دەگرتەوە و دەچوونە ئەو شوێنە و ئاهەنگەکەیان خۆش دەکرد. من چەندین جار دەچوومە لایان و لەگەڵیانا لە هەندێ دانیشتن بەشداریم دەکرد، هەندێ جار هەر قادر و ولیەم و بەهجەت لەماڵە ئاغا و یا ناوداڕەکان یا گەورە پیاوانی حکومەت دەعوت دەکران. جا ئەگەر بەڕێکەوت منیش لەوێ باما منیشیان لەگەڵ خۆیان دەبرد.

تیپی مۆسیقای مەولەوی لە سەرەتای دامەزراندنیەوە ساڵی ١٩٥٤
مۆسیقاژەنەکان لە ڕاستەوە: ١- نەجاتی عەبدە- نای (شمشاڵ) ژەن. ٢- هادی عەنبەر- عوود و کەمانجە ژەن. ٣- ئومێد مدحەت- کەمان. ٤- حاتەم سەعید- تەپڵ و ئیقاع. ٥- بەهجەت ڕەشید سەعاتچی- کەمان و عوود٦- قادر دیلان- کەمانجەژەن و سەرۆکی تیپەکە بوو. لە دواوەش نووری بەدەوی دانیشتووە

ئەندامەکان و مۆسیقاژەنەکان ئەوانەی خوارەوە بوون:

١- قادر دیلان- کەمانجەی لێ ئەدا لەگەڵ کلارنێت.
٢- ولیەم یۆحەننا- عوود و کەمان
٣- بەهجەت ڕەشید- عوود و هەندێ کەمانیشی لێ ئەدا لە کاتی پێویست.
٤- هادی عەنبەر- عوود و کەمان
٥- نەجاتی عەبدە- شمشاڵ (نەی)
٦- عوسمان سابوونچی- عوود و گۆرانیشی دەگوت.
٧- حاتەم سەعید- تەپڵ- ئیقاع-
٨- عەبدولڕەحمان قەدری- عوود، ئەگەرچی کەم دەردەچوو.
٩- سەردار ڕەمزی- کەمانجە- ئەویش زۆر دەرنەدەچوو.
١٠- ئومێد مەدحەت موبارەک- کەمانجە...

جگە لەوانەش هەندێ هونەرمەندی یاریدەدەریان هەبوو وەک: کاک حەمە فەرەج مەعروف: بێژەر و پێشکەشکەری بەرنامەکان... (مذیع)، کاک عومەر هەڵمەت تۆمارکردن و ئەندازیاری دەنگ و ڕێکخستنی شوێنی ئامیرەکانی مۆسیقا و مایکرۆفۆن... تاد. و کاک نووری بەدەوی یارمەتیدەری کاک عومەر هەڵمەت. هەروەها کاک نووری وەشتی کاروباری شانۆیی...

ئەم تیپە بەڕەسمی نەیانتوانی مۆڵەت وەربگرن، بەڵام هەروەک تیپ، بێ مۆڵەت، کاریان دەکرد و ئاهەنگیان دەگێڕا.

بەڵام کە لە ساڵی ١٩٥٧ کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی سلێمانییان دامەزراند، کە هەر کاک نەجاتی عەبدە و کاک ولیەم و قادر دیلان داوایان پێشکەش کرد بۆ مۆڵەت وەرگرتن، و مۆڵەتیان پێ درا بەڕەسمی کار بکەن لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٥٧، ئیتر تیپەکە بەهەموو ئەندامەکانیەوە لە کۆمەڵەکە دامەزران و چوونە ناویەوە.

کاک نەجاتی عەبدە، لەچاو پێکەوتنێکدا لەگەڵیا، لە پاشکۆی ڕۆژنامەی (العراق) کە بەکوردی دەردەچوو لە بەغدا، لە بابەت قادر دیلان دەیوست لەکاتی پرۆڤە، هەموو ئامادەبین لەو سەعاتەی کە مەوعیدمان بۆ دانراوە. ئێمە موخالیف دەبووین، درەنگ دەچووین. قادر لێمان تووڕە بوو و گوتی: لەمەودوا هەرچی دوابکەوێ دەری دەکەین! ئێمەش هەموو گەنج و خۆمان بەبیتهۆڤن نەئەدا، بڕیارمان دا ئێمە ئەو لابەین! لەو ڕۆژەوە پراوەمان پێ نەکرا. هەرچەند دەمانویست بەرهەمەکە پاک کەینەوە... بۆمان نە دەچووە سەر. کاکە گیان، قادر، یەکە یەکە پارچە و ڕستە مۆسیقایەکەی پێ پەراوە دەکردین بەباشی ئینجا بەکۆمەڵ والحاصل بێی قادر فەشەلمان کرد! ئیتر لەناو خۆماندا دوو سێ کەسمان هەڵبژارد و چووین ئاشتی بکەینەوە. ئەو دڵی گەورە بوو! ڕازی بوو بەڵام وتی بەمەرجێ دێمەوە، هەرچیم وت لە بەرژەوەندی تیپ و هونەر دەبێ بڵێین (باشە). ئێمەش وتمان (باش). کاکە دیلان زۆر دڵسۆزی هونەرەکە بوو و بەڕاستیش بەتوانا بوو.

سەبارەت بەدانانی ناوی شاعیری گەورە (مەولەوی) بەسەر تیپەکە، کاک نەجاتی عەبدە بۆمان دەگێڕێتەوە، دەڵێ «چەند جارێک لەسەر ناونانی کۆبوونەوە. ڕۆژێک کاک حەمە فەرەج مەعروف هات و وتی ناوێکی زۆر خۆشم دۆزیوەتەوە.



نەجاتی عەبدە- مەولەوی چاکترین نەی ژەن لە پەنجاکانا

- تیپی مۆسیقای مەولەوی- لە ڕۆحیانەتی (مەولەوی) مەزنەوە. چونکە هۆنراوەکانی زۆر تەڕ و جوان و بڕگەکانی پڕن لە مۆسیقا. ئیتر بڕیاری لەسەر درا.»

لە پرسیارێک لەبابەت (بارەگای تیپ)، کاک نەجات دەڵێ: «بارەگامان نەبوو. زۆر جار لە ماڵی قادر دیلان یا ولیەم یۆحەننا تەمرینمان دەکرد. جار جارەش لە یەکێ لە قوتابخانەکان».

کە قوتابی بووم لە کۆلێجی (دار المعلمین العالیة) لە بەغدا، بۆ پشووی هاوین (عطلة الصیف) دەگەڕامەوە کەرکووک، چونکە ئێمە بەماڵەوە، لە ساڵی ١٩٥٠ چووینە کەرکووک و لەوێ نیشتەجێ بووین.

ئەو هاوینەم دابەشی سێ بەش دەکرد: مانگی یەکەم، هەر لە کەرکووک دەمامەوە و ئیسراحەتێکی باشم دەکرد. برادەری هونەرمەندم زۆر بوون لە کەرکووک... جا لە گەڵیانا ڕام

دەبوارد...

مانگی دووەم دەچوومە سلێمانی، لە مالّی ولیەم دائەبەزیم. ئیتر ئەو مانگەش لەگەڵ برادەرانی مەولەوی ڕام دەبوارد... ئاهەنگیان هەبوایە، بەشداریم دەکرد. شەوان لەیانە لەگەڵیان دائەنیشتم.

بەڕۆژ لەگەڵ کاک ولیەم و فیلیپی براشم دەهات، فیلیپ قسەی زۆر خۆش بوو... سەربوردەی خۆی بۆ دەگێڕاینەوە... نوکتەچی بوو... زۆر کاتی دیکەش لەگەڵ ولیەما بەعوود ژەنین بەشداریم دەکرد و ئەو بەکەمان لەگەڵما... جۆرەها مۆسیقا و گۆرانیمان لێ ئەدا.

مانگی سێیەم لە عوتلەکەم، دەچوومە کۆیە. لەوێش هەمان شت. هاوڕێی خۆشەویستم کاک هورمزی کوڕی ئەسکەندەر و دایک و باوکی زۆریان خۆش دەویستم. هەندێ ڕۆژ سەیرانمان دەکرد بۆ حەمامۆک یا هەرمۆتە یا (مەربێنە قەدیشە) نزیک گوندی تۆبزاوە.

هونەرمەندی مۆسیقاژەنی گەورە مامۆستا ولیەم یۆحەننا

لە سەفەرێکم بۆ سلێمانی، لە ساڵی ١٩٥٥ بوو یا ١٩٥٦، وا بزانم ئەو ساڵەکەی دوایی، واتا ١٩٥٦ ڕاستترە! هاوین بوو- پشووی هاوینی قوتابخانان بوو. وەک عادەتی، لە مالّی کاک ولیەم دابەزیبووم. ئێواران دەچووینە بەر دەم دووکانی خوالێخۆشبوو (بەهجەت ڕەشیدی سەعاتچی) و لەوێ دەوەستاین، و ئەوانی تریش تاک تاک، جووت جووت دەهاتن و قسە و قسەلۆک و نوکتە دەکرا. کاک قادر دیلان (هەزار ڕەحمەتی لێ بێ) کەمێک درەنگ هات و پاش چۆنی و چاکی و چی هەیە و چی نییە، ڕووی لە ئێمە من و کاک ولیەم کرد و بەدەنگێکی مەیلەو نزم دەعوەتی کردین بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆی ڕۆژی پاشتر.

ئەوەبوو ڕۆژی پاشتر هەرسێکمان بەناو هەندێ کووچە و کۆڵانی پڕ خۆڵ و بەرد و تۆز گەیشتینە مالّیان.

چوویتە ژوورەوە، گەنجێکی ڕێکوپێک بەکراسێکی سپی و پانتۆل، دەستی درێژ کرد و بەزەردەخەنەیەکی لەدڵەوە، بەخێرهاتنی کردین. قادری ڕەحمەتی و کاک ولیەم پێکەوە بەیەکتریان ناساندین: ئەمە برای گەورەمە کاک سالّح... کاکە ئەوە مامۆستا باکوریبە!. ئەوەبوو یەکەم جار کە ڕەحمەتی سالّح دیلانم ناسی لە گەڵ باوکی، خوالێخۆشبوو ئەحمەد دیلان، کە ئەویش دوای کەمێک هاتە ژوورەوە و لە لامان تاوێک دانیشت و منیان پێ ناساند...

هەر لە یەکەم ناسینی حەمە سالّح دیلان، جیاوازی نێوان ئەو و قادری برای زۆر جوان بۆم ڕوون بۆوە، وەک ئەوەی نامیلکەیەکم خوێندبێتەوە لەسەر ژیاننامەی هەر یەکەیان.

لە قادر ڕاهاتبووم و دیراسەتم کردبوو لەبەر ئەوەی، تا ئەو کاتە حەمە سالّحم ناسی، پێنج شەش ساڵێک لەگەڵ قادر دیلانم ڕابواردبوو چ کاتێ لە ڕادیۆی کوردی بەغدا مۆسیقاژەن بوو یا ئەو ساڵانەی کە

لە سلێمانی خەریکی مۆسیقا بوو لەگەڵ هەڤاڵانی هونەرمەندی تر و ئینجا کە تیپەکەی مەولەوییان دامەزراند. قادر هەمیشە دەم بەپێکەنین و نوکتەچی بوو... ڕووح سووک بوو... زۆر جیدی نەبوو لە گفتوگۆی سەر پێیی... هەوەسی بەوشەی فشقیات دەهات و تەعلیقی لەسەر ئەم و ئەو لێ ئەدا... بەڵام لە بەڵێندان و مەوعید زۆر زۆر جیدی بوو- تووڕە دەبوو ئەگەر یەکێک بەڵێنی پێ دابایە و جێبەجێی نەکردایە، یا ئەگەر مەوعیدی بۆ پرۆڤە و تەمرین دانابایە و ئەندامەکان لە کاتێ خۆی نەچووبانا بۆ شوێنی تەمرین کردنەکە. حەمە سالّح ویقاری هەبوو. سەیری دەم و چاویت کردبایە دەتزانی ئەمە پیاوێکی کامل و تەواوە. لە قسەکردن قورس بوو، پێ نەدەکەنی لەکاتی قسەکردنا مەگەر قسەکە پێوەندی یا باسی شتێکی سەیر، یا شەخسێکی سەیری کردبایە. لە بزووتنەوە و ڕۆیشتنیشی و لە شیعر خوێندنەوەشی، هێمن و لەسەرخۆبوو.



شاری کۆیە و قشلەکەی – ساڵی ١٩٥٨

هەڵنەدەچوو. گوێی لە قسەی پڕوپووچ نەئەگرت. حەمە سالّح لە قادر قەڵەوتر بوو بەجەستە و کورتتر بوو. قادر درێژتر و لاوازتر بوو. خوایان لێ ڕازی بێ.

لە ساڵی ١٩٥٧ کە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی کۆیە بووم، توانیم تیپێکی مۆسیقای بچووک دامەزرێنم لە قوتابییە بچووکەکانی خۆم و ناوم لێ نا (تیپی مۆسیقای باواجی). هەڵبەتە زانیاریم لە مۆسیقا لە ئاستێکی بەرزدا نەبوو.

زۆر جار پێویستیم دەبوو بەهەندێ زانیاری عملي(زانیاری نظري)یش بۆ مۆتێکێپەرسبوونەکەم

بەشی ئێواران (مسائي) پەیمانگەی هونەرە جوانەکان ساڵێک و نیوم ڕابوارد... نەک وەک قوتابی ڕەسمی، واتا ناوم لە (سجل)ی ئیدارەدا نەبوو. بەڵام مامۆستاکانم دەناسین وەک خوالێخۆشبوو جەمیل بەشیر و مامۆستایان غانم حەداد و حەقی شبلی... جا ئەوان هەموو جار لە ئێزگەی ڕادیۆ دەیانگوت وەرە وەک (گوێگر- مستمع) دانیشە، زۆر سوود وەردەگری. هەر واش بوو. زۆرم سوود وەرگرت. ئەوەبوو لەگەڵ قوتابییەکانم ئەم زانیارییانەم دەدانێ. جا کە لە ڕاهێنانی عەمەلی شتێکم نەزانیبا، ئەو تێبینییانەم دەنووسیەوە لە دەفتەرێک. جا کە هاوین ڕێم کەوتبایە سلێمانی، ئەو شتانەم لێیان دەپرسی و ئەوانیش زۆریان یارمەتی دەدام و لەسەر ئامێرەکانیان نیشانیان ئەدام.

لە مەقامی (سێگا)بوو، دەمانویست تەمرینی لەسەر بکەین. من بەعوود و کەمان و جومبوش دەمزانی چۆن مەقامی سێگا بژەنم. بەڵام شمشاڵەکە موشکیلەبوو. مەقامی بەیات و ڕاست و حیجاز ئاسان بوو... سەردار ئەحمەد شمشاڵەکەی دەژەنی و باش فێر بوو بوو... بەڵام (سێگا)یەکە دەرنەدەچوو. کە چوومە

سلێمانی هاوینی ساڵی ١٩٥٨ بوو، تیپی مەولەوی بۆ جەژنی قوربان ئاهەنگێکی گۆرانی ڕێکخستبوو، من و شەماڵ سائیب و عومەر ڕەزاش بانگ کرابووین بۆ گۆرانی گوتن. جا من ئەو هەلەم قۆستەوە، لە کاتی ئیسراحەتی تیپەکە، لە دەرەوە، لەلای پشت شانۆکە، باخچەیەک هەبوو. کاک نەژادی عەبدەم گرت و لەوێ نیشانی دام کام پەنجە لەسەر کام لە کونەکانی شمشاڵ دانێم... مەقامی سێگام بۆ دەردێ.

ئینجا کە چوومەوە کۆیە، دوای عوتلەی هاوین، لەگەڵ سەردار ئەحمەد دانیشتم و نەغمەکەم فێر کرد و ئەویش زۆر زوو وەری گرت.

بەم جۆرە پێوەندی نێوان هەردوو تیپی مۆسیقا، مەولەوی کە یەکەم تیپ بوو و باواجی کە دووەم تیپ بوو لە هەموو کوردستان دامەزران، لە سلێمانی و کۆیە.

یەکێک لەو بیرەوەرییانەی کە هەمیشە لەیادمە و لەپێش چاومە و لەبیرم ناچێ، ئاهەنگی تیپی مۆسیقای مەولەوی بوو لە شاری کۆیەی خنجیلانە. ئەو ئاهەنگە قەشەنگە لە ڕۆژی ١٥ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٧ کرا، لەسەر شانۆیەکی کاتی (مؤقت) کە لە هۆڵی قوتابخانەی زانست، لەلایەن ئەندامەکانی تیپ دایانمەزراند لەو مێزە بچووکانەی کە قوتابیانی پۆلی یەکەمی سەرەتایی لەسەریان دادەنیشن. چونکە ئەوسا، قوتابخانەی زانست، سەرەتایی بوو بۆ کوڕان بوو، لە نزیک (ئاشان) بوو بەرامبەر (حەوزی بەللوعە)!

موناسەبەتی ئاهەنگەکەشی پیتاک (تبرع) کۆکردنەوە بوو بۆ لێقەوماوانی لافاوە توند و تیژەکەی لە سلێمانی ڕووی دابوو لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ئەو ساڵە، واتا ساڵی ١٩٥٧- لە ئاهەنگەکە منیش بەشداریم کرد وەک عوود ژەن.

سەرەتا بە دوو پارچە مۆسیقا دەستی پێ کرد! مۆسیقای (مەولەوی) کە لە دانانی مامۆستا قادر دیلان خۆی بوو. ئیقاعێکی دەرونیشی زۆر نایاب و ڕێک، ئەساسەکەی مۆسیقاکە بوو کە بە دوو سێ دەفی دەرونیشی دەیانژەنی. لەبیرمە یەکێک لە دەفەکان، بەهۆجەت ڕەشیدی سەعاتچی لێی ئەدا و دوانەکەی تر عەباس محەمەد و حاتەم سەعید لێیان ئەدان. پارچە مۆسیقای دووەم، پێشەکییە موسیقییەکەی گۆرانی (النهر الخالد)ی مۆسیقاری میسری بەناوبانگ (محمد عبدالوهاب) بوو. جا لەم پارچە پێشەکییە صولۆیەک بۆ عوودی تیایە زۆر خۆشە. من ئەم صولۆیەم لێ ئەدا، کە مۆسیقاکە دەگەیشتە ئەو شوێنە.

لەدوای ئەوە ئینجا گۆرانیبێژەکان هەر یەکا و ئاهەنگی خۆی پێشکەش کرد. بەڵام لەپێشەوە من سروودێکم پێشکەش کرد بەناوی (لەخەو ڕاپەڕە هەستە بەیانە) کە لە شیعری شاعیری کۆیی مامۆستا کەریم شارەزایە و خۆم ئاوازم بۆ دانا و یەکەم جار لەوێم گوت. پاشی من ئینجا گۆرانیبێژەکانی تر.

جەماوەر جگە لەوانەی دانیشتبوون دوو سێ ئەوەندە لە دەرەوە بوون لە دەروپشتی هۆڵەکە و لە پەنجەرەکان سەیری ژوورەوەیان دەکرد.

گۆرانیبێژان ڕەشۆل عەبدوڵلا، حەمە سالح دیلان، عوسمان سابوونچی... هەریەکە و مەقامی کوردی ڕەسەنی خۆش و بەستەی فۆلکلۆری بەتامیان دەگوت کە بووبووە مایەی مەست بوون و سەرنج ڕاکێشانی دانیشتوانی هۆڵەکە و بەچەپڵەی گەرم پێشوازییان لە برگە و کۆپلێیەکان دەکرد.

دەنگی هونەرمەندانی: ڕەشۆل و محەمەد سالح دیلان، بەتایبەتی، سەرنجی دانیشتوانیان ڕاکێشا و خەڵکەکە زۆر بە دڵەوە دەنگەکانیان خۆش ویست و چەپڵەی زۆریان بۆ لێ دەدان، لە دوای هەر کۆپلێیەکی مەقامەکان.

باکووری لە گۆرانی (لە خەو ڕاپەڕە) لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە کۆیە ١٩٥٧/١١/١٥

بەستە خۆشەکانی ڕەحمەتی عوسمان سابوونچی و مەقامەکەی، ئەوانیش زۆر خۆش بوون و ئەدایەکەی هونەرمەند عوسمان سابوونچی جۆرێکی تایبەتی بوو، تامێکی تایبەتیشی هەبوو.

ئەم هاتنەی تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ شاری کۆیە هاندانێک بوو بۆ من. چونکە دانیشتوانی شاری کۆیە، لەو ڕۆژەوە زیاتر پشتگیری چاکیان لێ دەکردم. زۆر کەس، لەسەر شەقامەکان کە دەڕۆیشتم، ڕایاندەگرتم و دەستیان دەگوشیم و ئینجا دەیانگوت «دەبێ وا بکەی تیپی باواجی وەک مەولەوی و بەڵکو باشتریش بێ. ئێمە ڕاوەستاوین. چیت دەوێ، ئامادەین.»

بۆ شەوەکەی، دوای کۆتایی هێنان بەئاهەنگەکە، هەموو میوانەکانی لە سلێمانییەوە هاتبوون و لەگەڵ من و سێوە لە تیپی باواجی و ژمارەیێکی زۆری ئاغا و دەوڵەمەند و پیاو ماقوولی شار و شاعیر و ئەدیب و لێپرسراوانی حکوومەت، خوانێکیان بۆ ڕازاندرایەوە و دەعوەت کران بۆ شەوێکی خۆش پڕ لە خواردن و خواردنەوەی ڕووحی مۆسیقا و جەستەیی. دەعوەتەکە بە مۆسیقا و گۆرانی دەستی پێ کردەوە...

هەر جارەی گۆرانیبێژێک شتی خۆی دەگوت. دوایی وای لێ هات ئەوانی دانیشتبوون، خۆیان پێ ڕانەگیرا و لە ویقارەکە دەرچوون ورده ورده گۆرانییە میللیەکان و فۆلکلۆرییەکانی دەیانزانی، لەگەڵ مۆسیقاکەیان دەگوتەوە و هەمووییان بوونە کۆرس.

لەوشەوە خۆشەشدا، خاوەن پارەکان، تەبەروعاتێکی چاکیان بەخشی بۆ خزم و کەسی خۆیان کە لە سلێمانی تووشی زیان بووبوون. «ئەوان کوردن، ئێمەش کوردین، وا بزانە زیان لە ئێمەش کەوتیە!»

بەم جۆرە، کورد ئیسپاتی کرد کە داب و نەریتی خۆی دەپارێزی و لەکاتی تەنگانە هەموو یارمەتی لێقەوماوان دەدەن لە هەمان کاتیشا، لەو ڕۆژەوە، تیپەکەی (باواجی) لەگەڵ برا گەورەی (تیپی مەولەوی) بوون بەخاوەن یەک مەبدەئو یەک هەڵوێست، کە خزمەتکردنی گەل و هونەری گەلی کورد بوو. ئیتر هاریکاری نێوانمان پەرەی دەسەند و هەر کاتێک پێویستیمان پێیان بوایە، دەهاتنە هانامان و بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر ئەوان پێویستیان بەئێمە هەبوایە، زوو دەگەیشتینە یارمەتیدانیان.

خوالێخۆشبوو قادر دیلان، دەستی نووسینی هەبوو، لە ڕۆژنامەی ژین، هەواڵەکانی جموجوول و

چالاکیەکانی تیپەکەی مەولەوی بلاو دەکردەوە.

ئەوەی خوارەوەش، نووسینێکی قادر دیلانە لە ژینی ژمارە (١٣٧٢) لە ڕۆژی (ت٢ ١٩٥٧) کە لە بابەت ئاهەنگەکانی هەولێر و کۆیەی بەدرێژی کردووە و ناوی ئەو گۆرانیبێژانەشی هێناوەتەوە کە بەشداریبان کردووە چ لە هەولێر و چ لە کۆیە: لە هەولێر- حەیدەر و مشکۆ و ڕەسوول گەردی و لە کۆیە باکوری و سێوە و لە سلێمانییەوە: ڕەشۆل و حەمە سالح دیلان و عوسمان سابوونچی...

دوای ئەم گەشتەیان، بڕیاردرا کە بەبۆنەی جەژنی قوربان، کە لە هاوینی ١٩٥٨ تەسادوفی دەکرد، ئاهەنگێکی گەورەی گۆرانی و مۆسیقا لە شاری سلێمانی ساز دەن و دیسان قازانجی ئاهەنگەکە بۆ فەقیران و قوتابیان بوو.

کاک شەمال سائیب (هەزار ڕەحمەتی لێ بێ) بڕووسکەیەکی بۆ لێدام لە بەغداوە، تێیدا، بەعەرەبی دەڵێ:

«احضر الی السلیمانیة فوراً لاحیاء حفلة والمراجعة مع قادر دیلان.

توقیع/ شمال»

لەبەر ئەوەش کە مالمان لە کەرکووک بوو، گەڕەکی بەگلەر، هەروەکو لە بڕووسکەکەدا هاتووە، بۆی ناردمە کەرکووک: من ئەوسا لە کەرکووک بووم، وەک پێشتر قسەم لێ کردووە و وتوومە مانگی یەکەمی (عطلە)م لە مالەوەم ڕادەبوارد و دەحەسامەوە... مانگی دووەم دەچوومە سلێمانی، مانگی سێیەم لە

مەقامزان و دەنگخۆشی سلێمانی ڕەشۆڵ لە ئاهەنگی کۆیە (١٩٥٧/١١/١٥) لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی. باکووری بەعوود بەشداری کرد لەگەڵ تیپەکە.

ژین

لاپەرە ٧ ژمارە (١٢٧٠)

ریپورتاجی لەسەر ئاهەنگەکانی

لە ٢٣ ـ ١١ ـ ١٩٥٧ دا تیپی مەولەوی موسیقا و گۆرانی بارەو و هەولێر جوولان و بە گەیەتیان بۆ هەولێر هەموو شتێك ئامادە کرابوو بۆیان لە هەولێرەوە پێنج گۆرانیبێژی هەڵبژێردراو کە بە ڕاستی جۆشۆر خرۆشی شاری هەولێریان گرتبووە وە .

تیپی مەولەوی لە ڕێگا چاودێری کاک نادر دیلان دا بەرەو کرامیان بەش کاش کرد ئاواز بێژەکان بڕیتیبوون لە کاک سالح دیلان ورشول عبدالله و حیدر وشێرکۆ وباکوری وبڕێز کرامە کانی ئاهەنگەکە لەڕێگاچاودێری ماموستا متصرفی هەولێردا کرا شەوی یەکەم بەرقوتابیان شەوی دووەم بواشرافی وموظفین بوو . وە بە ڕاستی شاری هەولێری کردبێ شەوێکی وەرزشی هاتنە دەست وە ئەم پارچانەش دەڵێی ئێمە کوا چەند خاکی هەولێر بەبەرۆشن بۆخۆ بەیەك ناچن لە گەل هەموو بڕا کردەکانی کوردستاندا .

وە کو زانیمان بەپایانی ئەمشەو متصرفیتی هەولێر ماموستای نشیدی قوتابخانە ئیبتدائیەکان لە مکتبی مظفر بەیی ابتدائی کوردان کوبونەوە

حەمە سالح دیلان لە ئاهەنگی گۆرانی، لە کۆیە، لەگەڵ تیپی مەولەوی-١٩٥٧/١١/١٥

ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی

لە ڕۆژانی جەژنی قوربانەوە وەهەتا دوایی ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی ماموستا شەمال صالب کە هاتبو بوسلیمانی بوسەردان خوی بە شدار کرد لەو ئاهەنگانەدا کاك شەمال صالب هەروەکو هەموو کەسێکی ئەو خزمەتەی کە کەتوتە سەر شانی بە تەواوەتی ڕای ئەپەڕینی ، بە هونەرە جوانەکەی دڵی هەزاران گەنجی پڕدەبیاو و ژنی خوش کرد ئێجا لەبەر ئەوە بە پێویستمانی زانی ئێم تۆزە باسەی کاکە شەمال بکەین بۆئەوەی لی دوو بارە بکەمەوە بڵیم بەم ئاهەنگەو چەند ئاهەنگێکی تر ئاکتفانە کەیت چونکەبەیەکی زور گرانت خستە سەر شانی وە پێویستە بی بەیت بەرەو خوتو هونەرمەندە دڵسۆزەکانی تر ، وە هەر وەها ماموستای قوتابخانەی ئانوی کوپسنجق ئەندریوس خۆ (باکوری) نشر یفی هینا بۆبە شەدار بوانی لە ئاهەنگەکانا ئەو هەر وەها ئەوپش شایانی ستایشێکی گەورە مەیە چونکە ئەوانیش ئەرکی سەر شانی چیە وە بڕێچی کردنی زۆر بەبەروشەوە تانەتان هەر زیادبێ .

خوشکەماری خوە لە شەوی ئاهەنگەکانی ژنانا لە گەڵ کاك شەمال گورانیەکانی ئەگیرایەوە لەدڵانو جەکانیا بە دەنگێکی خوشو شێوەیەکی ڕەوان و نوێ سەرنجی هەموو لایەکی کیشا بو خوزگەم چەند خوشکێکی وا خوی ئەرخان بکردایە بوهونەری گۆرانی چونکە تا ئیستا لە کوردەواریدا کچ گورانی بە دەنا ئەهاتوە لەبەر چەند هۆیەڕۆوا خوشکی نادیراو زور لەو هونەرەی بە دروگتە وەئاڤەرین بۆ ئازایت خوشکەماری هەر وەها موباسی هیکمەتیشیرا ئەکریت چونکە زور هیلاك بوو لەشەوانی ژنانا

کۆیەم ڕادەبوارد. جا لەبەر ئەوەش تیپی مەولەوی بۆ جەژنی قوربان بەتەمابوون ئاهەنگەکە بکەن، کە دەکەوتە مانگی حوزەیران، بۆیە شەمالی ڕەحمەتی، کە ئاگاداری خۆئامادەکردنەکە بوو، لە بەغداوە بڕووسکەکەی بۆ لێدام بۆ کەرکووک. چونکە ئەو ئاگاداری هەندێ لایەنی ژیان و هەڵسان و هاتوچۆی من بوو، هەروەک منیش شارەزایی زۆر لایەنی ژیان و شاراوەکانی ژیانی ئەو بووم!

جا دەیزانی لەم مانگەدا من لە کەرکووک دەمێنمەوە:

مێژووی ناردنی بڕووسکەکە ٦ شەشی مانگە - لە مۆری بڕووسکەکەش لە نوسخەی ئەسلیدا دیارە کە مانگی حوزەیرانە. بڕووسکەکەش لە دائیرەی (برید)ی (کەرخ)ەوە دەڕچووە، وەک نووسراوە (دائرة الاصدار)- کرخ بغداد- دیارە شەمالّ هەر لەو بەری بەغدا، لە گەڕەکی سالحیە، کە لە بەشی (کەرخ)ی بەغدایە و دائیرەی (بەرید)یش نزیکی ئەوێ بوو، کە چوویتە ئیزاعە، لەڕێگادا، بڕووسکەکەی بۆ من ناردووە.

کە بڕووسکەکە گەیشتە من: خۆم ئامادەکرد- دوای یەک دوو ڕۆژ لەگەڵ (ماری) خوشکم چووینە سلێمانی. کە ڕۆژی ئاهەنگەکە هات، لە هۆڵی (مەکتەبەی گشتی سلێمانی) ئاهەنگەکە دەستی پێ کرد.

بەدرێژایی ڕۆژانی جەژن چوار ڕۆژ، لە عەسرەوە دەستی پێ دەکرد دوو شەو بۆ پیاوان و دوو شەو بۆ ژنان و منالان.

لەو ئاهەنگەشدا، هەر وەک لە هەموو ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، هەموو مۆسیقاژەنەکان و هەڤاڵانی هونەرمەندی یاریدەدەریش، بەشداریبان دەکرد و هەر یەکە واجبی خۆی دەزانی.

سەر شانۆکەش بەوێنەیەکی دەسکرد کە لە لایەن هونەرمەندی شێوەکار کاک (جەمال بەختیار) نیگاری کێشابوو کە هەندێ چیا و شاخی کوردستان لەسەر پەردەیەکی گەورە، زۆر بەجوانی و ڕێکوپێکی وێنەکەی دروست کردبوو. ئەم پەردەیە بە دریژایی شانۆکە بوو و لە دیواری پشتەوە بەبزمار لێدرابوو. کە تیپی مۆسیقا دائەنیشتن و گۆرانییێژ لەبەر دەمیان گۆرانی دەگوت وەک ئەوە دیار بوو کە لە دەرەوە لەنێو دێەنێکی شاخاوی دانیشتبوون و گۆرانی دەڵێن.

دووشەمە ژمارە ١٤٥٦ ٢٩/٦/١٩٥٩

سێ یاوەڕ

ئاهەنگی کردنەوەی یانەی ماموستایانە

لەهەفتەی پێشودا بوو یەکەم جار لە سایەی جمهوریەتدا یانەی ماموستایانی هەولێر کرایەوە. ئەم یانەیە بۆ ماموستایانی هەولێر و دەوروبەر دروست کراوە. ئەندامانی ئەم یانەیە لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە سێسەد کەس بوون. ئەم یانەیە بۆ ماموستایانی هەولێر و دەوروبەر دروست کراوە. ئەندامانی ئەم یانەیە لە ماوەی هەفتەیەکدا زیاتر لە سێسەد کەس بوون.

لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩، کە پشووی نیوەی ساڵ داهات، لەگەڵ مامۆستایان- دایک و خوشک و برا- لەکۆیەوە چووینە سلێمانی و ئەو وەختە فیلیپی برام لە کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی مووەزەف بوو و خانوێکی خۆشی قشتیلەیان دابووێ کە لەژێر بەنگەلەیەک دابوو، هەر نزیکی کارگەکە. هێشتا خانووە تازەکانی دیکەی دوو نهۆمی، بەبەرد و کۆنکرێت نەکرابوون.

ئێتر وەک عادەتی، ئەغلەب کاتی خۆم لە ماڵی کاک ولیەم بەسەر دەبرد و هەندێ شەوان ئەو دەهاتە لامان لە ماڵی برام کە بۆم باس کردن، فیلیپ بووبووە زاوای کاک ولیەم و جوولێتی خوشکیمان بۆ گواستەوە.

ڕۆژێک کاک قادر دیلان پێی گوتین، لە هەڵەبجە، کاک ڕەئووف یەحیا خەریکی نمایشکردنی شانۆگەرییێکە لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی تیپی تەمسیلی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان. جا لە یانەی فەرمانبەرانی هەڵەبجەوە، ئێمەش- واتا تیپی مۆسیقای مەولەوی-یان دەعەوەت کردووین بۆ ئەوەی هەموو شەوێک، دوای تەواوبوونی تەمسیلەکە، لە یانەی فەرمانبەران ئاهەنگێکی مۆسیقا و گۆرانی پێشکەش بکەین.

گوتیشی: خۆتان ئامادەکەن، سبەی دوای نیوەڕۆ بەتاکسی دێین بەشوێنتانا و هەڵتان دەگرین و ئەڕۆینە ئەوێ. بۆ بەیانی، دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، بەتاکسییەکی تایبەت، کاک قادر دیلان هات و من و کاک

وێنەیەک لە نێوانی سلێمانی و هەڵەبجە گیراوە: قادر دیلان، شەوکەت ڕەشید، باکووری، عوسمان سابوونچی، ولیەم یۆحەننا

ولیەم کە سوار بووین، بینیمان کەوا ڕەحمەتی هونەرمەندان کاک شەوکەت ڕەشید و ڕەحمەتی کاک عوسمان سابوونچیش لەناو سەیارەکە بوون. بەم جۆرە بەڕێ کەوتین و بڕۆ بۆ هەڵەبجە. ڕێگاکەم زۆر پێ خۆش بوو، نەمدیبوو پێشتر. ئەوە جاری یەکەمم بوو بەو ڕێگایەدا بچم. هەر لە ڕێگاش چەند وێنەیەکی فۆتۆگرافیشمان گرت. ئەوە بۆ ماوەی سێ چوار شەو بەردەوام بوو. هەموو ڕۆژێ دوای نیوەڕۆ تاکسییەکە دەهاتە دوومان و لە سلێمانییەوە دەڕۆیشتین و بەنوکتەی قادر و قسە خۆشەکانی کاک ولیەم و هەڵلای شەوکت ڕێگاکەمان دەبڕی. تا ئێمە دەگەیشتینە هەڵەبجە، شانۆگەرییەکە نمایش دەکرا و تەواو دەبوو. ئینجا ئەوی مووەزەفە و ئەوی لە یانە بەشداڕە لە پیاو ماقوولان و دەوڵەمەندانی شار دەهاتنە نادی و گوێیان لە بەرنامەکەمان دەبوو. چەند پارچە مۆسیقاییێک و لە گۆرانییێژانیش من و شەوکەت ڕەشید و عوسمان سابوونچی و ئیبراهیم خەیات و یەک دوو شەو هەندێ گۆرانییێژی گەنجیش لەناو موەزەفەکانیش دەنگخۆشیان تێدابوو، بەشداڕییان دەکرد. تا درەنگ دەماینەوە، ئینجا هەر بەشەو دەگەڕاینەوە سلێمانی و هەریەکە بۆ ماڵ و شوێنی خۆی!

بەڕاستی لەگەڵ تیپی مەولەوی و ئەندامەکانی و بەتایبەتی کاک قادر و ولیەم و بەهجەت و نەجات زیاتر یەکترمان دەبینی و خۆشترین کات و ساتم ڕابوارد لە ژیانی گەنجایەتی و زگورتایەتی!

لە هاوینی ساڵی ١٩٦١ کاتێک لە ئاهەنگێکی گەورەی تەمسیل و گۆرانی کە لە سلێمانی کرا و کۆمەڵی هونەرە جوانەکان پێی هەڵسا و تیپی مۆسیقای مەولەوی، پێش نمایشکردنی (تەمسیلی بەخیل)، هەموو شەوێ، جارێ من چەند گۆرانییێکم دەگوت ئینجا (خاڵە سێوە)ش ئاهەنگە مۆسیقایەکەی بەمەقام و بەستەکانی خۆی کۆتایی پێ دەهێنا و تەمسیل دەستی پێ دەکرد.

من و سێوە لە کۆیەوە هاتبووین لەسەر دەعوەتی کۆمەڵە.

دوای چەند ڕۆژێک و تەواو بوونی ئەم ئاهەنگە، تیپی مەولەوی و ئێمەش- من و سێوە- هەموومان بەترومبیلێک چووینە هەولێر. لەیادمە، شاعیری هەولێریش کاک پیربالێ مەحموودیشمان لەگەڵدابوو، پێشتر هاتبووە سلێمانی.

لە هەولێر ڕۆژی یەکەم لەسەر شانۆی گەل ئاهەنگێکی زۆر گەورە کرا و گۆرانییێژانی گەورە: تایەر تۆفیق، سێوە، عەلی مەردان، ڕەسوول گەردی، فوئاد ئەحمەد و من گۆرانییەکانمان دەچڕی و ڕۆژی پاشتر لە یانەی فەرمەنبەران هەمان ئاهەنگ کرا و دانیشتوانی شاری هەولێری خاوەن کوردایەتی و بەزەوق بەگەرمی پێشوازییان لەو ئاهەنگە کرد و بەو مەقامە و بەستە ڕەسەنانەی مامۆستایان عەلی مەردان و

سێوە و تایەر و حەیرانەکانی ڕەسوول گەردی کە بە دەنگە نازدارەکانیان ئاسمانی شاریان پڕ کردبوو، زۆر گەشانەوە. من و کاک فوئادیش بەستە تازە و خۆشەکانی خۆمانمان دەگوت... و ڕەحمەتی وێنەگری هەولێری، (ئەبو سەباح) هەموو وێنەکانی دەگرت و تۆمارگەی ڕەحمەتی (لەتیف چەقماقچی) ئاهەنگەکانی هەموو تۆمار کرد و هەر ئەو ئەندازیاریەتی دەنگ و کۆنترۆل و مایکرۆفۆنەکانی دامەزراندبوو.

لە ساڵی ١٩٦٢ هەلێکی بۆ هەڵکەوت کە خەونێکی هەمیشەیی قادر بوو کە بچێتە دەرەوەی وڵات و زانیاری زانستی مۆسیقایی بەتەواوی و بەچاکی فێربێ. ئەمە بوو بەهۆی هەندێ لایەنی هانده ر و ئەوانەی قادر و هونەرەکەی لەلایان بەرز و بەنرخ بوو، توانی بڕوات بەرەو وڵاتی چیکۆسلۆڤاکیا و لە پایتەختی وڵات، شاری (پراگ) نیشتەجێ بوو. هەر لەوێش یەکسەر پێوەندی کرد بەئێزگەی ڕادیۆی براغ و لەوێ دامەزرا... لە هەمان کاتیش لە پەیمانگاکانی تایبەت دەوامی کرد و پسپۆری لە ئامێری (فلووت) پەیدا کرد- هەروەها لەگەڵ تیپێکی مۆسیقای کوردی کە لەشاری (تفلیس) پایتەختی (جورجیا)ی سۆڤێتی دامەزرا و ناویان لێ نابوو (تیپی دیلان) بەشداری کرد و چەندین بەرهەمی سەرکەوتوویان بەرهەم هێنا. لە حەفتاکانا یەکەم بەرهەمی خۆی لەسەر شێوە قەوانێک بوو بۆ ئێمە نارد. دیوی یەکەمی قەوانەکە گۆرانی (قژکاڵی لێو ئاڵی) لەسەر تۆمار کردبوو بەشێوە تیپێکی جاز و ڕۆژئاوایی کە بەڕاستی گۆرانیەکەی زۆر جوان و خۆش دەگوت بەدەنگی خۆی- ئەم قەوانە لەلام ماوە و لەسەر (گرام)ی کارەبا لێ دەدرێ چونکە خێرایی (٣٣)یە. ئەمە جۆرە خێراییەکە تایبەتە بەو قەوانانەی دوای چاخی قەوانی (قیڕ) کە سورعەکەیان (٧٨) بوو و مودێلیان نەمابوو و هەروەها ئەو ئامێری پێشیان لێ دەدان کە پێمان دەگوتن (گرامافۆن) نەمابوون.

بەڵام من ئەوەی خۆمانم هەر ماوە و ژمارەیێکی زۆری قەوانی کوردیشم ماوە: ئی کاویس ئاغا و مریەم خان و سەعید ئاغا و حەسەن جەزراوی و نەسرین شێروان و ڕەسوول گەردی... تاد.

لە ساڵی ١٩٧٦ قادر دیلان، دوای ١٤ ساڵ ژیانی غەریبی، هەڵی بۆ ڕەخسا و هاتەوە کوردستان و سلێمانییە حەیات و خۆشەکە، بۆ سەردانی خزم و کەسوکار و هەڤاڵان و هونەرمەندان. لە دانیشتن و دیمانەکانی کە لەگەڵیدا دەکران، هەر باسی هەنگاوەکانی پێشخستنی مۆسیقا و ئاوازی کوردی دەکرد وەک خەمخۆرێکی دڵسۆز: دەیگوت دەبێ قوتابخانەی مۆسیقا بۆ منداڵان بکەنەوە. هەڵ بڕەخسێنن بۆ منداڵانی کورد مۆسیقا لە منداڵییەوە فێر بن. چونکە باڵەخانە و خانی خۆڕاگر کە نەڕووخێ دەبێ لەسەر بناغەیەکی قایم و پتەودا دروست بکرێ. بناغەی هونەری مۆسیقا فێربوونیش لە گەورەوە دەست پێ ناکات، لە منداڵییەوە دەست پێ دەکرێ و بناغەی دادەنرێ.

لە پێش کۆچی دوایی، قادر چەندین کاری هونەری کوردی و غەیری کوردی بۆ وڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا و بولگاریا و پۆلۆنیا ئەنجام داوە، یەکەم هونەرمەندی کورد بوو کە بەشێوەیەکی ئەکادیمی بوو بەمامۆستای دابەشکردنی مۆسیقا (کۆمپۆزەر COMPOSER) هەروەها قادری نەمر کاسێتێکی دیکەی تازەی دەرهێنا کە لە (مەڵبەندی کوردی ئۆتریش- ڤیەننا AUSTRIA- VIENNA دەرچووە وێنەکەشمان

لێرەدا بڵاو کردەوە کە لە دیوی یەکەمی- دیوی A- هەشت پارچە مۆسیقا و گۆرانی تێدایە، هەندێکیان ئەوانەن:

قادر دیلان

١- هیمنای کوردی (سیمفۆنیا)یە.

٢- لاوانەوە بۆ هەڵبەجە- ئاواز و هەڵبەست و وتنی دیلان خۆی.

٣- کەی تۆم دیوە- هەڵبەستی شاعیری گەورە (گۆران)ی نەمر. وتنی دیلان.

٤- سیمفۆنیای فانتازی- ئاوازی دیلان- تیپی سیمفۆنیای ڕادیۆی (پراگ).

٥- ڕاستەی خیابان- گۆرپنی دیلان- وتنی دیلان و گۆران

لە دیوی دووەم، دیوی -B ئەم مۆسیقا و گۆرانییانەی لەسەرە:

١- قژکاڵی لێو ئاڵی - ئاواز و گۆرانی دیلان- تیپی ئۆرکسترای پراگ.

٢- ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە- گوتنی دیلان.

٣- قاسپە قاسپی کەو دێ- وتنی دیلان.

٤- ئەژدەهاک- هەڵبەستی گۆران- ئاوازی ساڵح و قادر دیلان- وتنی قادر دیلان لەگەڵ عوودی مامۆستا مونیر بەشیر؛ لەگەڵ ژمارەیێکی تر.

لە دیمانەیەکیش لەگەڵ هونەرمەند کاک (ڕزگار ڕەنجەڕۆ) لە کاتی سەردانی بۆ کوردستان، کاک سامان قەرەچوغی کردبووی، لە مانگی ئادار (مارت)ی ٢٠٠١ دا، هەندێ ڕستە و وەڵامی ڕزگاری گۆرانیبێژتان بۆ دەگوازمەوە:

ڕزگار ڕەنجەڕۆ- دەڵێ:

«سەرەتای ئاشنابوونی من لەگەڵ قادر دیلان دەستی پێ کرد کە چوومە دەرەوەی وڵات لە ساڵی ١٩٨١ و لە وڵاتی یوگوسلاڤیا گیرساینەوە و کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردمان دامەزران. یەکێ لەوانەی پێوەندیمان پێ کردن مامۆستا قادر دیلان بوو کە ئەندامی فەخری ئەو دەستەیە بوو. هەر بەنامە و تەلەفۆنیش جارێ ناسیم. ئەوەبوو لەساڵی ١٩٨٣ بۆ یەکەم جار قادرم بینی کاتێ کە من سەرۆکی لقی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد بووم لە یوگوسلاڤیا، بەدیداری مامۆستا شاد بووم.

پرسیار- تۆ وەک کەسێکی نزیک لە (قادر دیلان) چی دەربارەی ژیانی دەزانی؟

وەلام- (زۆر بەکورتی دایدەڕێژم- باکوری) - قادر پێی گوتم: کاتێ من هاتمە چیکۆسلۆڤاکیا، لە زانکۆ تەنیا کەسێک بووم کە لە قۆناغی منالێم مۆسیقام نەزانیبێ. ئەوانی تر هەموویان لە منالێیەوە فێری مۆسیقا کرابوون. بۆ ماوەی چوار ساڵ ناو بازاڕی شاری (پراگ)ی پایتەختم نەبینی هەر خەریکی پرۆڤە و خوێندن بووم- وەک کوردێک دەمویست بەسەرکەوتوویی قۆناغەکە ببڕم!

پرسیار: ئەو کارە هونەرییانەی مامۆستا قادر دیلان لە دەرەوەی وڵات ئەنجامی دان؟

وەلام- لە دوای کارکردنی لە بواری مۆسیقا و خوێندنی ئاکادیمی... قەوان (اسطوانە)یێکی تۆمار کرد، چەند گۆرانییەکی کوردی تێدا بوون وەک: ڕوومەتی وەک گوڵی بێگەرد، قژکاڵی لێو ئاڵی، باران بارانە.

چاخی قەوان و گرامافۆن وێنەیەکی ساڵی ١٩٥٠یە

بەدیاری بۆ برادەرانی لە کوردستان نوسخەی نارد.

هەروەها لەبابەت ژن هێنان و خـــێـــزانی خوالێخۆشبوو قادر دیلان، کاک ڕزگار دەڵێ:

«دوای تەواوکردنی خوێندن و کەوتنە سەر کاری مۆسیقا و بەرهەمهێنان، کاک قادر هاوسەرێکی بۆ خۆی دۆزییەوە خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیا بوو.

کوڕێکیان بوو ناویان لێ نا (ئارام دیلان- ئەمە بەکارتێکردنی قادر بووە- باکوری) ئەم کوڕەی، لەپاشان بوو بەیەکێ لە باشترین مۆسیقاژەن بەئامێری گیتار. دواییش کچێکیان بوو ناویان لێ نا (بارولکە- ئەمە ناوێکی بیانییە و تەئسیری هاوسەرەکەی دیارە لە ناولێنانەکە- باکوری). لە ساڵی ١٩٨٨ من (واتا ڕزگار خۆی) و قادر دیلان و ئارام دیلان بەشداری ڤیستیڤاڵی جیهانیمان کرد.

دیسان کاک ڕزگار ڕەنجەڕۆ دەڵێ کە قادر زۆر دەنگی منی لە لا خۆش بوو. زۆر ئێواران کە پێکەوە دادەنیشتین دەیگوت: ڕزگار گیان (فلانە) گۆرانیم بۆ بڵێ یان فلانە حەیرانم بۆ بڵێ. ئەوجا خۆشی بە (فلووت) لەگەڵما ئامێرەکەی دەژەنی. ئەوەبوو لە نێوان ساڵانی ١٩٨٨/١٩٨٩لەگەڵ قادر دیلاندا چەند گۆرانییەکمان تۆمار کرد لە (نەمسا). من ئەو کاتە لە چیکۆسلۆڤاکیا ناوم (گۆران) بوو. بۆیە هەندێ گۆرانی کە پێکەوە وتوومانە، بەناوی (دیلان و گۆران)ەوەیە. جا ئەو (گۆران)ە منم، وەک (راستەی خیابان، کەی تۆم دیوە، قاسپەقاسپی کەو دێ، بەری بەیانە، کە لە بەشی یەکەمی پرۆژەکەمان بوو، پلانمان بۆ دانابوو.

هەروەها دەڵێ «مامۆستا قادر لە دەرەوەی وڵات زۆر بێزار بووبوو. هەموو کات چاوی لە کوردستان بوو.

پرسیار: پێت وایە ئەو هەموو کارەی ئەو هونەرمەندە، پاداشت دەکرێ؟ چی باشە بکرێ بۆ ئەوەی ناو

و کارە هونەرییەکانی ون نەبن؟

وەلام- لە زۆر شوێنی تر وتوومە: قادر دیلان وەسیەتێکی لای من کردووە، ئێستا بە دەنگی خۆی لە لای من پارێزراوە کە تیایدا دەڵێ:

«توخوا ڕزگار گیان، ئەگەر مردم تەرمەکەم ببەنەوە کوردستان.

تکاتان لێ دەکەم لاشەکەم ببەنەوە کوردستان. ئەگەر نەتان توانی لاشەکەم بەنەوە، خۆڵەمێشەکەم ببەنەوە و قەت لە چاکەتان دەرناچم، ئێوەش هەر بژین.» ئەمە گەورەترین پاداشتە بۆ ئەم هونەرمەندە. جا هەر چ نەبێ پەیکەرێکی بۆ بکەن لە نێو یەکێ لە گۆڕەپانەکانی دابنێن، هیچیان لە قادر دیلان زێتر نین. چونکە ئەویش یەکێکە لەو شەهیدانە، بەڵکو زیاتریش...

ئەمە نموونەی چالاکی هونەرمەند قادر دیلانی ڕەحمەتین کە خستمانە بەرچاوی خوێنەرانی کەوا ئەو کەڵە هونەرمەندە ناناسن ئیمڕۆ و بۆ ئەوەی ئەم وەچەیەی ئێستاش ئاگاداری هەبێ کە زۆر لە مرۆڤ و ئینسانی خزمەتکاری ئەم میللەتە هەڵکەوتوون، ئێستا بەدەگمەن باسیان دەکرێ. ئەمەش کارێکی گەلەک ناڕەوا و خراپە دەرهەقیان. لە جیهان پەیکەریان بۆ دەکرێ، شەقام و باڵەخانەیان بەناو دادەنرێن...

زۆر شتیان بۆ دەکرێ تاکو میللەتەکەیان هەمیشە ناویان لە گوێدا بزرنگێتەوە و لە بیر نەچن و مێژووە پرشنگدارەکەیان ون نەبێ.

چونکە قادر دیلان زیاتر لە ٤٥ چل و پێنج ساڵ (تا کۆچی دوایی) خەمی هونەری ئاواز و مۆسیقای کوردی خەمی سەرەکی ئەو بووە. هۆش و بیر و هەستی هەر لەگەڵ ئەم ڕێبازە بوو.

هەوڵی ئەوەی ئەدا هونەری کوردی زیاتر گەشە بێنێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پێشکەوتن وەدی بێنێ و بەهرە و پەنجە ڕەنگینەکانی ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی تەرخان کرابوون بۆ ئەم مەبەستە پیرۆزە. قادریش لەو ماوەیەدا بەیەکجاری خۆی بۆ هونەر بەخت کردبوو. هیچ کارێکی نەبوو.

لەو ئاوازە خۆشانەی کە بۆ تیپەکەی ئامادە کردبوو کە وەک (پارچە مۆسیقا) لێ ئەدران، لە سەرەتای دەست پێکردنی هەر ئاهەنگێک، یەکەمیان: مۆسیقای (مەولەوی) بوو. تا بڵێی، قادر دیلان، کە ئەوسا هێشتا زۆر لەمێژ نەبوو لەگەڵ مۆسیقایەکی سادە خەریک بوو، بەڵام ئەوپەڕی کاری هونەرییانەی تێدایە، لەو پارچە مۆسیقایە.

پێشەکییەکی ڕێک و جوان، لەسەر ڕزم (ایقاع)ی (دەروێشی) یان بەدەروێشی دەچێ، لەسەر ئەم ڕزمەی دارشتوە، کە لە مۆسیقای کوردی نزیکە، ئەگەرچی کەم بینراوە لە گۆرانی و ئاوازی کوردی... تا ئەو دەمە. ئەوەی باسی دەکەم لە ناوەڕاستی پەنجاکان بوو. هەر هاتنە کۆیەش بۆ ئاهەنگەکانی (لافاو)، یەکەم پارچە مۆسیقا (مەولەوی) بوو لێمان دا، دەڵێم (لێمان دا) چونکە منیش بەشداریم کرد لە گەڵیانا، دوای ڕاهێنانێکی کەم پێش دەستپێکردنی ئاهەنگەکە. شایانی باسیشە، لەو پارچە مۆسیقایە، هەموو ڕزمەکە بە ٣ دەف لێ ئەدرا لەو دەفانەی کە دەروێشەکان بەکاریان دێنن! ئەمەش لەبەر ئەوەیە چونکە مۆسیقاکە بەناوی شاعیری گەورە و سۆفی کورد (مەولەوی)یەوەیە.

جا دوای ڕۆیشتنیان لە کۆیە، من ئەو پارچە مۆسیقایەم فێرە قوتابییەکانی خۆم کرد کە لە تیپی

مۆسیقای (باواجی) دابوون و دوای ڕاهێنان و ماندووبوونێکی تەواو لەگەڵیانا، توانیمان زۆر چاک عەزفی بکەین. ئێمە دەفمان نەبوو، دەف زنجاریمان هەبوو و تەپڵ (دمبک). کە هونەرمەندان (جان تۆماس و نەشئەت حەمیدی خوالێخۆشبوو) زۆر ڕاست و ڕەوان و باش ئیقاعەکە فێر بوون. لە یەکەم ئاهەنگی کردمان لە کۆیە، ئەو مۆسیقایەمان پێشکەش کرد و دانیشتوانی شار دەستخۆشییان لە تیپی مۆسیقای باواجی کرد کە ئەوها باش و ڕێک و سەرکەوتووانە مۆسیقاکەیان لێدا. ئەم کاسێتە لەلام ماوە و پارێزراوە کە وا بزانم لە ئەرشیفی قادری ڕەحمەتی و لە سلێمانیش کەس نییەتی و چنگ ناکەوێ!

پارچە مۆسیقایەکی تری داناوە، ئەم قادر دیلانە، بەناوی (شەوانی سەرچنار) کە یەک پارچە هونەرە و ئاوازی پڕ (طرب) و خۆشی لێ دەتکێتەوە هەروەها مۆسیقای بەهار.

ئەو مۆسیقایانەم هەموو هەیە و جاروبار لەسەر موسەجیلەکەم لێیان ئەدەم و گوێیان لێ ڕادەگرم و ڕۆژانی نزیک نیو سەدەم دێتەوە بیر و بەدەست خۆم نییە، زۆر جار فرمێسک دەڕێژم بۆ ئەو ڕۆژە خۆشانە و لەگەڵ ئەو هونەرمەندە دەست و پەنجە ڕەنگینانە و ئەو گۆرانیبێژە نەمرانە...کەوا ئێستا هیچیان نەماون و کۆچیان کردووە... بەڵام نەمردوون! ئەوانە هەتا دەنگیان هەبێ، ماون!

کاک ڕزگار ڕەنجەڕۆی حەیران و گۆرانیبێژ، لە هاوینی ساڵی (٢٠٠٠) هاتە لام و لە باخچەکەمان دانیشتین نزیکی دوو سەعات، باسی کاک قادر دیلانی لێ دەپرسیم و وێنەی بەڤیدیۆ دەگرتم. دواییش دەعوەتی کردم چووینە یانەیەک لە عەنکاوە شەوەکی خۆش بوو، برادەرێکی دیکەش لە خزمانی خۆی لەگەڵ بوو کە ئەو وێنەی دیمانەکەی دەکێشا.

قادر دیلان لە پێش نەورۆزی ساڵی ١٩٩٩، بەداخەوە، هەر لە غەریبی، لە شاری پراگ، لە چیکۆسلۆڤاکیا، کۆچی دوایی کرد. کۆچەکەی ٣ ڕۆژ پێش نەورۆز بوو، واتا لە ١٩٩٩/٣/١٨ گیانی پاکی بەیەزدانی پاک سپارد. هەر لەوێ بەڕێوڕەسمێکی شایستە شاردرایەوە. هەزارەها سڵاو لەو گیانە پاکە بێت.

٨- عوسمان سابوونچی

بەداخەوە، زۆر کەم لەسەر ئەم گۆرانیبێژە هونەرمەندە سەرچاوە هەیە... زۆر کەمی لەسەر نووسراوە. ئەوانەی کە دەستم کەوتن، کە هەر ئەوانەشن و چیتر نییە، ئەم سەرچاوانەی لە خوارەوە نووسیومن، بەڵگە و پاڵپشتم بوون بۆ ئەو نووسینەم:

١- وتارێکی هونەرمەند و نووسەر، کاک عوسمان شارباژێڕی لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ: ژمارە (١٠٦) ساڵی ١٩٨٥ لەژێر ناونیشانی: کاروانی مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانی لە ساڵی ١٧٨٤ تا ساڵی ١٩٨٤ ز. لاپەڕە (١٢٨) دەست پێدەکات.

٢- کتێبی (ژیان و هونەر)- کۆکردنەوە و ئامادەکردنی- تایەر کرمانج. بەرگی یەکەم. لە چاپخانەی (الحوادث)ی بەغدا، ساڵی ١٩٩٠ لەچاپ دراوە. لاپەڕە (٥٩-٦٢).

٣- ڕۆژنامەی (ژین) ژمارە (١٣٧٢) مانگی کانوونی یەکەم ١٩٥٧ لە وتارێک (ڕێبۆرتاجێ لەسەر ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی...) لە نووسینی (قادر دیلان).

٤- وتارێکی نووسەر کاک کەمال ڕەئووف محەمەد لە گۆڤاری (کاروان)- ژمارە (١٦)ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣ بەناونیشانی (نەمامێکی جوانەمەرگی باخچەی هونەر: عوسمان سابوونچی).

٥- وتارێکی خۆم کە هەندێ بیرەوەریمە، لە گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٦٢) لە ٢٠٠١/٨/٥ دەرچووە، بەناونیشانی (عوسمان سابوونچی)

***

جێی ئاخ و داخە و ئەسەفە و من زۆر خەم و خەفەت دەخۆم کاتێ بیر لەو هەموو هونەرمەندە گۆرانیبێژە کوردە دەکەمەوە، سەر قافڵەچییەکانی کاروانی ستران و مەقام و گۆرانی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم... کە لە ساڵەکانی بیستەکان و سییەکان و چلەکان و پەنجاکان... ئاوا، بەبێ ناز و دەلالی، هاتن و بەبێ دەنگی و بەخامۆشی و بێ هەراو هۆریای گۆڤار و ڕۆژنامە... گۆرانییان گوت، سەرەتا لەسەر قەوان و ئینجا لە (بەشی کوردی ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا) و خزمەتێکی زۆر گەورەی ئەدەب و شیعر و ئاواز و گۆرانی فۆلکلۆری کوردییان کرد و، دواییش، هەر ئاوا، بەبێ هەراو هەڵلا و بەسکووتی مالئاواییان کرد و کۆچی دواییان کرد و، جگە لە چەند کەسێکی خزمی زۆر نزیک و یەک دوو دراوسێ نەبێ، زۆربەیان، تا زەمانێکی دوور و درێژ، کەس بۆ کۆچکردنی دواییان دوو دێری نەنووسی یاخود لە ئێزگەییێک باسیان نەکرا...

کەسیش ئافەرینی لێ نەکردن، لەو سەربازە نەناسراوانەی هونەری گۆرانی کوردی. بۆیە ئەمڕۆکەش، کە بمانەوێ لەسەر ژیانیان بنووسین و تازە بەتازە ناویان بهێنینەوە و وەک پاڵەوانیان دەستنیشان بکەین، سەیر ئەکەین، بەڵگەی باش... سەرچاوەی ڕاستمان بەدەستەوە نییە... تەنانەت ئەوانەی کەسوکاریشیان مابن، بچیتە لایان و داوای زانیارییان لێ بکەیت، زۆر شت لەو بابەتەوە نازانن.

هەندێک هەر، وەک بڵێی، پێیان عەیبە، باسی ئەو باوکە یا برایە یا خزمەیان بکەن کە ڕۆژێ لە

ڕۆژان دەنگی لە ئاسمانی کوردستان دەزرینگایەوە بەو ئاوازە خۆشانەی بەمەقام و گۆرانی کە دەیگوتن و لەسەر قەوان یا لە ئێزاعە بلاّو دەکرانەوە! ئەو زەمانە، هەر ئەم دوو تاکە کولانکەیان هەبوو کە بەهۆیانەوە گۆرانیبێژە کۆنەکانمان هەناسەیان وەردەگرت و لە مایکرۆفۆنە بەستەزمانەکانی ستۆدیۆ سادەکانی کۆمپانیاکانی قەوان و ستۆدیۆ بچووک و زۆر سادەتری ئێزگە بێ نازەکەی ڕادیۆی (بەشی کوردی) لە بەغدا، هەناسەکەیان دەدایەوە و فووبان بەقوڕگیان تێیاندا دەکرد و گۆرانییان لە دەو دەردەهێنا! ئەگەر ئەو دوو هۆیە، واتا قەوان و ئێزاعەکە نەبوونایە، خوا ئەیزانێ گۆرانی کوردی حاڵی چۆن دەبوو ئەمڕۆ! چەند گۆرانی کوردی لەناومان ئەمڕۆ دەمانەوە و بلاّو دەبوونەوە!

بێگومان: زۆر کەم!. لەبەر ئەوەیە کە من هەردەم وتوومە و دەڵێم: کۆمپانیاکانی قەوان و ڕادیۆی کوردی بەغدا، بەتایبەتی، ڕۆڵێکی تا بڵێین و بیری لێ بکەینەوە، گرنگیان هەبووە لە مەسەلەی پاراستن و مانەوەی ئەو کەلەپوورە دەوڵەمەندەی کورد... ئەو گەنجینە بەهادارەی ئاوازی کوردی ڕەسەن و ڕزگارکردنی هەزارەها ئاوازیش لە فەوتان و ونبوون و شێواندن! لەلایەکی تریشەوە ئەمڕۆ سەدەها ناوی ئەو گۆرانیبێژانە دەزانین کە ئەو گۆرانییانەیان گوتووە و دەرهێناوە لە هەگبە کۆن و ڕزاوەکانی ئەشکەوت و گوندەکان و خستوویانەتە بەرگوێمان و ئێمەش هەروا دەیانلێینەوە و سوودیان لێ وەردەگرین! بەڵام ئەوەندەیە و بەداخەوە ژیانی زۆر لەو پاڵەوانانە بەچاکی نازانین کە حەزمان دەکرد ئاگاداری ئەوەش بووباینە و زانیاری تەواومان هەبوایە لە ژیانیان و لە گۆرانییەکانیان و ئاوازەکان و هەڵبەستەکانیان.

لە دوای ڕاپەڕینی کورد لە ١٩٩١ەوە دوای دامەزراندن و چەسپاندنی ئەم ئیدارە سەربەخۆیە و دامەزراندنی ئێزگە و تەلەفزیۆنە ناوچەییەکان لە هەموو شارەکان و بلاّوبوونەوەی ڕۆژنامەگەری ئازاد و ڕاستگۆ و سەربەخۆ، دەست کرا بەنووسین دەربارەی ئەم هونەرمەندە کۆچکردووانە و ڕۆڵیان لە پاراستنی ئاوازە ڕەسەنەکانی کوردی. هەموو ساڵێک نووسەرێک لەم ڕۆژنامە یا یەکێک لەو گۆڤارە و لە ساڵیادی کۆچی گۆرانیبێژەکان، دەبینین ستوونێک یا زیاتر یا کەمتر لەسەر ئەو گۆرانیبێژانە دەنووسن.

بەڵام وای لێ هاتووە ئەمڕۆ کە نووسینەکان دەخوێنیتەوە، دەبینی هەر هەمان زانیاریيە زۆر کورتەکانی پار و پێرارن... فلان گۆرانیبێژ لە ساڵی ئەمەندە لە فلان شوێن لەدایک بوو... لە ساڵی ئەوەندە کۆچی کرد ئینجا دەشبینین جیاوازییەکی ئاشکرا و بەرچاو پەیدا دەبێ لە نێوان نووسەرەکان سەبارەت بەڕۆژ و ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنیان...

سترانبێژ تەحسین تەها

هەروەها وێنەکانیش هەر هەمان وێنەکانی پێشووترن، ئەم ڕۆژنامە لە هۆو گۆڤارەی وەرگرتووە، ئەم گۆڤارە لە فلان کتێبی پچڕاندووە... ئیتر ئا بەم شێوە... زانیاری نوێ، ڕەسم و وێنەی نوێ...نییە! چونکە بەڕاستی ئەوانەی ئەمڕۆ لەسەر ئەو جۆرە بابەتە مێژووییانە دەنووسن، خەڵکانێکی گەنج و تازە پێگەیشتوون و

زۆربەیان نە ئەو هونەرمەندە دەناسن و ڕەنگە حەزیشیان لە گۆرانییەکانی نەبێ!

بەڵام ئەوا ئیتر دەرفەتی بۆ ڕەخساوە و دەتوانێ بنووسی، کەواتە با شتێ بنووسێ: بۆیە سەیر ئەکەی ئەوانەی هەموو سااڵێک شتیان لە بابەتەوە دەنووسرێ و کە، وەک ڕوونم کردەوە، هەمان زانیارییەکان و وێنەکانی کە پێشتر و سااڵی زووتر بااڵوکراونەتەوە، هەر ئەوانەن... وەک خواڵێخۆشبووان: عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، سێوە، ڕەسوول گەردی، تەحسین تەها، حەسەن زیرەک، محەمەد عارفی جزیری، کاوێس ئاغا، مریەم خان... و چەند ناوێکی تر. ئەمانە، زۆر یا کەم شتیان لەسەر دەنووسرێ. بەڵام خۆ گۆرانیبێژە نەمرەکان هەر ئەوانە نەبوون؟ ئەدی گۆیا ڕەشۆڵ و عوسمان سابوونچی و حەمە سااڵح دیلان و حوسێن عەلی و حەیدەر و مشکۆ و فایق بەزاز و دەیەها ناوی تر کە ئەوان بەنیسبەت ئەوانەی سەرەوەم باس کردن، هەر وەک نەبووبن و نەهاتبن و گۆرانییەکانیان کە ئێستاش لە ئەرشیفی کوردی ماوە، وەک ئەوەی نە ناسراوبن ئەوهانە: کوا ناوی بێ ناو (خاوەنی گۆرانی: نەمااڵم دەوێ نە گەنجی دنیا ئەی هاوار نەمام)، سااڵح شەریف، ئەمین ئیبراهیم، فەوزیە محەمەد، تالیب مەجید (مەشهوور بە تەلە)، عەبدولقادر حوسێن، ئیبراهیم محەمەد، مەحموود وەندی، ئەحمەد مەحموود و ئەحمەدی حەمە مەلای کۆیی، ئەحمەد فەتاح، حەسەن ڕەسوول، سااڵح کارگەچی، سیروانی و گەرمیانی (نەک هاوڕێمان حەسەن گەرمیانی)، سااڵح بەزاز، مەلا کەریم، خەلیل ئیبراهیم، و مەحموود حەیران و دەیەها ناوی تر، کە ئەوەتا گۆڤاری (هنا بغداد) شاهیدە و ناویان و ناوی گۆرانییەکانیان لەنێو لاپەڕەکانی (بەشی کوردی) ئەو گۆڤارە، مانگ بەمانگ، لەناو بەرنامەکانی ئێزگەی کوردیدا تۆمار کراون.

تالیب مەجید «تەڵی» ۱۹۵۱-۱۹۷۸

گۆڤاری (هنا بغداد)

وەک لەو لیستانەدا کە خوێندتانەوە، یەکێک لەو ناوانە ناوی (عوسمان سابوونچی) هاتووە. ئەم عوسمان سابوونچییە لە دوا سااڵنی چلەکانا، لە ئێزگەی بەشی کوردی ڕادیۆی بەغدا، هەڵی بۆ ڕەخساوە و ئاهەنگی گۆرانی پێشکەشی گوێگرەکانی کوردستانی کردووە و هەر لەو ساوە ناسراوە. بۆیە ئەمڕۆکەش، من بەپێویستم زانی ناوی لە بەشی دووەمی ئەم کتێبەم (گۆرانیبێژە نەمرەکان) بەشانازییەوە، بینم و بەگوێرەی زانیاری کە لەبەر دەستمدایە و لەگەڵ هەندێ بیرەوەری خۆم، ئەم ژیاننامەیە بخەمە بەرچاوی خوێنەرە ئازیزەکان و سەرجەم هونەرمەندانی ئێستا، کە زۆربەیان

نەیانبیستووە و نازانن کێیە و گۆرانییەکانی چین...

ناوی تەواوی هونەرمەندمان: (عوسمان محەمەد عەبدوڕەحمان سابوونچی)یە- لە سااڵی ۱۹۳۱، لە گەڕەکی سابوونکەران، لە سلێمانی، لەدایک بووە. دایکی ناوی: ئاسکۆڵی شێخ فەرەجی حاجی شێخ مارفە.

وەک هەموو هونەرمەندێکی دەنگخۆش، هەر لە منااڵییەوە خولیای گۆرانی وتن و ئاشقی مۆسیقا و بەتایبەتیش (عوود) بووە. دایکی ڕەحمەتی گێڕاویتیەوە کە لە تەمەنی لاویەتیدا، حەزی لە شیعر و لە مەقامی کوردی دەکرد و لەگەڵ ولیەم داییما عوودیان لێ ئەدا و فێری دەکرد.



دەنگخۆشی کۆیەی سااڵنی سییەکان و چلەکان (ئەحمەدی حەمە مەلا).

کۆڕی گەورەی ناوی (سۆران)ە. کاک تایەر کرمانج چووەتە لایان لە سلێمانی، لە ۱۹۸٦/۷/۲۵ و هەندێ زانیاری دەربارەی باوکییەوە بۆ کاک تایەری گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی کە، باوکی- بەڕەحمەت بێ، لە سااڵنی ۱۹٤٦ و ٤۷ یەکەم جار گۆرانی گوتووە لە ڕادیۆی کوردی لە بەغدا.

بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو زەمانە تۆمارکردن لە عێراق هێشتا پەیدا نەبووبوو، لە ئێزگەی کوردی و عەرەبیش، گۆرانی بەشێوەی ڕاستەوخۆ و (مباشر) لە مایکرۆفۆنی ستۆدیۆی ئێزگەوە بۆ هەوا پەخش دەکرا. کە گۆرانیبێژ خۆی دەیگوت و تەواو دەبوو، گۆرانییەکانیشی لە هەوادا پەرتو بااڵو دەبوونەوە، ئیتر جارێکی تر نەدەبیستران!

بۆیە ئەو گۆرانییانەی عوسمان سابوونچیش کە لە چلەکانا گوتوونی، نەماون لە ئەرشیفی ئێزگە!

کاک ولیەم یوحەننا

برای ڕەحمەتی عوسمانی هونەرمەند، (مامۆستا مەحموود محەمەد عەبدوڕەحمان) ناسراو بەمامۆستا مەحموود سابوونچی- مامۆستا بووە لە قوتابخانەی سەرەتایی مەحوی، لە سلێمانی، لە گفتوگۆیەکیدا باسی برای جوانەمەرگی کردووە بۆ (کاک کەمال ڕەئووف)ی نووسەر و گوتوویەتی: (کاکم لە سااڵی ۱۹۳۷ لە قوتابخانەی فەیسەلییە دەیخوێند و بە (دەنگخۆش) ناوی دەرکردبوو، سروودی نیشتمانی دەچڕی.

دوای تەواوکردنی سەرەتایی، سااڵی ۱۹٤۳ کە پۆلی دووەمی ناوەندی بوو، خۆپێشاندان کرا، کاکیشم یەکێک بوو لە بەشدارەکانی و بەهۆیەوە گیرا و پاش ماوەیەک بەڕەڵا کرا. لە سااڵنی ۱۹٤۷ تا ۱۹٤۹ دیسان گیرا و لە لایەن (مەحکەمەی

عورفی کەرکووکەوە) بە دوو ساڵ حەپس حـوکـمی درا- ئەو دوو ساڵەش لە بەندیخانەی (کـووت)دا بەسـەربرد. دوایی هاتەوە بۆ سلێـمـانی و لە قـوتابخـانە وەرنەگـیـرا. دووکـان و چایخـانەمـان بۆ دانا، هەر جـێگـیـر نەبوو- لە سـالّی ١٩٥٠دا چووینە کەرکووک و لەوێدا کرێکاری دەکرد بۆ ژیانی ئێمە چونکە باوکمان مردبوو.

لە سالّی ١٩٥٣هاتینەوە سلێمانی و بەهەوڵی خـزمـان، کـرا بە(کـاتب) لە دایەرەی کارەبا، لە پاشان لە(بەلەدییە) تا سـالّی ١٩٦٨ کـە ئەوکـاتە بوو بەمولاحیز (ملاحظ) و دوای سالێک، تووشی نەخـۆشـیـیـەکی سـەیر بوو هەر دەیگوت ناو سکم دەئێـشێ. کـەوتینە عـەمـەلیـات کـردنی... کە تۆزێ باشـتـر بوو، بەڵام جارێکی تر بۆی دیارکەوتەوە و، جارێکی تر عەمەلیاتی تری بۆکرا. لەبەر ئەوەی ئاووهەوا بگۆڕێ، خـۆی بەگـواستنەوە دا بۆ (بیارە)- چەند مـانگێ لەوێ مایەوە و ئاخیری دیاربوو سوودی نەبوو و دەردەکە لە کۆڵی نەبۆوە کە تیراوی سەرەتانی گەدەبوو- بەم جۆرە کۆچی دوایی کرد.



دیوی پۆژئاوای قەڵای کەرکووک لەسەر زێی (خاسە صو) لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە تا ساڵانی پەنجاکان.



بەردەم قوتابخانەی فەیسەلییە

سەبارەت بە کەی؟ و چۆنیەتی چوونی بەهەشتی عوسمان سابوونچی بۆ ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، وەک لە کتێبەکەی (هونەر و ژیان)ی کاک تایەر کرمانج و لە ڕوونکردنەوەکەی (مەحمود سابوونچی) برای، بەم شێوە بووە:

لە ساڵانی چلەکانا، محەمەد عەبدوڕەحمانی باوکی هونەرمەند عوسمان، لە (ئەبو غرێب)، کە لەسەر ڕێگای فەلوجە و حەببانییەیە، لە نزیک بەغدا، وەزیفەی هەبووە. عوسمان دەوروبەری شانزە یا حەڤدە ساڵان بووە، چووە بۆ سەردانی باوکی. خۆیشی دەنگی خۆش بووە و حەزی لە گۆرانی گوتن کردووە... ئیتر لەو هاتوچوونەدا، سەری لە ئێستگەکەی کوردی داوە... ئەوکاتەش زەحمەت نەبووە... هەرکەسێ دەنگی خۆش بوایە، زۆر بەخێرهاتنیان دەکرد و ئاهەنگی گۆرانییان بۆی دادەنا و ڕاستەوخۆ ئەو ئاهەنگانە پەخش دەکران. بەتایبەتیش خوای لێ ڕازی و خۆشبێ مامۆستا کامیل کاکەمین، خەمخۆری هونەری گۆرانی

ستافی بەڕێوەبردنی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا. لە ناوەڕاست، سەرپەرشتیاری ئێزگە کاک کامیل کاکەمینە، لە دەستی ڕاستی کەریم زانستییە

کـوردی و سـەرپەشـتـیـاری ئـیـزگـەکـەی دەکرد، خۆی دەگەڕا بەدوای دەنگخۆشان تاکـو بچنە ئێـزگـە و هانی ئەدان و مەسرەفی هاتوچۆشی بۆ سەرف دەکردن.

من یەکـێک بووم، کـاتێ بۆ یەکـەم جـار چوومـە ئێـزگـە، پێش چوونم بۆ خوێندن، کە لە سالّی(١٩٥٠) سەرم لە ئێـزگـە دا و دەنگیان تاقی کـردمـەوە، کاک کامیل خۆی ئامادەیی نیشان دام کە هەر جارەی بچمە ئێزگە، کە ئەوسا من لە کـەرکـووک بووم لەگـەڵ مـاڵەوە، ئەوان مەسرەفی هاتوچۆ و شەمەندەفەرم بدەنێ.

دوای ئەوەی مامۆستا قادر دیلانی مۆسیقاژەن لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی کشایەوە و بەجێی هێشت، لە سالّی ١٩٥٤ لە سلێمانی لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی تری مۆسیقازاندا ڕێککەوتن تیپێکی مۆسیقا پێک بێنن. ئەوەبوو، وەک پێشتـر باسم کردووە لە ژیاننامەی خوالێخۆشبـوو قادر دیلان، ئەو تیـپـەیان دامەزراند و ناویان لێنا (تیپی مۆسیقای مەولەوی). یەکێک لە مۆسیقاژەنەکانیش، ولیەم یوحەننا فێر بوو بوو. بەم جۆرە، ڕۆژانە لەگەڵ ئەو تیپە ڕاهێنان و پرۆڤەی دەکرد و گۆرانیشی لەگەڵ تیپەکە دەگوت لەو ئاهەنگانەی (مەولەوی) لە سلێمانی و لە ڕانیە و کۆیە و هەولێر دەیانگێڕا.

لەو ساڵانەدا بوو کە یەکەم جار ڕەحمەتیم چاوپێکەوت و یەکترمان ناسی و بووین بەهاوڕێی هونەری لەگـەڵ سـەرجـەم هونەرمـەندەکـانی تر. جـا زۆر جـاران ڕێککەوت کـە پێکەوە بەشـداری بکەین لە ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی.

کاک عوسمان، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ، زۆر هێمن و بێ دەنگ بوو.

ڕۆشنبیرێکی هەست ناسک... باڵا مەیلەو دریژ و باریک، قژی سەری ڕەش و سمێڵێکی باریکەلەی ڕەشی دەم و چاو دریژووکەی هەبوو. دەنگی زۆر خۆش بوو. مەقامەکانی کوردی: قەتار و ئەڵاوەیسی و حیجاز و بەیات زۆر ڕەوان دەخوێند لەگەڵ ئەو بەستە کۆنانەی لەگەڵ ئەو مەقامانە دەگونجان. تەنانەت دایکی جوانەمەرگ عوسمانی سابوونچی، لەدوای کۆچی کوڕە نازدارە دەنگخۆشەکەی دەگریا و دەیگوت: « هەر جـارە ئەو دوو منداڵەی کـە لە دوای بەجێ مـان، بەهەتـیـوی، دەیخـسـتنە سـەر ڕانی و قـەتار و ئەڵاوەیسی و گـۆرانی خـۆشی بۆ دەگـوتن.» منالّەکـانی: (سـۆران) کـوڕەکـەیەتی و (سـازان)یش کچەکەیەتی.

سەیرکەن چەند هەست ناسک بووە و نازی منالّەکانی هەڵگرتووە و بەگۆرانی و ئاواز گوتن پەروەردەی کردوون!

عوسمان شارباژێڕی و باکووری لە ماڵی کاک عوسمان، ساڵی ٢٠٠٠ هەولێر.

کاک سۆرانی کوڕی، بە تایەر کرمانجی ڕاگەیاندووە، کە باوکی نەک تەنها ئەو هەشت گۆرانییەی لە ئێزگەی بەغدای تۆمار کردوون، هەر ئەوانی هەیە! نەخێر... لە شوێنی تر، لە ئاهەنگەکانیش گۆرانی کەی گوتووە، تۆمار کراون و بەتایبەتیش لە پێش کۆچی دواییدا هەندێ گۆرانی بۆ تۆمار کراوە... بەڵام نەنێردراون بۆ چ ئێزگەیەک و جارێ بزرن!

کاک عوسمان شارباژێڕیش ستایشی هەوڵ و کۆششی هونەرمەند عوسمانی کردووە و نووسیویەتی: کاک عوسمان، سەبارەت بەگۆرانی و مۆسیقای کوردی، لە تەمەنی هونەریی خۆیدا، خزمەتی خۆی کردووە و بەجێی هێناوە... ئەندامی تیپی مۆسیقای مەولەویش بووە و لە ئاهەنگەکانیان هەوڵی داوە شتی تازە و خۆش پێشکەش بکات. لە گۆرانییە نوێیەکانی گۆرانی «لەبیرت نەچم»، «ئەی کچی جوان»، «خۆزگە وا بوایە»...

نەجاتی عەبدە، شمشاڵ ژەنی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە چاوپێکەوتنێک لە گەڵیدا، کەوا لە پاشکۆی ڕۆژنامەی (العراق)ی عەرەبی، بەغدایی، باسی دامەزراندنی تیپەکەیان دەکات و ناوی ئەندامەکان و چەندوچۆنی خزمەت کردن، لەبابەت ڕەحمەتی عوسمان سابوونچی فەرموویەتی: لە گۆرانییێژەکانی کە بەشداربیان لە ئاهەنگەکانمان دەکرد، کاک عوسمان سابوونچی بوو. ئەو هونەرمەندە عوود ژەنیش بوو. واتا لەکاتی پێشکەشکردنی برگەی تایبەت بەمۆسیقا، عوسمان عوودی لێ ئەدا.

بەڵام لە هەر ئاهەنگێکیش پێی هەڵسابایە، کاک عوسمان بەگۆرانی و مەقام وتن بەشداری دەکرد، عوودەکە، بەڕێز کاک ولیەم فێری دەکرد.

کاک ولیەم یۆحەننا‌ش دەڵێ: عوسمان وەک گەنجێکی هەستی هونەری ببزوێ، دەهاتە لام لە ماڵەوە و من فێری عوودم ئەکرد و دەرسی (نظری و عملی)م دەدایە و مەشقم پێی دەکرد. ئەوە بوو، بەهەوڵ و کۆششی خۆی و ئارەزووی هەبوو، زۆر بەچاکی فێرە عوود ژەنین بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ بەم لاوە ئیتر دەهاتە ناو ئەندامەکانی تیپی مەولەوی و لەگەڵیانا مەشقی دەکرد.

هەر ئەو بەشداریەی عوسمان بوو لەگەڵ مەولەوی، دەرفەت بۆ منیش ڕەخسا کە لە نزیکەوە ببینم و برادەران ئێمەیان بەیەکتر ناسین. ئیتر هەر چەند بچووبامە سلێمانی، لە بۆنەکانی پشووی هاوین یا نیوەی ساڵ یا جەژنەکان، کە لەو موناسەباتانە زۆر جار تیپی مەولەوی ئاهەنگیان ساز دەدا بۆ خەڵکی سلێمانی و دەیاننارد بەشوێنمانا: من و خاڵە سێوە لە کۆیەوە و شەماڵ سائیب لە بەغداوە، دەچووینە سلێمانی و بەشداریمان دەکردن. ئا لەم موناسەباتانە ئینجا دانیشتنەکانی دوای ئاهەنگەکان زۆر خۆش دەبوون، یا لە یانەی فەرمانبەران، بەشەوان ڕامان دەبوارد، یا لەبەر دەم دووکانی ڕەحمەتی (بەهجەت

سەعاتچی) عوودژەن.

جا قسەی خۆش و نوکتە لە لایەن ولیەم و قادر و نەجاتیش بەتەعلیقەکانیەوە... ڕۆژە خۆشەکانمان بەسەر دەبرد.

عوسمانی گۆرانیبێژ هەوڵی داوە چەند گۆرانییێکی خۆی هەبێ. بۆیە هەوڵی دەدا لە شیعرە نایابەکان و پڕ مانا و مۆسیقا و چێژ هەڵبژێری و ئاوازیان بۆ دانێت.

کەمال ڕەئووف محەمەد هەندێ زانیاری پەیدا کردووە لە بابەت گۆرانییەکانی و دەرکەوتووە کە هەندێکیان لەسەر قەوانەکانی تایبەت بە ئێزگەبوون لە جۆری (١٧ ئینج)، و دەڵێ قەوانێکیان دیوی یەکەمی بەستەی (خۆزگە وا بوایە)یە لە شیعری (سەرسام).

دیوی دووەمی، بەستەی (لەبیرت ئەچم)ە... ناوی شاعیری لەسەر نییە. قەوانێکی تر، تەنها بەستەکەی (خۆزگە وا بوایە)ی دووبارە لەسەر دیوێکی تۆمار کراوە، قەوانی سێیەم: تانگۆی (شیرین لە بیرت ئەچم)ی لەسەرە بەتەنها. قەوانێکی چوارەم: گۆرانی (کچی جوان)ی لەسەر هەردوو دیوەکانی تۆمار کراوە، کە لە شیعری (هەوری)یە!...

لە کاتی پشووی نیوەی ساڵ، لە شوباتی ساڵی ١٩٥٩ من لە کۆیە مامۆستا بووم و لەگەڵ دایکم و خوشک و برام یوسف، بەترومبیلێکی (جیب) چووینە سلێمانی بۆ ئەوەی چەند ڕۆژێک لە ماڵی کاک فیلیپی برام بحەسێینەوە و هەوا بگۆڕین و منیش چاوم بەهەڤاڵانی خۆم بکەوێ: فیلیپ لە کارگەی چیمەنتۆی سلێمانی (ملاحظ) بوو، و خانوویەکیان دابووبێ لەژێر بەنگەلەیەک، نزیک گردەکەی سەر ئاوی سەرچنار و چەند مەترێک لە کارگەکە دووربوو. جا مەبەستم کە لەو پشووی بەهارە... فورسەتێکی باشم بۆ ڕەخسا کە دوو سێ کێشکە بە بەردێک ڕاوکەم! جارێ یەکەم شت شاری (هەڵەبجە)م نەدیتبوو، بینیم لەگەڵ ئاوەکانی زەڵم و ئەو دەشت و دەرە خۆشە.

دووەمیش برادەرانی تیپی مەولەوی زۆر موشتاقیان بووم، هەمووپانم بینی و شەوانە پێکەوە، یا لەلای ولیەم یا لە نادی، کاتمان بەسەر دەبرد. سێیەم شت زیاتر عوسمان سابوونچیم ناسی و زیاتر هەڵمان بۆ هەڵکەوت بۆ (تبادل الآراء) وەک مەسەلە عەرەبییەکە دەڵێ.

ئەو موناسەبەتەم جارێکی تریش لەم کتێبە باس کردووە، لە چیرۆکی ژیانی کاک قادر دیلانی نەمر. ئەویش ئەو دەعوەتەی تیپی تەمسیلی (کاک ڕەئووف یەحیا) بوو کە خەریکی عەرزکردنی شانۆگەرییەک بوون لە هەڵەبجە، ناوەکەیم لە بیر چووە، کە لە دەرهێنانی کاک ڕەئووف خۆی بوو، بەمەزەندەم.

سەبارەت بەئێمە، وەک تیپی مۆسیقای مەولەوی، هەموو ڕۆژێ دوای نانخواردنی نیوەڕۆ، تاکسییەک ئێمەی دەبردە هەڵەبجە، لە سلێمانییەوە. ئێوارە دەگەیشتینە ئەوێ، کاتێ تەمسیلەکە تەواو دەبوو. ئینجا موزەف و مامۆستا و پیاوماقوول و دەوڵەمەندانی شار ڕوویان لە یانەی موزەفان دەکرد، لە باخچەکەدا، شوێن بۆ ئێمە دادەنرا و دەستمان بەپێشکەشکردنی چەند برگەیەک لە مۆسیقا و گۆرانی بۆ میوانان. ئەوانەی کە دەشچووین لە سلێمانییەوە بەتاکسییەکە: قادر دیلان و ولیەم یوحەننا و شەوکەت ڕەشید و عوسمان سابوونچی و من بووین. جا لەناو سەیارەکە هەتا دەگەیشتینە هەڵەبجە، هەر قسە و باسی فلان

و فلان له هونەرمەندەکان دەکرا و هەندێ شتی نائاسایی لە بارەیانەوە باس دەکران و پێدەکەنین... لە دوای ئاهەنگەکەش، هەموو شەوێ، دیسان دەگەڕاینەوە سلێمانی... بەوشەوە درەنگە، کە چ ڕۆژێک لە سەعات دووی دوای نیوەشەو کەمتر نەگەیشتووینەتەوە سلێمانی... یەکسەر دەچووینە ماڵەوە... من یا لە ماڵی ولیەم یا لە ماڵی فیلیپ دایان دەبەزاندم و لێی دەنوستم تا درەنگی ڕۆژی پاشتر... ئەو چوار پێنج ڕۆژەی کە ئەو بەزمە خایاندی، لە مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٩ وەک نەقش لە مێشکما هەڵکەنراوە و لە یادم ناچێ!

گەشتێکی هونەری بۆ شاری هەڵەبجە لە شوباتی ساڵی ١٩٥٩ . لە چەپەوە: قادر دیلان، شەوکەت ڕەشید، باکووری، عوسمان سابوونچی و ولیەم یۆحەننا.

لە کتێبەکانی (مێژووی شاری سلێمانی) لە لیستی دەنگخۆشەکانی شاردا ناوی ڕەحمەتی عوسمان سابوونچیش هاتووە لە دوو سێ شوێن! وەک دەنگخۆش لەگەڵ دەنگخۆشان، وەک عوود ژەن لەگەڵ ئەندامانی تیپی مۆسیقای مەولەوی... تاد.

نووسەر کاک کەمال ڕەئووف دەڵێ... بەهوشیارییەوە کە تەماشای ژیان و هونەری عوسمان سابوونچی بکرێ، تاقە ڕاستییەک دێتە پێشەوە و دەڵێ: هونەری عوسمان، لەو ژیانە تاڵ و سەختەدا، لەو تەمەنە کەمەدا، کە چل ساڵی خایاند و زیاد لە دوو ساڵی بۆ بەربەرەکانی دەردی بێ ئامانی سەرەتانەکە بوو، بەشی خۆی، بۆ ڕۆژگاری خۆی کردەوەیەکی بەنرخ بوو، جوان و مێژوویی بوو... چونکە هەر ئەم جۆرە نەمامانە ئەم جۆرە لاوانە، نیمچە خوێندەوارانە، لە هیچەوە، بەڵام لە بێشەی هوشیاری و زیرەکی و دڵ گەورەیی و هیلاکی خۆیانەوە، لە سااڵنی پەنجاکان بەدواوە، باوەشیان بەهونەردا کرد، بەتایبەت.

لێرەدا – هونەری گۆرانی و ئاوازدانان و مۆسیقا فێربوون– بەگەورەیی و ئارەزووی خۆیشیان بەئارەقی ناوچەوانیان گەشاندەوە و پێش خست.

ڕاستە، ئەم گەنجانەی وەک هونەرمەندمان، بەشیعری ناسک و تازە و شیرین لەسەر زمان، بەسۆز و ئاوازی تازە، گۆرانی تازەیان داهێنا... کە ئەم دەستەیە مۆزیان ناوە بەهونەری گۆرانی قۆناغێکی تری گۆرانی کوردی.

عوسمان سابوونچی هونەرمەند... گۆرانیبێژ، لەبەر ئەوەی لە تەمەنی گەنجایەتییەوە، لە گەڵ بار و دۆخی عێراق بەگشتی و وڵاتەکەی، کوردستان بەتایبەتی، ڕۆژ بەڕۆژ دەژیا و بیری لەگەڵ هاوڕێیانی دیکەی یەک بیر و بۆچوون بوو: دەبێ ئەم میللەتە ڕزگار بێ لەو ناخۆش و تەگەرە و ئازاری کە بۆی دەکرێتە کۆسپ لە لایەن (استعمار) و نۆکەرانی لە عێراق...

دەبێ ئەویش تێکۆشێت لەگەڵ هەموو جەماوەر، بۆ ئازادی وەدیهێنان بۆ ئەم وڵاتە خاوەن سامانە زۆرە

بەڵام میللەتەکەی بێ بەشن لە بەروبوومی و پارەی ئەو نەوتە زۆرە دەچێت بۆ باخەڵی بێگانە!

بۆیەش هەموو دەم بۆی ڕێک نەدەکەوت و نەدەڕەخسا لە ناو هاوڕێیێە هونەرمەندەکانی بێ! زۆر ئاهەنگ و سەیران بێ عوسمان دەبوون و بەڕێوە دەچوون! لەبەر بارو زرووفی سیاسی حوکمی پاشایەتی یا ئەو ڕژێمانەی دوای پاشایەتی، کە هەموویان، لەگەڵ میللەت و داخوازی میللەت و بەرژەوەندی هاوواڵتیان زۆر دوورەپەرێز بوون و لە فەلەکی بەرژەوەندی خۆیان دەخولانەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەش هەرکاتێ بۆی هەڵکەوتبایە و موناسەبەتێکی خێر، وەیا پاڵپشتی میللەت وەیا جەژنی خۆشی... عوسمان ئامادە دەبوو.

یەکێک لەو موناسەبەتانە، لافاوە جگەربڕەکەی پایزی ساڵی ١٩٥٧ بوو، کە لە دوای باران و تەزرە و ڕەشەبایەکی بێ ئامان و بێ وێنە، زۆری نەخایاند، شەقام و کۆڵانەکانی سلێمانی هەموو پڕ ئاوی لافاوێکی زۆر گەورەبوون و لە یەکیان داوە و خواروو شار بەتایبەتی بوو بە بەحر! لەم لا و لەو لا ئاوی شەقامەکان وەک زێ و ڕووبار دەڕژانە ناو یەک و بەرەو ئەو دەریاچەیە هێرشیان دەکرد و کەلوپەل و ترومبیل و لاشەی منااڵ و ئافرەت و خەڵکی تریشیان ڕادەماڵی... زەرەر و زیانێکی بەشەری و ماددی لەم ڕووداوە کەوتەوە... مەلیک فەیسەلی دووەم، پاشای عێراقی ئەو کاتە و خاڵی (وصی عبدالاله) ڕوویان کردە سلێمانی، ڕۆژی پاشتر تا لە نزیکەوە زەرەر و زیانی لافاوەکە بزانن و دڵی لێقەوماوان بدەنەوە و سەر لە بریندار و نەساغەکان بدەن!

بۆ ئەوەی تیپی مۆسیقای مەولەویش بەئەرکی خۆی هەڵسێ و بتوانی یارمەتییێکی بەقەد توانای، ئەگەر کەمیش بێ، بەڵام بەشداری بکات لە خەمی هاوواڵتیان و نیشانی خەڵک بدات کە تیپەکە یەکەم ئامانجی: دابینکردنی ژیانێکی خۆشە، بەهەموو جۆرێک و بەهەموو توانای، بۆ میللەت و لە ڕێی هونەرەوە بتوانن خزمەتی گەل و وڵاتیان بکەن. بۆیە لە هەفتەی یەکەمی مانگی تشرینی دووەم هەمان ساڵی (١٩٥٧) تیپە مۆسیقایەکە و گۆرانیبێژانی خۆیەختکەر، لە سلێمانییەوە هەڵسان بەگەشتێک بۆ هەولێر و کۆیە، بەمەبەستی پارە و (تبرعات) کۆکردنەوە بۆ لێقەوماوانی لافاوەکە، بەڕێگەی، گێڕانی چەند ئاهەنگێکی گۆرانی و مۆسیقا لەو شارانە.

قادر دیلانی هونەرمەند: مۆسیقاژەن و ئەکتەر، بەرنامەیێکی یەکجار ڕێکوپێکی بۆ گەشتەکە دانابوو: پێکهاتبوو لە دوو بەش:

لە بەشی یەکەم، لە هەر ئاهەنگێک، چەند پارچەیەک مۆسیقا و ئینجا گۆرانی و مەقام پێشکەش دەکرا. دوای ئەوە، لە بەشی دووەم: شانۆگەرییەکی کۆمیدی بەناوی (ڕەزیل و لافاو) لەسەر شانۆکە نمایش دەکرا کە لە نووسین و دەرهێنانی قادر دیلان خۆی بوو و هەندێ لە مۆسیقا ژەنەکانیش دەوریان وەرگرتبوو وەک ئەکتەر.

سەبارەت بەگۆرانیبێژان: لە شاری هەولێر هونەرمەندان:

حەیدەر عەبدولڕەحمان (حەیدەرە کەچەڵ) و مشکۆ و تایەر تۆفیق و ڕەسوول گەردی بەشداریان کرد. لە کۆیەش بەندە و سێوە بەشداریمان کرد. ئەمانە جگە لەو گۆرانیبێژانەی کە لە سلێمانییەوە لەگەڵ

تیپەکەدا هاتبوون، کە ئەوانە بوون: ڕەشۆڵ، عوسمان سابوونچی، محەمەد سالّح دیلان.

ئینجا کە گەڕانەوە سلێمانی کاک قادری جوانەمەرگ، ئەو گەشتە هونەرییانەی کە بۆ خاتری لافاوە شوومەکەیان گێڕان لە هەولێر و کۆیە، زۆر بەدرێژی باسیان دەکات لە نووسینێکی لە ڕۆژنامەی (ژین)ی ئەوسا لە ژمارە (١٣٧٢)ی مانگی ک٢ ١٩٥٧، لەژێر ناونیشانی (ڕێپۆرتاجێ لەسەر ئاهەنگەکانی تیپی مەولەوی مۆسیقا، گۆرانی، تەمسیلی ڕەزیل و لافاو، لە هەولێر و کۆیە، کە لێرەدا کۆپی ئەو ڕیپۆرتاجەتان پێشکەش دەکەم. حەزیش دەکەم کە ئەو دوو سێ وشەیەی لە بابەت هونەرمەند عوسمان سابوونچییەوە نووسیویەتی، بیخوێننەوە بەوردی.

هونەرمەند کاک کەریم کابانیش یادگارییکی هەیە لەگەڵ عوسمان سابوونچی و فەرموویەتی، کاتێ کە مفەووەز بووە و جاروبار سەری لە ئیزگە دەدا، «بیرەوەریم لەگەڵ گۆرانیبێژی کۆچکردوو، بەداخەوە، عوسمان سابوونچی خوالێخۆشبوو، هەیە کەوا ماوەی دوو مانگ لەمەوپێش کۆچی دوایی کردووە، لەگەڵیا، وەختی لەنێوان ١٩٤٥-١٩٤٦ سەری لە ئیزگە ئەدا، لە ڕۆژانی هەینیدا، وا بزانم مانگی دوو جار، لەگەڵ من، دوو ئاهەنگیان دابوویە. پێکەوەش، بەدوو قۆڵی گۆرانیمان دەگوت».

هەڵبەتە ئەو ئاهەنگانە ڕاستەوخۆ پەخش دەکران، چونکە هێشتا ئامێری تۆمارکردنی دەنگ نەگەیشتبووە عیراق. دەنگ و گۆرانی تۆمارکردن تەنها لەسەر (قەوان)ی قیرِ ئەنجام دەدرا، لە کۆمپانیاکانی قەوان.

ئینجا ئەو قەوانانە، بە ئامێری تایبەتی خۆیان، کە سندووقی (گرامافۆن) بوو، لێ دەدران. جا لە ئیزگەش، ئەو گرامافۆنەیان لەبەردەم مایکرۆفۆنەکە دادەنا و قەوانەکەیان لێ ئەدا و دەنگی گۆرانیبێژەکە دەچووە ناو مایکرۆفۆنەکە و یەکسەر بۆ ئاسمان پەخش دەکرا.

جا ئەو گۆرانیبێژەی قەوانی نەبوایە، ئەوە دەبوایە خۆی بچێت و لە ستۆدیۆی دەنگی خۆیان و لەگەڵ تیپی مۆسیقادا گۆرانی بڵێ و ئەمجا ڕاستەوخۆ پەخش دەکرا، بەهەموو عەیبەکانیانەوە!

هەروەها، هونەرمەندی خوالێخۆشبوو (ڕەفیق چالاک) لە بیرەوەرییەکانیدا، باسی هونەرمەندی هەست

لاپەرە ٧ ژین ژمارە (١٣٧٤)

ڕیپۆرتاجی لەسەر ئاهەنگەکانی

تیپی مەولەوی مۆسیقا، گۆرانی، تەمسیلی ڕەزیل لافاو

لە هەولێرو کۆیە

لە ڕۆژی ١٣ - ١١ - ١٩٥٧ دا تیپی مەولەوی مۆسیقا و تەمسیل و گۆرانی بارەگا و هەولێرا جوڵان و بۆ گەشتیان بۆ هەولێر هەموو شتێک ئامادە کرابوو بۆیان لەهەولێر پێشوازیان هەنگیان کردبوو بەڕاستی جۆشەر خرۆشی شاری هەولێری گرتبۆوە وە.

تیپی مەولەوی لە ڕۆژ چاوەڕوانی کاک قادر دیلان دا بەرنامەیان پێش کاتی کرد ئاواز بێژە کان بریتیبوون لە کاک سالح دیلان وبرایل عبدالله و حەیدەرشێرکۆ وابکوری ڕێژنامەو کانی ئاهەنگ لەڕۆژچاوەڕوانی-ماموتی متصرفی هەولێردا کرا شەوی یەکەم بوقوتابان شەوی دووەم بواشراق وموظفین بوو . وە بەڕاستی شاری هەولێری کردبێ مەوداندو ڕابواندە حاندە دەست وە ئەم ڕابردانەش دەی ئەما گەوا چەند خاڵێ هەوڵیر بەهۆروشن بۆخۆڵ بەیەک ناین لەگەل هەموو ڕا کردەکانی کوردستاندا .

وەکو زانیمان بەبەیانی ڕۆژی متصرفینی هەولێر ماموستای نێشیمانی عۆرتاخانە ئامادەئیدادیەکان لە مکستی مظفریەی ابتدائی کوڕان کوبونەوە

ناسک و دەنگ پڕ سۆز و خۆشەویستی (عوسمان سابوونچی) کردووە کاتێ پێکەوە دانیشتوون، ڕەفیقی چالاک و ئاواز دانەر، ئاوازی گۆرانی (تانگۆی یار یار)ی عوسمان سابوونچی داناوە، کە لە شیعری (گۆران)ی شاعیری گەورەی نەمرە و لەگەڵیا مەشقی کردووە و عوسمان بەعوودەکەیەوە لەگەڵ ڕەفیق چالاک پراوەی کردووە تا زۆر باشی وەرگرتووە، ئینجا، پاش ماوەیەک، لە ئیزگەی کوردی بەغدا تۆماری کردووە. شیعرەکەی ئەوەی خوارەوەیە:

یار... یار
شیرین لەنجە و لار
چاوم ڕوا...
سەبرم سوا
هێزم لێ بڕا...
هەر نەهاتی، دەر نەکەوتی...
بۆچی توخوا؟
یار یار شیرین لەنجە و لار...

تا دوایی شیعرەکە، کە لە گۆڤاری (گەلاوێژ) بڵاوکرابۆوە.

لە گۆرانییەکانی دیکەی ڕەحمەتی عوسمان سابوونچی: مەقامێکی ئورفە و بەستەیەکە کە تیایدا دەڵێ:

ئای دەمەکەت بێنە... بینێ لە دەمم
دەبا ساکین بێ دڵەی پڕ غەمم

ئەم گۆرانییەش یەکێکە لە گۆرانییەکانی (مەلا کەریم) کاتی خۆی لەسەر قەوان هەیبووە و ئێستاش ماوە لەسەر کاسێت بەدەنگی ئەو...

هونەرمەندی گۆرانیبێژ، لە ڕۆژی ١٦ی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٧١، لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد لەوێش نێژرا...

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت، جێی بەهەشتە ئینشائەڵڵا.

٩- ئیبراهیم حەزین



ئیبراهیم حەزین

سەرچاوەکانی دەستم کەوتوون بۆ نووسینی ئەم ژیاننامەیە، زۆر کەمن، بەداخەوە! دیارە لە سەرەتای سەدەی ڕابوردوو تا دوا سالانیشی، لە کوردستان، زۆرکەم باسی ژیان و هونەری گۆرانیبێژان دەنووسرا. یەکەم: لەبەر نەبوونی ئەو ژمارە زۆرەی ڕۆژنامە و گۆڤار وەک ئەمڕۆ هەیە! تەنها چەند ناوێک بوون: گۆڤاری گەلاوێژ لە سەرەتای چلەکان تا کۆتایی ئەو دەیە (عقد)ە... و لە بیرم نییە ئەگەر ڕۆژێ لەسەر ژیانی هونەرمەندێکی نووسیبێ جگە لە کاویس ئاغا. ئینجا ڕۆژنامەی (ژین) کە ڕەنگە یەک دوو جار هەواڵێکی کوردی لەسەر (سەیید عەلی ئەسغەری کوردستانی) نووسیبێ، لە حەفتاکانیش چاوم کەوتووە بەشتێ دەربارەی (حەسەن زیرەک).

لە گۆڤاری (هیوا) لە پەنجاکان و (ڕۆژی نوێ) لە شەستەکان، و (نووسەری کورد) و (نووسەری نوێ) و (هاوکاری)دا...

هیچ شتێکی ئەوتۆم نەخوێندووتەوە لە بابەت هونەرمەندانەوە... لە سالانی هەشتاکانا، گۆڤاری کاروان لە هەولێر دەردەچوو و تا ئێستاش بەردەوامە ئەویش زۆر کەم لەسەر هونەری گۆرانی و ئاواز و ژیانی هونەرمەندانی نووسیوە...

دووەم هۆی بڵاو نەکردنەوەی ئەم ژیاننامانەی مەبەستمان، ئەوەیە کە نووسەری ئەو بابەتانە نەبوو! چونکە ژیاننامەی هونەرمەندان، شتێکی کەمێک زەحمەتە و ماندووبوونی دەوێ، چاوپێکەوتن و سەرچاوەی نووسراو و نەنووسراوی دەوێ... وێنە و ڕەسم و کەلوپەلی دەوێ... ئەگەر بتەوێ ژیاننامەیەکی باشی ئەو هونەرمەندە بنووسیت.

سەرچاوەکانم بۆ ئەم نووسینەشم، لەسەر ژیانی خوالێخۆشبوو (ئیبراهیم حەزین) هەر بەجارێ کەمن و هیچی ئەوتۆی لەسەر نەنووسراوە،... وا بزانم هەر ئەو چەند نووسینەی خوارەوەشن و زیاتر نییە:

١- گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی- الحكم الذاتي) ژمارە (٥)ی سالی (٧)/١٩٨٣ وتارێک بەناوی (ابراهیم حەزین- دەنگ و سەدایەکی نەمر) لە لایەن (کاک شێرزاد عبدالرحمن)ەوە نووسراوە- لاپەڕە ٩٨.

٢- کتێبی (ژیان و هونەر) نووسینی تایەر کرمانج- ١٩٩٠ بەغدا.

٣- کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم) بەرگی سێیەم - نووسینی جەمال بابان، ئاسۆ بابان، ئومێد خالد- لەسلێمانی لەچاپ دراوە (٢٠٠٠).

٤- کتێبی (شاری سلێمانی)- بەرگی دووەم- نووسین و کۆکردنەوەی ئەکرەمی مەحمودی سالحی ڕەشە. (دار الثقافة والنشر الكردية) سالی ١٩٨٩ چاپی کردووە- بەغدا.

٥- گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)- ژمارە (١٠٦) سالی ١٩٨٥ وتارێکی عوسمان شارباژێری لەژێر

ناونیشانی (کاروانی مۆسیقا و گۆرانی لە شاری سلێمانی لە نێوان سالانی ١٧٨٤-١٩٨٤).

٦- گۆڤاری (بەیان- ژ: ١٣٩ کانوونی دووەم سالی ١٩٨٨) وتارێکی (نەهرۆ سالح سەعید) لەژێر ناونیشانی (دەرویش عەبدوڵڵای دەف ژەن و گۆرانیبێژ).

٧- گۆڤاری (ڕامان - ژمارە (٥٤) لە٥ی کانوونی یەکەم سالی ٢٠٠٠ دەرچووە. وتارێکی خۆم بەناوی (ئیبراهیم حەزین).

٨- گۆڤاری (هنا بغداد) مانگی ئازاری ١٩٥٥ و ئازاری ١٩٥٦.

٩- چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ کوڕی خوالێخۆشبوو ئیبراهیم حەزین، کاک محەمەد سەعید ئیبراهیم، لە هەولێر، لە هاوینی سالی ٢٠٠٠.

***

ئیبراهیم حەزین ناوی تەواوی (ئیبراهیم کوڕی سەعید کوڕی مەولوود)ە. لە سلێمانی- گەڕەکی کانێسکان لە سالی ١٩١٧ هاتووەتە دونیاوە. لە منالییەوە، کاتێ لە حوجرە و فەقێیاتی خوێندوویەتی، دەنگخۆشی پێوە دیارکەوتووە، بۆیە لە گەنجایەتیدا، وەک کەسێکی خوێندەواری قورئانی پیرۆز و ئایینپەروەر ناسراوە. کاک عوسمان شارباژێری لە وتارێکیدا تەئکیدی لەسەر ئەم لایەنە کردووە و نووسیویەتی: لە کۆڕی مەولوود خوێندن و لە تەواشیح و ستایشی پێغەمبەردا، زۆر بە سۆز و کوڵ دەنگی، گوڵبانگی خۆی ئەدا بەگوێی مرۆڤ و ڕۆژگار.

لە ژیانیدا بەپیشەی چایچییەتی دەمێک و کووتاڵ فرۆشتن زەمانێک، گوزەرانی خۆی و خێزانی دابین دەکرد. هەر ئەم زانیارییانە لە کتێبی (سلێمانی شارە گەشاوەکەم- بەرگی سێیەم)دا نووسراون و باسی ئەوەش دەکات کە لە سالانی ١٩٤٧و١٩٤٨ چۆتە ئێستگەی کوردی عیراق- (لە بەغدا) و چەند گۆرانییەکی گوتووە وەک: لیمۆ هەی لیمۆ، ئامین و ئامین، بەقامەت خەرامان، یار جوانە.



گۆرانیبێژ تالیب مەجید (تەلێ)
١٩٥١-١٩٧٨

ئەم چوونەی بۆ ئێزگە کە بەتەنیا نەبووە. کاک تایەر کرمانج لە کتێبەکەیدا (ژیان و هونەر) باسی ئەم سەفەرەی لە (بورهان)ی کوڕی گەورەی ئیبراهیم حەزینی بیستووە بۆی گێڕاوەتەوە لە سلێمانی، لە ١٩٨٦/٨/١ و دەڵێ: لە سالی ١٩٤٧ لەگەڵ ڕەفیق چالاک و تالیب مەجید (ناسراو بە تەلە یا تەلێ) چوویتە ئێزگەی کوردی لە بەغدا و چەند گۆرانییێک و ستایشی ئایینییان تۆمار کردووە! ناوی هەمان گۆرانیشی هێناوە کە لە سەرەوە ناوم هێنان.

ئایا نازناوی (حەزین) لە چییەوە هاتووە؟ یاخود چۆن بۆ خۆی ئەم سیفەتەی (حەزین)ەی بۆ خۆی پەیدا کردووە؟ ئەم پرسیارەم لە کوڕەکەی (کاک محەمەد سەعید) کرد، کاتی خۆی کە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیم ئامادە دەکرد بەناوی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) کە لە TV هەرێم پەخش دەکرا، بەڵام وەڵامی کوڕەکەی بەدڵم نەبوو. ئەو گوتی:

«لەوانەیە چونکە گۆرانییەکانی غەمگین و خەمۆکینە، بۆیە لەقەبی (حەزین)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە».

من بیرم کردەوە، هیچ گۆرانیبێژێک سیفەتی (خۆشی یا ناخۆشی و دڵخۆشی و دڵناخۆشی و کەیفخۆشی یا ناخۆشی...تاد) نەلکاندووە بەناوی خۆیەوە.

زۆربەی نازناوەکان لە شارەکانەوە، کە گۆرانیبێژەکەی تیادا لەدایک بووە و گەورەبووە، هاتوون وەک: حەسەن جەزراوی، نەسرین شێروانی، خەلیل ئاکرەیی، ئەیاز زاخۆلی، سەمیر زاخۆلی، حەسەن گەرمیانی، مەحموود وەندی، حسین کێشکەیی، حەسەن سیساوەیی، سیروانی، مەلا ئەسعەد کۆیی، محەمەد ئەربیللی...تاد. یاخود پیشەی خۆیان دەکەنە نازناو بۆ خۆیان، وەکوو: ئیبراهیم خەیات و شکور خەیات، سالح کارگەچی، یان ئەوەتا هەر ناوی خۆیان و باوکیان بەتەواوی، چۆنە، وایان لە گۆرانییەکانیان گوتووە، وەک: تایەر تۆفیق، عەلی مەردان، حوسێن عەلی، محەمەد عارف، خودادا عەلی، فەوزیە محەمەد، شەمال سائیب... تاد، و گۆرانیبێژە کۆنەکان کە قەوانیان هەیە، ئاغا (بۆ پیاوان) و خان یا خانم (بۆ ژنان)یان بەناوی ئەسڵییەوە لکاندووە، وەکو: کاویس ئاغا، عەزیز ئاغا، مریەم خان، ئەڵماس خان، سەعید ئاغا، منجی خانم... هەندێکیش بەناوی عەشیرەتەکەیانەوە ناسراون، وەکو: ڕەسوول گەردی، میران هەرکی، عومەر دزەیی،...

ئیتر ئا بەم سیفەتانە ناوەکان دەناسران.

بۆ ئیبراهیم حەزین... من بۆچوونێکی زۆر باش و ڕاستم لە میشکدا دەخولایەوە... ئەویش بەم جۆرەی خوارەوەیە، و لەگەڵ کاک محەمەد سەعیدیش ئەم ڕایەی خۆم ڕوون کردەوە لە بەرنامەی تەلەفزیۆنەکەم:

من کەمێک قوواڵتر بەژیاننامەی (ئیبراهیم حەزین)دا چوومەوە و ژیانی لاویەتی و ئامادەبوونی لە کۆڕ و مەجلیسی مەولوود و خوێندنەوەی شیعرە کلاسیکییە قافیەدارەکان و خوێندنیان بەمەقامەوە و هەڵسان و دانیشتن لەگەڵ دەروێش و دەف و سۆفییانەوە، کە بووە دە دوازدەیەک کە ئیبراهیمی هەست ناسک و عاشقی هونەر بەناویادا ڕەت بێ و بچێتە نێو دونیای شیعر و قافیە

ئەیاز زاخۆلی

حەسەن گەرمیانی

سەعید ئاغای جزیری گۆرانیبێژ
١٨٩٨-١٩٥٦

و ئەدەبەوە... لەگەڵ هاوڕێ و هاومەشرەبی وەک خۆی پاک و پڕ سۆز بۆ وشەی پاکی کوردی و ئەزبەرکردنی (واتا لەبەرکردنی) ئەو چامە شیعرە نایاب و پڕ مۆسیقایانەی شاعیرە ناودارەکانی کوردی پێش زەمانی خۆی و لە زەمانی خۆیدا، هۆنیبوویانەوە و دەیانهۆنیەوە و ئینجا خوێندنی هەندێ دیوان و کتێبی ئایینی و سەرچاوەی ئەدەبی کوردی کە هەر بەزیرەکیەتی خودی خۆی و ئیرادەی بەهێزی، کە توانی قورئانی پیرۆزیش ختم کات... بەم شێوە، قەسیدە نەبوو کە دڵی بیگرتبایە، لە بەری نەکات. لەو تەمەنە، وەک باوەڕی خۆم، هێشتا (ئیبراهیم)ی دەنگخۆش، نازناو (حەزین)ی بۆ خۆی هەڵنەبژاردبوو تا ئەوکاتە، یا ئەو ڕۆژەی کە قەسیدەکەی شاعیری گەورە (مەولەوی)ی خوێندەوە و لەبەری کرد و چەند جارێ، لە چەند کۆڕێ بە(مەقام)ی گوت لەگەڵ ڕەفیقان و برادەرە دەروێشەکانی خۆی. لێرەدا ئەو بیرۆکەی بۆ هات! بیرۆکەکەی لکاندنی نازناوی (حەزین) بەناوی خۆیەوە. بۆچی؟

ئەگەر ئێوەش، خوێنەرانی بەڕێز، لەگەڵما سەیرێکی ئەو چەند دێرەی لێرە هەڵیان دەبژێرم لە قەسیدەکەی مەولەوی و چاک سەرنج بدەنە ئەو وشانەی کە لە نێوان دوو کەوانیان دادەنێم، دەبینن، دوای تێفکرینێکی کەم، چۆن بۆچوونەکەی من ڕاستە و بەجێیە: قەسیدەکە بەو بەیتانەی خوارەوە دەست پێدەکات:

ئێستە موبینی چێش پەنەم ئامان
هانا هاوارەن هەی (نەی چی) ئامان
(سەبای) هەناسەم نە دەروون سەد تەرز
کەردەن کڵپەی نار (ئیبراهیمی) بەرز
پەنجەت بەو نەغمەی بین وەتینەوە
یا وەرە، ئەی بەیت وە (حەزین)ەوە

واتای وشەکانی نێوان کەوانەکان لە بەرامبەریان دەنووسمەوە:

١- نەی چی: شمشاڵ یاخود نەی ژەن.

٢- سەبا، ئیبراهیمی حەزین: ناوی چەند مەقامێکن.

خۆ دەبینن، خوێنەرانی بەڕێز، چۆن ناوی مەقامی (حەزین) لە دوای ناوی مەقامی ئیبراهیمی هاتووە، دێرەکیان لەنێوانەوەیە، جا، بەخوا، منیش بامایە ناوم ئیبراهیم بوایە و ئەو بەیتە شیعرانەم خوێندبایەوە و بەمەقام دەیەها جار لە کۆڕی مەقام و گۆرانی گوتن بمگوتبانە، هەر لەقەبەکەی (حەزین)م بۆخۆم هەڵدەبژارد! چونکە زۆر جێگای خۆیەتی و گونجاوە و بەتایبەتیش دەنگی هونەرمەند خۆی لەجۆرە دەنگە خەمۆکییەکانە!

بەهەرحاڵ ئەمە بیرۆکەیەکە و بەس! شتێکیش ناگۆڕێ لە ناوبانگ و ژیان و هونەری خوالێخۆشبوو ئیبراهیم حەزین.

من کە بۆ یەکەم جار خوالێخۆشبوو ئیبراهیم حەزینم چاو پێکەوت لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا بوو یەکترمان ناسی- ئەوەش دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٥٣ ئەگەر بیرەوەرییەکەم هەڵە نەبێ! ڕۆژێکیان کە چوومە

ئێزگەکە بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگی گۆرانی خۆم، هەر کە لەدەرگاکە بەژوور کەوتم کە یەکسەر هەیوانێک بوو کرابوو بەهۆڵێکی درێژووکە لە پێنج مەتر درێژتر و چوار مەتر بەرینتر نەدەبوو، بەعادەتیش، بەهەشتی (کامیل کاکەمین)ی سەرپەرشتیار (یان موراقیب)ی ئێزگە، لەسەر کورسییێکی تەختەی ڕەق و تەق دائەنیشت لەپشت مێزێکی تەختەداری سادە و بێ ناز. لە بەرامبەری، لەژێر دیوارەکەی تر، تەختێکی دانیشتن، وەک تەختەکانی چایخانەکانی خۆمان، دانرابوو و زۆربەی ڕۆژان، مامۆستا عەلی مەردان لەسەری دائەنیشت و لەگەڵ کامیل کاکەمین دەکەوتنە باسکردنی جۆرەها بابەت! ئەو ڕۆژە کە من چوومە ژووروە (عەلی مەردان و ڕەفیق چالاکی بێژەر) لەسەر تەختەکە دانیشتبوون و کابرایەکی کوردی دیکە لەنێوانیانا بوو، یەکێکی ڕوومەت پف دراوی سەر گەورە و مل کورت و ڕەنگ گەنمی مەیلەو ئەسمەر، جەمەدانییێکی لەسەر بەستبوو، جلی کوردی لەبەر بوو... سەلامم کرد و لەسەر کورسییێکی زیاد لە تەنیشت ڕەفیق چالاک ڕوونیشتم. بەخێرهاتنیان کردم... کاک ڕەفیقی هونەرمەند لێی پرسیم: ئەم کاکەیە دەناسی؟ (پەنجەشی بۆ کابراکە درێژ کرد).

من سەیرێکی باشم کرد و وتم: «نەوەڵلا. وا بزانم پێشتر نەمدیوە ئەمە یەکەم جارە ببینم!» کابراکەش منی نەناسی و گوتی: بەخوا منیش پێشتر نەمبینیوە... کێیە؟ مامۆستا عەلی مەردان پێی وتم: «ئەمە ئیبراهیم حەزینە: گوێت لێی بووە؟»

ئەوەی ڕاستی بێ من دەهاتەوە ببیرم، یەک دوو گۆرانی ئەو هونەرمەندەم گوێ لێ بووە... بەتایبەتی: ئامین و ئامین، و لیمۆ... چونکە ئەو گۆرانییانە لە کۆیە، لە منالێییەوە گوێم لێبان بووە و خۆشم دەویستن. هەڵسام تۆقەم لەگەڵیدا کرد و چاک و خۆشی و بەخێرهاتنم کرد و (شاد بووم بەدیتنت)و ئەویش هەمان شت بەڕوویەکی خۆشەوە دەستی گوشیم. ئیتر کاتی ئاهەنگەکەم نزیک بۆوە و داوای لێبوردنم کرد و چوومە ژووروەی ستۆدیۆی گۆرانی و لەگەڵ مۆسیقاژەنەکان خەریک بووم. کە هاتمە دەرەوەی ستۆدیۆ، کاک ئیبراهیم ڕۆیشتبوو.



هونەرمەند حەمە سەعید

یەک دوو جاری دیکەم چاو پێکەوتووە هەر لە ئێزگە یا لە چایخانە بچووکەکەی تەنیشت ئێزگە و لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە وەک مامۆستا عەلی مەردان و بێژەر کاک عادل عیرفان... چایەمان دەخوارد و باسی سلێمانی بۆ دەکردین...

جارێکیش من و کاک عادل و ئیبراهیم بەرەو (حافظ قاضی) دەگەڕاینەوە، لە دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەم، بەسێ قۆڵی، بەسەر جسرەکەدا، بەپیاسە، هێواش هێواش، بەقسە و نوکتە جسرەکەمان بڕی و لە فولکەی حافزقازی، ئەوان بەرەو (باب الشرجی) بەپیاسە ڕۆیشتن و منیش بەرەو (باب المعظم) ڕێم گرتەبەر تا بچمەوە بەشی ناوخۆ (القسم الداخلي) کۆلیجی (دار المعلمین العالیة) کە قوتابی

بووم تیایدا.

ئیبراهیم حەزین (خالّی جەمیل) کۆمەلێک گۆرانی خۆش و شیرینی تۆمار کردووە چ لە ئێزگەکەی کوردی بەغدا، یا لە مالاّن، لە سلێمانی، ئەگەرچی ئەمانە کەس نەیبیستوون و نازانین لای کێ و کێن!

کاک شێرزاد عەبدولڕەحمان، لە وتارەکەیدا، لە گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی- الحکم الذاتي) کە لە سالاّنی زووتر- لەدوا دوای ١٩٧٥ و تا سەرەتای هەشتاکان هەر دەردەچوو لە هەولێر، نووسیوبەتی: «... لە منداڵییەوە دایک و باوکی مردووە... بەهەتیوی ماوەتەوە و دەستکورت بووە... مەلا فەتاح قولەڕەش، خالّی ئیبراهیم، دەیباتە لای خۆی هەتا تەمەنی دەگاتە نۆ سالاّن... ئینجا دەچێتە (حوجرە). زۆر حەزی لە خوێندن بووە. بەڵام لە حوجرەش زۆر نەماوە و بەجێی هێشتووە... هەر بەزیرەکی خۆی، خۆی فێرە خوێندنی کتێب و دیوانی شیعرکردووە...»

عادل عیرفان

کاک حەمە سەعیدی کوڕی، لە دیمانە تەلەفزیۆنییەکەی لەگەڵیا کردم وتی: «من هێشتا هەرزەکار بووم کە باوکم، خوا عافووی کات، کۆچی دوایی کرد! بۆیە زۆر لە ژیان و هاتوچۆی و دانیشتنەکانی نازانم، ئەو شتانەی ئێستاش بۆتی دەگێڕمەوە، لە دایکم و لە چەند ڕەفیقێکی باوکم بیستوون.» ئینجا دوای کەمێک بیرکردنەوە، ئەوەی بۆ گێڕامەوە، وتی: «جارێکیان لەگەڵ باوکمان چووین بۆ بەغدا. ئەو زۆر حەزی لە سینەما ئەکرد و نیازی وابوو بەتەنیا بڕوات بۆ سینەما ئەو شەوە. ئێمەش داوامان لێی کرد بمانبات لەگەڵ خۆیا چاری نەما بردین و فلیمەکەش عەرەبی بوو. باوکم زۆر حەزی لەو جۆرە فلیمانە دەکرد کە گۆرانییان تێدابێت».

ئیبراهیم حەزین، لە مالّەوە، هاوسەرەکەی... دایکی محەمەد سەعید و ئەوانی تر، بە «خالّی جەمیل»ی بانگی دەکرد، زۆر جار! من ئەو شتەم گوێ لێ بوو بوو پێشتر، لە ئێزگە هەندێ جار ئەگەر تەسادوف وا بوایە خالّە ئیبراهیم حازربوایە و ڕەفیق چالاک لە گفتوگۆکانی لەگەڵیا، وا دەبوو گازی دەکرد «خالّی جەمیل». کاک (شێرزاد عەبدولڕەحمان)یش شتێکی وای باس کردووە لە وتارەکەی. بۆیە هاتەوە بیرم و لە کاک محەمەد سەعیدم پرسی ئەم «خالّی جەمیل»ە لە چییەوە هاتووە. کوڕە خوشکی هەبووە ناوی (جەمیل) بێ؟ حەمە سەعید پێکەنی و ڕاستییەکەی بۆ ڕوون کردمەوە و وتی: «لە بیرمە دایکیشم، گەلێ جار، وای گاز دەکرد. هۆیەکەشی ئەوەیە کە باوکم دوو خوشکی هەبوو، لە خۆی گەورەتر بوون: ئەجە خان و فاتمە خان. جا کچە خوشکێکی ناوی (جەمیلە) بوو، باوکم زۆری خۆش دەویست و کچەش (متعلق) بوو بە باوکمەوە- خالّی جەمیلە- جا ناوی (جەمیلەش) وا دەبێ بۆ (دەلالی) بەناوی (کوڕ) واتا (جەمیل)ی بانگ دەکەن: ئەوە بوو ئینجا دایکیشم هەر بەو ناوەی گاز دەکرد. دیارە ڕەحمەتی ڕەفیق چالاک و ڕەشۆڵ و تەلە و زۆر هاوڕێی تری لە نزیکەوە ئاگایان

لەم مەسەلەیە بووە... بۆیە ئەوانیش، لە خۆشەویستیانا، بانگیان دەکرد «خاڵی جەمیل». ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێ.

لە ماوەی ژیانیدا، ڕەحمەتی ئیبراهیم حەزینی دەنگخۆش و مرۆڤ... دوو ژنی هێناوە. یەکەمیان (حەلیمە)ی ناو بووە و (١١ یانزە) منالّی بووە! ناوەکانیان ئەمانەن: نەعیمە، حەلیمە، سوعاد، بورهان، قادر، نەجات، ئەختەر، محەمەد سەعید، سروە، شەهلا، سەلاح» بورهان کوڕی گەورەی بووە. دوای ئەوە، ژنێکی دیکەی هێناوە، ناوی (سەلمە) بووە. بەڵام کەڕ و ڵاڵ بوو و منالّیشی لێی نەبووە... دوایی تەڵاقی داوە.

ئیبراهیم حەزین، بەقسەی محەمەد سەعیدی کوڕی، ئیجازەی (مەلا)یەتی وەردەگرێ و دەبێتە مەلا و دەرس بەمنالّان و فەقێیان دەداتەوە. جگە لە (مەلا)یەتیش، بۆ گوزەرانی خێزانی، چەند کار و کاسبیەکی جۆراوجۆری کردووە. لە ساڵی ١٩٣٨ چایخانەی هەبووە لەبەر دەرکی سەرا، لەبەر حەوزەکە، کە شوێنی دەڵاڵخانەیە. ئێستا.

ئینجا لە چلەکانا، دووکانی بەقەاڵی دەکاتەوە... دوای ئەوەش چێشتخانە دائەنێ! بەڵام لە دوای ئەوانە، دەست دەکات بەبازرگانی کردن بەکووتاڵ کڕین و فرۆشتن. ئەم کارەی دواییەی ڕێگای بەغدای بۆ دەکاتەوە و هاتوچۆی پایتەخت دەکات بۆ مەبەستی کڕینی قوماش و هێنانەوەی بۆ سلێمانی. لەو سەفەرانەیدا، لە ساڵی ١٩٤٧، وەک پێشتر ئاماژەی بۆ کرا، لەگەڵ ڕەفیق چالاک و ڕەشۆڵ عەبدوڵا و تالیب مەجید... یەک دوو جار سەر لە ئیزگەی بەغدا ئەدەن و پێکەوە لەوێ گۆرانی دەڵێن.

حەلیمە خانی هاوسەری ئیبراهیم حەزین، بۆ کاک شێرزادی گێڕاوەتەوە و گوتوویەتی: «... خاڵی جەمیل، پیاوێکی هێندە قسە خۆش و شیرین بوو نەبێتەوە! کە دەچووینە میواندارییەک، مەحاڵ بوو، خاوەن ماڵەکە ڕێگەی گەڕانەوەمان بدات و دەبوایە ئەو شەوە لە لایان بمێنینەوە. جا شەوەکەمان بەقسەی خۆشی خاڵی جەمیل و پێکەنین بەسەردەبرد.

خاڵی جەمیل، هەمیشە دەم بەپێکەنین و زەردەخەنەی شیرین بوو... هاوڕێی زۆر هەبوو لە هونەرمەندان و خەڵکی دیکە. بەتایبەتی لەگەڵ گۆرانیبێژان: ڕەشۆڵ عەبدوڵا و تالیب مەجید زۆر دەبینرا و پێکەوە لە ئاهەنگ و بەزمەکانی سلێمانی بەشداربیان دەکرد... هەروەها لەگەڵ ڕەفیق چالاک و کەریم کابان و وەستا مەحمودی دەلال (یا دەلاک) دەبینران لە بەزمی سەیران و جەژنەکان لە سەرچنار و دەشت و دەرە خۆشەکانی دەوروپشتی سلێمانی.

لە وتارێک، لە گۆڤاری بەیان- ژ١٣٩، لە نووسینی کاک نەهرۆ سالّح سەعیدا هاتووە: «کاتێک دەرویش هاتە سلێمانی، (مەبەستی دەرویش عەبدوڵای دەف ژەنە...باکوری) خەڵکی شارەکە ئاشنایەتییان لەگەڵدا پەیدا کرد... لەم مەجلیسانەدا کە دەرویش ئامادە بووە، چەند گۆرانیبێژێکی تر بەشداربیان کردووە. لەوانە: مەحمودی حەمەی لەیلێ، ڕەشۆڵ، برایم حەزین، حەمدییە فەندی، ... و هەندێ جاریش ڕەفیق چالاک.

زۆر جاری تر لە ماڵی شێخ لەتیفی حەفیددا مەجلیس و کۆڕی خۆش بەستراوە و ناردوویانە بەشوێن

دەرویش و چەند گۆرانیبێژێکی تر کە لەوان: برایم حەزین بووە. شایانی باسە، دەرویش عەبدوڵا و برایم حەزین، بۆ مەولوود خوێندن و موناسەباتی تر بەیەکەوە بەشداربیان کردووە.

حەز دەکەم خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار بکەم سەبارەت بەناوی ئەم دەرویش عەبدوڵایە، کە ئەمەیان دەف ژەن و گۆرانیبێژیش بووە و من لە ساڵانی پەنجاکان بینیومە و کاک قادر دیلان، لەبەر دووکانەکەی بەهجەت ڕەشید سەعاتچی، ڕۆژێکیان وەستابووم، لەگەڵ کاک قادر و لە ناکاو کابرایەک- دەرویش، دەفێکی لە قۆڵیا هەڵواسیبوو، بەوێدا هات و ویستی ڕەت بێ، کاک قادر بانگی کردە لامان و بەمنی گوت: ئەمە دەرویش عەبدوڵایە... دەنگێکی خۆشی هەیە. من بەگەرمی دەستەکانم گوشین و ئەویش هەروەتر و ناوی منیشی بەدەرویش گوت... دیاربوو پێشتر بیستبووی؛ یەکسەر گوتی «من سەردانی کۆیەم کردووە و زۆر دانیشتنمان بووە... لەوێ گۆرانی خۆش دەچڕان...»

کە ڕۆیشت تۆقەی لەگەڵمانا کردەوە و گوتی «دەعوەت کراوم، دەنا دەمامەوە. بەڵام ئینشاڵڵا... ڕۆژێک پێکەوە دادەنیشین...»

ئەوەکەی تر، دەرویش عەبدوڵای شمشاڵ (نەی) ژەنە. ئەوەیان چەند ساڵێک لەپێش دەرویش عەبدوڵای دەف ژەن، کۆچی دوایی کردووە. دەرویش عەبدوڵای دەف ژەن و گۆرانیبێژ لە ساڵی ١٨٩٠دا، لە گوندێکی دەوروبەری (سابلاغ) هاتووتە دنیاوە و لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، بە نەخۆشی وەرەم (سل الرئوي) لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد. من لە کۆیەوە هەواڵی کۆچەکەیم بیست و زۆر گلەیی و موعاتەبەی خۆم کرد کە نەمتوانی لەگەڵیا دانیشم. چونکە لە مانگی حوزەیرانی، ئەو ساڵە، لە جەژنی قوربانی ١٩٥٨ من لە سلێمانی بووم و لە ئاهەنگە گەورەکەی تیپی مۆسیقای سلێمانی بەشداریم کرد کە باسم کرد پێشتر و کاک شەماڵ و عومەر ڕەزاش لەگەڵما بوون. جا دوای ئەوە، لە کۆیەوە، مامۆستا کەریم مستەفا شارەزا بروسکەیەک و کاغەزێکیشی بۆ ڕەوانە کردبووم بۆ کەرکووک، کە دەبێ زوو بگەڕێمەوە (کۆیە) بۆ ئەوەی ئاهەنگێکی گەورە ڕێک بخەین بەبۆنەی ڕاپەڕینی گەلی عیراق بەکورد و عەرەبەوە و لەناوبردنی ڕژێمی پاشایەتی بەشۆڕشە مەزنەکەی لە ١٤ ی تەمموزی ١٩٥٨. ئەوەبوو کە گەڕامەوە کەرکووک و کاغەزەکەم خوێندەوە، بەڕەو کۆیە بەڕێ کەوتم... و وەک وتم کاتێ ئێمە- تیپی مۆسیقای باواجی- خەریکی خۆ ئامادەکردنی ئاهەنگەکان بووین- هەواڵی مردنی دەرویش عەبدوڵای دەف ژەن و گۆرانیبێژمان بیست، هەزار ڕەحمەتی لێ بێ.

ئەگەر چاوێک بەگۆڤاری (هنا بغداد)دا بخشێنین، ئی ساڵانی ناوەڕاست و دوا دوای پەنجاکانا، ناوی زۆربەی گۆرانییەکانی هونەرمەند (ئیبراهیم حەزین)مان چاو پێ دەکەوێ- لەم گۆڤارە، کە مانگانە دەردەچوو، هەموو بەرنامەکانی ئیزاعەی عەرەبی و کوردی بەدەقیقە و سەعات و ڕۆژ و مێژوو دیاری دەکران. بۆیە ئەگەر ئارەزووی گۆرانیێکی یەکێک لەو گۆرانیبێژانەی ئەوسا، عەرەبی یا کوردیت هەبوایە گوێی لێ ڕاگری و بیبیستی، زۆر بە ئاسان لە لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارەت دەدۆزیەوە، ئەو گۆرانییەی مەبەستتە، لە چ ڕۆژێک و لە سەعات چەند پەخش دەکرێ.

بۆ نموونە لە ژمارەی مانگی سێ، واتە مانگی مارت (ئاداری)ی ساڵی ١٩٥٥دا، گۆرانییەکانی

ئیبراهیم حەزین، لەو ڕۆژ و کاتانەی لە خوارەوە نووسیومن، پەخش کراون.

هەموو ڕۆژی پێنج شەممووان، لە سەعات ٧/٣٠ حەوت و نیو، دوای نیوەڕۆ، ئەو گۆرانییانە پەخش کراون، لە مێژووی دیاریکراو:

١- پێنج شەممە ١٩٥٥/٣/٣ سەعات ٧/٣٠ (حەوت و نیو) گۆرانی ئیبراهیم حەزین: ئامینێ و ئامین – بەقامەت خەرامان

٢- پێنج شەممە ١٩٥٥/٣/١٠ سەعات ٧/٣٠- گۆرانی ئیبراهیم حەزین: یار جوانە- خانمۆڵێ.

٣- پێنج شەممە ١٩٥٥/٣/١٧ سەعات ٧/٣٠- ئیبراهیم حەزین: گۆرانی لەو باغەیدا.

٤- پێنج شەممە ١٩٥٥/٣/٣١- سەعات ٧/٣٠- گۆرانی لەو باغەیدا.

لە مانگی تشرینی دووەم ساڵی ١٩٥٥ دیسان لە مێژووی: ٣، ١٠، ١٧، ٢٤ی ئەو مانگە گۆرانییەکانی ئیبراهیم حەزین لێدراون- جگە لەوانەی پێشتر ناویان هات: لە ١٩٥٥/١١/١٧ گۆرانی ساقی دەرۆیشان بڵاوکراوەتەوە لە ١٩٥٥/١١/٢٤ گۆرانی: شەتڵە ڕەیحانە و گۆرانی بارانەی ژمارە ٤ بڵاوکراونەتەوە.

لە مانگی دوانزە (واتا کانوونی یەکەم) جەدوەلی گۆرانییەکان بەم جۆرە هاتووە لە گۆڤاری (هنا بغداد):

١٩٥٥/١٢/١: سەعات ٦/٥٠- گۆرانی بەهاران چ مەحزوون.

١٢/٨ = : = = = شەتڵەڕەیحانە، بارانە ٤.

١٢/١٥ = : = = = ئەرێ هۆ ڕێبوار، کاکە لە چەماودێ.

١٢/٢٢ = : = = = ئامین و ئامین- بەقامەت خەرامان

هەروەها جگە لەو گۆرانییانە کە هەموو مانگێک بەپێی خشتەی نوێ بڵاو دەکرانەوە، ناوی گۆرانییەکی دیکەم دیت بەناوی (ڕەزیە).

ستۆدیۆکەی ڕادیۆی بەغدا: سەیری جۆری میکرۆفۆنەکان کەن، چەند گەورە و قورس بوون. (ساڵی ١٩٥٥) نەی (شمشاڵ ژەنەکە) ئایڤن بەهنامە و قانوون لێدەرەکە (عبداالاحد جرجیس)ەو ئەو کەسەش لە دواوەی وەستاوە (ئیبراهیم خەلیل)ە.

برایم حەزینی نەمر، دەنگێکی تایبەتی هەبوو کە جۆرە سۆزێکی هەستپێکراوی لە قورگەوە... بەهەناسەیێکی کەمێک کورت، لە قووڵایی سییەکانیەوە، لە سینگییەوە دەرئەچوو! ڕەنگە لە کاتی گەنجایەتی، هەناسەکەی درێژتر بووبێت. بەڵام بەڕای من، لە ئەنجامی کێشانی جگەرەی زۆرەوە، هەروەک عادەت بوو لە ناو کورد و کرمانجی خۆمان، ورده ورده هەناسەکەی کورت بۆتەوە... ئەویش شتێکی

فیسیۆلۆجی... یاخود بڵێین زانیاریەکی زانستییانەیە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشا، کاری نەکردووتە سەر لەزەتی خۆشی دەنگەکەی و ژێیەکانی دەنگی لەرینەوەیەکی سادەی بەتامیان هەیە.

لە مەقامات، زۆربەی مەقامە عیراقییەکانی زانیوە و کوردییەکانیش بەتایبەتی و ئەمانە هەمووی لە مەجلیسی مەولوودانی خۆیندوون بەشیعرە ئایینییەکانی مەولەوی و نالی و پیرەمێرد و... تاد.

کاک محەمەد سەعیدی کوڕی وتی: دوا بەرهەمی باوکم، پێش کۆچی دوایی، تۆمارکردنی کۆمەڵێک ستایشی دینی بووە، کە لە ساڵی ١٩٦٧ دا تۆماری کردوون.

ئیبراهیم حەزین... هونەرمەندی ناسراوی کورد کە یەکێک بوو لەو گۆرانیبێژانەی هەر لە ساڵی ١٩٤٧ەوە خەریکی چڕینی ئاواز و مەقامی کوردی بووە و گۆرانییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی بەدەنگی تایبەتی خۆی، لە ئیزگەی کوردی بەغدا تۆمار کردووە، جگە لە دەیەها تەواشیح و تەراتیل و ستایشی ئایینی و خۆیندنی مەولوودنامە لە سلێمانی و شوێنی تر... ئەم مرۆڤە دەنگخۆشە لە دوای جەژنی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ بە شەش ڕۆژ، کۆچی دوایی کرد. واتا مردنەکەی لە ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢٧دا ڕووی دا، بەداخەوە... بەوەش ئەستێرەیەکی گەشی دیکەی هونەری ئاواز و گۆرانی و مەقامی کوردی، لە ئاسمانی کوردستانی سەرکەوتوو، ئاوا بوو... دنیای ئاوازی ڕەسەن، بێ ئیبراهیم حەزین مایەوە. سڵاو... هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت. خوای گەورەش بە بەهەشتی بەرینی خۆی، ئەم مرۆڤە شاد بکات... ئامین یا رب العالمین.

جێی داخیشە، کە لەو ڕۆژەدا، ئێمە، شاندێکی هونەرمەندانی کوردستان، گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن، لە سلێمانی بووین... بەبۆنەی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و جەژنەکانی نەورۆز، لەسەر بڕیاری دەزگای ئیزگەی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی بەغداوە هەڵساین بەگەشتێکی هونەری کە لە (کەرکووک)ەوە دەستمان پێ کرد ڕۆژی ١٩٧٠/٣/٢٤ دوای دوو ڕۆژ چووینە سلێمانی و سێ شەو لەوێش ئاهەنگمان کرد و ئینجا بەرەو هەولێر و لەوێش دوو ڕۆژ چالاکییەکانمان پێشکەش کرد و کۆتایی بەو گەشتە خۆشە هات، کاتێ هەموو عێراق و کوردستان خۆشترین ڕۆژانیان لە ژیانا ڕادەبوارد.

١٠- حەسەن زیرەک

سەرچاوەکانی ئەم ژیاننامەی هونەرمەندی نەمر حەسەن زیرەک:

١- کتێبی (ژیان و هونەر) نووسینی تایەر کرمانج.

٢- گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی) ژمارە (٣) ساڵی ١٩٨٣.

٣- گۆڤاری (کاروان - لە هەولێر دەردەچێ) ژمارە (٣١) نیسانی ١٩٨٥.

٤- کتێبی (حەسەن زیرەک و هەندێ لە بەسەرهاتەکانی) بەشی دووەم، لە بەغدا، لە مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە.

٥- گۆڤاری (ڕەنگین) ژمارە (٨)ی حوزەیرانی ١٩٨٨.

٦- گۆڤاری (بەیان)، عوسمان شاربازێڕی. ساڵەکەی دیار نییە.

٧- (چریکەی کوردستان) نامیلکەیەکە لە زەمانی حەسەن زیرەک، خۆی لە چاپی داوە، ساڵی ١٩٦٦ز (١٣٤٥ھ)، لە تاران و بۆ جاری دووەمیش میدیا زەندی لە ١٩٩٧ بڵاوی کردۆتەوە.

٨- کتێبی (گەوهەرێ)، عوسمان شاربازێڕی، بەغدا ١٩٨١.

٩- گۆڤاری (ڕەنگین) ژمارە (٨٤) ساڵی ١٩٩٥ بەغدا.

١٠- ڕۆژنامەی برایەتی، ڕۆژی ١٩٩٨/٦/٢٨ هەولێر.

١١- ڕۆژنامەی (برایەتی ئەدەب و هونەر)، ڕۆژی ١٩٩٨/٨/٧.

١٢- گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٤٩) تەمووزی ٢٠٠٠ هەولێر.

١٣- هەمان سەرچاوەی سەرەوە (ژمارەی تەسەلسولی (١٢).

١٤- گۆڤاری (ڕەنگین)، ژمارە (١٥٠) ساڵی ٢٠٠١ بەغدا.

١٥- گۆڤاری (هەرێم) لە هەولێر دەردەچێ، ٢٠٠١/٢/١.

١٦- گۆڤاری (کاروان) ژمارە (٣) کانوونی یەکەم ١٩٨٢، لە وتارێکی کاک (وریا ئەحمەد)ی هونەرمەند، وێنەیەکی جوانی زیرەک و خێزانەکەی لەگەڵ داناوە.

١٧- گۆڤاری (هنا بغداد)، نشرة شهرية تصدرها دار الاذاعة العراقية، سالانی ٥٣، ٥٤، ١٩٥٥.

١٨- هەروەها لە چەند وتارێکی تری کورت، هەندێکیان لە ڕۆژنامەی (ژین) لە حەفتاکانا و... لە شوێنی تر نووسراون. ئەمانە و لەگەڵ بیرەوەرییەکانی خۆشم لەگەڵ (زیرەک)ی نەمردا... هەموویان یارمەتیان داوم بۆ نووسینەکەم.

بەڵام بەتایبەتی دەبێ ئاماژە بۆ کتێبەکەی کاک میرزا کەریم خۆشناو بکەم کە لە ساڵی ١٩٨٦ نووسیویەتی و لە چاپی داوە، لە بەغدا، لەژێر ناونیشانی: «حەسەن زیرەک و هەندێک لە

بەسەرهاتەکانی»، بەشی دووەم. ئەوە چاکترین سەرچاوەیە، کە بەدرێژی لەسەر ژیانی (حەسەن زیرەک) نووسراوە... چونکە نووسەر خۆی هاوڕێ و برادەری زۆر نزیکی هونەرمەندی دەنگخۆش، زیرەک بووە و لەگەڵی ژیاوە و بەخاووخێزانەوە چوونەتە مالّی زیرەک و ئەوان هاتوونەتە لای کاک میرزا کەریم. حەسەنیش هیچی لە نووسەر نەشاردۆتەوە ئەگەر شت هەبووبێ و شاراوەبێ لە ژیانی. بۆیە منیش زیاتر پشت بەو سەرچاوەیە دەبەستم و ئەو زانیارییەی گرنگە و پێویستە، لێی وەردەگرم.

هەروەها کتێبەکەی کاک عوسمان شاربازێڕی، بەناوی (گەوهەرێ)، بابەتێکی زۆر باشە و هەندێ گۆرانییە بەناوبانگەکانی حەسەن زیرەکی تیادا بڵاو کردۆتەوە... بەم کارەشی، کاک عوسمان کەلێنێکی گەورەی لە کەلەپووری گۆرانی کوردی و فۆلکلۆری ئاوازەکانی سەردەمی سەدەی بیستەمی پڕ کردۆتەوە و ئێمەی بەهەنگاوەکانی زیرەک ئاشناکردووە کە ئەو نەمرە ناویەتی بۆ خزمەتی ئەم هونەرە شیرینەمان.



ئەوەی ڕاستی بێ، من بەتەما نەبووم ناوی حەسەن زیرەک بخەمە کتێبەکەم و ژیاننامەی بنووسم، لەبەر ئەو بەڵگانەی سەرەوە، واتا چونکە زۆر لەسەر زیرەک نووسراوە و باسی کراوە و کتێبی هەیە. کە ئەم ڕایەم دەربڕی لای هەندێ هونەرمەندان و هونەر دۆستان، گوتیان: غەدر دەکەی ئەگەر ژیاننامەی زیرەک نەنووسیت. زیرەک وا بۆ ٣٠ ساڵ دەچێ کۆچی دوایی کردووە. کتێبەکانی باسیشت کردن، لە بازاڕ نەماون و گەنجانی ئەمڕۆ تەنها گۆرانییەکانی حەسەنیان گوێ لێ دەبێ بێ ئەوەی شتێ دەربارەی ئەو پیاوە بزانن. بۆیە ئەگەر تۆ لەبابەتیەوە بنووسی، ئەوا حەسەن زیرەک دەڕێنیتەوە و ئاشقانی دەنگی، کە ژیاننامەی بخوێننەوە، ئەوا وا بزانە حەسەن ماوە! تاکو بەدرێژیش لەسەری بنووسی، باشترە! هەرچی هەبێت لەسەر ژیانی، باسی بکە کە لە قسەی برادەران ورد بوومەوە، بەخۆمم وت: وەڵلا ڕاست دەکەن... خۆ ئێستا، ساڵی جارێک نەبێ، لە یادی کۆچی دوایی حەسەندا، ستوونێک لەو ڕۆژنامە، یا کەمتریش لە پەڕێکی تری لەسەر دەنووسرێ و بەس. لە تەلەفزیۆنی هەرێم، من بەدرێژی ژیاننامەیم باس کردووە بەوێنە و بەگۆرانییەکانی، شریتە ڤیدیۆییەکەم دەوڵەمەند کردووە، جگە لە میواندارێتی (ابو صباح)، شێخی وێنەگرانی هەولێر، کە ئەویش لە بەرنامەکەم بەدرێژی باسی پێوەندی کردنی بەحەسەن زیرەکەوە کردووە و هەندێ بەڵگە و شتی تریش لەمەڕ ژیانی حەسەن زیرەکەوەم هێناوە و ڕوونم کردوونەتەوە، بەڵام ساڵێ جارێک، لە ساڵیادی کۆچی دوایی، پەخش دەکرێ.

بەرگی دواوەی کتێبی (حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی)، لە گۆشەی لای ڕاستی سەرەوە، وێنەی نووسەرە (کاک میرزا کەریمی خۆشناو)، لە قۆزبنەکەی تری لای چەپ لە سەرەوە، وێنەی بەهەشتی حەسەن زیرەکە، لە دوا سەعاتی پێش کۆچکردنی دوایی مانگی حوزەیران/ ساڵی ١٩٧٢.

هەروەها، وەک لە پێشەکی بەشی یەکەمی ئەم کتێبە کە نووسیومە ئەم کتێبەی من تەواوی ژیاننامە و

هونەرمەندایەتی ئەو گۆرانیبێژانە نییە کە ناویان هەیە لەو بەرهەمەم، بەڵکو هەندێ زانیاری سەرپێییە وەک خواردنی ژەمێکی سووکەڵە، لەبەردەم کوشکێکی خواردن، هەروا بەپێوە (واتا بەوەستانەوە، یان بەپیاسەکردنەوە). ئەمەش زۆرجار پێویست دەبێ لە کاتێ کە بتەوێ، زۆر بەخێرایی هەندێ ڕۆژ و مێژووی هەندێ ڕووداو لە ژیانی شەخسێک بزانیت وەک: ڕۆژی لە دایکبوونی... یا کۆچی دوایی... یاخود هەر جۆرە زانیارییەکی تر....

جا بۆ ئەم جۆرە کات و ساتانە، کتێبی لەم جۆرە بەهاناوە دێن و یارمەتیدەرن. بۆیەش من هەڵسام بەنووسینی ژیاننامەی ئەم خوالێخۆشبووە... ئەگەرچیش بەدرێژیی لەسەر ژیانیدا کتێب و نووسراو هەیە. هەروەک چۆن لە بەشی یەکەم باسی مامۆستای مەقامات (عەلی مەردان)م کرد، لەگەڵ ئەوەش خۆی باسی خۆی و گۆرانییەکانی کردووە لە کتێبەکەیا: (گۆرانییەکانم)....

لە ماڵی نووسەری کتێبی (حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی) کاک میرزا کەریم خۆشناو، وەرگیراوە، لە ساڵی ١٩٦٩، لە ڕاستەوە: ١- نووسەر، کاک میرزا کەریم و منداڵەکانی. ٢- خێزانی کاک میرزا کەریم. ٣- ڕابیعە خانمی ژنی حەسەن زیرەک. ٤- حەسەن زیرەک. ٥- فاتم خانم.

حەسەن کوڕی عەبدوڵڵایە، عەبدوڵڵا سەرکاری خانانی دێی (هەرمێلە) بوو. نازناوی (زیرەک)ە، حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٢١، لە دێی (هەرمێلە)ی کوردستانی ئێران لە دایک بووە. ئەمە بەگوێرەی قسەی نووسەر کاک میرزا کەریم خۆشناو و تایەر کرمانج کە ئەویش زانیارییەکەی لە کتێبەکەی کاک میرزا وەرگرتووە.

بەڵام هونەرمەند (مامۆستا عوسمان شارباژێڕی) لە بابەتەکەی کە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: حەسەن زیرەک، لە شەوێکی ڕێکەوتی پانزەی مانگی ڕەشەمێی ساڵی ١٩٢٦ هاتووەتە دنیاوە! جا ئەم جیاوازییە دەبێ چۆن کاک عوسمان و لەکوێی دۆزیوەتەوە؟ نازانم!.

دیسان سەبارەت بەناوی دێیەکەی کە تێیدا لە دایک بووە، ناوی دێی (مەرخۆز) لە وتارێکی (کاک ڕەئووف ڕەباتی) هاتووە لە ڕۆژنامەی برایەتی و دەفەرموێ: لە دێی (مەرخۆز)ی سەر بەناوچەی موکریانی شاری (بۆکان) لەدایک بووە، لە ساڵی ١٩٢١.

بەهەرحاڵ، دەبێ لەوە دڵنیابین کە ڕەحمەتی (حەسەن زیرەک) لە کوردستانی ئێران، لە ناوچەی بۆکانی قەد پاڵی نالەشکێن، لە دەوری ساڵی ١٩٢١ و ١٩٢٦ لە دایک بووە، ئەم چوار پێنج ساڵە، تەگەرە نییە و قەیرانێکی مێژوویی هونەری بەرپا ناکەن.

حەسەن زیرەک دوو برای دیکەی هەبوو. گەورەکەیان ناوی (حەمەمین) بوو، بە(مینە) ناسراوبوو.

مینە، لە دوای مردنی حەسەنی برای، زۆری پێ نەچوو، ئەویش کۆچی دوایی کرد.

براکەی تری ناوی (حوسێن) بوو... ئەمەیان تا ساڵی ١٩٨٦ مابوو و لە بۆکان دووکانی هەبوو خەریکی کڕین و فرۆشتنی فەرش و قاڵی (مافوور) بوو.

دایکی حەسەن ناوی (ئامینە) بوو، کە هەر دوای مردنی حەسەن زیرەک، زۆر نەژیا و مرد. خۆ باوکیان هەر لە زووەوە مانْاوایی لێیان کردبوو و بەهەتیوی بەجێی هێشتبوون. بۆیە، دایکیان (ئامینە) دوای کۆچی عەبدوڵڵای هاوسەری. باوکی حەسەن و حوسێن و مینە، شوو ئەکاتەوە... بەم جۆرە، حەسەن دەربەدەر دەبێ.

ئەوەبوو بیری لە گوندەکەیانی کردەوە و گەڕایەوە (هەرمێلە) تەمەنی ئەوسا دوانزە ساڵان بوو.

مام کەریم محەمەد هەمزەی پەڕەچی (هەلاج) دانیشتووی سلێمانی بوو، بەڵام خۆی خەڵکی دێی (هەرمێلە) بوو و لەوێ لە دایک بوو بوو، هەندێ لە بیرەوەرییەکانی خۆی گێڕاوەتەوە، کاتی خۆی، بۆ کاک میرزا کەریم، لە بابەت حەسەن زیرەک بەم جۆرەی خوارەوە: «حەسەن زیرەک، لە دوای مردنی باوکی، لەم دێیە ڕۆیشتن. لە پاشان، لە تەمەنی دوانزە ساڵیدا بوو یا سیانزە، هاتەوە دێیەکە. لەو بەینە (خانان)، بەهاتنەوەی زیرەک، زۆر دڵخۆش بوو و کردی بە(مەیتەری) ولاغە بەرزەی تایبەتی خۆی. من منداڵ بووم، بەڵام زۆر چاک بەبیرمە کە (خانان) دەستە جلێکی ئەفەندیانی ڕەنگی شینی بۆ حەسەن کڕی و زۆریشی لێ دەهات، وەک جەندرمەی ئەوسا کە جلی شینیان لەبەر دەکرد و خەڵکی ناو دێ پێیان دەگوتن (قولەشینی). حەسەنیش منداڵێکی خرۆخۆڵ بوو. کە جلی شینی ئەفەندیانەی لەبەر دەکرد، وەک جەندرمەیەکی بچکۆڵە دەهاتە بەرچاو. وای لێ هات خەڵکی پێیان دەگوت (حەسەن قولەشین). باوەڕ بکە خەڵکی ئەم دێیە. بە ژن و پیاویەوە بەگەورە و بچووکییەوە، هەندەی هەردوو چاویان خۆشیان دەویست. دەنگێکی ئەوەندە خۆشی هەبوو، خەڵکی سەرسام کردبوو بەدەنگەکەی. هێلکەی لە دێ بڕیبوو. هەر مانگێک هێلکەیان هەبووایە، بانگی حەسەنیان ئەکرد و هێلکە و ڕۆنیان بۆ دەکرد. پاش تێر خواردن، هەندێکیشیان بۆ ئەخستە ناو دەسماڵێک و لەبەر دەمیان دادەنا و داواشیان لێی دەکرد گۆرانییەکانیان بۆ بڵێ».



حەسەن زیرەک لە تافی لاوێتیدا

جا وەک لە باقی قسەکانی ئەم پیاوە دەردەکەوێ، خانان، ئەوەل جار لێی تووڕە دەبێ و پێی دەڵێ: تۆ چاوەشی؟... سەیر بکەن: دەڵێی باگوردێنە، جا ڕووی تێ دەکات و دەڵێ: بەم جلانەش دەڵێی (نیزامییە) - (واتا جەندرمەی ڕەسمی- باکوری). لە دواییدا، خانان لەگەڵیا ئاشت دەبێتەوە و داوای لێ دەکات گۆرانییەکی بۆ بڵێ، تا بزانێ ڕاستە... دەنگی خۆشە؟ خانان لەوانەیە قسەکەی بەتەوسەوە پێ گوتبێ، بەڵام حەسەن زۆری پێ خۆش بوو، یەکسەر دەستی خستە

بناگوێچکەی و ئەو گۆرانییەی بۆ هات و گوتی:

هەی نیزام و خۆم نیزام
نیزام نیم و عەسکەرم
موبتەلای ڕەش ئەسمەرم
من لەبەر خانان نەبێت
لە دونیا دەربەدەرم

خانان دەنگی حەسەنی زۆر لە لا خۆش دەبێ و پێی دەڵێ: لەمە بەدوا، تۆ گۆرانیبێژی دیوەخانی منی. بۆیە دەنێرێ لە شارەوە یەک دەستە جلی کوردی باش و جووتێک کەوشی چاکی بۆ بکڕن و بۆی بێنن. حەسەن دڵخۆش دەبێ و سوپاسی دەکات.

ئیتر هەرکاتێک (خانان) میوانێکی خۆشەویستی هاتبایە، داوای حەسەنی دەکرد گۆرانی بۆ میوانەکان بڵێ... بەم جۆرەش ناوی حەسەن لە دێهاتەکان و لە شارەکانی دیکەش بڵاوبۆوە.

حەسەن زیرەک لەم جۆرە ژیانە وەرس دەبێ و دیسان دێ بەجێ دێڵێ و سەری خۆی هەڵدەگرێ بۆ لایەکی تر. خەڵکی دێیەکەش زۆر خەمیان خوارد و پێیان خۆش نەبوو ئاوا زیرەک بڕوا و بۆ خەفەت و ناخۆشی بەجێیان بهێڵێ دوای ئەوەی لە دەنگ و سەدای ڕاهاتن و شەوانی خۆشیان لەگەڵ بەستە و گۆرانییەکانی بەسەر دەبرد.

حەسەن ماوەیەک لە (سەقز) دەبێتە شاگرد کەبابچی، تا ئەوکاتەی لەوێش نەحەوایەوە و پاش شەش ساڵ یا حەوت ساڵ دووركەوتنەوە لە گوندەکەی ڕۆژێک بڕیاری دا بگەڕێتەوە ناو خزم و دۆستانی لە دێی هەرمێلە. ئەمە لە ساڵی ١٩٤١دا بوو، دنیاش بەشەڕی هیتلەر و چەرچڵ، شڵەژابوو... برسیەتی زۆر بوو بێ کاروکاسبی زۆر بوو. لەگەڵ ئەوەش، خەڵکی هەرمێلە باوەشی گەرمیان بۆ حەسەن زیرەک کردەوە و کوڕ و کچ و پیاو و ژن خەنی بوون بەدیتنی حەسەنی گەنجی بیست ساڵەی دەنگخۆش، بەڵام بێ هیوا و بێ دوارۆژ!

لەو گەڕانەوەیدا، کە بینی خەڵک پێشوازی لێ دەکەن و ڕووخۆشن باوەشیان بۆ کردەوە... ئەمجارەش دەنگی هەڵبڕی و بەستەی خۆشی بۆ گوتن، لەو بەستانە یەکێکیان ئەوەبوو:

ئەرێ کەتانە و کەتانە
هاوار کەتانە
کەتانەم بۆ بانگ کەن
هەی وەی کەتانە
کلەی دەچاوان کەن
ئەمنی لێ مێوان کەن
عومرم کەتانە

شا کچۆڵەی ئەو دێیە
هەی وەی کەتانە
ئەرێ مااڵی دە مەڕداران
هەی وەی کەتانە
ڕۆیین بۆ هەواران
لێمان دەبڕن باران
خۆشەویستی هەرمێلەی
هەی وەی کەتانە
چاوی گەلە جوانە
هەی وەی کەتانە
دوو ئەبرۆی کەوانە
بۆ من میهرەبانە
عومرم کەتانە
خۆشەویستی هەرمێلەی
هەی وەی کەتانە

خانانی (هەرمێلە) ئەمجارە تفەنگێکی (برنەو)ی پێ بەخشی لەگەڵ دوو خەریتەی پڕ لە فیشەکی باش و لەو ڕۆژەوە حەسەن بووە پیاوی (خانان). لەو ماوەیەی کە لەلای خانان مایەوە، گەلێک کاری چاک و بەجێی بۆ خانان جێبەجێ کرد و خانان خەاڵتی چاکی حەسەنی دەکرد و حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرد و بەچاوێکی زۆر بەڕێز و خۆشەویستییەوە سەیری دەکرد و حەسەن، پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر، بەخۆی دەڵێ «من و چەکداری و پیاوی ئاغا و خان و مانیان نەگوتووە.» بۆیە تفەنگەکە تەسلیم ئاغا (خان) دەکات و خواحافیزی لێیان دەکات و دەڕوات!

لەو ماوەیە لەگەڵ چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی ناوچەکە دەبێتە برادەر وەک: ئەحمەدی ڕەسوواڵ زەریف و ئەحمەد شەمااڵ، یاخود (ئەحەی خولە سنەیی). لەگەڵ ئەمەی دواییدا پێکەوە زۆریان گۆرانی گوتووە و بۆیان تۆمارکراوە.

ئەم ئەحمەد شەمااڵە، یاخود ئەحەی خولە سنەیی، هەندێ بیرەوەریشی هەیە لەگەڵ حەسەن زیرەک و بۆ نووسەر کاک میرزای گێڕاوەتەوە، لە سلێمانی.

لە بیرەوەرییەکانی دەڵێ: «لە سلێمانی، ویستی ژنێ مارە بکات، ناوی (ئامینە) بوو، بەاڵم پارەی نەبوو بیدا بە مەال تاکو لێی مارە بکات. ئێمە خانوومان بۆ گرتبوو لە گەڕەکی جوولەکەکان. ئەوەبوو کاک کەریم حاجی فەرەج، لە مزگەوتی گەورە مارەکەی کرد و پارەی مەالی دا و هەندێکیش پارەی دا حەسەن، خۆی! لە دواییدا، دەستی کرد بەکاسبی. دووکانێکی سەفەری دانا لەبەر (خانەقای چواراغ) لەگەڵ

(مەلا حوسێن) ئابلاخی شریک بوون، کوبەی تیا دەفڕۆشت و لە هەمان کاتیشدا ئێمە پێڕێکی زۆر خۆش بووین هەمیشە پێکەوە بووین، دەچووینە دەرەوە... یا لە مالآن گۆرانیمان دەچڕی».

هەر لە بابەت ژیانیەوە لە سلێمانی، ئەم ڕووداوە دەگێڕمەوە: بەبۆنەیەکی ڕەسمی یا جەژن بوو، لەبیرم نەماوە، حەسەن جەزراوی و محەمەد عارفی جزیری و ڕەسوول گەردی... و چەند گۆرانیبێژێکی تر، لە سەرچنار ئاهەنگیان دەگێڕا لەسەر حیسابی حکوومەت بوو. حەسەن زیرەک لە سلێمانی بوو، بەڵام دەعوەت نەکرابوو بۆ ئەم ئاهەنگە. جا ئەحمەد شەماڵ و حەسەن زیرەک و تاقمێکی تر لە دومبک لێدەر و شمشاڵژەن حەسەنی نەی و بەکری حاجی سەعید و خولە درێژی عەرەبانچی... بە دوو سێ پەیتوون (عەرەبانە)، بەهەڵاڵا و چەپڵە و دومبک لێدان و گۆرانی، کردبوویانە هەرایەک نەبێتەوە... ئەوانیش چوونە ئەوبەری ئاوەکە، بەرامبەر ئەو شوێنەی ئاهەنگەکەی (حکومەت)ی لێ بوو، لێیان خست و ئاگریان کردەوە و گۆشت برژاندن و چا لێنان بەدەم چەپڵە و گۆرانییەوە... ئاسمانی سەرچناریان کاس کردبوو... وای لێ هات ئەوانی لەوبەر لەسەر کورسی و قەنەفە دانیشتبوون، وردەورە هاتنەوە ئەم دیو ئاوەکە پەڕینەوە و لە دەوری تاقمی حەسەن زیرەک بەپێوە وەستان و بەشداریان کرد بەچەپڵە و گێڕانەوەی گۆرانییە سووکەکانی حەسەن زیرەک... تا وای لێ هات کورسییەکانی ئەوبەری ئاهەنگەکە چۆڵ بوون... ناچار، مۆسیقا و ئالاتیان پێچایەوە کە منیشیان لەگەڵ بوو... و دەعوەت کراوە ڕەسمییەکانیش بەدەم بەپێکەنینەوە، کە بەدڵ حەزیان دەکرد بچنە لای ئاهەنگە (شێتانە)کەی حەسەن زیرەک، بەڵام گەڕانەوە سلێمانی بەترومبیل و پەیتوونەکانەوە... من و یەک دوو برادەری تر بەپیاسە چووینە لای قەڵەبالغییەکە و لە دوورەوە سەلامێکمان لە حەسەن و هەقاڵەکانی کرد، چونکە ئەوندە خەڵک و گەنج و منداڵ دەوریان دابوون، زەحمەت بوو بگەینە لایان. هەروەهاش دەبوایە بڕۆین، چونکە بەشەو لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی ئاهەنگمان هەبوو. بۆیە دوای وەستانێکی کەم و سەیرکردنی بەزمەکە، کە بەلامەوە زۆر خۆش بوو و حەزم دەکرد بمێنمەوە... گەڕاینەوە سلێمانی!

کاک عوسمان شارباژێڕی هونەرمەند، ئەم قسە خۆشەی گێڕاوەتەوە و لە فلیمەکەی بەناوی (حەسەن زیرەک) کە ئەم ساڵ (٢٠٠١/٤/٢١) لە سینەمای کریستال، لە هەولێر نیشان درا و من دەعوەت کرام بۆ بینینی لەلایەن هونەرمەند (حەمە عەلی خان – دەرهێنەری فلیمەکە و کاک مەحموودەوە)، جا ئەم (لقطە)یەیان لە فلیمەکە چەسپاندووە. کاک عوسمان شارباژێڕی! وتی: «حەسەن زیرەک، زۆرجار لە سلێمانییەوە، دەکەوتە ڕێ بۆ چوارتا، بۆ سەردانی (جەمیلە شەل)ی چایچی دۆستی خۆشەویستی. زۆربان یەکتر خۆش دەویست. کاک جەمیل، وەک حەسەن ڕووخۆش و قسە خۆش بوو. جارێکیان حەسەن، وەک عادەتی دەچێتە چوارتا و لە چایخانەکەی دۆستی دانیشتبوون قسە و قسەلۆکی خۆشی خۆیانیان دەکرد و پێدەکەنین... لەو کاتەدا کچێکی شۆخی، باڵا بەرزی جوان، قژ لوول، لە کانییەکەی نزیک چایخانەکە دێتە دەرەوە و گۆزەی ئاوی لەسەر شانەوەبوو، بەبەردەمی چایخانەدا ڕەت بوو. زیرەک کە چاوی پێی کەوت، بەو شۆخە جوان و نازدارە... شێت بوو. پرسی: کاک جەمیل ئەم کچە کێیە؟ جەمیل ناوی کچەکەی پێ گوت و زیرەک دەستی خستە سەر شانی کاک جەمیل و بەخۆشترین ئاواز و

بەدەنگە خۆشەکەی، ئەم هۆنراوەی بۆ ڕێکخست و بەگۆرانی وتی:

لە سلێمانی بەڕێ بووم
مەنزلی شەوێم چوارتایە
لە چایخانەی کاک جەمیل
کردم سەیر و سەفایە
لەیلای قژ لوول تێپەڕبوو
دەک حەسەن کوێرابیت دایە

ئەوانەی لە چایخانەکە بوون هەموویان دەستیان کرد بەچەپڵەلێدان: یەک بەیەکی دەگوت: بەخوا زیرەکی هەر لە خۆی دێت. ناوی بەخۆیەوەیە. ئاخر فەرموون، وەرن بۆ خوا بڵێین: ئەم گۆرانییەی گوت، بۆی داما؟ یان کەلیمەیەکی هەڵە کرد؟ یان وێستا تاکو بیر لە دارشتنی هەڵبەستەکە بکات؟ هەروەک لە سینگی نووسرابێ، ئەیخوێندەوە! لە هەموش سەیرتر ئەوەیە کە (حەسەن زیرەک) خوێندەواری نەبوو ناوی خۆشی نەدەزانی بنووسێ! بەڵام ئەو حەسەنەی ئاوا ڕووخۆش و دەنگخۆش و گوڵی مەجلیسان، ئەو حەسەنە لە ژیانیدا وا ڕێککەوت، ڕۆژگار گەلێ دڵڕەق بوو لەگەڵیا. حوسێنی برای لە خۆی بچووکتر، کچێک هەڵدەگرێ. جا ئەو ڕفاندن و ڕەدووکەوتنە، دەبنە کۆسپ لە ژیانی حەسەن و ناچار دەبێ وێڵ بێ بەدوای چارەنووس و پاروویەک ناندا، بەڵام نان پەیداکردن ئەوسا زەحمەت و بێ خۆماندووکردنێکی یەکجار نەبوایە، پەیدا نەدەبوو.

بۆیە لێتان سەیر نەبێ، حەسەنی هونەرمەند، ماوەیەک دەبێتە (چاوساغی کوێرێک) و سەردەمێکیش بەقاوەچیەتی و ئینجا تووتنچییەوە خەریک دەبێ! بەڵام لەسەر هیچیان بۆ ماوەیەکی زۆر نامێنێ و کارەکە بەجێ دەهێڵێ. دوایی دەبێتە شاگرد شووفێر (سەکن). ئەم ڕووداوانەی ژیانی، هەموو بەشیعر هۆنیتەوە... دەڵێ:

«یەکێ بێ گەورە، کە بەڕەڵا بێ وەک منی لێ دێ، زەحمەت چا بێ هەرکەسێ دایکی بێ ڕەحمی وای بێ دەبێ بەم جۆرە وێڵ و ڕیسوا بێ بووم بەشاگردی حاجی بێ ئیمان ئەویش تەماعکار، شەخسی پڕ گیرفان» بەڵام، حەسەن لەلایەکی تریشەوە، کابرایەکی بێعار بوو... گوێی نەدەدایە هەر بەڵایە بۆی هاتبایە! سەیرکە، شاگرد شووفێرە، بەڵام لە (سەقز) ژنێک دێنێ ناوی (زوبێدە) – زبە – دەبێت.

ئەو ژنەی خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێت و کەسوکاری، لەوکاتە لە بەغدا نیشتەجێ بوون. ئینجا سەیرکەن: ڕێکەوت، بۆ لێدان و تێکشکاندنی مرۆڤی کلۆڵ، چۆن هەمیشە تێزە و لە کەمین دایە! ئەم

شاگردییه، بەحەسەن نایە! ڕۆژێ خۆی لۆریەکە لێ دەخوڕێ و بۆچی لە گەنجێک بەناوی (مستەفا) نادا و نایکوژێ؟! ئیتر کە (مستەفا)ی بەستەزمانی کوشت، چی بکا؟ ئەو قەوماوە دڵتەزێنە و خوێناوییە، سەراپا نەخشەی ژیانی زیرەکی گۆڕی و خەمەکانی خەستتر کرد. ناچار، لە ترسی گرتن و دادگا و جەندرمە... ڕووی لە کێو و دۆڵ و دەشت کرد، لەو دێ بۆ ئەم دێ، دەربەدەر، هەر خواخوای بوو خەڵکەکە نەیناسن و نەزانن کە کەتنێکی وا گەورەی کردووە.

بەم جۆرە، خۆی لە پێنجوین دەدۆزێتەوە، لە کوردستانی عێراق. نەخشەکەشی وا دانابوو کە ئەگەر بگاتە بەغدا، ڕەنگە خزم و کەسی ژنەکەی دالّدەی بدەن و لە هەمان کاتیشا، وەک لەو شیعرانەی خۆی هاتووە، زیارەتی مەرقەدی شێخ عەبدولقادری گەیلانی بکات، بەشکم، حەزرەتی گەیلانی تۆزێ ژیانێکی هێمن و موستەقبەلێکی ڕوونتری ببێ! ئەم سەردەمەی ژیانی، لە شیعرەکانی ئاوا باس دەکات و دەڵێ:

یالّلا بۆ پێنجوین و بۆ سلێمانی
هەموو کەس دەیگوت کاکە ئێرانی؟
گوتم غەریبم وا بووم هەڵوەدا
بچمە زیارەتی غەوسەکەی بەغدا
بەغدا پاک گەڕام، شارع، چایخانە
بووم بەشاگردی موسافیرخانە
باش کارم دەکرد ڕۆژ و شەوانە
لە ئوتێل شیمال، کە جێی کوردانە

بەڵێ حەسەن زیرەک، کە دەگاتە بەغدا، ڕزقی دەکەوێتە ئوتێل شیمال (فندق شمال الکبیر)، لە شەقامی ڕەشید، مەنتیقەی حەیدەرخانە، دەبێتە شاگرد. ئەرکی شاگردیش، وەک دەزانن، پاککردن و ڕێکخستنی نوێن و نیوەڕۆیان، دوای نانخواردن، بەعادەتی هووتێل، کەمێک خامۆش دەبێ و میوانەکان لە ژوورەکانیانا ڕادەکشێن و ئیسراحەت دەکەن. ئیشی حەسەن لەو جۆرە وەختانەدا، کەم دەبۆوە! بەبێ ئیرادەی خۆی، بیری لە شار و دێیەکانی ناوچەی خۆیانی دەکردەوە... بۆکان، نالّەشکێن، هەرمێلە و هەروەها کێژە جوانەکانی دەوریان لێ دەدا و گۆرانی بۆ دەگوتن... ئەوانەی دەهاتە خەیاڵ. لەو کاتانەدا، وەک بولبولێکی لە قەفەس حەپس کرابێ، پەست و گێژ دەبێ، حەسەن دەستی دەخستە بن گوێچکەی و گۆرانی بۆ (شەنگەبێری و جێی ژوان و کێژان دەچنە مێرگوڵان...) دەگوت.

لە ئوتێلەکە، ژمارەیێک قوتابی و خوێندکار و کوردی دیکە دابەزیبوون... جارێک و دوو و سێ کە گوێیان لەو گەنجە کوردە دەبوو ئاوا بەدڵێکی سووتاو دەنگێکی بەسۆز ئەو گۆرانییانەی دەگوت، کە هەندێکیان یەکەم جاربوو گوێیان لێ دەبوو کە لەبەر ئاوازە ڕەسەنەکانیانەوە، زوو دەچوونە دڵی ئەم لاوە خوێن گەرمانە و خۆشیان ویست. ئەوە بووە هۆی پەیدابوونی پێوەندییێکی خۆشەویستی لە نێوان حەسەن زیرەک و گەنجە کوردەکان. ئیتر بەگوێرەی هەبوونی کاتی ڕەخساو بۆ هەردوو لا، وا دەبوو لە ژووریێکی کە قوتابییەکانی تیادا بوون یا ژووری میوانە کوردەکانی تر، بانگی حەسەنیان دەکردە لای خۆیان و

جگەرەیان بۆ دەکڕی و خواردنیان بۆی دەهێنا... ئەویش بەئارەزووی خۆی تێی هەڵدەکرد لە خۆشترین گۆرانییەکانی. نەک هەر بەوەندە و هەر لەسەر ئەو نەغمەیە ژیانی حەسەن دەڕۆیشت بەڕێوە، بەڵکو هەڵێکی زۆر چاکی بۆ ڕەخسا و بوو بەگۆرانبێژ لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا. ئەم ڕووداوەشی زۆر جوان ڕوون کردووەتەوە لە (قەسیدە) درێژەکەی کە باسی ژیانی خۆی و پێوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکی جیاجیا و ڕووداوەکانی بەسەریدا هاتوون... هەمووی بەدارشتنێکی شیعری ڕێکوپێک دارشتووە، ئەوەی پێوەندی بەچوونی بۆ (ئیزاعە)ی ئاوا گێڕاوەتەوە:

(سەلاح) کۆڕێ بوو پێی گوتم بدوێ
بەخوا ئازایە شەو و ڕۆژ نانوێ
پێی گوتم برا بتبەم بۆ (رادوێ)؟
هەوڵت بۆ ئەدەم بەڵکو بۆت بلوێ
پێم وت ئەی برام، ئەی لاوی جەسوور
لە بردنی من هیچ مەکە قسوور
جنسیەم نییە و خەڵکی ئێرانم
مەشووڕم بە(زیرەک)، ئاوازی خوانم
بردمی بۆ ڕادیۆ بێ منەت بەگیان
جوان ڕەتی کردم لە پۆلیسەکان
جوان ناساندمی بە(عادیل عیرفان)
هەمە کارەبوو لە ڕادیۆی کوردان
گوتی برام کوردی؟ تۆش لە خۆمانی
ئا بۆمان بڵێ بەندێ گۆرانی
کە بەندێکم گوت بەدڵی پڕ گریان
لە خواوە جەرگیان بۆم بوو بەبریان
گوتیان بەڕاستی لەهجەی شیرینە
بەڵام داخەکەم کە بێ تەمرینە
چەندە ڕێکخەر و سەدای خەمگینە
چەندە بەجۆش و چەندە بەتینە
مەخلەس دامەزرام لە بەشی کوردی
لە ڕادیۆی (بەغداد) هێجگار بەمەردی
زوڵمیان لێ کردم، مانگی ٦ دینار
مانگ لەگەڵ مانگ، زیادیان کرد ناچار

بەم شیعرە... سووکەلە و جوانانە، قافیەدار و ڕوونانە، حەسەن زیرەکی شاعیر و خۆشخوان، باسی چوونی بۆ ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا – بەشی کوردی کردووە. وەک لێبیان تێدەگەن (سەلاح) ناوێک هەوڵی بۆ دا و هەوڵەکەی سەرکەوت و زیرەک بوو بەگۆرانیبێژی ئێزگە. حەسەن تا ئەوکاتە لە هیچ ئێزگە و ڕادیۆیەک گۆرانی نەگوتبوو و تەنانەت بۆشی تۆمار نەکرابوو، چونکە هێشتا ئامێری تۆمارکردنی دەنگ، نەگەیشتبووە ئەم ناوچانە، نە لە ئێران و نە لە عێراق.

جا بۆ ئەوەی بەدرێژی بۆتان ڕوون بکەمەوە و بەچاکی تێبگەن کە حەسەن زیرەک چۆن و کەی بوو بەگۆرانیبێژ لە ئێزگەی کوردی لێرەدا بۆتان دەگێڕمەوە.

جارێ لە پێشەوە دەبێ بزانن ئەم (سەلاح)ە کێ بوو، کە حەسەن ناوی هێناوە و لێی مەمنوونە کە کردی بەگۆرانیبێژی ڕادیۆی کوردان!!.

سەلاح، ناوی تەواوی (سەلاح عەلی عیرفانە) لە ١٩٢٧/٨/١٨ لە سلێمانی – گەڕەکی کانیسکان، لەدایک بووە، ئەوکاتەی حەسەن زیرەکی بینیوە لە ئوتێل شیمال، کە لە ساڵی ١٩٥٢ یا ١٩٥٣دا بووە، سەلاح قوتابی بووە لە کۆلیجی ئاداب و علوومی بەغدا (کلیة الاداب والعلوم) – دوایی ئەم دوو بەشە لێک جیاکرانەوە. سەلاحیش لەوکاتە لەگەڵ چەند قوتابیێکی تری کورد لەو ئوتێلە دابەزیبوون. سەلاح لە ساڵی ١٩٥٤ کۆلیجی تەواوکرد و ماوەیەک بووە مامۆستای زمانی ئینگلیزی لە سانەوی سلێمانی. پاشان داوای خانەنشینی کردووە و خانەنشین کراوە. سەلاح عیرفان، ئامۆزاییێکی هەبوو (عادیل عیرفان)، کە ئەویش لە ڕادیۆکە بێژەر (مذیع)ی کوردی بوو، حەسەن زیرەک ناوی ئەویشی هێناوە کە داوای لێ کردووە گوتوویەتی: ئا بۆمان بڵێ، بەندێ گۆرانی دووریش نییە، لەسەر تکای سەلاحی ئامۆزای، عادیل عیرفانی خوالێخۆشبوو، زیاتر هەوڵی قبوولکردنی حەسەن زیرەکی دابێ، بۆ دامەزراندنی لە ئێزگە.

جا با بێمەوە سەر کاک سەلاح عیرفان و قسەکانی دەربارەی چۆنیەتی بردنی (یا ناردنی) حەسەن زیرەک بۆ ڕادیۆ. کاک سەلاح دەڵێ:

«من (سەلاح عیرفان)م. لە زستانی ساڵی ١٩٥٠دا چوومە بەغدا، بۆ خوێندن لە بەشی ئینگلیزی، لە کۆلیجی ئاداب و علوومدا هەتا ساڵی ١٩٥٤، لە بەشی کوردی ئیزاعەدا گوتاری هەفتانەم دەربارەی کۆمەڵایەتی و وێژە پێشکەش دەکرد.

گەورەترین یادگارم کە مایەی بەختیارێمە ئەوەیە کە (من) حەسەن زیرەکم نارد ئیزاعەی کوردی، چونکە پێشتر ناسیبووم.

چیرۆکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٥، مانگی تەموز بوو، لە هەڵبجەوە چوومە بەغدا – بۆ هەندێ کاری ڕەسمی خۆم – لە ئوتێلی (شیمال کەبیر) دابەزیم. خاوەنەکەی (حەمەی دەرویش کەریم)یان پێ دەگوت. لەگەڵ لاوێک لە ژوورێک پێکەوە بووین، ناوی (خدر ئاغا بوو) خەڵکی قەڵادزێ بوو، مەشوور بوو بە(خدر ئاغای ژن) – ئەو خدر ئاغایە پێی وتم: کورێک هەیە (لێرە شاگردە) کورەو زۆر جوان گۆرانی دەڵێت. بەڵکو یارمەتی بدەیت – فەقیرە – لە ئیزاعەدا (ببێ بەگۆرانیبێژ –باکوری)

شتێکی دەست بکەوێت».

کاک سەلاح لەسەر قسەکانی درێژە دەدات و هەموو تەفاسیلەکان باس دەکات، من نامەوێ هەمووی بگێڕمەوە – کورتی دەکەمەوە: «... نامەیەکم بۆ نووسی، بۆ کاک کامیل کاکەمین نووسیم، گوتم: کاک کامیل، ئەم کوڕەتان بۆ دەنێرم کە دەیەوێت لە ئیزاعەدا ببێ بەگۆرانیبێژ. من خۆم، لەسەربانی ئوتێلەکە ئیمتیحانم کرد... بەڕای من لە هەموو گۆرانیبێژەکان کە لامانن، باشترە».

کاک سەلاح، پارەی ڕێگاشی دەداتێ تا بگاتە سالحییە، کە ئیزاعەی بەغدای لێبوو. حەسەن نامەکە دەبات، پۆلیسێک لێی دەستێنی و حەسەن دەگەڕێتەوە ئوتێل و بەسەلاح دەڵێ کە پۆلیسەکە گوتی: ئێمە دەیگەیێنینە شوێنی خۆی. پاش چەند ڕۆژێک، سەلاح کاک کامیل دەبینێ و لێی دەپرسێ، ئەویش دەڵێ: «بەڵێ هات و ڕۆژی ئیمتیحانمان بۆ داناوە». ئینجا پاش ماوەیەکی تر دیسان کاک کامیل دەبینێت و لێی دەپرسێ، دەڵێ: «بەڵێ قبوولمان کرد بەگۆرانیبێژ».

لەم بارەیەوە، کەمال ڕەئووف محەمەد، لە کاک کامیل ئەمینی پرسیوە، کاک کامیل لە وەڵامدا گوتوویەتی:

«سەلاح عیرفان دەناسم. کاغەزێکی بۆ نووسیم لەگەڵ کورێک بۆی ناردم: ئەو کورە گوایە حەسەن زیرەکە. پۆلیسەکان کاغەزەکەیان گەیاندە لام. پاش چەند ڕۆژێ (سەلاح)م بینی و لێی پرسیم بۆ مەسەلەی حەسەن زیرەک، پێم گوت: ئەم کابرایە شەهادەی جنسیە و دەفتەری نفووسی نییە. هەڵستام لەپاش دوو سێ ڕۆژ ناردم – بەکاغەزێکەوە – بۆ سلێمانی، بۆ لای مەئمووری نفووسی سلێمانی – بابان–ی ناوبوو. ئەو دەفتەر نفووسی دایە و هاتەوە. لێرەش بەواسیتەی مودیری جنسیەوە، جنسیەی عێراقیشم بۆ دەرهێنا، ئینجا دامان مەزراند. هەفتەی بە(٢) دوو دینار. لە پاش مانگێک بۆمان کردە (٣) سێ دینار، هەتا گەییشتە (٦) دینار. گۆرانییەکانیشی ڕەواجی زۆر زۆریان هەبوو».

لەو قسانەی کاک سەلاحدا، لەبابەت ساڵی ناردنی حەسەن زیرەک بۆ ئێزگە، بەهەڵەچووە. ساڵەکە ساڵی ١٩٥٣ بووە، نەک ساڵی ١٩٥٥ وەک کاک سەلاح دەری بڕیوە، من بەڵگەم بۆ ئەم قسانەم هەیە کە کاک سەلاح عیرفان میژووی مەسەلەکەی لێ شێواوە:

١– کاک عوسمان شارباژێڕی، لە وتارەکەیدا کە لە گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ)دا، ژمارەی (٨٤)ی ساڵی ١٩٨١دا، لەلاپەڕە (٣٧)دا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێ: «یەکەم جار کە حەسەن زیرەک چووەتە ئێستگەی کوردی، لە دوا مانگەکانی ساڵی ١٩٥٣ بووە. گۆرانییەکەی کە گوتوویەتی لە کاتی تاقیکردنەوەیدا، گۆرانی: «وەرگەڕێ ئاوێزانت بم» بووە.

٢– بەڵگەی دووەم، بۆچوونەکەی کاک عوسمان شارباژێڕی دەسەپێنێ، کە دەڵێ لە دوا دوای ساڵی ١٩٥٣، حەسەن زیرەک لە ئیزاعە دامەزراوە، بەڵگەکەش گۆڤاری (هنا بغداد)ە. ئەم گۆڤارە لە بەغدا، دەزگای ڕادیۆی بەغدا، مانگانە دەری دەکرد. لە یەکی مانگەوە دەکەوتە بازاڕ. بەشی یەکەمی پێشەوەی گۆڤارەکە بەزمانی عەرەبی بوو. هەندێ دەنگوباسی حکوومەت و چالاکییەکانی وەزارەتەکان بڵاودەکرانەوە. یا باسی مەلیک فەیسەڵی دووەم و خالی (وصي عبدالاله) دەکرا ئەگەر سەفەر یا

زیارەتی شوێنێکیان بکردایە...هتد. لە دوای ئەمانە ئینجا بەرنامەکانی بەشی عەرەبی، ڕۆژ بەڕۆژ بڵاوەدەکرانەوە. لە بەشی دووەمیشی کە تایبەت بوو بەبەشی کوردی ڕادیۆ... دیسان وتارێک یا دووان بەکوردی بڵاوەدەکرانەوە و لەدوابیدا، بەرنامەکانی ئەم بەشە، ڕۆژ بەڕۆژ، بەسەعات و دەقیقە، ناوی گۆرانیبێژ و ئەو گۆرانییانەی بڵاودەکرێنەوە لەو سەعاتدا، هەروەها بڕگەکانی تر وەک خوێندەری قورئانی پیرۆز لە کاتی کردنەوە کێ دەبێ و چ سوورەتێک دەخوێنێ، یا ئەگەر ئەو ڕۆژە وتارێک هەبێ، ناوی ئەوەی پێشکەشی دەکات و وتارەکەی لەبابەت چییەوەیە... ئەم شتانە هەموو لە گۆڤارەکەدا بڵاودەکرانەوە.

جا من ژمارەییێکی باشم هەیە لەو گۆڤارە گرنگە، کە هاتم سەیری ژمارەکانی ساڵی ١٩٥٣م کرد، ناوی حەسەن زیرەک نەبوو. سەیری مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣م کرد، ناوی حەسەن زیرەک نەبوو. تا مانگی دوانزە، کانوونی یەکەمی ئەو ساڵە، ئینجا ئاهەنگی (حەسەن زیرەک)م دۆزییەوە. کەواتە ئەم هونەرمەندە لەو کاتەوە بەڕەسمی دامەزراوە.

٣- بەڵگەی سێیەمیش هەر خۆمم. من کە حەسەنم بینی، لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٥٤ بوو، کە ڕۆژێکیان چوومە ئێزگە بۆ ئامادەبوون و پێشکەشکردنی ئاهەنگەکەی خۆم، حەسەنم بینی کە پێشتر نەم دەناسی. لەوێ ڕەحمەتی کاک کامیل و عەلی مەردان و کاک عادیل عیرفان ئێمەیان بەیەکتر ناساند و دواییش بووین بەهاوڕێ و ئیتر لە زۆر ئاهەنگ و دانیشتن یەکترمان دەبینی و زۆر جاریش لە چایخانە بچووکەکەی تەنیشت دەرگای ئێزگە، دادەنیشتین، حەسەن بوو شەماڵ بوو مامۆستا عەلی مەردان بوو... ئیتر هەرجارە لەگەڵ هونەرمەندان چایمان دەخواردەوە و سەیری هات و چوونمان دەکرد و خەڵک سەیریان دەکردین... و نوکتە و قسەی خۆش دەکرا. گەلێک سەیران و سەفەر، لە سلێمانی و عەرەبەت بەیەکەوە گۆرانیمان گوتووە.

٤- بەڵگەی چوارەمیش، کاک شەماڵ سائیبی نەمر خۆیەتی کە هەندێ بیرەوەری خۆی بۆ برادەرێکی خۆشەویستی لە هەولێر گێڕاوەتەوە کە ئەویش (کاک عەبدولڕەحمان بێلاف)ە... ئەویش لە گۆڤاری (هەرێم) کە لە ٢٠٠١/٢/١دا دەرچووە، باسی ئەو بیرەوەرییانەی شەماڵی کردووە لە وتارێکی لەژێر ناونیشانی (شەماڵ سائیب... ساتە شاردراوەکانی ژیان)، لەلاپەڕە (٣٤) بڵاوکراوەتەوە و تیایدا کاک شەمالی ڕەحمەتی وتوویەتی: «حەسەن زیرەک ساڵی ١٩٥٣ هاتە بەغدا، بۆ ئێستگەی کوردی. مامۆستا عەلی مەردان زۆر ڕێزی لێ دەگرت...هتد).

عەبدولڕەحمان بێلاف

بۆیە من هەمیشە ئامۆژگاری ئەوانەی لە بابەت مێژوو، ڕووداو و، بیرەوەریی و ئا لەم بابەتانە دەنووسن، دەبێ زۆر بەدیقەت بنووسن و سەرچاوەی زۆر لە بابەت نووسینەکە

بخوێننەوە و، بەراوردیان بکەن تا بگەنە دەرئەنجامێکی باش و مێژووەکە ڕاست بنووسن...

حەسەن زیرەک لەو ماوەیەی کە لە ئێزگە دەست دەکات بەپێشکەشکردنی ئاهەنگی هەفتانە و تا ئەو کاتەی کە بەغدای بەجێ هێشت و هەڵاتەوە بۆ ئێران، دوای شۆڕشی ١٤ی تەموزی ساڵی ١٩٥٨، لە ترسی ئەمەی نەکو بیگرن، نزیکی (٥٦) گۆرانی گوتووە و هەموویان تۆمارکراون و لە ئەرشیفی ئێزگە ماون و تا ئەمڕۆش بەردەوام، لەبەرنامەکانیدا پەخش دەکرێن. گۆرانییەکانی هەموویان خۆش و بەلەزەتن و هەڵبەستی سادە و ساکار و میللی هەڵبژاردووە و ئاوازەکان هەموو فۆلکلۆرن، چەند گۆرانییێکی کەم نەبێ! هەروەها خۆی زۆر بەیتە شیعری تێهەڵکێش کردووە لە گۆرانییەکانی، ئەوانەی کە لە ئاوازەکەی زانیوە و بەڵام هەڵبەستەکانی بەچاکی نەزانیوە و یا لە بیری نەماون، ئیتر ئەمە لەلای حەسەن زیرەک قەت موشکیلە نەبووە، هەر یەکسەر لەخۆیەوە ڕستەی دیکەی هاویشتووەتە سەر گۆرانییەکە و تەواوی کردووە. زۆربەی خەڵکیش ئەوەیان نەدەزانی و هەر وایان دەزانی شیعرەکە و ئاوازەکە هەر هەمووی هی خۆیەتی، بەڵام وا نییە.

سەیر دەکەی، هەمان ڕستە و هەر ئەو وشانەی لە گۆرانییێکی تر بەکارهێناوە... حەسەن زیرەک، زیرەک بوو لەم جۆرە کارە هونەرییەی کە هەموو کەس پێی ناکرێ، ئیللا مەگەر وەک حەسەن، خەزێنەیەکی گەورەی هۆنراوەی لەبەربێ و لەکاتی پێویست، وەک یەدەک (احتیاط) لە گەنجینەکەی کە لە مێشکیەتی دەریان بێنی و بەکاریان بێنی!

لە دانیشتنان لە کۆڕی خواردن و خواردنەوە، حەسەن زیرەک کە دەنگی هەڵدەبڕی و گۆرانی دەگوت، زۆر خۆش و بەجۆشی دەگوت و تەزبیحێکی هەمیشە لەدەست بوو، لەگەڵ ئاوازەکانی و ڕزمی گۆرانییەکانی، تەزبیحەکەی دەسووڕاند و دەبزواند و هەندێ جار دەستێکی دەخستە بناگوێی و بەدەستەکەی تر تەزبیحەکەی بەرزدەکردەوە و هەر لەجێوە شانەکانی هەڵدەتەکان و وەک ئەوەی لە شایی ڕەشبەڵەک دابێ، ئاوا دەنگی بەبێ پسان و بێ وەستان، گۆرانییەکانی لە قوڕگی دەهێنایە دەرەوە.

دیسان دەڵێم، لە ماوەی ژیانی لە بەغدا و سلێمانی، زۆر دۆستی بۆ خۆی پەیداکرد لە هونەرمەندان و لە خەڵکی سادەی ناو بازاڕ و هاوواڵتیان، بەتایبەتی گەنجەکان کە گۆرانییەکانیان زۆر لە لا خۆش بوون و ئاشقی دەنگی حەسەن بوون. لە هونەرمەندان بەتایبەتی لەگەڵ حەسەن جەزراوی و شەماڵ سائیب و نەسرین شێروان بەزمیان خۆش بوو... زۆر ڕێزی لە ڕەحمەتی تایەر تۆفیق و عەلی مەردان دەگرت، من خۆم بینیومە دەستی عەلی مەردانی ماچ کرد، چەندین جار. زۆر شەرمیشی لە کاک کامیل کاکەمین و باقی کارمەندانی ئێزگە دەکرد و ڕێزی دەگرتن. لە سلێمانی، بەتایبەتی لەگەڵ خوالێخۆشبوو (کاکە کەریمی حاجی فەرەج) بەینیان یەکجار خۆش بوو. کەریم حەزی لە دەنگی حەسەن بوو، تا ئەوەی خانوێکی لە سلێمانی بۆ حەسەن گرت لە نزیک مالی خۆی، لە گەڕەکی کانێسکان و هەمیشە یارمەتی دەدا بۆ گوزەرانیشی، چونکە حەسەن لەو بەینە دوو ژنی هەبوو، (زوبێدە و ئامینە) کە هەردووکیشیان لەلای بوون و پێکەوە لەو خانووە دەژیان.

سەبارەت بەهەندێ لایەنی نوکتە و قسە و فشقیاتی نێوان حەسەن زیرەک و حەسەن جەزراوی، کاک

شەماڵ ئەم حیکایەتەی بۆ کاک عەبدولڕەحمان بێلاف گێڕاوەتەوە، من ئاگاداری لایەنێکی دیکەی حەکایەتەکە بووم لەگەڵ نەسرین شێروان! کاک شەماڵ دەڵێ: «حەسەن جەزراوی، هەندێ جار تووڕە دەبوو لە گفتوگۆ و قسەکانمان، لەو حاڵەتانە، حەسەن زیرەک، کە زۆر هاوەڵی حەسەن جەزراوی بوو و نهێنی یەکتریان لەلای یەک بوو، ئەو واتا حەسەن زیرەک – دەچووە لای حەسەن جەزراوی و ئاشتی دەکردەوە و گاڵتەشی لەگەڵ دەکرد و قسەی سەیری پێ دەگوت وەک (سەی کوێرە یان بەرازی کوێرە). جا حەسەن جەزراوی پێدەکەنی و ئاشت دەبۆوە».

حەسەن زیرەک، لەگەڵ نەسرین شێروان زۆر بەینی هەبوو. زۆر کاتی بێ ئیشی لە مااڵی نەسرین شێروان ڕادەبوارد. من دەمبینین و ئەوانی دیکەش دەیانزانی، کاتێ حەسەن زیرەک لە ئاهەنگەکەی دەبۆوە، کە بەعادەتی نەسرین شێروانیش لەگەڵیا دەبوو، لە ستۆدیۆی گۆرانی، چونکە نەسرین لە کۆرسی ئیزاعەش بوو، جگە لە پێشکەشکردنی ئاهەنگی تایبەتی خۆی، هەفتانە. جا پێکەوە لەگەڵ نەسرین، دەچوونە مااڵی نەسرین شێروان، ئەوسا لە کۆاڵنێک بوو لەو کۆاڵنانەی پشت سینەمای سەندباد، بەرامبەر گەڕەکی (بەتاوین) لە سەعدوون. چەند جارێ لەوێمان دەدیت، کە ئێمەش جاروبار هەر بۆ ڕابواردنێکی سادە، زیارەتێکی خێرامان دەکردن بزانین کێ لە مااڵی نەسرینە، کێ نییە!!. چونکە مااڵی نەسرین، زۆر دۆست و برادەری هەبوو، بەردەوام زیارەتیان دەکرد و بەقومار و خواردنەوە ڕایان دەبوارد... نەسرینیش گۆرانی بۆ دەگوتن و میوانداری باشی دەکردن. ئەوانی لە مااڵی نەسرین دەبینران لە هونەرمەندان: حەسەن جەزراوی، حەسەن زیرەک، ئەندامانی کۆرسی ئێزگەی کوردی: ئەحمەدی شێخ خاڵی، خەلیل عەبدوڵاڵ و قادر ئەحمەد، گوڵبەهار، نەسرین شێروان، لە شەستەکانیشا خوالێخۆشبوو جەلال کۆچەریش بوو بەیەکێ لە ئەندامەکانی ئەم کۆرسە.

بەهەشتی شەماڵ سائیب نوکتەیەکی گێڕایەوە، بەاڵم کەمێک ڕاستیشە، لەبابەت پێوەندی نێوان حەسەن زیرەک و نەسرین شێروان و دەڵێ: «ڕۆژێک حەسەن زیرەک هاتە ئێزگە زۆر قۆزبوو. ڕووەتی تراشی بوو لووس، بۆنی لەخۆی دابوو... جلی ئەفەندی کەشخەی لەبەردابوو، قاتەکەی پێ دەچوو نوێ بێ! قەرەوێت (بۆینباغ)یکی جوانی لە ملی بەستابوو، نیوکیلۆ ڕۆنی (بریل کریم)ی لە پرچی سەری دابوو و شانەیەکی پیاوانەی کردبوو. هەموو سەیرمان دەکرد و پێدەکەنین.

مامۆستا عەلی مەردان ڕووی لە حەسەن زیرەک کرد و گوتی: حەسەن، پیرۆزە! ئێمە پێکەنین و گوتمان: پیرۆزە... نەمانناسیتەوە. حەسەن جەزراویش لەلامان دانیشتبوو... بەاڵم چ قسەی نەکرد! ئەو کۆرە بوو، نەی دیت حەسەن چی لەخۆی کردبوو. بۆیە دەنگی نەکرد، تەنها گوێی دابووە قسە و گاڵتەکانی ئێمە، ئەگەرچی بەهەستی خۆی، کەمێک هەستی کردبوو، شتێ لە ئارادایە. لەو هەرایەدا، حەسەن زیرەک، سەیری ئێمەی کرد و سەیری حەسەن جەزراوی کرد و ئینجا چاوێکی بۆ ئێمە قوچاند و گوتی: باش نییە (صەی کوێرە) نامبینێ؟ ئەگەر بیدیتبام، ئەو بەرازە کوێرە، ئابڕووی زیاتر دەبردم، ئینجا حەسەن جەزراوی هاتە قسە و سەری خۆی بڵند کرد و بەچاویلکە ڕەشەکانییەوە سەیری لای حەسەن زیرەکی کرد و گوتی: هێتیم... ما من چ گۆتیە؟ من چ قسەم کردووە؟ یان دەتخوڕێ! حەزدەکەی جوابت بدەم، هەی حـ...

حەسەن زیرەک و نەسرین شێروان

دوو ئەندامی (کۆرس)ی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، لە پەنجاکانا... لەلای ڕاست خەلیل عەبدوڵاڵ و ئەوی کەمانجەش لێ ئەدا (ئەگەرچی ڕاستیش نییە، چونکە لێی نازانێ) ئەوە قادر ئەحمەدە (سالی ١٩٦٠)

(جوێنێکی دا پێی و ئینجا بەردەوام بوو لە قسەکانی) وتی: جەماعەت... بەس من دەزانم سرری ئەو جلکە و کەشخەیە چییە.

ئەگەر شەماڵ دەعوەتم بکات، پێتان دەڵێم، منیش وتم: وەڵاهی ئەگەر قسەکەت ڕاست بێ، هەموتان ئەمشەو دەعوەتی منن. حەسەن جەزراوی گوتی: وەڵاهی ئەمنیش ئەوە پێتان دەڵێم... لێرە حەسەن زیرەک قسەکەی بڕیەوە و گوتی: سەگە کوێر، خۆ بوختانم پێ ناکەیت و بڵێی دزیومە؟ حەسەن جەزراوی گوتی: «نەخێر... حـ... (دیسان جوێنەکەی پێ دا و ڕووی لێمان کردەوە و گوتی) ئەڤە نەسرین شێروانی ڕازی نینە گەل زیرەکی خوێڕی بچیتەدەر. گۆتە وی هەکە تو جلی ئەفەندی کەشخە لبەر نەکی، ئەز ناهێم لگەل تە! وایە ئان نا... هەی حـ...؟ ئەڤە مەوعیدی هەیە دچتە مااڵ نەسرینی!.» کە لە قسەکانی بۆوە، هەموومان، بەحەسەن زیرەکیشەوە، ئاومان لەچاو هات لەبەر پێکەنین... زیرەک چووە لای و ماچێکی کرد گوتی: صەیە... ئاوا؟ جا شەماڵ وتی: وەڵاڵ ئەو شەوە هەموویانم دەعوەت کردن و چووینە چێشتخانەیەکی ڕاقی، لەوێ نانمان خوارد و بڵاوبووینەوە... هەردوو حەسەنەکان دەستی یەکتریان گرت و دوعاخوازییان لێ کردین... حەسەن زیرەک بەئیشارەت، تێی گەیاندین کە دەچنە مااڵی نەسرین!.

بەڵێ، کە هونەرمەندەکان، بێ ئیش بوونایە، لە چایخانەکەی تەنیشت ئێزگە، بەدەم جگەرە و چای خواردنەوە، ئەم جۆرە قسە و باسانە دەکران... و زۆر جاریش گفتوگۆیەکان بایان دەدایەوە سەر هونەری ئاواز و گۆرانی و مەقامی کوردی... لەو حاڵەتانەش، ئەگەر مامۆستای گەورە عەلی

مەردان ئامادەبووایە، ئەوا ئەو جلّەوەکەی پاداکێشا و... خۆی تاکە سواری ئەم جۆرە بابەتانەبوو!.

وەک لەپێشەوە گوتم، لەکاتی هەڵگیرسانی شۆڕشی ١٤ی تەمووز لە عێراق و ڕووخاندنی حوکمی پاشایەتی و کوشتنی مەلیک فەیسەڵی دووەم و خاڵەکەی (وصی عبدالإلە)، حەسەن زیرەک ترسا و بەڕێگای سلێمانیدا، ئاوای دیوی ئێران بۆوە و ترسیشی لەبەر دوو هۆی سەرەکی بوو:

یەکەم: وای دەزانی ئەوانەی شۆڕشەکەیان کرد، هەموو کەسێک دەناسن و لەوە ترسا نەوەک بزانن کە ئەو، بەئەسڵ خەڵکی ئێرانە و نەبادا بیگرن و حەپسی کەن... بۆیە هەڵات.

دووەم: کاتی خۆی، بۆ ڕۆژی (تتویج)ی مەلیک فەیسەڵی دووەم، لە ساڵی ١٩٥٣، گۆرانییێکی لە ئێزگەی بەغدا گوتبوو کە دوو بەیتی یەکەمی دەڵێت:

دە لێدەن لێدەن لە تەپڵی شادومانی

ئەوا تەتویجیان کردن (حوسێن) و (فەیسەڵی سانی)

ناوی (حوسێن)یش کە لەگەڵ ناوی مەلیک فەیسەڵ هاتووە، ئاماژەیە بۆ ڕەحمەتی شاحوسێنی ئوردن، چونکە ئەوانە ئامۆزابوون هەردووکیشیان لەیەک هەفتە، هەمان ساڵ، تاجیان لەسەردانرا. جا مەلیک فەیسەڵ پێش مەلیک حوسێن مەراسیمی تەتویجی بۆ کرا، بەو بۆنەیەوە، حوسێن هاتە بەغدا و پیرۆزبایی لە ئامۆزای خۆی، فەیسەڵ کرد. بەهەمان شێوە، کە مەلیک حوسێنیش، لە (عەمان - ئوردن) تاجی لەسەر دانرا، مەلیک فەیسەڵی دووەم، مەلیکی ئێمە، چووە ئوردن و بەشداری کرد لە مەراسیمی تەتویج و پیرۆزبایی خۆی پێشکەش بەئامۆزای کرد!

جا حەسەن زیرەک ترسا، نەبادا ئەفسەرەکانی شۆڕشیان هەڵگیرساند، بیگرن و بڵێن: تۆ لە پیاوانی ڕژێمی پاشایەتی!!

بەڵام حەسەن زیرەک بەهەڵە چوو بوو. ئەگەر بمابایەوە، کەس توخنی نەدەکەوت و لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەدەکرد، چونکە هەزارەها کوردی ئێران لە عێراق بوون و لە بەغدا خۆی، کەس دەری نەکردن و نەگیران! هەروەها، لە مانگی ئابی ١٩٥٨، ئەفسەرێکی کوردی پاک و دڵسۆز بۆ کورد، کرا بەبەڕێوەبەری ئێزگەی ڕادیۆی کوردی، کە ئەویش (زەعیم وەحید حوسێن بامەڕنی) بوو!

بۆیە دەڵێم، ئەگەر زیرەک بمابایە، زۆر کاری هونەری جوانتری بۆ دەکرا، کە ئەوسا یەک دوو تیپی مۆسیقای باش دامەزران لە سلێمانی: تیپی مۆسیقای سلێمانی - لە دوای مەولەوی و لە هەولێر، و تیپی مۆسیقای هونەری هەولێر، لە دوای دەرسیم، ئەمانە و جگە لە تیپی باواجی کۆیەش کە زۆر چاکتر و چالاکی ڕێکوپێکی بەرهەم هێنا. حەسەن وەزعی خێزانیشی چاکتر دەبوو.

کەواتە هونەرمەند حەسەن زیرەک عێراقی بەجێ هێشت و چۆوە بۆکان، کوردستانی ئێران! ماوەیەکی لە بۆکان دەمێنێ و ناوبانگی لەودیو باش دەرچووبوو لە کوردستانی ئێران... بۆیە لە ڕادیۆی شاری (مەهاباد) - بەشی کوردی، بەکەیفخۆشییەوە پێشوازی لێ دەکەن و لەلایان، وەک گۆرانیبێژ، دادەمەزرێت... ئەمەش هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو، وابوو گەیاندییە ڕادیۆی تاران - بەشی کوردی - لێرەش ڕێزی لێ دەگیرێ. تەنانەت کچێکی قوتابی لە قوتابخانەی ناوەندی دەناسی ناوی (میدیا

زەندی) بوو، توانی لە بەشی کوردی ڕادیۆی تاران داییمەزرێنێ وەک مووزەفەیەک. دوای مانگێک لە دامەزراندنی میدیا زەندی لە ڕادیۆی کوردی تاران، ئەمە هەمووی لە ساڵی ١٩٥٨، دوای هەڵاتنی لە بەغداوە بۆ ئێران، ڕوویان دا.

حەسەن لەم ژنەی دوو منداڵی دەبێ هەردووکیان کچن. گەورەکەیان ناوی (ئارەزوو) بوو، کە ئێستا خاوەن مێرد و منداڵە... ئەوی تریش، دووەم کچ، ناوی (ساکار) بوو. ئەمەش ماوە و ڕەنگە ئێستا، بێ گومان، ئەویش مێردی کردبێ. زیرەک لەگەڵ تیپە مۆسیقاکانی تاران و کرماشان، ژمارەیێکی زۆری گۆرانی بۆ تۆمارکرا، هەندێکیان نوێ بوون و بەشی زۆریشیان هەر ئەوانی لە ڕادیۆی کوردی بەغدای پێشکەش دەکردن، دووبارە تۆماری کردن، بەڵام بەشێوەیەکی خۆشتر لەگەڵ مۆسیقاژەنەکانی ئێزگەکانی ئەوێ، کە چەند کەسێکیان کورد بوون ئەم گۆرانییانەی، حەسەن زیرەکییان زیاتر خۆشەویست کرد و پێشکەوتنێکی چاکتری بۆ ڕێککەوت. هەر لە تاران، میدیای هاوسەری، لە ساڵی ١٩٦٦ نامیلکەیەکی بۆ حەسەنی میردی لە چاپ دا کە بەشێکی گۆرانییە هەرە ناسراوەکانی تیایدا لە چاپ دان و بڵاوکرانەوە کە ئەمەش هەنگاوێکی تر بوو کە حەسەنی بەرزتر و مەشهوورتر کرد.



وێنەی وەحید حوسێن بامەڕنی لە ١٩٥٠/٥/١٥ لە کەرکووک، بەنووسینی خۆی لە دواوەی ڕەسمەکە پێشکێشی کردووم. ئەوسا ڕەئیس ئەوەل بوو.

هەندێ لە گۆرانییەکانی ناو ئەم نامیلکەیەدا لە ئاوازی هونەرمەندی کوردی کرماشانی (فەرەیدوونی مورادی)ن و نۆتەکانی لە کتێبەکەدا نووسیوە. لەو گۆرانییانە: چارۆگەی هەولێرییە، گۆرانی شەو، لای لایە سوورەگوڵ، بووک مەریەم، ...تاد.

حەسەن زیرەک زۆر کەم خۆشی بینیوە. هەر لە عەزاب و هەڵاتن لەم بەری کوردستان بۆ ئەوبەری، ڕێگای دەشت و کێو و بەرد و داری گرتۆتەبەر. تەنانەت لەم شار بۆ ئەم شاریش، هەر لە هەمان دیو، جا لە عێراق یا ئێران، نسیبی قەت ڕاحەتی گیان و جەستە و دەروونی نەدیوە... خۆی لەم بارەیەوە دەڵێ:

«جا برام، من زۆر عەزابم دیوە... تێهەڵدانم دیوە بێ ئەوەی بزانم بۆچی لێم دەدەن. لەو دنیایە خۆشیم نەدی، ئومێدەوارم لە دنیای دی، خودا تۆڵەم بۆ بکاتەوە و لای کەم، لەوێش هەر تێهەڵدان نەبێ بەشم، باشە!».

گۆرانییێکی هەیە، کاک میرزا کەریم باسی کردووە، ئەم شیعرەی گوتووە:

قەت لە دونیادا نەبوو بێجگە لە ناخۆشی بەشم

ئەی خـــودا چەند بێکەس و بەدبەخت و چەند چارە ڕەشم
مـــــودەتێک ئاوارە بووم و ســـــەردەمـــێکیش دەربەدەر
قەت نەمدی ڕووی ئاسودەگی هەر تووشی گێرە و قەڕقەشم
حـــــەریف شـــــەش دەری ئـومـــێـــــدی لێ گـــــرتووم
هەر مـــۆرە هەڵداوێم و بێ هووده بەتەمـــــای دووشـــەشم

جا دەبێ بە چ مەقامێکی گوتبێ؟ ئەمە نەزانراوە، تەنها کاک میرزا دەڵێ: «دەستی دا دەفەکەی و زۆر بەغەریبی ئەم گۆرانییەی گوت».



حەسەن زیرەک و دوو کچەکەی ئارەزوو و ساکار لە شەستەکانا

هونەرمـەندێ بوو ڕاستگۆ... هونەرمـەندێکی ڕاستـەقینە خاوەن کـۆمـەڵێک بەهرەی جیـاجیـا... هەڵبـەستی ناسکی دادەڕشت، ئاوازی بەتام و سووک و خۆشی بۆ هەڵبەستەکانی دادەنا و بەدەنگی نێرینەیەکی پەروەردەی ئاوی ساف و دێمەنی شـاخ و بەفـر و تـاقگە و ڕووباری بەفـرین و دەشت و دەری پڕ لە گـوڵزاری کوردسـتان. جا چۆن دەنگێک دەبێ ئەو دەنگە؟ ئەمە بوو دەنگی بەسۆزی زیرەک.

زیرەک، ئەگـەر بۆ پـارە گـۆرانی بگوتبـا، قـەسـرێکی لە تەلانی نالەشکێن دەبوو، قـەسـرێکی لە سلێـمـانی دەبوو، عـەمـارەتێکی لە تـاران دەبوو!... بەڵام، ئەوەی من بزانم، تا مـردنیش، پارەیەکی ئەوتۆی نە لەگـیـرفـان و نە لە مـاڵ لای (رابە)ی هاوسـەری دوایی، نەبووە! لەگـەڵ ئەوەش پیـاوێکی مەرد، سەخی، یارمەتیدەر... خەمخۆری هونەر و هونەرمەندان بووە.

مـامـۆسـتـا عـەلی مـەردان، چووبووە ئێـران، لە ئوتێل دابەزیبوو. حەسەن زیرەک پێی زانیبوو، چوو بووە لای. دوای بەخێرهێنان و دەست ماچکردنی مامۆستا گوتبووی: هەر ئێستا دەبێ لەگەڵما بێیت و ڕیسوام مەکە لەناو خەڵکی کوردی ئێرە... باخۆم نەسووتێنم».

مـامـۆسـتـا عـەلی مـەردان ئەو مـەردانەیەی حـەسـەن زیرەکی بۆ هەمـوو هونەرمـەندانی لای خـۆمـان گێڕاوەتەوە... من لە شەخسی خۆیم گوێ لێ بووە زۆر مەتحی حەسەن زیرەکی دەکرد. هەروەها لە سالّی ١٩٦١، مـحـەمـەد عـارفی جزیری و حـەسـەن جەزراوی دەچنە ئێران. دیسان حەسەن زیرەک بەئەرکی خۆی دەزانێ خزمەتیان بکات. لە ئێران چووەتە ئیزاعەی کرماشان و لەگەڵیانا بووە... هەریەکە و چەند لاوک و بەستەیەکی بۆیان بەتۆمارکردن داوە. بەخۆشی لەگەڵ تەمبووری مـحـەمـەد عـارفی جزیری بەستەی (کێژان دەچنە مێرگۆلانی) تۆمارکردووە.

لە پایزی سالّی ١٩٥٦دا بوو کاتێ هەر سێ دەوڵەتی ئیسـرائیل و بەریتـانیـا و فـەرەنسـا، لە دوای ئەوەی کە میسر کەنالّی (سوێس)ی تەئمیم، واتا (خۆمالّی) کرد، ئەو سێ دەوڵەتە گەورەیە، هێرشێکی سەربازییان کردە سەر میسر و شەڕ لە نێوانیان قەوما. هەڵبەتە دەوڵەتە عەرەبەکان، ئەگەر بەدرۆ و ئەگەر بەڕاست، پشـتگیری میسریان کرد، بەقسـە... هەندێکیشـیـان لەشکریشـیـان ئامادەکرد بۆ بەشداربوون و پشـتگیریی کردن لە میسر... لە عـێراق ئەو جۆرە (حەماسـە)تە نەبوو، چونکە (نووری سەعید) سەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران بوو... کە ئـەو لەگـەڵ ڕۆژئـاوادا و بەتایبـەتی بەریتـانیـا، زۆر دۆست بوو و گـونجـابوون لەگـەڵ یەکدا و نەیدەتوانی زێدەڕۆیی لەو سنوورەدا بکا کە بۆی نەخشـەکێشـرابوو... بەڵام عـێراقییـەکان لە هەڵوێستی حکوومەتەکەیان ڕازی نەبوون.

حەسەن زیرەک

بۆیە هەڵسـان بەخـۆ پیـشـاندان... (مظاهرات) و لەگـەڵ پۆلیس و عـەسکەر بەگژ یەکدا چوون و زەرەر و زیان لە نێوان عـەسکەر و هاوولاتیـانیش هەبوو. لە دروشـمـەکـانی خـۆپیـشـاندەرەکان، داوای ئیـسـتـیـقـالەی وەزارەتی نووری سەعیدیان دەکرد. عەسکەر و پۆلیس لە شەقامەکان دەستیان کرد بەتەقاندنەوەی بۆمبای فرمێسک ڕژاندن (القنابل المسيلة للدموع)...

قوتابخانە و کۆلیجەکان بڕیاریان دا کە دەوام نەبێ و هەر کەسە بچێتەوە مالّی خۆی تا ئەوکاتەی وەزعەکە ئاسایی دەبێتەوە و سەرباز و پۆلیس بگەڕێنەوە بنکە و (ثکنة)کانی خۆیان.

من ئەوسا قوتابی بووم لە بەشی ئینگلیزی لە کۆلیـجی (دار المعلمين العالية) و دوا سالّم بوو، واتا سالّی چوارەم. عـەمادەی کـۆلیـجـمان ئاگاداری کردینەوە و ڕایانگەیاند کە قوتابیان تا ئاگادارییەکی تر (الی اشعارٍ آخر) دەوام نەکەن و بچنە مالّ و شار و گوندەکانی خۆیان.

ئەوەبوو من (لەبەرئەوەی مالّمان لە کەرکووک بوو) دەبوایە بەشەمەندەفەر، ئەو شەوە بگەڕێمەوە بۆ کەرکووک. کە چوومە وێستگەی شەمەندەفەری (باب المعظم) کە نزیکی کۆلیجی ئێمە بوو، تەسادوف، بەسەر فارگۆنێک کەوتم، هەر چوومە ژوورەوە، خالّە ڕەسوڵ گەردیم چاوپێکەوت. تومەس لە بەغدا بوو، دەگەڕایەوە هەولێر. ئێتر چاک و خۆشیمان کرد و لە تەنیشتی دانیشتم. عوودەکەم بەدەستەوەبوو. کاک ڕەسوڵ سەیرێکی عـوودەکـەی کـرد و ئینجـا بەوانەی لە دەوروپشـتی دانیـشـتـبـوون گـوت: ئەوە کـاک باکوربیە، ئەگەر نایناسن...! منی پێیان ناساند. دوای کەمێک قسە و گفتوگۆ لە نێوانمانا، لە پڕ حەسەن زیرەک لەناو دەرگای فـارگـۆنەکە پەیدابوو. ئەویش ئێمەی دیت، گەشایەوە. یەکسـەر هات تۆقەی لەگەڵ

کردین و (چۆنی و چاکی و...) لێمان پرسی ئەوە چییە، بۆ دەگری؟ گوتی: «کوڕە مەپرسن! ئاهەنگم هەبوو، کە چوومە ستۆدیۆ، هەر بەفرمێسکەوە گۆرانیم گوتووە! ئاخر تا لە ئوتێلەکە گەیشتمە ئیزاعە، هەر بۆمبایان دەتەقاند و فرمێسک لە چاوی خەڵکەکە دەهاتە خوارەوە و منیش هەروا! کە گۆرانییەکانیشم تەقدیم کرد، پێنج شەش گۆرانیم وت هەموویان (سوار)بوون! ئەم وشەیە، بەمانای ڕزمی خێرا لە گۆرانی دێ، بەزاراوەی حەسەن زیرەک! وتی: هەموو گۆرانییەکانم (سوار)بوون... واتا هەموویان ئیقاعیان سووک و خێرابوون. ئینجا لەوێوەش تا ئێرە، لە پاسەکە، هەر فرمێسک لە چاوما دێتە خوار ئەوەندەم غازی فرمێسک لەگەڵ هەناسەما وەرگرتووە... تا ئێستاش هەروا چاوەکانم دەزوورێنەوە... دیسان کاک ڕەسوڵ بەوانەی لە دەوروپشتمانا، لە فارگۆنەکەی قیتارەکە دانیشتبوون، گوتی: حەسەن زیرەکتان گوێ لێ بووە، وە نییە؟ هەموو گوتیان (بەڵێ). کاک ڕەسوڵ دەستی بۆ حەسەن درێژکرد و گوتی: دە ئەوە حەسەن زیرەکە. ئەوانیش زۆر کەیفیان هات و دڵنیابوون کەوا نیوەی، یا چارەگەکی ئیزاعەی کوردیان لەبەر دەم دایە و بێ شک شەوێکی خۆش ڕادەبوێرن، تا دەگەنە کەرکووک. مەبەستم لەو زاراوەیەی کە دەڵێم (چارەگەکی ئیزاعەی کوردی) - واتا ئێمە ستێ گۆرانیبێژی کە هەریەکە و ڕۆژێکمان هەبوو ئاهەنگی گۆرانیمان لە ئێزگە پێشکەش دەکرد: ڕەسوڵ و زیرەک و من. کۆی گۆرانیبێژەکانی ئاهەنگیشیان هەبوو هەر دە یا دوانزە کەس بوون:

بولبولی جوان و خۆشخوانی ئێزگەی کوردی لە پەنجاکانا لە بەغدا: فەوزیە محەمەد

لە ئافرەتان: فەوزیە محەمەد، نەسرین شێروان، (لە سەرەتای پەنجاکانیش تا ١٩٥٢ ئەڵماس محەمەد بەردەوام بوو، بەڵام وازی هێنا لەو ساڵە).

لە پیاوانیش: عەلی مەردان، تایەر تۆفیق، حەسەن جەزراوی، مەحموود وەندی، ئەحمەد مەحموود (دوایی وازی لێ هێنا)، ڕەسوڵ گەردی، سیروانی، باکوری...

ئینجا باوەڕبکەن ئەو شەوە نەمانهێشتووە کەس خەوی لێ بکەوێ. کاکە گیان، هەر هەموو نەفەرەکانی ناو فارگۆنەکە بووبوونە (کۆڕس) و بەستەکانمانیان دەگێڕایەوە... حەسەن زیرەکیش مەست بوو بوو کە شەو نیوەی بەسەرچوو، ئیتر بەرەبەیانی، تازە دەنگی کرایەوە و لەگەڵ تەق و هۆڕی پێچکەی فارگۆنەکەمان پێکەوە دەیانچریکاند... وەک بڵێی شەمەندەفەرەکەش زەوقی هەڵسابوو، خەریک بوو بفڕێ لە خۆشیانا... بەیانی کە گەیشتینە مەحەتەی کەرکووک، من و حەسەن زیرەک دابەزین و خواحافیزیمان لە ڕەسوڵ گەردی کرد. چونکە ئەو دەچووە هەولێر، هەر بەو شەمەندەفەرە... من و حەسەن هەریەکە و

عارەبانەیەکمان گرت و خواحافیزیمان لەیەکتر کرد، ئەو بۆ لای گەراجی تاکسی سلێمانی و من بۆ گەڕەکی (شاترلۆ) هەر لە کەرکووک، مالّمان لەوێ بوو.

بەڵام پاش ئەم سەفەرەم، سەفەرێکی تر، لە مانگی شوباتی ئەو ساڵەبوو، کە باسم کردووە لەکاتی باسی ژیاننامەی قادر دیلانم کردووە و وتم کەوا برایەکم هەبوو ناوی (فیلیپ) بوو، کە لە دێی (عەربەت) دەژیا، چونکە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایانەی کە ڕێگای سلێمانی - دەربەندیخانیان قیرتاو دەکرد، لەگەڵ ئەوان کاری دەکرد. جا خانوێکیان دابوویێ، زگورتی بوو واتا ژنی نەهێنابوو. ئەو برایەم هەموو تیپی مۆسیقای مەولەوی و من و حەسەن زیرەکیش لەگەڵیا، دەعوەتی کردین شەو لە مالّی ئەو، لە عەربەت ڕابوێرین... دەعوەتەکەش بەبۆنەی ئەوەی کە بەهەمووماندەوە: قادر دیلان، بەهجەت ڕەشید، حەسەن زیرەک، نەجاتی عەبدە و... باقی ئەندامانی تیپ، کاک ولیەم یۆحەننای هونەرمەندمان ڕازی کرد کە (جوولیێت خان)ی خوشکی بدات بەفیلیپی برام. جا حەسەن زیرەک ئەو شەوە ئاسمانی عەربەتی هێنابووە هەژان، لەگەڵ کەمانجەی قادر دیلان و ولیەم و عوودی من و شمشاڵی نەجات و ئیقاعی حاتەم شەوێکی تایبەتی ژیانمان بوو. قەت لەیادمان ناچێ.

وێنەی فیلیپی برام و جولیێت خانی هاوسەری لەگەڵ کیژۆڵە جوانەکەی (هوەیدا) و دوو کوڕەکانی: نیاز و ئازاد لە شیکاگۆ

ئەوەبوو پاش ماوەیەک فیلیپ، جوولیێتمان بۆ هێنا و، چەند ساڵێکیش لە کارگەی چیمەنتۆی (سەرچنار) وەک مولاحیز (ملاحظ)ی کار و کارمەندان، تەعین کرابوو... لە ساڵی ١٩٧٥ چووە ئەمریکا و لە شیکاگۆ دامەزرا، بەخۆ و بەخاووخێزانییەوە... تا کۆچی دوایی کرد بەداخەوە لە ١٨/١٠/١٩٩١ لە شیکاگۆ. خوا لێی خۆشبێ و ڕەحمی پێ بکات. خێزان و منداڵەکانی هەر لە ئەمریکان و هەریەکەش خێزانی بۆ خۆی پێکهێناوە!.

یەکێک لە ئاشقانی دەنگی حەسەن زیرەک، لە هەولێر، وێنەگری فۆتۆگرافی (شێخی وێنەگران!) ئەبو سەباح بوو. (ابو صباح) ناوی (محییەدین تایەر عەبدولکەریم)ە، بەڵام لەبەرئەوەی هونەرمەندی گۆرانیبێژی ئافرەتی لوبنانی (صباح)ی خۆش دەویست و ڕەسمی لەگەڵدا گرتووە، بۆیە بە(ئەبو سەباح) ناوی دەرکرد. ئەبو سەباح لەگەڵ حەسەن زیرەک دۆستایەتی پەیداکرد و لەدوا ساڵانی شەستەکان، سەفەری کرد بۆ لای زیرەک لە ئێران و میوانی بوو. دەیگێڕایەوە چەند حەسەن زیرەک خزمەتی کردووە... هەروەها لەسەر کاسێتێکی تایبەت، پێش مردنی، حەسەن زیرەک چەند جارێ ناوی ئەبو سەباح دەهێنێت و سڵاو لە هەولێر و هەولێرییان دەکات. هەر لەبەر ئەو هاوڕێیەتییەی لە بەینیانا بووە و ئەو

خۆشەویستییەی ئەبو سەباح بۆ حەسەن زیرەک کاتێ ئەبو سەباح بیستی کە حەسەن زیرەک کۆچی دوایی کردووە، هەڵساوە لە هەوڵێرەوە تاکو سەر قەبری حەسەن زیرەک، لە (نالەشکێن)، هەر بەپێیان ڕۆیشتووە بۆ سەردانی ئارامگاکەی هاوڕێی ڕووحی بەڕووحی! جا ئەگەر ئەمە عیشقی پاک و بێگەرد نەبێت بۆ هونەر و سەدای زیرەک، دەبێ عەشق چی بێت و چۆن بێت؟.

لە بەرنامەکەم (گۆرانیبێژە نەمرەکان) و لە ئەلقەیەکی تایبەت بەیادی کۆچی دوایی حەسەن زیرەک بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم لە ١٩٩٨، لە هەولێر ئەبو سەباحم هێنایە قسە و گفتوگۆ بۆ گێڕانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی لەگەڵ حەسەن زیرەکی هەیە، کە ئەو باسانەی دەکرد، هەستم دەکرد کەوا فرمێسک لە چاویا قەتیس ماون و وەک بڵێی شەرمی لێمان دەکرد، بۆیە زەبری لە خۆی دەکرد گریانەکەی ئاشکرا نەکات!

حەسەن زیرەک و ئەبو سەباح



میدیا زەندی، خێزانی حەسەن زیرەک، لە پێشەکییەکەی کە بۆ کتێبەکەی حەسەن زیرەکی هاوسەری خۆی نووسیوە، کە بەناوی (چریکەی کوردستان)ەوە بۆ جاری دووەم لە چاپی داوە... (چاپی یەکەم لە ژیانی حەسەندا بووە، لە ساڵی ١٩٦٦)، هەندێ شتی ورد و بەنرخی لە ژیانی زیرەک گێڕاوەتەوە، ئەم چەند دێڕانەی لێ وەردەگرم و بەکورتی دەیانناوسم، میدیا زەندی دەڵێ: «حەسەن زیرەک، هەر لە سەردەمی منداڵییەوە ژیانێکی زۆر ناخۆش و نالەباری هەبووە، هەروەک لە کتێبی (چریکەی کوردستان)دا، کە خۆی بەهۆنراوە هۆنیویەتەوە و منیش لە ڕێکوپێک کردن و نووسینی کتێبەکەدا، یارمەتیم داوە، ژیانی تاڵی خۆی دەربڕیوە، کە تا چ ڕادەیەک بەبێکەسی و هەژاری و ئاوارەیی و سەرلێشێواوی، ژیانی بردۆتەسەر».

حەسەن لە درێژایی تەمەنیدا، زۆرجار زەماوەندی کردووە و ژنی زۆری هێناوە. خێزانی یەکەمی، کچێک بووە، نێوی (مەحبووبە) بووە. ئەم ژنەی، دوای ڕووداوێکی سەیر، کە سووتانی سەیارەکەی بوو لە (سەقز) و کۆژرانی لاوێکی (١٨) ساڵی، حەسەن زیرەک بەبەندی ئەبەد (سجن مؤبد) مەحکووم بووە. لەم کاتانەدا، دایکی خێزانەکەشی،، واتا دایکی (مەحبووبە) کچەکە لە برای حەسەن مارە دەکا، کە

ناوی (حوسێن)ە. جا لەترسی ئەم ڕووداوەیەدا، ڕای کردووەتە عێراق لە هوتێڵی (فندق شمال) بووە بەشاگرد... بەدەم پاککردن و هاتوچوو... گۆرانی بۆ خۆی گوتووە... لەوێدا، مامجەلال تاڵەبانی، کە لەو هوتێڵە موسافیر بووە، بەبەرپرسی خۆی، حەسەن ئەباتە ڕادیۆی بەغدا (بەشی کوردی)... دەبێ بەگۆرانیبێژ، تا لە ساڵی ١٩٥٨ گەڕایەوە ئێران. هەروەها دەڵێ «کاتێ حەسەن لە (مەراغە)دا ژیاوە، لەگەڵ باوکما ناسیاوەتی پەیاکردووە و لە ماڵی بابمدا کاری کردووە ئەوکاتە من منداڵێکی (٦) مانگەبووم».

ئینجا دەڵێ: «خۆمم دۆزییەوە وەک بێژەرێکی ڕادیۆی کوردی، لە تاران. شەوێک لە پاش دەس بەکاربوون لە ڕادیۆی کوردی تاراندا، حەسەن پێشنیازی خوازبێنی لێم کرد. من سەرم سوڕما، چونکە حەسەن لە تەمەنی لاوێتیدا تێپەڕی بوو.» میدیا لە دریژەی قسەکانی، ئینجا دەڵێ: «بەبێ ئیزنی باوکم، لە ٢٦ی ڕەزبەری ١٣٣٧، منیان لە حەسەن مارەکرد و ئێمە بەم چەشنە بووین بە ژن و مێرد... لە پاش سێ ساڵ لە ٢٤ (یان ٢٦) ڕەزبەری ١٣٤٠ی کۆچی هەتاویدا، خودا (ئارەزوو)ی پێ داین. حەسەن چەندین ژنی هێنابوو، بەڵام تا ئەو ساڵە لە هیچ کام لە ژنەکانی منداڵی نەبووبوو. لەبەر خۆشەویستی، نێوی یەکەم کچانی نا (ئارەزوو)، کە لەلایەن خوالێخۆشبوو سەییدی زەنبیل، ناوی (مەهتاب)ی لەسەرنرا. دوو ساڵ دوای مەهتاب (ئارەزوو) خودا (ساکاری) پێ داین، کە ناوی ئەویش (مەهناز) دانرا! ئەوەش لەبەر ئەوەبوو، بەر لەدایکبوونی (ساکار) ڕۆژێ ئارەزوو گوتی: مامان، سبەینێ مەهناز دێ. هەڵبەت حەسەن بۆ خۆی دەیگوت: ئەگەر ئەم منداڵەم کوڕ بێت، نێوی ئەنێم (ئیرەج) چونکە زۆری حەز لە دەنگی (ئیرەج)ی گۆرانیبێژی فارسی دەکرد.

حەسەن، چل ساڵ لەمەوپێش، گۆرانی (لایە لایە ئارەزوو)ی بۆ (ئارەزوو) چڕی و گۆرانی (کێژۆڵەی نازدار و نازداری بابێ)ی بۆ (ساکار) خوێند. لە پاش ئەم دوو کچە، ئیتر منداڵمان نەبوو. لەو کاتانەدا، مامۆستا عەلی مەردان و حەسەن جەزراوی و محەمەد عارف جەزراوی، لە عێراقەوە هاتن بۆ ئێران و لە من و حەسەن داوایان کرد بڕۆینە ڕادیۆی بەغدا... لەم کاتانەدا، دەوڵەت دەسبەجێ دڵخۆشی حەسەن زیرەکیان دایەوە (چونکە پێشتر، سەرۆکی بەرنامەی کوردی: شوکروڵڵای بابان گوتبووی: ئێمە نزیکەی (١٥٠٠) گۆرانیمان بەدەنگی حەسەن زیرەک هەیە، ئیتر ئەومان ناوێ – حەسەنیش زۆر پەست بووبوو...

پاش ئەم هەموو دەربەدەرییە، حەسەن لەگەڵ خێزانی تریدا، نێوی (رابیعە)یە، کە لە پاش من خواستبووی، لەسەرە ڕێی مەریوان، قاوەخانەییکی (واتا چایخانە)ی چکۆڵەی دانابوو و لەگەڵ ڕابیعەی خێزانیدا لەوێ ژیانی ئەبردەسەر، بەدڵێکی پڕ لە دەرد و پەژارەوە و دوور لە من و منداڵەکانی، لە ئەوپەڕی نەداری و سەر لێشێواویدا دەژیا.

لە ساڵی ١٣٥٠دا کە بیستم حەسەن نەخۆشە، منداڵەکانم هەڵگرت و چووم بۆ مەهاباد و لە ماڵی خاڵمدا، چاوم بەحەسەن کەوت. ئەوکاتە ئارەزوو (٩) نۆ ساڵان بوو و ساکار (٧) ساڵان بوو، کە چاوم بەحەسەن کەوت، زانیم زۆر نەخۆشە! زۆرم لە کاربەدەستانی ئەوکاتە تکا کرد کە کارێک بکەن، بەڵام هیچکامیان، تەنانەت، ئەمبولانسێکیان (واتا ترومبیلی ئیسعاف – باکوری) نەدا بەمن تا حەسەن ببەم

بۆ دکتۆر. ئەوکاتە، هەموو ڕۆژێ، لە کرماشانەوە ئەچووم بۆ (بۆکان) و سەرم لە حەسەن ئەدا، چونکە دکتۆرەکان گوتیان حەسەن سەرەتانی هەیە. شێرپەنجە هەموو لەشی داگرتووە و زوو دەمرێ.

میدیا، بەدڵێکی تەنگەوە و بەخەمباریيەوە، باس لە ڕەوشتی هەندێ کەس دەکات کە هەندێکیان خۆیان بەبرادەری حەسەن دەزانن، بەڵام هیچیان بۆ حەسەن نەکرد و تەنانەت مردنی حەسەنیشیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان قۆزتەوە. لەم بۆنەیەدا دەڵێ:

میدیای زەندی، هاوسەری حەسەن زیرەک لەگەڵ دوو کچەکانیان: ساکار و ئارەزوو.

«لە ساڵی ١٩٤٥ من کتێبی (چریکەی کوردستان)م بۆی نووسی... خوالێخۆشبوو مامۆستا مفتی زادەش، پێشەکی ئەو کتێبەی نووسی... لەگەڵ هۆنراوەیەکی جوانیشی بۆ هۆنییەوە کە لەسەر بەردی گڵکۆی حەسەن زیرەکدا هەڵکەندراوە. ئەم (چریکەی کوردستان)ە هەر ئەو کتێبەیە کە عوسمان شاربازێڕی، بەچەشنی کتێبێکی گەورە دەری هێناوە و ئەی فرۆشێ و پارەکەشی ئەنێتە گیرفانی و منداڵەکانی حەسەن زیرەکیش، بەکرێ نشینی و ئەوپەڕی هەژاری و زەحمەتەوە ژیان ئەبەنەسەر».

من لەم بارەیەوە دەمەوێ بەو خوشکە بڵێم، کتێبی (گەوهەرێ)ی مامۆستا عوسمان شاربازێڕی، هەمان کتێبە بچووکەکەی جەنابتان نییە، بەڵکو شاربازێڕی ماندووبوونێکی زۆری چێشتووە و دەیەها گۆرانی (زیرەکی نەمر)ی لێرە و لەوێ کۆکردۆتەوە و لە کتێبەکەیا بڵاوی کردوونەتەوە، کە ئەمەش جۆرە خزمەتێکە بۆ گیانی حەسەن زیرەک و پاراستنی زۆربەی بەرهەمە بەپێزەکانی لەلایەکی ترەوە. دڵنیاش بە، ئەی خاتوون – میدیا زەندی – کە ئەو پارەیەی عوسمان شاربازێڕی، لە فرۆشتنی کتێبەکەیدا هاتۆتە دەست، ئەوەندە نییە کە خەیاڵت بۆ چووە... من لەو باوەڕەدام بای کرێی دوو سێ مانگی خانووەکەتان دەکات یان ناکات! ئەمەم هەر بۆ ڕوونکردنەوەیەکی جەنابتانم خستە بەرچاوتان... من لەگەڵ حەسەن زیرەکیشا زیاتر یاد و دانیشتن و سەیران و ژیانی بەتامم ڕابواردووە لەوەی لەگەڵ کاک عوسمان شاربازێڕی. واتا مەبەستم (دیفاع) نییە لە شاربازێڕی! لەگەڵ ڕێزمدا – باکوری».

هەروەها خوشکە میدیای زەندی، باسی کتێبەکەی ڕەحمەتی میرزا کەریم خۆشناو بەم جۆرە دەڵێ: «کەریم خۆشناو بەنووسینی هێندێک بەسەرهاتی حەسەن زیرەک، ئەویش بەدرۆ و دەڵەسەوە، حەسەنی هونەرمەندی بەگۆرانیبێژێکی زۆر برسی داناوە، گوایا تەنیا لەبەر زگ تێرکردن، گۆرانی چڕیوە. پارەی ئەم کتێبەش ئەخاتە گیرفانی و مافی بەهەقی منداڵەکانی حەسەن قووت ئەدا – یا ئەو کەسانەی کە

بەفرۆشتنی حەسەن زیرەک، بەبێ ئەوەی بزانن ئەم پوولە (واتا پارەیە – باکوری) مافی ڕاستەقینەی منداڵەکانی حەسەنە، کە ئەبێ بدرێت بەئەوان. لێرەدا پێویستە بڵێم (هێشتا قسەی خوشکمان میدیا زەندییە – باکوری) کاک کەریم خۆشناو: حەسەن قەت لەبەر برسێتی گۆرانی نەگوتووە، بەڵکو ئەم دەنگە خۆشە خەڵاتێکی خوا پێداو بووە کە بەو دراوە... ئێستاش کە ٢٥ ساڵ لە مەرگی ئەو تێپەڕی (کتێبەکەی چریکە... لە ١٩٩٧دا چاپی داوە –باکوری) زاراوە و دەنگی ئەو، لە هەموو زاراوەکان و دەنگە کوردییەکان خۆشتر و شیرنترە و لە هەموو ئاوازەکان پڕ بایەختر...».

ئەم قسەی دواوەش، خوشکە میدیا، کەمێک بەهێرشێکی یا بەئیهانەیەکی ناڕەوایە سەبارەت بەگۆرانیبێژانی کورد... ڕاستە دەنگی حەسەن نەمرە و دەنگێکی ڕەسەنە و فۆلکلۆری کوردی پاراستووە و... و... و... بەڵام دیسان، ئەمڕۆ دەنگی زۆر خۆشتر لە دەنگی حەسەن زیرەک هەیە و گوێگر و جەماوەرێکی زۆریان، چونکە بەعەرەبی وتراوە: «لکلّ زمانٍ دولةٌ ورجال»، واتا هەر زەمانێک پیاوی خۆی هەیە... منیش دەڵێم: «هەر زەمانێک گۆرانیبێژی خۆی هەیە، کە ئەوان چوون، وێنەیان نابێتەوە، بەڵام وێنەی تریش و باشتریش پەیدا دەبن – لەگەڵ ڕێزمدا – باکوری.

جا میدیا خان: بۆ چ وا قسەی مەیلەو ڕەق دەکەی بەرامبەر بەهەندێ کەس کە برادەری حەسەن بوون... یا بۆ بەرژەوەندی خۆیان، کتێبیان لەسەر ژیان و هونەری حەسەنی هاوسەرت نووسیوە، لە کاتێ کە براکانی و دایکی خۆی زوڵمی زیاتریان لێی کردووە. ئەی ئەوە نییە حەسەن، بەزمانی خۆی هاوار دەکات و دەڵێت:

خەڵکی بۆکانم، کوردی خوێن پاکم
برام حوسێنە و خاتوو ئامین دایکم
ناوم حەسەنە، باوک عەبدوڵڵا
خوشکم سارایە، کاک (مینە) کاکم
دەستی قودرەت بوو، بابم کۆچی کرد
دایکم مێردی کرد، زوو بەدەستوبرد
بناغەی ماڵی لەبن دەرهێنا
سەبارەت بەمێرد، گشتمانی دەرکرد
هەشت نۆ ساڵە بووم، بووم بەعەمەلە
لە کارکردنا زۆر ئەمکرد پەلە
برام گەورەبوو، کچێکی ڕفاند
ئەمنیشی تارکرد، هەر دێ و شارم کرد
تار بووم، هەڵاتم، ڕووم کردە سەقز
بوومە چاوساغی مەلایێ حافز

مـەلا چ مـەلا، بەتوانج و بوختـتـان
لەجـیـاتی ئامـانج، کـردیشـمی بەدز
دەمگوت کـوا برا؟ کـوان خوشکەکـانم؟
ئەی کـوا وەتەن و خـاکی بۆکـانم؟
لە مـەراغـەدا، بـووم بەتـووتنچی
رۆیشـتـمـە تەورێز، بـووم بەقـاچاغـچی
هەرچەند گـەڕام، کـارم دەست نەکـەوت
نە لەکـارخـانە، و نە شـیـرکـەتی نەوت
دڵ پـڕ لـە ئـاوات، هـاتـمـە لای بـرا
تـا بـراژنـی بـاش، بـۆم هـەڵـکـا چـرا
بـرا و بـراژن، بـرازای جـوانم
ئەوان دەوڵـەمـەند، ئەمن بێ نانم
براژن وتـی: وا هـات کـوڵـکـنـە
برازاش وتـی: چەن ئەسـپـێـونە!
بوومـە نۆکـەریان، بووبوومـە کـاردار
بەشـەو ئێـشـکـچی، بەڕۆژ باروکـار
سـەرەڕا ڕوانـیـم، براکـەم کـزە
براژنم وتبـووی کـە حـەسـەن دزە
پێم گـوت: براله، من کـاریگـەرم
بۆ تۆ کـار دەکـەم وەکـو سـپـەرم
ئەمـا سـەد لەعنەت لە پیـاوی بەدخـوو
چونکە براکـەم زۆر ژن سـفـەت بوو
کـە هانی لێم دا بە داس و بە شـەن
وتی: گـاڵ بدەم پارچە پارچەت کـەن؟
ئیـتـر من دەسـتم لە ڕۆحم هەڵـگرت
شـەپێکم لێ دا و قـورقـورچکەم گـرت
برازا و براژن کـە هاواریان کـرد
ژاندارمـە هاتن کـەلەبچـەمـیـان کـرد
ئاغـای دێیـەکـە، گـەورەم ونس خـان
برا و کـوڕی خۆی، خانە و مەحموود خان

وتیـان: کـاک مـینە بۆ چ وا هەراتە؟
تۆ عـەیب ناکـەی؟ حـەسـەن براتە

جا ئەگەر دایک و خزم و برا ئاوابن لەگەڵ حەسەنی کەساس، ئاخۆ غەریب چۆن ئەبن؟ ئەگەرچی لەو کوردستانە کەس نەبوو حەسەن و دەنگی حەسەنی خۆش نەوێ. لەوانەیە چەند کەسێ، تەنها چەند کەسێ، لەبەر هەندێ هۆی بەرژەوەندی، کە زۆر کەمیشن بەگوێرەی چیرۆکەکانی لە کتێبەکانی لەسەر حەسەن نووسراون و ئەوەی خۆی باسیانی کردووە... ئەگینا کەس دڵی نەهاتووە قسەیەکی ناشیرین بەحەسەن بڵێ.

زەمانێک بەسەر حەسەن زیرەک داهاتووە، ئێرانی (شاه) ویستوویانە حەسەن بکەن بەسیخوڕی خۆیان. حەسەن ئەم ڕووداوەی بۆ (حوسێن)ی برای گێڕاوەتەوە، بەم جۆرە: کاتێ حەسەن بێ کاروکاسبی دەبێ دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران لە عـێـراقـەوە، لە دوا شـۆڕشی ١٤ی تەمووز، (حوسێن)ی برای پێی دەڵێ: «کاکە تۆ تەنهـا خـۆت و براژن (رابعـە)نە. ئارەزوو و ساکـار لای دایکیـانن. ئێـمـە زۆر چاک ئەتوانین بەخێـوتان بکەین... وەرە لێرە کـاسبیـیـەک بکە و ئێـمەش چاومان لێت دەبێ.» حەسـەن پێدەکـەنێت و دەڵێت: «باوکم خۆ منیش ئەوەی تۆ دەیڵێی ئەیزانم و زۆریشم بەلاوە چاکە. بەڵام ئێوە شتێک ئەزانن و منیش زۆر شت. من بەڵاتان لێوە دوور دەخەمەوە».

حوسێن دەڵێ: «بەڵای چی کاکە. ئێـمـە ئاگاییمان لە مردن و ژینی یەکتر نییە! ئەو بەڵایە با ئێمەش شریکی خەم هەڵگرتنت بین...».

حـەسـەن سـەیری ئەولاو ئەم لای خـۆی دەکـات و بەدەنگی نزم دەڵێ: «حـوسێنی (زدی ئیـتـیـلاعـان) ئەزیەتم دەدات و ئەڵێ ئەبێ بچیتە ئەو دیو ئیشمان بۆ بکەی! چەندی دەڵێم: باوکم ئەمن هی ئەو جۆرە شتانە نیم و خوێندنیشم نییە. ئێـوە چۆن ئیستـیـفادە لە من ئەکـەن؟ ئەوان ئەڵێن: تۆ بەمـاڵەوە بڕۆ بۆ عـێـراق. ئێـمـە پارەیەکی زۆرت دەخـەینە ئیـخـتـیـار و خۆشـمـان خـەڵکت بۆ دەنێـرین. تۆش هەرچی مەعلوومـاتت هەیە پێیان بڵێ و ئەوانیش بۆ ئێمەی دەهێننەوە! خۆشت ئەزانی، حوسێن، ئەم جۆرە شتانە بەمن ناکرێت و ئەگەر پێشم بکرێت، نایکەم. با لە سـاڵێ دوو سێ جار تێم هەڵبدەن و بەفەقیریش ئەژیم و بەسـەربەرزی، بەڵام ئەو کـانیـیـەی ئـاوم لێی خواردوەتەوە، هیچ کـاتێک بەردی تێ ناخـەم و خیـانەت بەخاکەکەی عـێـراقیش ناکەم. لەناو خەڵکیش سەربەرز ئەژیم... ئەوەش بزانە: هەر بەتەنیاش بەربەرەکانی دەوڵەت ئەکەم...»

گـلەیێکی حەسەن زیرەک و...

حـەسـەن زیرەک، لە ئـاهەنگێکی تایبـەتدا و لەسـەر شـریـتـێکی تایبـەت، بەدەنگی خـۆی ئەم وتانەی تۆمارکردووە کە لە بابەت ژیان و هونەر و هونەرمەندانی عـێراق و گرتنەکە، دوای گەڕانەوەی بۆ عـێراق، جاری دووەم لە مانگی (مارت)ی ١٩٦٦ و هەندێ سووکە گلەیی کردووە لێمان، بەڵام نابێ بەدڵ زوێر بووبێ...! حەسەن دەڵێ: سـاڵەهای سـاڵ، مـامـۆسـتـا (عـەلی مەردان) لەوەتی سـەورە (ثورة - باکـوری) بووە، هەموو سـاڵێک جارێک سەری لێ ئەدام، لە ئێراندا (مەمنوونیم، نۆکەریم، خزمەتچیم). ئەمـا مەرد و مەردانە. ئەبو سـەباح - کـاک جەلال - ئەمـا تو خودا و پێـغـەمبـەر بڵاوی بکەنەوە. ئەو هونەرمەندانە،

هونەرمەند ئەهاتن سەری منیان ئەدا. ڕۆژێک لە کرماشان: محەممەد عارف جەزراوی و حەسەن جەزراوی و ئەلیاس فەرەنگی. ویژانیان گوتبوویان لە (ئەمن) ئەمنی ئێران، کە ئێمە لە هیچ ئوتێلێک نامێنین، ئەبێ بچینە لای... حەسەن زیرەک. منیش زمانێکم بوو، زمانەکەم خۆش بوو، زۆر جوان بوو!! «کاتێ گوێم لەو تۆمارە بوو لەسەر کاسێت، بۆم دەرکەوت کە حەسەن زیرەک زۆر مەستە و جار جارە تەنانەت دەنگی دەو (دەم)یشی دێ وەک ئەوەی شتێ وا دەخوا و قووت دەدا. هەڵبەت ئەم قسانەی لە ئاهەنگێکی تایبەتی کردووە کە خواردنەوە و خواردنی تێدا بووە -باکوری». ژن و مێردێک بووین شەش کولفە و نۆکەرمان بوو، وەڵڵاهی وەڵڵاهی! ئەمجا گوێت لێ بێ، ئەی برای کورد! محەممەد عارف جەزراوی، لەگەڵ حەسەن جەزراوی و چەند نەفەرێک وەختێ واریدی مالّی ئێمە بوون... من مالّم نییە! مالّی برادەرە! مالّی عالەمە. دائیمە حازربووم. زاکرە ئەمر بدەم! ئەوە بێژن... ئەوە بەرن. وەعزم (مەبەستی: وەزعم - باکوری) زۆر جوان بوو. زۆر زۆر. ئەمما ڕۆژێک کە محەممەد عارف و ئەوانی تر ڕۆیشتن، ئێران چەند جائیزەی دانێ؟ و چەند گۆرانییان وت؟ (بەگاڵتە پێکردن بەئێرانەوە - باکوری) پێیان بڵێن. پێیان بڵێن! شریتیان لێ وەرنەگرتن (واتا گۆرانییان پێ نەوتن و گوێیان نەداونەتێ - باکوری). لە کرماشان، ئەوەی کردم، کردم... حەوت سەعات (شریتیان) گرت (واتا بۆیان تۆمارکردن - باکوری). لەسەر سەرم. لەسەر چاوم. حەوت سەعات گۆرانییان وت (حەماسەت گرتوویەتی لەکاتی قسەکردنا - باکوری) ئەمما ڕۆژێ کە ڕۆیشتن جەڕەیەک ئاوم بۆ هەڵگرتن (مەبەستی جەڕەیەک یان چەند بوتڵێک (عەرەق)ی بۆ ئامادەکردن - باکوری). بەڕێم کردن مەلا بانگی نەدابوو، کە من قەت نوێژ ناکەم ئینشاڵڵا، چونکە دکتۆر بۆی نووسیوم!!، ئەمما ئەو ڕۆژە مەلا بانگدان مەجبوورببووم ئەو برادەرانەم بەڕێکردن لەجیاتی نوێژ یاخوا خوا بەنوێژی بنووسێ! وەڵڵاهی لە (جیوەی کرماشانی) لە (سەماوەری نەوت)... ئەوەی پێم کڕرا سەوقات! بۆم کڕین. (مەبەستی دیاری بۆیان کڕی - باکوری). ئەوە... گلەییە ها!! ئیلاهی ئەلحەمدولیللاهی ڕەب لعالەمین.

مەلا بانگدان بەتەلەفۆن بەمنیان گوت: میوانەکانت خەبەرکە. میوانەکانم بەهەزار دەردی سەر خەبەر کردەوە، ماشینی (واتا سەیارەی تەکسی - باکوری) هات. (وا دیارە بەشەو تا درەنگ دانیشتوون و خواردوویانەتەوە و مەستی مەستان بووین، بۆیە بەیانی مەلا بانگدان هەڵسان لەخەو زەحمەتە - باکوری). جەڕەیەکی جوان جوان بەدڵی خۆم، ئەو شتەی کە من خۆشم ئەوێ لە حەیاتی خۆما، بۆم کڕین! بزانە چ ئاوێک (مەبەستی - مەی - واتا عەرەقەکەیە - باکوری). بەڕێم کردن... زۆر شادبووم! هەڕدە شەو من خزمەتی ئەوانم کرد. ئەلحەمدولیللا، یارەبی یارەبی، خودا لە عانی مەستیشدا، هاوار دەکەم، خودا... خودایە، بەڕێم کردن» (لێرەدا خۆی پێ لێدەنێ کە مەستە - واتا سەرخۆشە - بۆیە قسە زۆر دووبارە دەکاتەوە و لەکاتی قسەشدا، زۆر چاک وشەکان خواروخێچ دێنە دەرەوە لە دەویا - باکوری). هەروەها دیارە گلەیی لەوانە دەکا کە ئاوا خزمەتی کردوون، بەڵام کە گەڕابۆوە عێراق، کەس لەوانە خۆشیان نیشان نەدابوو! ئەمجا حەسەن دریژە بەقسەکانی دەدا و دەڵێ:

«هێنامیانە سلێمانی. شەش مانگ... لەژێر شکەنجە و تەعزیبی بەغدا بووم... خودا ڕوحمی کرد

لەهیچدا نەبووم... هێنامیانە کەرکووک، بردمیانە مووسڵ. بەقەراغ هەولێری جواندا کە ڕۆیشتم... ئەی هاوار کوردی هەولێر، کەسێک بەدەرەوە نییە لە حاڵم بپرسێ بڵێ چ کارەی؟ لەناو قەفەزی پۆلیسخانەدا - تەنیا نەفەرێک وەک «خولەپیزە»یان گرتبێ. هەڕدە پۆلیس منیان دەبرد، ئەی هاوار، لەم مالّەبووم، لەو مالّە بووم، تەماشام دەکرد پەنجەرەکانیان دیاربوون، ئەمما ئەی هاوار: بەشەر نەبوو بڵێ: حەسەن زیرەک بۆ کوێ دەبەن؟ (لێرە باسی تێپەڕبوونی بەهەولێردا بۆ مووسڵ و ئەو مالاّنەی کە کاتی خۆی، لە خۆشییاندا لەوێ گۆرانی گوتووە و ئاهەنگی گێڕاوە... کەچی کاتی بەبەندی (بەحەپسی) بەوێدا، بەسەیارەی (سجن) تێپەڕبووە، کەسی نەدیوە یا کەس نەبووە بپرسێ... ئەوە حەسەن کێوە دەبەن؟ - باکوری). دوایی باسی ئەوە دەکا کە دەیگەڕێننەوە کەرکووک و لەوێوە ئاودیوی ئێرانی دەکەنەوە.

حەسەن زیرەک،، لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٢ نەخۆشی پێوە دیار دەبێ. دەچێتە لای برای (مینە)، پێی دەڵێ: هیچت نییە. عارەقت زۆر خواردووتەوە. لە پاشان، نەخۆشییەکە زیاتر یەخەی دەگرێ و ئینجا دەیبەنە نەخۆشخانە و نەشتەرگەری بۆ دەکەن، بەڵام بێ سوود! لە ئورمێ و تاران و تەوریز نیشانی دکتۆرانی ئەدەن... هەموو وەڵامیان ئەوەبووە کە نەخۆشی شێرپەنجە هەموو لەشی گرتۆتەوە و چارەی نەماوە... بەتایبەتیش لە سینە و جگەری دەرچووە...

ئەوەبوو لە ڕۆژی دووشەمەی، ڕێکەوتی ١٩٧٢/٦/٢٦ لە بۆکان، (ساڵی ١٣٥١ی ئێرانی) دڵە پڕ ئاواز و چالاک و زیرەکەکەی لە لێدان وەستا و حەسەن گیانی بەیەزدانی پاک سپارد و بەم جۆرە ڕۆژانی ژیانی کۆتاییان هات و کۆچی دوایی کرد.

ئەوەل جار لە گۆڕستانەکەی (بۆکان)یان ناشت. مەلای گوند لە مەهاباد بوو، کە هاتەوە، وتی: من لێرەبوومایە داوام لێ دەکردن لەسەر (نالّەشکێن) بینێژن، چونکە لەلای من وەسیەتی کردووە کە ئەگەر مرد، لە بەرامبەر بۆکان، لە تەلانێکی بەرامبەری، لەسەر نالّەشکێن بینێژن. هەر ئەو دەمە، دەچن لە قەبرەکەی دەردەهێنن و ئەیبەن، لە شوێنێکی بەرز، لەسەر شاخی نالّەشکێن، بەرامبەر (بۆکان)ی خۆشەویستی، دووبارە دەینێژنەوە. هەزار سڵاو لەگیانی پاکی بێت.



وێنەی ئەو قەفەزەی لەسەر قەبری حەسەن زیرەک دروست کراوە.

لەسەر کێڵەکەی ژێر سەری نووسراوە:

گۆڕی زیرەکی نەمر، زیارەتگای پیر و جوانە

جێگای ڕاز و نیاز و مرادی ئاشقانە

ئەگەر هاتیە سەر قەبری شاد بە نەکەی بۆی بگری

عیشق و شادی هەوێنی دڵی هونەرمەندانە

هەروەها لەسەر ئەو تەختە بەردەی سەر

سینەی قەبرەکەی نووسراوە: خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی بەرامبەر بە١٩٢١ی زایینی لەدایک بووە و لە ١٣٥١ بەرامبەر ١٩٧٢ لە جیهان دەرچووە. ئەو بەیتە شیعرانەش لەدوایی نووسراون:

زیرەک زۆرت کرد خزمەتی هونەر
ژینت لەپێناو هونەر بردەســـەر
رۆژگارت ساتێ بەبێ غەم نەبوو
بەڵام لە هونەر هیــچت کــەم نەبوو

لە کۆتایی ئەم نووسینەما لەبابەت خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک ئامۆژگارییێکم هەیە حەز دەکەم بەبرا نووسەرانی ڕابگەیەنم، بەتایبەتی ئەوانەی (مێژوو) دەنووسن... هەر مێژوویێک بێت! پێیان دەڵێم، ئازیزان... نووسەرانی بابەتی مێژوویی... زۆر وردبنەوە لە نووسینەکانتانا... بۆ نووسینی مێژوویێک، چەندین سەرچاوە بخوێننەوە و بەراوردیان بکەن و لێکۆڵینەوە بکەن... ئینجا کامیان ڕاست بوو، بەدڵنیاییەوە ئەوە بنووسن... مێژوو مەشێوێنن! چونکە ئەو شتەی تۆ ئەمڕۆ دەینووسیت، هەر بۆ ئەمڕۆ... بۆ ئێستا نییە... نووسینەکەت ئەگەر لە ڕۆژنامە بوو یان لە کتێب بوو، دەیەها ساڵی تر... سەد ساڵی تر دەخوێنرێتەوە... ئەوکاتە ئەو (هەڵە مێژووەی) کە جەنابت کردووتە، خەڵکانی تریش هەڵدەخەڵەتێنێ و مێژووە (هەڵە)کە دەچەسپێ بەسەر میللەتدا و مێژووی میللەتەکە بە(هەڵە) دەمێنێتەوە و زۆر هەڵەی تریشی لەدوادا دەکرێ بەهۆی مێژووە ناڕاستەکەت!

لەو کتێبانەی لەسەر هونەرمەند حەسەن زیرەکم خوێندنەوە، چەندین هەڵەی: مێژوو و ناو و باسی ترم بەرچاوکەوت و گوتم لە ئاخیری شتێکیان لەسەر دەنووسم... جا چاک کردنەوەی هەموو ئەو هەواڵە ناڕاست و هەڵانە، کاتی زۆر و نووسینی زۆری دەویست و منیش کاتی زۆرم نەبوو... و ئەوەش جاری یەکەم نییە کە ئەم ئامۆژگارییانە دەردەبڕم و هەر دەڵێم: بڕایان نووسەران... ڕاست بنووسن... مێژوو مەشێوێنن... زانیاری ڕاست، تێک مەدەن و مەیکەن بەهەڵە... بەڵگە بخوێننەوە و بەبەڵگەوە نووسینەکانتان بەڕاستی بنووسن: لێرەدا، یەک نموونە دەهێنمەوە، ئەویش لە کتێبەکەی کاک میرزا کەریم خۆشناو، کە لەژێر ناوی: (حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەرهاتەکانی)دایە. نووسەر، کاک میرزا کەریم، کە بەداخەوە بیستم کۆچی دوایی کردووە خوای لێ خۆش بێ!!

لەلاپەڕە (١٥٥)ی کتێبەکەی، چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هونەرمەندی مەقامبێژی ڕەسەن، خوالێخۆشبوو (حوسێن عەلی) کردووە دەربارەی (حەسەن زیرەک) و لێی پرسیوە ڕۆژی ٢٠/١٠/١٩٨٥:

ڕات چییە دەربارەی خوالێخۆشبوو؟ (وای نووسیوە لەجیاتی خوالێخۆشبوو حەسەن زیرەک).

لە وەڵامەکەیدا، ڕەحمەتی (حوسێن عەلی) وتوویەتی: «... مامۆستای گۆرانیبێژ حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٤٩دا، لە ئێستگەی کوردی، یەکترمان ناسی و چەند جارێکیش پێکەوە دانیشتووین...» ئینجا مەتحی دەنگی حەسەن زیرەک دەکات... و شتی تر کە ئەوەم پێویست نییە لێرەدا. ئەوەی دەمەوێ... یا ئەو هەڵەی دەمەوێ ڕاستی کەمەوە لە قسەکەی حوسێن عەلی هونەرمەند، ئەوەیە کە: نە حوسێن عەلی، خۆی

و نە حەسەن زیرەک، هەردووک بەرەحمەت بن، لە ساڵی ١٩٤٩ نەچووبوونە ئێزگە.

حەسەن زیرەک، وەک لەو ژیاننامەی پێشووی حەسەن زیرەک کە باسم کردووە و بەڵگە و ڕۆژنامە و گۆڤارەکان باسیان کردووە و خۆشم هەر بەڵگەیەکم، ئەو برایە لەدوا مانگەکانی ساڵی ١٩٥٣ گەیشتە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا، بەو ڕێگایەی باسمان لێوەکردووە بەدرێژیی! واتا لە ساڵی ١٩٤٩ هێشتا حەسەن زیرەک لە ئێران بووە و میدیای زەندی هاوسەری باسی ئەو ساڵانەی ژیانی حەسەنی بەدرێژی کردووە لە پێشەکییەکەی کتێبی (چریکەی کوردستان - چاپی دووەم) ئەما حوسێن عەلی ڕەحمەتی، ئەوە لە ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ بۆ یەکەم جار چوومە ئێزگە و مەقامێکی گوت لەگەڵ بەستەیەک کە لە ئاوازی مامۆستا عەلی مەردانی نەمر بوون. ئەوەش، من، بەڵگەم هێناوەتەوە کە باسی (حوسێن عەلی)م کردووە لە کتێبەکەما (گۆرانیبێژە نەمرەکان) - بەشی یەکەم - کە لە هەولێر لە چاپ دراوە لە مانگی (ئاب)ی ساڵی ٢٠٠١ و هاوڕێی زۆر نزیکی (حوسێن عەلی)، مامۆستای مەقامزان (کاک شوکور خەیات)، کە لە ژیاندایە و لە هەولێرە و گفتوگۆم لەگەڵدا کردووە لە بەرنامەکەم (گۆرانیبێژە نەمرەکان) کە بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم ئامادەم کردووە و پێشکەشم کردووە. جا لەو بەرنامەیەدا، مامۆستا شوکور خەیات خۆی، لە وەڵامی پرسیارێکم، دەڵێ: لەنێوان ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ حوسێن عەلی چووەتە ئێزگە.

کەواتە حوسێن عەلی لە ئێزگە، لە ساڵی ١٩٤٩ تووشی حەسەن زیرەک نەبووە و نەیدیوە، بەڵام دەبێ لەدوای ١٩٥٣، لە بەغدا یا لە سلێمانی یەکتریان بینیبێ و لەوانەشە لە مالێکا، یا لە دانیشتنێکا گۆرانیشیان پێکەوە گوتبێ!.

دیسان لە نووسینەکەی کاک عوسمان شاربازێڕی دەڵێ: حەسەن زیرەک لە ساڵی ١٩٢٦ لە دایک بووە. کەچی هەموو بەڵگەکانی تر و تەنانەت لەسەر کێڵی سەرسینگی قەبرەکەی نووسراوە کە حەسەن زیرەکی خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی کە دەکاتە ١٩٢١ز لەدایک بووە.

هەندێ لە گۆرانییە ناسراو و بەناوبانگ و خۆشەکانی حەسەن زیرەک

١

دەچمە سەر نالەشکێنێ بەرامبەر بە بۆکانێ
ئەی وەی بەرامبەر بە بۆکانێ
یاری من هەر نەجیبە، باریکە و نەشمیلانێ
مردم کورتێی خاڵ دانە دانێ
دەچمە سەر نالەشکێنێ بەرامبەر مەحمود ئاوا
ئەی وەی بەرامبەر بەمیراوا
یاری من هەر کەژاڵە، چاوی کاڵە
سوورە گوڵەی باخی ساوا توخوا پێی بڵێن بۆچی تۆراوە
دەچمە سەر نالەشکێنێ، بەرامبەر بەمیاندواوێ

ئەی وەی بەرامبەر بەمیاندواوێ
عەشقی بالای لێو ئاڵ بووم، کوڵمی گوڵی سێلاوێ
ئەی وەی دنیام بێ وی من ناوێ
دەچمە سەر نالەشکێنێ بەرامبەر بە سابلاخێ
ئەی وەی بەرامبەر بە سابلاخی (یا بەرامبەر خاتوون باخی)
یاری من هەر کەژاڵە، چاوی کاڵە
بۆچ لە من بووە یاخی...
دەچمە سەر نالەشکێنێ بەرامبەر بەعەلیاباد
ئەی وەی بەرامبەر مالی عەلیاباد
عاشقی چاوی کەژاڵم، شیرینە، بەوێنەی نەبات!
ئەی وەی مەحتەل بوو بۆچی نەهات؟
دەچمە سەر نالەشکێنێ، بەرامبەر مالی شێخلەر
ئەی وەی بەرامبەر مالی شێخلەر
عەشقی بالای نەجیبم، قەد باریکە و ڕەش ئەسمەر
هاوار قەد باریکە و ڕەش ئەسمەر
دەچمە سەر نالەشکێنێ بەرامبەر بەگەرمێنێ
ئەی وەی بەرامبەر بەگەرمێنێ
عاشقی چاوی لێو ئاڵم، خودا لە منی نەستێنێ
یاری من هەر لێوئاڵە بۆ من سەد ملیۆن دێنێ
ئەی وەی...

۲- لە فۆلکلۆرەوە

چاوم بەچاوە کاڵەکەت کەژ و کەژاڵێ
لێوم بەلێوە ئاڵەکەت کەژ و کەژاڵێ
نایەمە نێوی ماڵەکەت کەژ و کەژاڵێ
نامە شەریکی خاڵەکەت کەژ و کەژاڵێ
ئەمان کەژێ دیدەم کەژێ
زولف شۆڕ و گەردن بەخاڵی خۆشم دەوێی ناسک و مندالی
سوێندم خواردووە بەپەرچەمی کەژ و کەژاڵێ
تا دەم نەنێمە نێو دەمی کەژ و کەژاڵێ

نابم بەشەریکی خەمی کەژ و کەژاڵێ
سوێندم خواردووە ناچمە حەجێ کەژ و کەژاڵێ
حەجم بۆ بێتە نێو، لە جێ کەژ و کەژاڵێ
تا ماچ نەکەم خاڵی خەجێ کەژ و کەژاڵێ
کزەی سەرت بەمیرات بێ کەژ و کەژاڵێ
نەحلەت لەو شەرت و بەقات بێ کەژ و کەژاڵێ
نەبا شێنێ بەتەمات بێ کەژ و کەژاڵێ
هەروا دەڕوا دەکا ڕەوتێ کەژ و کەژاڵێ
وەکو کۆتری بەر مزگەوتێ کەژ و کەژاڵێ
سووتام برژام چۆقەم کەوتێ کەژ و کەژاڵێ
شەدەی سەرت بەمیحرابە کەژ و کەژاڵێ
لێی ڕادیارە مالی کابە کەژ و کەژاڵێ
عەمر و دیدەم، دیدەم ڕابە کەژ و کەژاڵێ
مەمکت هەناری ئاوارە کەژ و کەژاڵێ
سینگت خەیلێ مەزەدارە کەژ و کەژاڵێ
ئەگەر بمدەن لە سێدارە کەژ و کەژاڵێ
ئەمان کەژێ دیدەم کەژێ، کەژ و کەژاڵێ
خۆشم دەوێی ناسک و مندالی کەژ و کەژاڵێ
مەمکت دوو میم و کافێکە کەژ و کەژاڵێ
لە سینەی سینە سافێکە کەژ و کەژاڵێ
هەر ماچێکت تەوافێکە کەژ و کەژاڵێ

۳- چاوت جوانە لەیلا...

هەڵبەست و ئاواز و گوتنی حەسەن زیرەک

هەوران کۆ بەکۆیە
دەخوێنێ هەڵویە
دڵ موبتەلای تۆیە
بۆ تۆ مردم لەیلا...
چاوت جوانە لەیلا
لەیلا... لەیلا... هێ هێ هێی

هەوران تێکیان دەخوڕی
مەمکان کراسیان دەدڕی
نەمری دایکی کوڕی
بۆ تۆ مردم لەیلا...
ئەمشەو شەو زستانە
بەفران گرت کۆڵانە
یاری من زۆر جوانە
بۆ تۆ مردم لەیلا... لەیلا
هەوران گازە گازە
دەخوێنێ گەڵوازە
یارم خوماری نازە
بۆ تۆ مردم لەیلا
بریا هەر نەمدیبای
دیتم نەمناسیبای
ناسیم بەدڵی خۆم بای
بۆ تۆ مردم لەیلا...
لەیلا... هێی هێی هێی

تیپی مۆسیقای ڕادیۆی کرماشان بەسەرۆکایەتی (عبدالصمدی) بە(قەرەنای – کلارنێت) و (میرزادە بەکەمانچە) لە کاتی ئاهەنگێکی (حەسەن زیرەک)

٤- کێژان

هەڵبەست و ئاواز و گوتنی: حەسەن زیرەک

کێژان دەچنە مێرگۆڵان، وەڵڵا مێرگینان
تێکڕا دەچن وەنەوشان
ئارەق لە هەنیەی دەتکێ تک تک دێتە خوار
تەڕ دەکەن پانیەی کەوشان
کێژێ بێنە ماچت کەم (دەبا ڕات مووسم)
وەباڵ بەئەستۆی پێ خۆشان
چاوی خومار و نێرگز، بۆچی نایەی بتبینم؟
پڕ بەدڵ تەماشا کەم دەرچێ گیانی شیرینم
یارەبی مەرگت نەبینم
کێژان دەچنە مێرگۆڵان ئەی وەی مێرگینان
تێکڕا دەچن هەڵاڵان
عارەق لە هەنیەی دەتکێ تک تک دێتە خوار
تەڕ دەکەن وردە خاڵان
کچێ بێنە ماچت کەم جارجار ڕات مووسم
وەباڵ بەئەستۆی دەڵاڵان
چاوی خومار و نێرگز بۆچی نایەی بتبینم؟
پڕ بەدڵ تەماشای کەم دەرچێ گیانی شیرینم
یارەبی مەرگت نەبینم
کێژان دەچنە مێرگۆڵان ئەی ئەوەی مێرگینە
تێکڕا دەچن بێزایە
عەرەق لەو هەنیەی دەتکێ تک تک دێتە خوار
تەڕبوون خاڵی لەیلایە
لەوەتەی ئەو کچەم دیوە هیچ کەسم وەبیرنایە
چاوی خومار و نێرگز
بۆچی نایەی بتبینم
پڕ بەدڵ تەماشاکەم
دەرچێ گیانی شیرینم

یارەبی مەرگت نەبینم

٥- چارۆگە هەولێرییە

هەڵبەست و ئاواز و گوتنی: حەسەن زیرەک

لە دووری تۆیە ڕەشپۆشم
مەست و خومار و سەرخۆشم
بەماچت دێ فەرامۆشم
چارۆگە هەولێرییە
کۆڵوانە هەولێرییە
لە دووری تۆیە عەبدالّم
مەست و خومار و بێ حالّم
بۆ ماچێکت زۆر شەلّالّم
چارۆگە هەولێرییە
کۆڵوانە هەولێرییە
لە دووری تۆ گرفتارم
مەستم خومارم ناچارم
عاشق بەچاوی نازدارم
چارۆگە هەولێرییە
کۆڵوانە هەولێرییە

***

٦- کرماشان...

هەڵبەست و ئاواز و گوتنی: حەسن زیرەک

کرماشان شاری شیرینم
شاری جوان و کوردنشینم
حەز دەکەم دایما بتبینم
خۆشم دەوێی کچە جیران
بەدۆستم بێ یا دەزگیران
دە وەرە وەرە بابان وێران
کرماشان شارێکی جوانی

شاری گەورەی کوردستانی
ساحێبی تاق وەسانی
خۆشم دەوێی کچە جیران
بەدۆستم بێ یا دەزگیران
سوورە گوڵەی نێو موکریان
کرماشان شارێکی جوانە
شاری گەورەی کوردستانە
ساحێبی تاق وەستانە
خۆشم دەوێی کچە جیران

تیپی مۆسیقای ئازەربایجان، لە ڕادیۆی تاران، بەسەرۆکایەتی هونەرمەند (جاوید) – محەمەدی ماملێ گۆرانی تۆمار دەکا و حەسەن زیرەک لەگەڵ (کۆرس)ە.

١١- شەوکەت رەشید

هونەرمەند شەوکەت رەشید

سەرچاوەکانی ئەم نووسینە:

١- مەحمود زامدار، رۆژنامەی (رۆشنبیری نوێ) ژمـــــارە (٥)، ١٩٧٤/١/١ لە وتارێکی بەناوی (گـفـتـوگـۆیەک لەگـەڵ شەوکەت رەشیدی هونەرمەند).

٢- وریا ئەحـمـەد، رۆژنامـەی (کـوردسـتـانی نوێ)، ژ (٥٨)، مـــارت ١٩٩٢، وتاری (بۆ گـیـانی هونەرمـەندی نەمـر شـەوکـەت رەشید.

٣- وشیار ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری (کاروان ژ (١٢١)، سالّی ١٩٩٨، لاپەرە (٩٤) وتاری: شەوکەت رەشید لە خانەی نەمریدا.

٤- جیهانبەخش کۆیی، گۆڤاری (رامان) ژ (٣١)، ٥/ک٢ ١٩٩٩ ل٢٢٤، وتاری: سالّیادی (مەلا ئەنوەر)ی هونەرمەند.

٥- وشیار ئەحمەد ئەسوەد، گۆڤاری (رامان)، ژ (٤٩)، ٧/٥/ ٢٠٠٠، وتاری: پەیڤێک لە بارەی... هونەرمەند قادر مەردان. ل٢٥٤

٦- نورالدین جاف، گـۆڤـاری (رەنگین) ژ (١٤٧)، سـالّی ٢٠٠١، ل١٤، وتـاری: ئاوڕدانەوەیەک لە مۆسیقای... تیپی سلێمانی.

٧- بیرەوەرییەکانی خۆم لەگەڵ خوالێخۆشبوو لە سالّی (١٩٥٥)ەوە، لە کەرکووک، تا پێش ڕاپەڕینی ١٩٩٠.

٨- نامیلکەیەک بەناوی (بەستە و مەقام و کۆمەڵێک گۆرانیبێژ) لە دانانی عوسمان شارباژێڕی، لە سالّی ١٩٧٩ لە چاپخانەی ڕاپەڕینی سلێمانی لەچاپ درا.

***

چەند خۆشە گوێت لە گۆرانی خۆش و مۆسیقای بەجۆش بێ، لە هەر کوێ بیت، یا بۆ هەر کوێ بچیت... لەناو تاکسی، لە باخچەکانی یاری منداڵان، لە سینەما، لە چایخانەکان، لە خواردنگەکان... لە تەلەفزیۆن لە مالّان، لە زەماوەند و شایی ڕەشبەڵەکی لە کۆڵانان و لە هۆڵ و لەسەر شانۆ! ئای چ خۆشە هەمیشە مۆسیقایەک یا گۆرانیێکی خۆش لە گوێتا بزرنگێتەوە! من زۆر حەسوودی بەو خەڵکانە دەبەم کە لە تەلەفزیۆن، لە شەقامەکان، لە شارەکانی جیهان، دەردەچن... سەیر ئەکەی ئەوا کیژێک لە شوێنێکا دانیشتووە... لە کارگەیەک... لەسەر مێزی نووسینگەیێکی ڕێکوپێک، کار دەکات، بەڵام (سماعە)یەکی

بچووکی لەناو یەکێ لە گوێچکەکانی داناوە و لە ڕادیۆیەکی بچووک یا موسەجیلەیەکی بچووک، کە لە یەکێ لە باخەڵەکانی دایە، گوێی شل کردووە بۆ گۆرانی یا مۆسیقا! یا گەنجێکی باخچەوان، لە باغێکدا وا خەریکی لق و پۆپ بڕینی درەختەکانە، یاخود گوڵەسیس بووەکان دەقرتێنێ یان مەکینەی فریز بڕین پاڵ پێوەدەنێ و چیمەنێک ڕێک دەخات، بەڵام سەیری گوێی بکە ئەوا ئەویش سەماعەیەکی لە گوێی دایە و لە ئامێرێکی بچووک، گوێی لە مۆسیقایە لە هەمان کاتی کارکردنیدا. دەڵێن: مۆسیقا خۆراکی عاشقانە! ئایا تەنها عاشق حەز لە مۆسیقا ئەکەن؟ ڕەنگە تا حەددێکی دوور وابێ! بەڵام لە هەموو شار و ولاتێکیش. زۆر کەسی بەسالاچوو دەبینین گوێ لە مۆسیقای سیمفۆنی و کۆرال و ئۆپرا ڕادەگرن و بەڵکە هەندێکیان مودمنی مۆسیقان و کەچی تەمەنی عاشق و عاشقبازییان بەسەربردووە و لەمێژە لەدواوە بەجێیان هێشتووە! دەتوانین بەوانە بڵێین: عاشقانی مۆسیقای ڕووتن، مەرج نییە عاشقی کیژ و کوڕان بن!

لەلای خۆشمان، هەر لە زۆر کۆنەوە، لە کوردستان بایەخ بەمۆسیقا دراوە و هەمیشە مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژان لە سەرووی دیوەخانان شوێنیان بۆ دابین کراوە. دەنگخۆشی گۆرانی چڕین بەهرەیەکە... خوا بەخشە! خوا ئەیبەخشێ بەمرۆڤی هەست باش و دڵنەرم و پڕ سۆز و خۆشەویستی بۆ گەل و نیشتمان.

شەوکەت ڕەشیدی خوالێخۆشبوو لەو مرۆڤە دڵ ناسکانە بوو، خاوەن هەستێکی پڕ خۆشی و شادمانی بوو! ئەو کەسەی خۆشدەویست، وەکو خۆی، ئێسک سووک و قسە خۆش و گوڵی مەجلیس بوایە. یەکێکی وەک هونەرمەندی نازدار، مەلا ئەنوەر، کە هاوڕێیەکی دێرینی بوو، قەت و قەت ڕووگرژیان لە یەکتر نەبینیوە! شەوکەت ڕەشید و مەلا ئەنوەر، دوو جەستەی جیاجیا بوون، بەڵام یەک ڕوح بوون! یەک هیوا... یەک تەبیعەتیان هەبوو!



هونەرمەند مەلا ئەنوەر ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە (١٩٥٧ز)

شەوکەت ڕەشید، چاکترین کلارنێت ژەنی سەردەمی خۆی - لەپاش قادر دیلان - و مەلا ئەنوەر (ئەنوەر تاهیر)، چاکترین (قانوون) ژەن و مەقامزان بوو، تاکو ئەمڕۆش، جارێ یەکێکی تر وەک خۆی نەهاتووە. بەڵام من پێشبینم بەوەی کە (کاک زانا)ی کوڕی مەلا ئەنوەر، لە زەمانێکی نزیکی داهاتوو، بتوانێ شوێنی باوکی بگرێتەوە.

مەلا ئەنوەر بچووبایە کەرکووک، لە مالّی شەوکەت ڕەشید دەمایەوە، شەوکەتیش بچووبایە کۆیە، ئەوە مالّی مەلا ئەنوەر، ئەغلەب، شوێنی حەوانەوەی دەبوو! ئینجا سەیرت دەکرد، هەندێ جار، لێیان دەبوو بەهەرا... لەسەر قسەیەکی هاکەزایی... یامشتومڕێکی سەرپێیانە لەسەر نەغمەیەک... مەقامێک... ئاوازێک! هەریەکە و بۆچوونی خۆی دەردەبڕی و بەڕاستتری دەڕمارد! لەیەک دوو هەرای ئاوا من حازر بووبم، لە کەرکووک و، لە سلێمانی! مەپرسە چەند پێدەکەنیم کە هەریەکەیان هاواری دەکرد بەسەر ئەوەکەی تر! مەلا ئەنوەر هەڵدەستا سەرپێیان و شەوکەت پاڵێکی سووکی پێوە دەنا

و مەلا ئەنوەر دەکەوتەوە سەر کورسییەکەی یا تەختەکەی لەسەری دانیشتبوو، چونکە لەو سالانەی دوایی تووشی نەخۆشی (التهاب الفقرات وانزلاق) بووبوو، تەنانەت دارەدستیشی بەکاردەهێنا، لە رۆیشتنا، لەگەڵ ئەوەش کە زۆر بەتەمەن نەبوو، هەزار سڵاو لە گیانی پاک و ڕۆحە شیرینەکەیان بێ و ڕەحمەتی خوای گەورەیان لێ بێ و جێگایان بەهەشتە ئینشائەڵڵا!!.

هونەرمەند شەوکەت ڕەشید، هونەرمەندێک بوو، کارامە و بەتوانا و لێهاتوو لە بواری مۆسیقاژەنین و ئاوازدانان و گۆرانی وتن. بۆیە (گۆرانی وتن)م خستە دواوە، چونکە، بەڕاستی، شەوکەت بەفێربوونی (مۆسیقا) دەستی پێ کرد و لە جۆقی عەسکەری کەرکووکیش مۆسیقا فێربوو کاتێ ناوی هات بۆ سەربازی، لە تەمەنی (١٨) سالێدا. لەوێش ئامێری فووداری هەڵبژارد بۆ مەشقکردن و فێربوون، وەک (کلارنێت و فلووت). ئینجا، لە هەنگاوی دواتر هەوڵی ئاوازدانانی دا لەم بوارەش زۆر سەرکەوتووبوو. هەنگاوی دوای ئەمەش، دەستی کرد بەگۆرانی وتن و چەند ئاوازێکی خۆشی بۆ خۆی دانا و لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا بەشی کوردی، یەکەم گۆرانی بەدەنگی خۆی و ئاوازی خۆی تۆمارکرد، کە گۆرانی (چاوی کاڵت دڵ ئەفڕێنێ) کە ئەوەش لە ساڵی ١٩٥٧دا بوو.

هونەرمەند شەوکەت ڕەشید لە ساڵی ١٩٣٠دا، لە گەڕەکی (مەڵکەندی) شاری سلێمانی، چاوی بۆ دونیای شیرین و تاڵی هەڵهێنا.

ئەم زانیارییە لە چەند سەرچاوەیەک هاتووە. بەڵام مامۆستا عوسمان شارباژێڕی، لە نامیلکەکەیدا بەناوی (بەستە و مەقام و کۆمەڵێک گۆرانیبێژ) نووسیویەتی کە: شەوکەوت ڕەشید عیززەت، لە ساڵی ١٩٣٢ لە شاری سلێمانی، لە گەڕەکی مەڵکەندی لەدایک بووە. واتا دوو ساڵ هەیە لەنێوان سەرچاوە جیاجیاکانی لەمەڕ ساڵی لەدایکبوونی شەوکەت ڕەشید. جا ئەمەش، لای ئێمەمانان ئەوەندە گرنگ نییە! ئەگەرچی، ئەگەر ڕاستیت دەوێ، مانگێک جیاوازی هەبێ، گرنگە لە ژیانی مرۆڤدا! لە ولاتانی ئەورووپا و گشت ولاتانی کە ئایینی مەسیحیەتیان پەیڕەو کردووە، زانیاری تەواو و ڕاست لە بابەت هەر هاوولاتییەکی مەسیحیدا هەیە لەو کەنیسەیەی ئەو هاوولاتیە تیایدا (تەعمید) کراوە. لە سجلاتی تایبەت لەهەر کەنیسەیەک، ناوی تەواوی (مُعَمَّر)ەکە، واتا ئەوەی لەوێ، لەسەردەستی ئەو قەشەیەی کە لەوکاتەدا، لە کەنیسەکە ئیدارەی کردووە، ناوی تەواو و ناوی خێزانەکە و نازناو (لقب) و سەعات و ڕۆژی لەدایکبوونی و ڕۆژ و مێژووی تەعمیدکردنی لەو (سجلات)انەدا، لە لاپەڕەیەکی تایبەتدا، تۆمار دەکرێ.

شەوکەت ڕەشید قۆناغی سەرەتایی قوتابخانەی هەر لە سلێمانی تەواوکرد. لەو تەمەنەیدا هەستی کردووە کە بەهرەی دەنگخۆشی هەیە و لەگەڵ منداڵانی گەڕەک، ئەوانەی لە دەوروبەری تەمەنی خۆیدا بوون، گۆرانی دەگوت... لاسایی گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی ئەوسای دەکرد... ئەو دەبووە گۆرانیبێژەکە و منداڵانیش بەچەپڵەوە بۆیان دەگێڕایەوە وەک کۆرس و ئیتر کۆڵان بەکۆڵان و جادە بەجادە، بەدەردی مامۆستا عەلی مەردان گوتەنی، دەهاتن و دەچوون بەدەم بەگۆرانییەوە. ئەم حاڵەتە لە قوتابخانەکەشیدا دووبارە دەبۆوە! کاتێ مامۆستا دەیپرسی، لە چەند دەقیقەی دوای وانەکەیان، کێ لە ئێوە گۆرانی یا

سروود ئەزانێ، بۆمان بڵێ؟ منداڵانی هەڤاڵی شەوکەت وەڵامیان دەدایەوە: «مامۆستا، شەوکەت دەنگی خۆشە و فلانە گۆرانی دەزانێ». ئینجا مامۆستا داوای لێ دەکرد کە ئەو گۆرانییە بچرێت. ئەمیش شەرمی دەکرد و لەسەرەتادا، نەی دەگوت! جارێک و دووان و سییان، مامۆستا و قوتابییەکانیش هانیان ئەدا و ئینجا شتێکی بۆ دەگوتن، بەشەرمەوە. لەپاشان دووبارە بوونەوەی ئەم جۆرە داوایانە، لە مامۆستاکانی تریش، ئینجا شەوکەت شەرمی شکا و وای لێ هات هەر لەگەڵ یەکەم جار کە داوای لێ بکرابایە، جار هەر کەسێ بوایە، دەستی بەگۆرانی وتن دەکرد.

لەهیچ سەرچاوەیەکم نەخوێندەوە و نەشم بیست کە شەوکەت ڕەشید چوونێتە قوتابخانەی ناوەندی. بەڵکو دوای تەواوکردنی قۆناغی سەرەتایی و لە تەمەنی سیانزە چوارەدە ساڵیدا، خەریکی ئیشوکار و هەندێ کاسبی سووکەڵەی کردووە تا تەمەنی بوو بە(١٨) هەژدە ساڵان و ناوی لە تەجنیدەوە هات بۆ عەسکەری، بوو بەسەرباز و نێردرایە فەوجی تەدریب لە کەرکووک – ئەوەبوو داوای کرد کە لە جۆقی مۆسیقای قەیدکەن و قبوڵ کرا و دەستی کرد بەتەمرین، ڕۆژانە، لەگەڵ تیپەکە.

کاک وشیار ئەحمەد ئەسوەد لەگەڵ ڕەحمەتی شەوکەت، ماوەیەکی زۆری ڕابواردووە و لە نزیکەوە شارەزای ژیان و هونەر و هەڵسان و دانیشتنی بووە. هەروەک خۆی دەڵێ: ئەگەر من کەمێک زانیاریم لە مەقامات و گۆرانی هەبێ، ئەوە لەوەوەیە واتا لە شەوکەوت ڕەشیدەوەیە. لە بەرنامەکەم بۆ تەلەفزیۆنی هەرێم لە ١٦ی نیسانی ١٩٩٨، بەبۆنەی یادی کۆچی دوایی شەوکەت، کاک وشیارم دواند و بەدرێژی زۆر شتی باسی خوالێخۆشبوو کرد. وتی: «خوالێخۆشبوو شەوکەت ڕەشید جێی دەست و پەنجەی لە گەشەپێدانی مۆسیقا و گۆرانی کوردیمان بەڕوونی دیارە. ئاشنایەتیم لەگەڵ ئەم هونەرمەندە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ کە لە چەند ئاهەنگێکدا، من گۆرانیبێژ و ئەو مۆسیقاژەن بووە... لە نزیکترین یارمەتیدەر و پیشاندەری ڕێگای هونەریم بوو. ئێمە لەگەڵ خاووخێزانی... کوڕ و کچەکانی دۆستایەتی نزیکمان هەبوو.»

وشیار ئەحمەد ئەسوەد

کاک مەحموود زامدار لە ڕۆژنامەی (ڕۆشنبیری نوێ) گفتوگۆیەکی لەگەڵ شەوکەت ڕەشید کردبوو لە ڕۆژی ١٩٧٤/١/١دا بڵاوکرایەوە، لەو چاوپێکەوتنەی زامداری ئەدیب و نووسەری بابەتی هەمەجۆر، شەوکەت وتوویەتی: «بێجگە لە گۆرانیبێژی، وەکو مۆسیقازانێک ئەتوانم بەچاکی ئامێری مۆسیقا وەک: کلارنێت، عوود، نەی، سەکسۆفۆن، تەپڵ و جاز، جومبوش و زورنا بژەنم».

ئەم هونەرمەندە زیرەکایەتی و چوست و چالاکی هونەری، چ لە چوارچێوەی (جۆقە) عەسکەرییەکەی کەرکووک و چ لەو تیپە مۆسیقایانەی بەشداری تێداکردوون، بووە هۆی قبوڵکردنی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، کە شەوکەت ڕەشید وەک (قوتابیێکی خارجی) ئیمتیحانی وزاری بدات و کە تاقیکردنەوەکەشی کرد، بەپلەیەکی سەرکەوتوو

(امتیاز) بڕوانامەکەی وەرگرت کە لە ساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨دا بوو.

سەبارەت بەلایەنی خێزانییەوە، شەوکەت ڕەشید لە ساڵی ١٩٥٧ ژنی یەکەمی هێنا، (خاتو صدیقە محی الدین). لەو ژنەی تا سێ ساڵ منداڵیان نەبوو. بۆیە، لە ساڵی (١٩٦٠) ژنێکی تری خواست، (خاتوو میسریە عەبدوڵڵا ئەحمەد)ی ناو بوو. لەوێوە دەرگای ڕەحمەتی خوا بۆ شەوکەت و هەردوو خێزانی کرایەوە... ئەوەبوو لە (سدیقە خان)، ژنی یەکەمی، چوار (٤) کوڕ و کچێکیان بوو کە ناویان (سامان، سەروەت، سۆران، سەرتیپ و کچەکەش سۆزان)بوو. لە ژنەکەی دووەمیشی (میسریە خان)، خوا سێ کوڕ و چوار کچی پێ دان: (دەبڕۆ دەی! منداڵت دەوێ؟ فەرموو وەرگرە)... بەڵێ شەوکەت بووە باوکی (حەوت) کوڕ و (پێنج) کیژ. منداڵەکانی ژنی دووەمی ناویان ئەمانەن: (سامان، سروە، سۆلاف، سیروان، مەریوان، سۆزناک و سارا). من ئەو تێبینییەم کرد کە ڕەحمەتی شەوکەت حەزی لە پیتی (س) کردووە و منداڵەکانی، زۆربەیان، ناویان بە حەرفی (س:سین) دەست پێدەکەن! ئایا نهێنی ئەمە دەبێ چی بێ؟ ئایا چونکە (س) لەپێش (ش:شین) دێت! بۆ نموونە: سامان شەوکەت، سیروان شەوکەت، سۆزناک شەوکەت، سروە شەوکەت... ئەم هاتنی (سین)ە لەپێش (شین)ەکە، جۆرە ئیقاعێکی تیایە. مۆسیقایێکە! من وا هەست دەکەم!

شەوکەت ڕەشید ئامێری (جونبوش) دەژەنێ.

لە داهێنانێکی (شەخسی) و کارێکی هونەری زیرەکانە، شەوکەت بە مەحموود زامداری گوتووە کە ئەو دەنگی چارێگە تۆنی بۆ کلارنێت لە (دوو پەردە)دا دروست کردووە بۆ ئەمەی هەموو ئاوازە ڕۆژهەلاتییەکانی پێ لێ بدرێت! کاک وشیاریش ئەوەی لە تەلەفزیۆن باس کرد هەر لە چاوپێکەوتنەکەی مەحموود زامداری وەرگرتبوو. بەڵام من شتێکی تر ئەزانم کە ڕەنگە ڕەحمەتی شەوکەتیش ئەمەی زانیبێ، بەڵام بۆچی نەیدرکاندووە و ئەم کارەی هەر بۆ خۆی بە بەهرەی خۆیەوە لکاندووە و گوتوویەتی: «ئەم کارە - واتا زیاکردنی چارەگە تۆن لە دوو پەردەی کلارنێت، شتێکە لە هەموو دنیا نەکراوە!.» کەچی، نەک لە هەموو دنیا، بەڵکو زۆر لە نزیکی خۆی بە(٧٠) کیلۆمەترێک بۆ لای ڕۆژهەلاتی کەرکووک، لە شاری سلێمانی، هونەرمەند (قادر دیلان)ی نەمر، لە سەرەتای پەنجاکانەوە، واتا نزیکی هەشت نۆ ساڵێک لە پێش شەوکەت ڕەشیدی نەمر، ئەو چارەگە دەنگەی لە کلارنێتەکەی زیادکردووە و لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی، لە بەغدا، چەندین ساڵ و لەگەڵ هەموو گۆرانییێژانی ئەو ئێزگەیە، لە مەقام و بەستەکانیاندا، کە هەموشیان نەغمەکانیان (شرقی صرف) بوون و پێویستیان بەچارێگە تۆن هەبوو، قادر دیلانیش لەگەڵیانا بەکلارنێتەکە، چ وەک (صۆلۆ) لەگەڵ مەقامەکان، یا وەک ئامێرێکی ئاسایی لەگەڵ تیپی مۆسیقای ئێزگە بەستە و گۆرانییەکانی دیکەی دەژەنی! بۆیە، من حەز دەکەم ئەوە بڵێم بۆ مێژوو، جارێکی تریش لە گۆڤاری (رامان) ئەوەم نووسیوە و بڵاوکراوەتەوە، کە قادر دیلان یەکەم کەس بووە،

دەنگی چارێگە (دەنگ)ی لە کلارنێتە حەیاتەکەیەوە ژەنیوە.

شەوکەت زۆر لە هونەرمەندانی سەردەمی خۆی هان ئەدان و دەستی دەگرتن و ڕێگای ڕاستی هونەری مۆسیقا و دنیای گۆرانی نیشان ئەدان. تەنانەت ئەو عەسکەرە (هونەرمەندانە)ش کە لە (جۆقە مۆسیقا)یەکەی عەسکەری کەرکووک بوون، دەرسی دەدانێ و یارمەتی ئەدان بۆ ئەوەی بێن بەمۆسیقاژەنی باش و لە تیپەکەیاندا چالاکانە بەشداری بکەن، کاتێ لە بۆنە و مۆناسەباتی ڕەسمی بەشداربیان لە ئاهەنگەکانی ڕەسمی حکوومەت دەکرد. شەوکەت چونکە بڕوانامە (شهادە)یەکی قوتابخانەی بەرزی نەبوو، بۆیە هەر لە پلەی (نائب ضابط جوق عسکری) مایەوە و چیتر (ترفیع)ی بۆ نەهات. ئەگینا لەو ماوە درێژەی کە لە جۆقەکە مایەوە دەبوایە ببێ بەئەفسەر (ضابط)یکی تەواو بەروتبەکاندا بەسەرکەوتبایە هەر لە مولازم (ثانی) و مولازم (اول)...تاد.

ئاهەنگی (نەورۆز)ی ساڵی ١٩٧٠، لە یانەی سلێمانی، لە چەپەوە: شەوکەت ڕەشید، نەشئەت حەمید، باکووری، یونس البصیر. (٤٣٩)

کاک وریا ئەحمەدی هونەرمەند و مۆسیقاژەن، لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)دا، لە مانگی (مارت) - ئاداری ١٩٩٢دا نووسیویەتی: «ساڵی ١٩٧٠ بوو، بۆ یەکەم جار لە (کۆیە) چاوم پێی کەوت لە (تیپی مۆسیقای باواجی) کە لە سەرەتای دامەزران بوو...».

ئەم قسەیەی (کاک وریا)م زۆر پێ سەیرە! ئەم قسەیەم لەیەک دوو ئەندامی (تیپی مۆسیقای باواجی) دیکە بیستووە، لە گەنجەکان و نەوەی ساڵانی حەفتاکان و دواتر! من دەپرسم: ئەدی من - باکوری - چ تیپێکم دامەزراند ساڵی ١٩٥٧ لە کۆیە، کە بوومە مامۆستای قوتابخانەی ناوەندی؟ ئەدی مامۆستاکانی (کاک وریا ئەحمەد)، کێ گرتنی ئامێری مۆسیقای بەدەستیانەوە فێرکردن؟ کێ زاهیر محەمەد و سەردار ئەحمەد و ئەکرەم باقی و وریا قادر و ئیبراهیم فەرەجوڵڵا و ئەنوەر تاهیر (مەلا ئەنوەر) و حەمید ئیسماعیل و ڕەحمەتی کاکە مەم قادر... تاد.! فێرە هەنگاوە سەرەتاییەکانی مۆسیقای کردن؟... وریا ئەحمەد چاک ئەزانێ کە یەکەم تیپی مۆسیقا لە کۆیە، من - باکوری - دامەزراند و... نەوەی دوای منیش، کە کاک وریا ئەحمەد یەکێکە لەو گەنجانەی هەر لەسەر دەستی قوتابییەکانم، کە دواتر بوون بەمامۆستا، فێرە مۆسیقا بووە. ڕاستە من دەرسی مۆسیقام پێی نەگوتووە... بەڵام ئەو زانیاری تەواوی هەیە لەسەر چۆنیەتی دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە! جا ئەم شاردنەوەی ئەو زانیارییانە، ڕۆڵی من ناشارێتەوە، چونکە لە دەیەها سەرچاوە، لە کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی کەوا

هەر لە ساڵی (١٩٥٧)ەوە دەرچووین و تاکو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، مێژوو و چۆنیەتی دامەزراندنی ئەم تیپە ڕوون و ئاشکرا باس کراوە! ئیتر نەیانخوێندووە، کە دەبێ بیزانن و بیخوێنن، ئەوە ڕووی خۆر بەبێژینگ ناشاردرێتەوە، کە بووە دووەم تیپی مۆسیقا لە هەموو کوردستان، دوای تیپی مۆسیقای مەولەوی سلێمانی، کاریگەرییێکی گەورە و گرنگ هەیە لەسەر سەرجەم بزووتنەوە و چالاکی هونەری لەو شارە دێرین و خنجیلانەیەدا.

لە بیرەوەرییەکانی هونەرمەند وریا ئەحمەد، لە سەرەتای حەفتاکانا، بەهۆی شەوکەت ڕەشید چەند ئاهەنگێکی سەرکەوتوو و ڕێک و خۆشی سازداوە، جارێک لە سلێمانی، بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ لەگەڵ تیپی باواجی و بەهاوکاری کۆمەڵی وێژەی کوردی جارێکی دیکەش لە هەولێری دێرین، دیسان بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژان تەمسیل و ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان پێشکەش بەجەماوەری هەولێر کردووە لە هۆڵی گەل.



هونەرمەند کاک وریا ئەحمەد ئەندامی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە ساڵی ١٩٧٠ پەولاوە. عوودژەنە و ئاواز دانەرێکی لێهاتووە.

کاک وریا بیرەوەرییەکی تری خۆش دەگێڕێتەوە دەڵێ: «ڕۆژانی پێنج شەموان و هەینی، من و (ئەنوەر تاهیر - مەلا ئەنوەر)، بەئامێری (جومبوشەوە)، لەکۆیەوە دەچووینە کەرکووک - بۆ لای کاک شەوکەت - لەوێشەوە لەگەڵ شەوکەت ڕەشید، بۆ سلێمانی، شەو لەگەڵ برایانی هونەرمەند و دەنگخۆش و هونەر دۆستی ئەو شارە، بەسەفەر و سەیران و مەقام گوتن، کاتمان بەسەر دەبرد. ئەو هونەرمەندە - واتا شەوکەت ڕەشید - بەئەندامی شەرەف لە تیپی مۆسیقای باواجی بوو. لە یەکەم ئاهەنگی تیپەکەمان، لە ١٩٧٠ کە لە یانەی فەرمانبەرانی کۆیە کردمان، ئەو لەگەڵمانابوو، کە بەرهەمی دووەمیشمان بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکرد لە ساڵی ١٩٧٢، ئەو (شەوکەت) بەئامادەکردنی گۆرانی و بەمۆسیقاژەنین و بەگوتنیش بەشداری لەگەڵدا کردین.»

شەوکەت ڕەشید دەری بڕیوە و گوتوویەتی: «(٢٢) گۆرانی و (٣) پارچە مۆسیقام لە ئێستگە تۆمارکردووە. لە تەلەفزیۆنیش (٤) گۆرانی و (٣) پارچە مۆسیقا و سروودم هەیە...» ئەم قسانەی بۆ کاک مەحموود زامدار گێڕاوەتەوە و ڕوونیشی کردۆتەوە کە لەگەڵ هەموو تیپەکانی مۆسیقا، لە کوردستان بەشداری دەکات وەک تیپی سلێمانی و باواجی و لە کەرکووک.

شەوکەتی نەمر ئاوازدانەرێکی زۆر باش بوو و ئاوازەکانی بەتام و خۆش بوون و زیاتر پشتی بەکەلەپوور و فۆلکلۆری کوردییەوە دەبەست. ئاوازی داناوە بۆ هونەرمەندانی وەک: ئیبراهیم ئەحمەد، ئیبراهیم خەیات، عوسمان عەلی، محەمەد نێرگز، سەلاح مەجید، سەلاح ڕەشیدی برای، و جگە لەوەش لەزمە و پێشەکی مۆسیقایی بۆ چەندین گۆرانیبێژ داناوە. لە سەرەتای حەفتاکانا - ١٩٧٤، هەروەک

نووسەری بەناوبانگ کاک مەحموود زامدار و باکووری - هەولێر لە باخچەی مالمان - هاوینی ١٩٩٧

تیپی مۆسیقای (سۆلاف) لە کەرکووک لە ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٦١دا

بەکاک مەحموود زامدار)ی گوتووە: سەرپەرشتی (تیپی هونەر و وێژەی کوردی - لقی سلێمانی) دەکرد.

بەڕای کاک شەوکەت ڕەشید، لە پێش و لە حەفتاکانا، بزووتنەوەی هونەری لە شاری کەرکووک، تاکو ١٩٧٠ و ١٩٧١ زۆر بەچالاکی و بەرهەمی پاک و خاوێن پێشکەش ئەکرا. باسی تیپی مۆسیقای سۆلاف لە هەموو مالێ و لە هەموو دانیشتنێکدا ئەکرا. لە تەلەفزیۆن و لە هەموو هۆڵ و لەسەر شانۆکان، بەرهەمی جوان و چاکیان پێشکەش دەکرد. بەڵام، هەروەک شەوکەت خۆی وتوویەتی، زۆر بەداخەوە چەند گیروگرفتێک بالی (مەلی) تیپی (سۆلاف)ی شکاند و وردە وردە لاواز بوو و تواوە و - ئەفسووس - نەما و ناوی لەنێو ناوان ڕەش کرایەوە! شەوکەت بێ ئومێد نەبوو - دەیگوت هەر دەبێ بژێتەوە، چونکە هەوێنەکەی - واتا شەوکەت خۆی، کە دامەزرێنەری سەرەکی بوو - هەر ماوە - ئەو هیوایەی بۆ کاک زامدار دەرکاندووە.

لەبابەت تیپی مۆسیقای (سۆلاف)ەوە، ئەوەی زانراوە کە کاک شەوکەت یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی ناودارترین تیپی مۆسیقای ساڵانی شەستەکان، کە ئەویش (تیپی مۆسیقای سۆلاف) بوو کە بۆ ماوەی (١٠ دە ساڵان)، واتا تا ساڵی ١٩٧٢، سەرپەرشتی ئەم تیپەی دەکرد و یەکێک بووە لە تیپە مۆسیقاییییە زۆر چالاکەکانی کوردستان، کە بەشداربیان لە ئاهەنگەکانی شارەکانی کوردستان، بەبۆنەی جیاجیا کردووە. کاک وشیار گوتی: لە ساڵی ١٩٧٠، لە (حەسار) گەورەترین ئاهەنگیان کرد کە بەهەزاران کەس لەوێ کۆببوونەوە و ئەو شایەدیە و گەواهییە دەدەن. لە ئەندامانی تیپەکەی (سۆلاف)، جگە لە شەوکەت ڕەشید کەوا بەکلارنێت ژەنین بەشداری دەکرد، محەمەد ڕەزا (عوودی دەژەنی)، خوالێخۆشبوو عەلی عەزیز، شمشالی لێ ئەدا، قادر مەردان کەمانجەی ئەژەنی، هەروەها عەبدوڵلا محیەدین بەکەمان بەشداری دەکرد...

لە چالاکییە دیارەکانی تیپی مۆسیقای سۆلاف ئەوەبوو کە یەکەم ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا کە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک پێشکەش کرا، لەلایەن تیپی (سۆلاف)ەوە ڕێکخرا و بەرهەم هێنرا.

شەوکەت ڕەشید، لە خۆشەویستی بۆ ئەم تیپە نازدارەی کە لە کەرکووک، بۆ یەکەم جار، وەک تیپێکی

کوردی دامەزرا، لەو خوێندنەوە ناوی یەکێک لە کچەکانی ناوە (سۆلاف)، هەر وەک پێشتر ناوی منداڵەکانی کاک شەوکەتمان بڵاوکردەوە.

هەروەها لە دیارترین چالاکی هونەری خوالێخۆشبوو، ئۆپەرێتی (بووک و زاوا) بوو کە لە ئامادەکردنی ئەوبوو و لە فیستیڤاڵی یەکەمی هونەری کوردی، لە بەهاری ساڵی ١٩٤٧، لە بەغدا پێشکەش کرا و بەچاکترین پلە، خەڵات کرا.

ئینجا بێمە سەر باسی (کەی و چۆن شەوکەت ڕەشیدم ناسی)تان بۆ بکەم:

لە شەوێکی هاوینی درەنگی ساڵی ١٩٥٥، مامۆستا لە کەرکووک بوو، بەڵام خۆم لە بەغدا دەژیام، لە بەشی ناوخۆ (القسم الداخلي)ی کۆلیجی (دار المعلمين العالية)، چونکە قوتابی بەشی زمانی ئینگلیزی بووم لەو کۆلیجەدا، وەک لەوە پێش ڕوونم کردەوە. بەڵام لە پشووی هاویندا دەگەڕامەوە مامۆستا لە کەرکووک. جا یەکێک لە گەنجە خزمەکانم، ئەو شەوە ئاهەنگی بووک گواستنەوەی بۆ ڕێکخراوبوو و خزمان و دۆستان و خەڵکێکی زۆری ئاسووری و کوردی دانیشتوانی کەرکووک و ناسیاو و دراوسێی مامۆستا بووک و زاوا ئامادەبوون لەو ئاهەنگە خۆشەدا کە لە گازینۆی (عەرەفە)دا بەڕێوەدەچوو! لە گۆرانیبێژان من و بەهەشتی (تۆماس یوماڕەن)ی لاوکبێژی ناوداری ئاسووری بانگ کرابووین. من هێشتا شەوکەت ڕەشیدم نەدیتبوو و نەم دەناسی. کاتێ کە نۆرەم هات و بانگیان کردمە سەر مایکرۆفۆنەکە، بەخۆ و بەعوودەوە چووم دانیشتم و سەیرم کرد لەودیو و ئەودیوەم چەند گەنجێک دانیشتبوون، بەزمانی کوردی بەخێرهاتنیان کردم و خۆیان پێشکەش کرد. هەندێکیان دومبک و دەف و تەپڵیان لەسەر چۆکیان دانابوو وەک خۆ ئامادەکردن تاکو لەگەڵما بەشداری بکەن. جا ئەو گەنجەی لە تەنیشتی لای ڕاستم دانیشتبوو و دومبکی پێ بوو وتی ناوم شەوکەت ڕەشیدە و عەسکەرم لە (جۆقی مۆسیقای عەسکەری) ئەندامم. دیاربوو منیشیان دەناسی و ناوی دوو سێ لە گۆرانییەکانی منیان هێنا کە بەڵایانەوە خۆشبوون و خۆشیان دەویستن! جا کاتێ دەستم کرد بەگۆران یگوتن، کاک شەوکەت و هاوڕێکانی بەشداربیان لەگەڵدا کردم و بەڕاستی یارمەتییەکی چاکیان دام. تومەس ئەوانە ناسیاو و دراوسێی مامۆستا زاوا و بووک بوون. یەک دووێکیان خەڵکی (کۆیە) بوون و لە کۆیە، کاتی خۆی، دراوسێی مامۆستا زاوا بوون.

بەم جۆرە ئەو شەوە شەوکەتم ناسی و تا درەنگی شەو مانەوە لەگەڵماندا و شایی و ڕەشبەڵەکێکی ڕێکوپێکمان بەڕێوەبرد و جۆرەها هەڵپەڕکێی ئاشووری و کوردیمان بۆ میوانەکان لێدا. بەڵام شەوکەت و هەڤاڵەکانی تەنها وەک (کۆڕس) ئەو گۆرانییە کوردیانەی کە دەیانزانی، لەدوامادا بۆیان دەگێڕامەوە. شەوکەت دیاربوو جارێ هیچ گۆرانی خۆی نەبوو کە لەو ئاهەنگەدا بیلێ و پێشکەشی بکات. بەڵام دومبک و ئیقاعێکی نایابی بۆ لێدام. لەوەبەدواوە، ئیتر زۆر تووشی یەکتر دەبووین و هەندێ جار بۆ لای سینەمای غازی، یا ئەتلەس دەڕۆیشتم و لەبەردەم ئەو هۆڵەی کە جۆقە عەسکەرییەکە ڕاهێنانیان لێی دەکرد، ڕەت دەبووم، ڕێگام لەوێوەبوو. جا چەند جاری لە شەوکەتم دەپرسی و عەسکەرێک دەچووە ژوورەوە و بۆی بانگ دەکردم و چاک و خۆشیمان دەکرد وتاوێک دەوەستاین و باس و خواسی مۆسیقا و

گۆرانی دەکرا. یەک دوو جاریش مەوعیدم بۆ داناوە، وەک میوان، کە فلان ڕۆژ، بەشەو لە فلان شوێن بێتە ئەوێ و ئامادەبێ. جا دەهات بەکلارنێت و بەدومبکەکەیەوە، لەگەڵما پێکەوە مۆسیقامان لێ ئەدا و گۆرانیمان دەگوت لە گۆرانییە فۆلکلۆرە کۆنەکان! هەزار سڵاو لە گیانی پاکی بێت!

شەوکەت ڕەشید، وەک مۆسیقاژەن، دەست و پەنجە و ڕیشەی لە لێدانی ئامێری ژێدار (آلات وترية) وەک عوود و جومبوش، زۆر پاک و بێ نشاز بوو. بۆ گۆرانی وتن قورگی و ژێیەکانی دەنگی نەرمۆڵە و ساز و ڕێکوپێک بوون... وەک ئاوازدانەر، ئاوازی دڵگیر و ڕەسەن و خۆش و بەتام بوون... خۆ وەک (نۆتەزان) و خوێنەری مۆسیقای بە(نۆتە) نووسراو، یەکی تری وەک خۆی نەبوو! ئەمەشی لە جۆقی عەسکەری فێربوو چونکە لەو جۆقە هەر بەنۆتە مۆسیقایان دەخوێند! جگە لەو چالاکیانەش، زانیارێکی زۆری هەبوو لەبابەت (مەقام) بەگشتی و مەقامە کوردییەکان بەتایبەتی. زۆر جاران لەگەڵ مەلا ئەنوەر کە باسی مەقام دەهاتە گۆڕێ، هەریەکەیان زۆر بەوردی و بەدیقەت مەقامی باس لێکراویان شی دەکردەوە، واتا (تحليل)یان دەکرد! هەردووکیان وەک یەک ئاگاداری هەموو جۆرە مەقامێک بوون. بەڵام شتاقیان خۆیان لە مەقام نەدا و هەردووکیان مەقامیان نەگوتووە و تۆماریان نەکردووە، لەکاتێ کە هەردووکیشیان یارمەتی ئەو کەسانەیان ئەدا کە حەزیان لە مەقام گوتن دەکرد. جا ئەوان ڕێنماییان دەکردن. مەلا ئەنوەر لە کۆیە و شەوکەت ڕەشید لە کەرکووک.

لە ساڵی ١٩٧٠ دوای بەیانی ١١ی ئادار لە جەژنی نەورۆزی ئەو ساڵە، دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی حکوومەت لە سەرتاپای عێراق و لە هەموو شار و شارۆچکەکان، بەنوێنەرەکانی خۆی، وەک پارێزگار یا قایمقام یا بەڕێوەبەری ناحیەکانی ڕاگەیاندبوو کە هەستن بەئاهەنگ سازدان و خەڵک کۆکردنەوە بۆ شایی و هەڵپەڕکێ بەدەهۆڵ و زورنا، ڕێکبخەن. بۆ شارەکانی کوردستان کاروانێکی ئاشتی ڕێکخرا و هەموو مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژانی کورد ئەوانی لە بەغدا بوون و لەگەڵ هونەرمەندە عەرەبەکان بەرەو کەرکووک بەڕێکەوتن. ئینجا ئێمەش، هونەرمەندانی هەولێر: من و ڕەحمەتی تەحسین تەها و کاک فوئاد ئەحمەد و تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی تەبلیغ کراین و ئیفادمان بۆ دەرچوو بۆ ماوەی (١٢) دوانزە ڕۆژ کە بچین بگەینە ئەوان دەست بکرێ بەئاهەنگ لە کەرکووکەوە. ئەوەبوو ئەو ڕۆژە هەموو لە (فندق کرکوک)ی ئەوسا، کە لە ناوەندی شاربوو، جێمان بۆ حیجز کرابوو و لەوێ کۆبووینەوە. ئینجا شەوی یەکەم (١٥)ی نیسان لە سینەمای ئەتلەس ئاهەنگەکە کرا. شەوی دووەم (١٦)ی نیسان، چووینە (ملعب)ی کەرکووک. ئیتر عالەمێک کۆبووبۆوە، ئەوەندە قەرەبالغ بوو... جەماوەرێکی بەزەوق کۆبووبۆوە لەو ساحەیە... نە سەری دیاربوو نە دوایی! جا بۆ گۆرانیبێژەکانی عەرەب، تیپی مۆسیقای خۆیان هێنابوو لەگەڵیانا مۆسیقایان لێ ئەدا. ئەما لەگەڵ گۆرانیبێژە کوردەکان و تورکمانەکان، ئێمە... مۆسیقاژەنە کوردەکان مۆسیقامان بۆ لێ ئەدان: من، شەوکەت ڕەشید، نەشئەت حەمید، لەگەڵ (یونس)ە کۆری عازفی ئەکۆردیۆن لە ئیزاعەی کوردی و عازف تەپڵێک و کەمانچەژەنێکی بەشی عەرەبی لەگەڵمانا دەهاتە سەر شانۆ. بۆ ڕۆژی سێیەم هەینی بوو ١٧ی نیسان، هەموو هونەرمەندەکان بەرەو شاری سلێمانی ڕۆیشتین، لە ڕێگاش بەهارێک بوو، قەت وا خۆش و بەبەرەکەت و بەگیاوگوڵ نەبوو.

ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٧٠ لە یانەی فەرمانبەران لە سلێمانی – لەگەڵما، مۆسیقاژەنەکان: لە چەپەوە: شەوکەت ڕەشید (کلارنێت)، نەشئەت حەمید (شمشاڵ)، (یونس) ئۆکوردیۆن – لە ئیزاعەی کوردی بەغدا، هەروەها تەپڵ ژەنێکی ئێزگەی بەغدا.

هەر لە دەربەندی بازیان ڕەت بووین، بەرەو سلێمانی، منداڵان: کێژۆڵە و کوڕگەلی ئەو ناوچانە، بەنێرگز و حاجیلە ترومبێلەکانیان گوڵباران دەکردن: سێ پاصی گەورەی (مصلحة نقل الرکاب) پڕ بوون: ئەوانی دێنەوە بیرم لەم کاروانەدا کە لە بەغداوە هاتبوون: مائیدە نەزهەت، عەفیفە ئەسکەندەر، ئەحمەد خەلیل، یاس خضر، فاضل عّوادي گۆرانیبێژ، جەلال کۆچەر، داود القیسي، ناظم نعیم، خضر الیاس، سامی عبدالاحد، ابراهیم خلیل و لە موسڵمەوە هونەرمەندان عیسا بەرواری و محەمەد عارفێ جزیری هاتبوون. لە هونەرمەندانی تورکمانی: عبدالواحد کوزەچی و حەمە قەلای بەشداریان کرد تەنها لە ئاهەنگەکانی کەرکووک – ئیتر لەگەڵمانا نەهاتنە سلێمانی و هەولێر. هەروەها (عبدالاله حاج موسا)ی بەڕێوەبەری ڕادیۆی کوردی بەغدای ئەوسا لەگەڵمانا بوو، ئاگاداری هونەرمەندە کوردەکانی پێ سپێردرابوو... لە سلێمانیش سێ شەو ماینەوە لە شەوی ٤/١٧ لە یانەی فەرمانبەران ئاهەنگمان کرد، لە ٤/١٩ لە سینەمای ڕەشید ئاهەنگ کرا. ٤/٢٠ هاتینە هەولێر لە هەولێریش شەوێک لە هۆڵی گەل ئاهەنگ کرا و شەوی دووەم دیسان لە هۆڵی گەل. ئینجا ڕەحمەتی ڕەسوڵ گەردی، ئەو مرۆڤە سەخیبەی کە هەموو هونەمەندانی عەرەبیش دەیانناسی و خۆشیان دەویست، بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٢ی مانگی نیسان هەمووانی دەعوەت کردین، لەو خانووە قوڕە بچووکەی کە دەکەوتە ئەو شوێنەی ئێستا پەیکەرەکەی (شێخ مەحموودی)تیادا قیت کراوەتەوە و لە سەرەتای شەقامی پزیشکان. دوو ژووری زۆر بچووک و تاریک و هەیوانێکی زۆر بچووکیش لەنێوان هەردوو ژوورەکە بوو. حەوشەکەش زۆر بچووک بوو، کەپرێکی مێوی تێدابوو چاکترین (ترێ)ی دەگرت هاوینان. ئا لەو ماڵە، مام ڕەسوڵ خواردنێکی زۆر چاکی کرد... ئیتر لەبەر نەبوونی جێگا، هەریەکە قاپی خۆی بەدەستەوە گرتبوو لە سووچێکا، لەبەردەم ماڵەکەی دوو دوو، سێ سێ، وەستابوون خواردنیان دەخوارد، میوەیان دەخوارد، قسە و نوکتەی ڕەسوڵیان دەبیست و چایان دەخواردەوە. چەندین وێنەی فۆتۆگرافی گیرا لەم ڕۆژە خۆشە لەگەڵ قسە خۆشەکانی مام ڕەسوڵ کە بەعەرەبیبە تێک و پێک شکاوەکەی، لەگەڵ هونەرمەندە بەغدادییەکان قسەی دەکرد و وەڵامی دەدانەوە و ئەوان دەیاندا قاقای پێکەنین.

بەڵام کاتێ گەڕاینەوە لە سلێمانییەوە بۆ هەولێر، سەیرم کرد و چاوم گێڕا، لە بەینی کەرکووک و هەولێر، شەوکەت ڕەشیدمان لەگەڵ نەبوو. دیاربوو لە کەرکووک مایەوە و ماندوو بوو بوو، بۆیە لەگەڵمان نەهاتە هەولێر!

کاک وشیار ئەحمەد ئەسوەد، لە وەڵامێکی مندا کە داوام لێی کردبوو لەبابەت هەندێ بیرەوەری خۆی لەگەڵ شەوکەتی نەمر، کاغەزێکی بۆ نووسیوم و دەڵێ: «یەکێک لە گۆرانییەکانی شەوکەت ڕەشید کە خۆی هۆنراوە و ئاوازەکەی بۆ دانابوو بەناوی (چەند جوانە)، ئەو لە ساڵی ١٩٨٥ داینابوو. ئەوکاتە من لە شاخ بووم... دواتر کە گەڕامەوە لە دوو ئاهەنگدا، شەوکەت ئەم دوو گۆرانییەی گوت و منیش بە(کۆرس) لەگەڵی ڕاوەستام... دیاربوو ڕێک نەکەوت کە بۆ تەلەفزیۆن (تصویر)ی بکات... جا لەپاش مردنی، ئەوەبوو لەگەڵ کاک (مەریوان)ی کوڕی مامۆستا شەوکەت، قسەمان کرد – واتا لەبابەت گۆرانییەکە، باکوری – ئەو (واتا مەریوان)، وتی: کاک وشیار تۆ ئەم گۆرانییەی باوکم بڵێ و تۆماری بکە. لە ڕاستیدا من زۆر حەزم دەکرد تۆماری بکەم. بەڵام، وەکو وەفایەک بۆ بنەماڵەی شەوکەت ڕەشید و هەروەها وەک ڕەوشتێکی هونەریش، وتم: نەخێر. ئەمە گۆرانی باوکتە و بە(میرات) بۆ تۆ بەجێ ماوە و هەر دەبێ خۆت تۆماری بکەیت. ئەوەبوو کاک مەریوان، لە ساڵی ١٩٩٢ بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک تۆماری کرد.

کچە کوردێکی جوان

شەوکەت ڕەشید دڵێکی زۆر پاکی هەبوو، ئەگەرچی زوو تووڕە دەبوو، بەڵام قینی لەدڵ نەبوو – زۆر زووبش سارد دەبۆوە. چەندی بڵێی عاتیفی بوو. هاوکات مرۆڤێکی دڵتەڕ و ئاشقی جوانی بوو. لەو تەمەنەی خۆی، کە ٦٠ ساڵ تێپەڕیبوو، بەڵام حەزی دەکرد هەمیشە لە گۆرانییەکانیدا، کچی لەگەڵدابێ! کچی جوان، تاکو بەزەوق گۆرانییەکە بڵێ:

وێنەی هونەرمەندانی عێراقی لەبەردەم خانووەکەی ڕەسوڵ گەردی، لە نەورۆزی ١٩٧٠ بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ دەعوەت بوون.

بەڵێ هونەر... واتا جوان... جوانی و جوان پەرستی: سروشی جوان... ئافرەتی جوان! جوانی خۆراکی چاوە! چاوی هونەرمەندیش هەمیشە برسییە و پێویستی بەم خۆراکە هەیە، تاکو دەنگخۆشی بەردەوام بێ و، گۆرانی هەر بڵێ!

شەوکەت ڕەشید، لەسەر کچ، کاک وشیار دەڵێ «لێم تووڕە بوو»، چونکە ڕۆژێک گۆرانی تۆمار دەکا و بە وشیار دەڵێ: بزانە چەند کچێک پەیدا بکە بۆ کۆرس بۆ گۆرانییەکە، کەچی ئەو وتی: مامۆستا لە کوێ کچ پەیدا بکەم؟» جا بەزۆر ئاشتی کردبۆوە!

هەندێ لە گۆرانییە خۆشەکانی کاک شەوکەت ڕەشید، ئەوانەی خوارەوەن: (ژمارەی سەرجەم گۆرانییەکانی دەگاتە ٣٠ گۆرانی).

١- چاوی کاڵت دڵ ئەفڕێنێ - یەکەم گۆرانی بوو لە ئێزگەی ڕادیۆی بەغدا تۆماری کرد لە ١٩٥٧.

٢- کاڵێ هەی لیمۆ: ئەمەش یەکەم گۆرانی بوو بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووکی تۆمارکرد لە ١٩٦٨.

٣- کێ ئەڵێ تۆبەکە لە مەی - ئەم گۆرانییە ناوبانگی زوو بڵاوبۆوە و شەوکەت ڕەشید بەم گۆرانییە ناسرا.

٤- چاوەڕوانی.

٥- ئایبە و ئۆبیە... ئەو کچە جوانە کێیە.

٦- ئاخ لە بۆ شارەزایە.

٧- چەند جوانە (ئاوازی شەوکەت - وتنی مەریوان شەوکەت).

٨- جەژنە جەژنی شادیبە.

٩- قوربانی چاوی کاڵت بم

١٠- زۆر دەمێکە چاوەڕوانم.

هەروەها چەندین ئاوازی داناوە بۆ گۆرانیبێژانی دیکە، وەکوو: ئیبراهیم خەیات، ئیبراهیم سابیر، محەمەد نێرگز، عوسمان عەلی، سەلاح ڕەشید، شەوکەت تۆفیق، سەلاح مەجید، کامەران عومەر...

یەکێک لەو هونەرمەندانەی زۆر یەکتریان خۆش دەویست، هونەرمەند (عەلی عەزیز) بوو. دیارە هەردووکیشیان پسپۆڕبوون لە ژەنینی ئامێری فوودار: کلارنێت، فلووت، نەی (شمشاڵ)... کاک عەلی عەزیز، لە تیپی سۆلاف لەگەڵ کاک شەوکەت هەمیشە لە ئاهەنگەکانیاندا، بەشداری دەکرد بەژەنینی (شمشاڵ)، کە خوالێخۆشبوو زۆر ئیبداعی تیادا دەکرد و هەناسەی درێژ بوو لە ژەنینا... بۆیە شەوکەت زۆر ئیعتیمادی لەسەر هونەرمەند عەلی عەزیز دەکرد کاتێ ئاهەنگیان هەبوایە یاخود نیازی تۆمارکردنی گۆرانیان هەبوایە. ئەم وتنەی لە خوارەوە بڵاوی دەکەمەوە، هەردوو هونەرمەندان، لە سەفەرێکیان بۆ بەغدا بۆ تۆمارکردنی گۆرانی، بەو بۆنەوە پێکەوە ئەم وتنەیان لە ستۆدیۆی (الفنون) کە دەکەوتە شەقامی (السعدون)، نزیک

هەردوو هونەرمەندی خوالێخۆشبوو شەوکەت ڕەشید و عەلی عەزیز

(معرض بسکۆلاتە)، کە لە سالانی حەفتاکانابوو، لەوێ بەیەکەوە ئەم وێنەیان گرتووە، وەک یادگارییێکی ئەو سەفەرەیان ئەم وێنەیەش کاک وشیار پێشکەشی کردم و زۆر سوپاسی دەکەم.

لە ناوەڕاستی حەفتاکانا، کاک شەوکەت لەگەڵ ژمارەیێک مۆسیقاژەنی کەرکووک تیپێکیان دامەزراند و ناویان لێنا (تیپی مۆسیقای کەرکووک). لە دواییدا ئەم تیپە بەهەموو ئەندامانییەوە لە تەلەفزیۆنی کەرکووک وەرگیران و دامەزراندن و ناوی تیپەکە بوو بە(تیپی مۆسیقای تەلەفزیۆنی کەرکووک). ئیتر لەوکاتەوە دەیەها گۆرانیبێژ ڕوویان لە تەلەفزیۆنەکە دەکرد و بەرهەمەکانیان بۆ تۆمار دەکرا ڕۆڵی کاک شەوکەتیش ئاشکرابوو کە زۆر هانی ئەو کەسانەی ئەدا و پێشەکی مۆسیقایی بۆ گۆرانییەکانیان دائەنا و خۆشی سەرپەرشتی تیپەکەی دەکرد.

لە سالانی هەشتاکانا، ڕەحمەتی شەوکەت، بەرنامەیێکی بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک ئامادە و پێشکەش دەکرد ناوە ناوە، لەژێر تایتلی (ئارەزوومەندان) واتا بەرنامەیەک بوو هانی ئەو گەنجانەی ئەدا کە دەنگخۆشی و بەهرەی گۆرانی گوتنیان پێوە دیاربوو. جا پێشتر پرۆڤەی لەگەڵیانا دەکرد و تاکو گۆرانییەکانی بۆیان پاک دەکردەوە و ئەگەر پێویستیان بەلەزمەی مۆسیقا بوایە بۆی دائەنان و ئەگەر هەر کەموکورتییەک لە ئاوازەکاندا هەبوایە ڕاستی دەکردنەوە... ئینجا بەرنامەکەیان تۆمار دەکرد و پەخش دەکرا. زۆر لە گۆرانیبێژان بەهۆی ئەم بەرنامەیەوە بوون بەگۆرانیبێژ و ئێستا هەندێکیان ناویان ناسراوە لە کۆڕ و مەیدانی ئاواز و گۆرانی. منداڵەکانی کاک شەوکەتی نەمریش زۆربەیان دەنگخۆش و فێری مۆسیقا بووین و وەک سەلاح ڕەشیدی برای و سامان شەوکەتی کوڕی گەورەی و هەروەها سامالی کوڕی... کە لە هەموویان دیارترە کە تاکو ئێستا بەردەوامە لە مۆسیقا و لە ژەنینی (کلارنێت) کە جێگەی باوکی گرتۆتەوە و هەروەها لەبابەت مەقامەکانەوە شتی زۆر فێربووە لە باوکییەوە و چەندین ئاوازی خۆشی هەیە بەدەنگی خۆی تۆماری کردوون بۆ تەلەفزیۆنی کەرکووک وەکو: گۆرانی شیرین گیان، لەنجە لەنجە و گۆرانی (چەند جوانە) کە ئاوازی باوکییەتی.

شەوکەتی هونەرمەند لە سالی ١٩٨٩ خانەنشین کرا، بەڵام بەردەوامیش بوو لە خزمەتی هونەر و گیان و ڕووحی خۆی بۆ تەرخان کردبوو. لە مانگی (ئاب)ی سالی ١٩٩٠ تووشی (جلطة دماغية) بوو و بووە هۆی ئیفلیج بوونی هەموو لای چەپی. لەو ماوەیە هەر خەریکی خۆ عیلاج کردن بوو لای ئەو دکتۆر و ئەو پسپۆڕ... کەمێک چاکتر بوو. لە نەورۆزی سالی ١٩٩١ و ڕاپەڕینی جەماوەری گەلی کورد و ڕزگارکردنی شاری کەرکووک لەلایەن پاڵەوانان و جەنگاوەرانی کوردستان، بەڵام زۆری نەخایاند و سوپای عێراق گەڕایەوە و کەرکووکیان داگیرکردەوە. لەو گەڕانەوەی سوپا خەڵکێکی زۆر کوژران و هەڵاتن... لەم ڕۆژگارە ناسکەدا، خەبەریان بۆ مالی شەوکەت هێنا کە سەرتیپی کوڕی و سۆلاڤی کچی، کە زۆری خۆش دەویستن، پێیان ڕاگەیاندن کە هەردوو شەهید کراون! شەوکەتی کەساس بەرگەی ئەم هەواڵە (دڵتەزێنە) چۆن ئەگرێ؟ لە خەفەتان نەخۆشییەکەی دووبارە بۆوە و تووندتریش. لە ڕۆژی ١٩٩١/٤/١٧ واتا کەمتر لە ٢٥ ڕۆژ دوای داگیرکردنەوەی کەرکووک لەلایەن سوپای حکوومەتەوە، سیروانی کوڕی دەیبردەوە شاری سلێمانی بۆ لای دکتۆرەکەی خۆی - دکتۆر فوئاد بابان - کە پێشتر عیلاجی شەوکەتی دەکرد. بەڵام زۆر

بەداخەوە، وەک سیروان گێڕایەوە، کە هەر لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناو شاری سلێمانی و کە تا ئەو دەقیقەیە، شەوکەت هەناسەی هەبوو، بەڵام لەگەڵ گەیشتنیان بۆ سەرەتای شەقامی سەرەکی کە دەچێتە ناو شار، شەوکەت ڕەشیدی هونەرمەند، دڵی گەورەی پڕ ئاوات و هیوا بۆ دواڕۆژێکی خۆش و سەربەست بۆ میللەت و وڵاتی، لە لێدان وەستا و گیانی پاکی بەیەزدان سپارد. ئینجا دوای ئەم کارەساتەش، هەواڵی شەهیدبوونی کوڕەکەی و کچەکەشی بەدرۆ دەرچوو! ئینجا وەرە ئەو خێرانە... دایک و خوشک و برا، کەیفخۆش بن یا دڵتەنگ و خەمگین بن؟ بەڕاستی ئەم چیرۆکە بۆ شانۆگەرییەک یا فلیمێکی سینەما دەشێ، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەوکەت ڕەشیدی مۆسیقاژەن و گۆرانیبێژی نەمر بێت.

لە گۆرانییەکانی شەوکەت ڕەشید:

١- ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی:

ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی
بەکل و دەرمان دەیڕازێنی
هەردوو چاوی ئەبزوێنی
دڵی دڵداران دەردێنی
ئایبە و ئۆبیە
من مەیلم لە کۆبیبیە
ئەو کچە جوانە کۆبیبیە
هەردوو چاوی گەش و ڕەنگت
خونچەی گوڵی دەمی تەنگت
باڵای بەرز و شۆخ و شەنگت
پێکەنینی پڕ ئاهەنگت
ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی...
ئایبە و ئۆبیە...
ئاهەنگی گەشی کایەوە
دڵسۆزی ئای ئایەوە
بەدەنگی عوود و نایەوە
بەساز و مۆسیقایەوە
ئەی چاوانەی...
من مەیلم لە کۆبیبیە

بەم ڕەنگی دووچاوی گەشت
مەمکۆڵەی ئاڵی بێ غەشت
بە کوڵمەی بێ گەرد و گەشت
بەقەیرانی خاڵی ڕەشت
ئەو چاوانەی هەڵیان دێنی

٢- ئاخ بۆ شارەزایە:

هەموو ئاخ بۆ شارەزایە
تاوێ بۆ لام بهاتایە
سەیری کردایە
بەختیار ئەبووم لەو دنیایە
بۆ گوڵە باخەوانم
ئەو جوانەیە هێزی گیانم
وەکو بولبول بۆی ئەخوێنم
واز ناهێنم تا نەیهێنم
بۆی بووم بەباخەوانی تا
شێوەی جوانی
ئەی گوڵی بۆن خۆشی جوانم
ئەی ڕووناکی ڕێی ژیانم
ڕەنگت وەک خوێن گەشە
زولفت وەک قەترانی ڕەشە
پێبکەنە گوڵی جوانم
باخەوانم چاوەڕوانم
گوڵی نازی چاوەکانت
وەرە دەستم
وەڵلا شێت بووم لە هیجرانت
با بۆنکەم بەینی مەمانت
هەموو ئاخ بۆ شارەزایە... هتد.

٣- جەژنە...

جەژنە جەژنە جەژنە جەژنی شادییە
جەژنە جەژنە... یاخوا بەخێر بێی
جەژنە جەژنە
هەستن کوڕ و کچان دەهەستن ژن و پیاوان
دەسگرن هەڵپەڕن تا دەمەو بەیان
جەژنە جەژنە...
پێشوازی ئەکەین بەدڵ و بەگیان
بەئاوازی خۆش بەچەپڵە ڕێزان
جەژنە جەژنە
بەجلی کوردی سەرچۆپی بگرە
جەژنە جەژنە... یاخوا بەخێر بێی
دەست لەناو دەستان بۆ پیرۆزبایی
دوای پیرۆزبایی بیکەن بەشایی

شەوکەت رەشید (بەکلارنێت)
ژەنین بەشداری دەکات لەگەڵ
تیپی مۆسیقای (سۆلاڤ)ی
کەرکووکدا

٤- قوربانی چاوی کاڵت بم:

قوربانی چاوی کاڵت بم
قوربانی لێوی ئاڵت بم
قوربانی قژی خاوت بم
فیدای سینگ و مەمانت بم

قوربان قوربانت بم
یەکەم جاربوو کە تۆم بینی
گڕی جوانیت خاس تۆم بینی
لەو ڕۆژەوە لە دوات وێڵم
بەچاو ڕێگای تۆ ئەکێڵم
قوربان قوربان
سەپانی قژی خاوت بم
فیدای سینگ و مەمانت بم
قوربان قوربانت بم
هۆش و بیرت گشت لێ سەندم
لە دوای جوانی تۆ بەندم
ئاگرێکە لە دڵ دایە
بەهیچ جۆرێ لەبن نایە
قوربان... قوربانت
سەپانی قژی خاوت بم
فیدای سینگ و مەمانت بم

کیژۆڵەیەکی جوانی کوردستان

١٢- مشكۆ

مشكۆ هونەرمەندی قۆریات و بەستەی ڕەسەن و مەقامی کوردی. قەڵاتێکی تر بوو! قەڵاتێکی هونەری گۆرانی بوو لەتەک قەڵاتە دێرینەکەی هەولێر! لەلای خەڵکانی هونەر دۆست و خاوەن چێژوەرگرتن لە گۆرانی، کە ناوی کۆیە هاتە نێو قسەوباسی هونەری ئاواز و مەقام، زوو ناوی سێوە و تاهیر تۆفیق دێ! ئەگەر ناوی هەولێر و قەڵاتی هەولێر هات. یەکسەر ناوی مشکۆ. دێتە سەر زاران!. جا پێش ئەوەی باسێکی درێژی ئەو (قەڵاتە) هونەرمەندە بکەم، حەز ئەکەم باسی یەکەم جار کە مشکۆم بینی و ناسی. بکەم! یا ئەو شەوەم قەت لە یاد ناچێ، شەوێکی زستانی ساڵی ١٩٥٨ بوو لە کۆیە، کە (مشکۆ)م دیت و یەکترمان ناسی: لە دەرگای ماڵەوەمان درا، منیان دەویست. کە چوومە دەرەوە، مامۆستایەکی قوتابخانەی سەرەتایی کۆیە، ناوی مامۆستا خەلیل خۆشناو بوو، بەزەردەخەنەیەکەوە، دەستی بۆ درێژکردم و تۆقەمان کرد، ئینجا وتی هاتووم دەعوەتت بکەم ئەمشەو بۆ ماڵمان، لە خزمەتت دابین! منیش بەزەردەخەنەوە وتم: خێرە؟ وتی: برادەرێکی گۆرانیبێژی هەولێری بەو درەنگانە گەیشتووەتە کۆیە و ئەمشەو لەلام میوانە، جا حەز ئەکەم لەگەڵیا بەیەکدیتان بناسێنم و ئاشنایەتی لەگەڵیا پەیداکەی، دەنگی خۆشە و حەزی لێ دەکەیت، گوتم: ئەگەر ئەمە ڕاست بێ، ئامادەم



هونەرمەند مشکۆ

هونەرمەند مشکۆ لە ئاهەنگێکدا

ئەوەبوو لەگەڵیا چووم عوودەکەشم برد و بەپێ بەرێ کەوتین تا ماڵیان کە دووریش بوو بەڵام ئەوسا لە کۆیە تاکسی نەبوو، مۆدەی تاکسی گرتن بۆ ناو شار پەیدا نەبووبوو، تەنها لەنێوان شار و دەوروبەری. گەیشتینە ماڵی کاک خەلیل و یەکسەر بۆ ژووری میوانان. ژوورێکی بچووک و قشتیلە. دوو کەس لەسەر مافوورەکە دانیشتبوون کە ئێمە چووینە ژوورەوە، ئەوان هەڵسانە سەرپێ، ئینجا مامۆستا خەلیل وتی: تەقدیمتان دەکەم مامۆستا باکوری، ئەوەش کاک مشکۆیە؛ تۆ قەم لەگەڵیا کرد، پیاوێکی زەعیف و لاواز. کورتەک و شەروالێکی لەبەر... ناوبانگتمان لە هەولێر بیستووە! سوپاسم کرد و تۆقەیەکی گەرمان کرد، ئەوی تریش بەپێچەوانەوە: پیاوێکی قەڵەوی

سەر گەورە و ورگ ئەستوور، جەمەدانێکی لەسەر و پشتێنێکی چەند جار لە تەنگی پێچراو. مەیلەو کورتیلە! مامۆستای خانەخوێ وتی: ئەمەش برادەرمانە: کاک عەنتەر! پێکەنیم و وتم: وەڵاڵا عەنتەر ئەما عەنتەر، هەموومان پێکەنین، دانیشتم: دووبارە بەخێرهاتنیان کردم، ئەوان هەر یەکەو پێکیان لەپێش بوو، مامۆستاش بەخێرایی تەرتیباتەکەی بۆ من و بۆ خۆی کرد و لێی دانیشتین لەسەر مافوور و بالیف... کاک مشکۆ گەرم بوو بوو... وتی: چیت بۆ بڵێم؟ من وتم: وەڵاڵا مامۆستا مشکۆ، نازانم چی ئەزانیت. حەز ئەکەم خۆت ئەوەی حەزی لێ ئەکەی و خۆشە. بۆمان بڵێی. مشکۆ یەکسەر دەستی کرد بەچڕینی مەقامێکی بەیات و ئینجا بەستەکەی: نە مااڵم دەوێ نە گەنجی دونیا. ئەی هاوار نەمام!

هەڵبەتە ئەم بەستەیەم گوێ لێ بووبوو لە دانەرەکەی، کە (شێخ قابیل تاڵەبانی)بوو، کاتی خۆی لە ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە ساڵی ١٩٥٣ تۆماری کردبوو و چەند جارێکیش، لە کەرکووک لەگەڵ شێخ قابیل دانیشتبووم و عوودێکی چاکیشی لێ ئەدا، بەستەکەشی بەناوی (بێ ناو) تۆمارکردووە و ئێستاش ماوە جاروبار لە ئێزگەی بەغدای کوردییەوە پەخش ئەکرێ.

شەوەکەمان زۆر خۆش ڕابوارد. بەتایبەتیش چونکە دراوسێی ماڵی مامۆستا خەلیل، ئەو کێژە (مامۆستایە) بوو کە خەریک بوو ببێ بەدەزگیرانم. ئەویش لەگەڵ دەستە خوشکێکی تری هاتبوونە ماڵی مامۆستا، دیاربوو هاتوچۆیان لە بەینا بوو. لە ژووری خێزان دانیشتبوون لەگەڵ منداڵەکان و گوێیان لێمان ڕاگرتبوو، ئەم هەواڵە دوایی مامۆستا خەلیل پێی وتم. لە دەرەوە بوو، کە هاتەوە ژوورەوە وتی ئەوا هەندێ میوانمان هەنە مامۆستای ئافرەتن و داوای گۆرانی عەرەبی دەکەن! من پێکەنیم و زانیم مەسەلە چییە، بەڵام مشکۆ و عەنتەر نەیان ئەزانی.

هونەرمەند مشکۆ

ئەمە وەسفی یەکترناسینی من و هونەرمەندی قەڵاتی هەولێر، خوالێخۆشبوو مشکۆ بوو، بەڵام هەر ئەو شەوە هاتەوە یادم کە ناوی (مشکۆ)م خویندبۆوە لە وتارێکی خوالێخۆشبوو مۆسیقاژەنی ناسراوی کورد، (قادر دیلان) کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (ژین)ی بڵاوکردبۆوە، کە تیایدا وەسفی ئاهەنگەکانی تیپی مۆسیقای مەولەوی کردبوو کە بەبۆنەی لافاوەکەی سلێمانی. لە پایزی ساڵی ١٩٥٧ لە هەولێر گێڕابوویان و ناوی گۆرانیبێژە بەشداربووەکانیشی هێنابوو و نووسیبووی کە حەیدەر بەقاڵ و شێرکۆ (مشکۆ) و ڕەسوڵ گەردی و... ئەوانی تر.

هەروەها کە هاتنە کۆیە، لە کۆیەش سێوە و من و چەند گۆرانیبێژێکی تر بەشداریمان کرد، جا هەموو

ناوەکـان نووسـرابوون، بـڕوانە ڕۆژنامـەی ژین ژمـارە ١٣٧٢ لەم ڕیپـۆرتاجـەشـدا ناوی مـشـکۆ بەهەڵە (شێرکۆ)ی نووسیوە. چونکە ڕەحمەتی (قادر) دوای گەڕانەوەیان بۆ سلێمانی وتارەکەی نووسیبوو، بۆیە هەندێ ناوی لەیاد چووبوو و هەندێکیشی ناوی ڕاستی هونەرمەندەکەی لە بیرچووبۆوە و بەو شێوەی کە هاتبۆوە بیریەوە نووسیبووی منیش دوایی ئەم شتەم زانی. کە شێرکۆ مەبەستی (مشکۆ) بوو.

لە ساڵی ١٩٦١ گۆڤزارامەوە بۆ هەولێر، خوالێخۆشبوو خاڵە تاهیری نەمر ئەوسا لە موتەسەریفیەت فەرمانبەربوو لە -زاتیە- وەک کاتبی صادرە و وارد- ئێمەش خانوێکمان بەکرێ گرتبوو، لە گەڕەکی عـارەبان، پشت بینایەی مـوتەسـەریفـیـەت، بۆیە ڕۆژێ جارێ بەلانی کـەمـەوە دەچوومـە لای و چایەکم دەخواردەوە و هەندێ باس و خواسی گۆرانی و وەزعی (ئیزاعە)ی کوردی بەغدا و شتی ترمان دەکرد و ئینجا دەچوومـە دەوامی خۆم، تاهیـریش ئەغلەب ئێـواران، ئەگـەر نەچووبایە یانەی فـەرمانبـەران یاخـود لەلایەک دەعـوەت نەکرابایە دەهاتە مـاڵمان و بەدوو قۆڵی بۆی دادەنیشتین و شەوەکەمـان بەقسە و گۆرانی و عـوود گـۆێگرتن لە قەوانی کۆن بەسـەر دەبرد.

لەو مـاوەیەش کاک تاهیر منی ناساند بەژمـارەیەک لە هونەرمەندی گـۆرانیبـێژی هەولێری؛ حـەیدەر بەقاڵ، مشکۆ، حاجی فایق بەزاز،



هونەرمەندان تایەر تۆفیق و مشکۆ

حاجی جەمیـل قـاپقـاپچی، جەمـیلە، یوونس مـەحـمـوود، جگە لەوانی خـۆشم بەتەسـادوف پێـشـتـر هەندێکیـانم ناسیـبوون، بەتایبەتی مۆسـیـقـاژەنەکان وەک: یەحیا مەرجان، مونعیم مەزهەر، زیا نووری قـەسـاب، جـەمـال هیـدایەت، فوئاد ئەحمەد، محەمەد ئەربیللی، واحید مـەرجـان، مسـتـەفـا و عـەدنان مـەلا و عەبدول لەتیفی چەقماقچی و...هتد.

بەڵام ئەوانەی زۆر زۆر لەگەڵیانا زوو زوو دەمبینین و لە دەعـوەتی شەخسیاتی ناسراوی هەولێر دەعـوەت دەکـراین: کاک تاهیـر و ڕەسـوڵ گـەردی و فوئاد ئەحـمـەد و حـەیدەر و مـشـکۆ بووین.

لەوانەش: بەڕاستی زیاتر کاک تاهیر و حەیدەر و بەندە ئامادەی زۆربەی دانیشتن و سەیران و گەشتی بەهاران لەگەڵ ناودارانی شار دەبووین، من زیاتر وەک مۆسیقاژەنێک بانگ دەکرام. ئەو کەسانەش کە زیاتر بەزەوق بوون و لە دانیـشـتـنانی مـاڵان لە زسـتـانان و لە سـەیرانان لە بەهاران بەبێ هونەرمـەندانی گـۆرانیبـێژ سـەیران و دانیـشـتنەکانیـان نەدەکـرد، ئەو زاتانە بوون: دکـتـۆر عـەبدولڕەزاق دەباغ و براکەی محەمەد شەهاب دەباغ کە ئەوسا سەرۆک شارەوانی هەولێر بوو، محەمەد حەسەن (سەرۆکی شارەوانی

پێشـتـر) و عەبدولمونعیم مەسرەفی موتەسەریفی هەولێر لە ناوەڕاستی شەستەکانا و حاجی حەمە شەریف و حەمەدەمین عـەبۆ ئاغـا و حـەمـە ڕەشیـدی برایان و دکـتـۆر ئاگۆب و دکـتـۆر ئیحسـان و دکـتـۆر ڕەئووف دیشچی (ددانساز) و ئیحسان موفتی (خەڵکی بادینان بوو) لەگەڵ فارس دزەیی، عەبدولقادر جێمسی و شـێـخ مـحـەمـەدی عـەبۆ ئاغـا و فـەتاح ئاغـا و عـیـزەدین فـەیزی کـە هاوڕێی ئازیزی زۆربەی ئەو خەڵکانەبوو، هەروەها سەعید یونس (مقاول) و سەڵاح عوسمان. ئەو ناوانەم هێنایەوە تەنها بۆ مێژووی ئەم شارە کە لەوانەیە بۆ هەندێ نووسەری مێژووی هونەر وەک سەرچاوەیێک پێویستبن.

ئەمانەش زۆربەی ئاهەنگەکانیان ئەم سێ چوار هونەرمەندە بەناوبانگەی ئەوسا دەیانڕازاندەوە: تاهیر تۆفیق، حەیدەر و مشکۆ و جەمیلە و ڕەسوڵ گەردی و من.

بەڵام مـەرج نەبوو هەمـوو جارێ هەمـوویان بەشـداربیـان بکردایە، مـشکۆ و گـەردی ئەوەندە خـۆیان لەم جۆرە بەزمانە نەئەدا، مشکۆی هونەرمەند بەمەقام و قـۆریاتیـیەوە و ڕەسوڵ گەردی بەحەیرانەوە... شوێنی تایبـەتیـیـان هەبوو لە دڵ و زەوقی هەولێریـیـان. بۆیە ئامـادەبوونیـان لە یەکێ لەو شـێـوانە بەسـتـرابۆوە بەهەبوونی کەسانی خاوەن چێژوەرگر لە قۆریات یا لە حەیران!

لەو ماوەیەدا جگە لەو کەسانەی لەسەرەوە ناوم هێنان، کە زۆر دانیشتن لەگەڵیانا هەفتانە ڕووی ئەدا، بەڵام خەڵکانی ترم ناسین کە ئەوانیش خاوەن زەوق و حـەزی ڕابواردن بەگوێگرتن لە مۆسـیـقـا و گۆرانی بوون، وەک: ئیسـمـاعـیـل ئاغـا یەعـقـوبی، پۆلسی (صیـدلی)، عـیـزەدین قـۆجـە، مـیـسـاکی بەرگـدروو (ئەرمـەنی بوو) زۆری حـەز لە قـۆریاتی تورکی بوو بەدەنگی حەیدەر و مـشکۆ، هەروەها حاکم جەلیل و وشیار و کەمـال عوسمان و براکەی سەڵاح و، لە چەند مونـاسـەبەتێکیش حەسەن ڕەفعەت و عەلی شەریف و زۆرانی تر. کە ئەوانە کەم لەم جۆرە ئاهەنگانە ئامادە دەبوون.

بەڵام کە دەشهاتن بەڕاستی ئیسپاتیان دەکرد کە ئەزانن قیمەتی هونەر و گۆرانی و هونەرمەند چییە و بەوپەڕی ڕێز لێگرتن لەگەڵمانا ئێمـەی هونەرمـەندەکان تەسـەروفیـان دەکرد و هەسـتی خـۆیان بۆ ئێمـە دەرئەبڕی! هەزار ڕەحمەت لەوانەی کۆچیان کردووە!

مـشکۆ... ناوی تەواوی: شـەوکـەت (نـەک شـێـرکـۆ، وەک قـادر دیلان لە ژین نووسـیـویـەتی...) کـوڕی سـەعـیدی کوڕی حاجی برایم ئاغای دێرییە - خوالێخۆشبوو لە ساڵی ١٩٠٨ لە گەڕەکی سەرا، لەنێو قەڵاتی هەولێر لەدایک بووە و دوای (٨١) ساڵ تەمـەن، لە ١٩٨٩/٥/١٨ کۆچی دوایی کـرد، هەر لە شاری خۆی زێدی باووباپیرانی و لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) بەخاک سپێردرا - هەزار ڕەحمەت لە گۆڕی بێ، خوای گەورە بە بەهەشتی خۆی قبوولی کات.

خـوالێخـۆشـبـوو لە مـاوەی ئەو تـەمـەنـەدا بابـڵـێـین لە گـەنجـایـەتی ڕا کـە لە دەوروبـەری سـاڵی ١٩٢٤ و هەورازتر بووە، تا ئەو کاتەی نەخۆش کەوت و نەخۆشییەکەی چیتر مەودای نەدا قـورگی بۆ گـۆرانی وتن بەکـاربهـێنێ، کـە ئـەویش لە سـەرەتای سـاڵی ١٩٨٩ بوو، کـە مـاوەکـە دەگـاتە زیاتر لە (٦٠) سـاڵ لە تەمەنی، هەر بەمەقام و قۆریات و بەستەگوتن خۆی خەریک کردووە و عاشقانی دەنگی مشکۆ عەودالی بووین و ئاهەنگ و بەزمەکانیانی جۆش داوە و خۆش کردووە.

ئەو ئاهەنگ و سەیرانانەی مشکۆی تیادا نەبوایە، تیایدا ئەو هونەرمەندە نەیچریکاندبایە، بەتایبەتی لە ساڵانی شەست و حەفتاکانا، ئەوە بەئاهەنگ و بەزمێکی خۆش نەدەژمێردرا، من خۆم لەگەڵ هونەرمەندانی هەولێر چەندین جار سەفەرمان کردووە، یا دەعوەت کراوین لەلایەن نیقابەی دکتۆران و ئەجزاچیان و موەزەفەکانی بانقی ڕافدەین و جەماوەری تر. کە مشکۆمان لەگەڵ نەبوایە، هەرجارە یەکێک دەیگوت: کوڕینە... ئەرێ نابێت دەنگی مشکۆمان لێ کەمە؟ چونکە بەڕاستی لەناو هونەرمەندانی ئەم ناوچەیە ئەستێرەیەکی گەش بوو، شوێنی خۆی لە دڵی هەمووانداا کردبۆوە! بەزم و دانیشتنی خۆی لەگەڵ تاهیر و ڕەسوڵ و حەیدەر جاروبار بۆمانی دەگێڕایەوە ئەگەر بەڕێکەوت پێکەوە کۆبووبوویناید بۆ موناسەبەتێک.

لەبیرمە، لە ڕۆژی سێیەمی کۆچی خوالێخۆشبوو (تایەر تۆفیق)، لە سەیارەیەکا من و مشکۆ و مەحموود زامدار بەڕێ کەوتین بۆ (کۆیە) تا ئامادەی پرسەی هونەرمەندی گەورە بین، مشکۆ و مەحموود لە دواوە بوون، من لەپێشەوە لای سایقەکە بووم.

ڕۆژی ٢٢/١٠/١٩٨٧ بوو، مشکۆی نەمر، تا گەیشتینە کۆیە، ناوەناوە باسێکی تایەری مەزنی دەکرد، ڕووداوێکی دەگێڕایەوە کە لەکاتی خۆیا، ساڵێ لە ساڵان ڕۆژێ لە ڕۆژان لە سەفەرێکا لە ماڵێکا لە هۆڵێکا پێکەوە بەشداربیان کردووە، خۆی و تایەر و هونەرمەندانی تر. جا کە ڕووداوەکانی دەگێڕایەوە، فرمێسکی خۆشەویستی بۆ هاوڕێی شیرینی دەڕژاند وەک باران، تا کەمێک هێورمان دەکردەوە... زۆر جاریش ئێمەشی بەگریان دەهێنا، لەو شتانەی دەیگێڕایەوە، جارێکیان، لە دهۆک یا لە سۆلاڤ، (ئەگەر بەهەڵە نەچووبم... والحاصل لە دەڤەری بادینان بووە) دەیگوت لە ئاهەنگێکا پێکەوە بووین کاتێ کاک تاهیر گۆرانی دەچڕی، میوانە دەوڵەمەندەکان، دەچوونە لای لەسەر شانۆ، ماچیان دەکرد و ئینجا پارەی ١٠ دیناری و پێنج دیناریان دەردەهێنا بە(سەفطە) و بەسەر تاهیریان دادەباراند! بەڵام ئەو هیچ گوێی نەئەدانێ و تا دەوری خۆی تەواو دەکرد، ئینجا بەهێواشی دەهاتەوە شوێنەکەی خۆی لەلامان. کە لەسەر یەک مێز جێگامان بۆ دانرابوو، بێ ئەوەی تاهیر بپرسێ ئەو پارەیە... ئەو هەموو کاغەزە... دە باوی و پێنج باوی، چییان لێ هات؟ کێ بردی؟ ئەمەندە عیزەت نەفسی هەبوو، ئەگەرچی دەشمزانی (ئەوە هەر قسەی مشکۆ بوو) کەوا دە دیناری لەگیرفان نەبوو!

ئەم هونەرمەندە، وەک هەموو گۆرانیبێژەکانی ڕەسەنی ئەم وڵاتەمان هەر لە منداڵییەوە گۆرانی و سروودیان وتووە و پێگەیشتوون هەر ئەو خۆڕسکییەیە کە لە کۆمەڵەکەی خۆیان بۆیان ماوەتەوە و پێی پەروەردە بووین، بەداخەوە هەموویان نەخوێندەوار و (أمي) بوون.

ئەوەی زۆر بەختی باش بووە ئەوا قوتابخانەی سەرەتایی خوێندووە، ئەگینا هەموویان سوختە و لەلای مەلا کەمێک ئەلف و بێیان خوێندووە و باری ئابووری و ژیان لێ نەگەڕاوە خوێندنی قوتابخانە بەرزەکان تەواوکەن... لە هەمان کاتیشدا لە هەموو کوردستان مۆسیقاژەنێک نەبووە یارمەتیان بدات... یا پەیمانگایەک نەبووە بۆ فێرکردنی مۆسیقا و دەنگ تاکو تیایدا دەنگ و بەهرەی خۆیان پەروەردە بکەن، ئەوەتا مشکۆی بەهرەوەر لە پەنجاکانا ناچار پەنا دەباتە بەر مۆسیقاژەنی موسلاوی (غانم یەحیا)،

بەپارەی خۆی کاک مشکۆ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی داوای لێ دەکەن مۆسیقا بۆ مشکۆ لێ بدا بەکەمانچە، بەم جۆرە کاسێتێکی بۆ پڕەکرێتەوە بەچەند مەقام و قۆریات و گۆرانییەکەی هونەرمەندی کەرکووک (شێخ قابیل تاڵەبانی - واتا بێ ناو) کە (ئەی هاوار نەمام) بوو.

خوالێخۆشبوو (لەتیف چەقماقچی) لە دوای پەنجاکانا و دوای ئەوەی منیش هاتمە هەولێر و لەگەڵ چەند مۆسیقاژەنێک کە تاک تاک پەیدابوون لە چەند دانیشتنێک هەر لە ماڵی خۆی (واتا ماڵی کاک لەتیف)ی ڕەحمەتی چەند کاسێتێک بۆ چەند گۆرانیبێژێک پڕکرایەوە، وەک ڕەسوڵ گەردی و محەمەد ئەربیللی و مشکۆ و باکوری و تاهیر تۆفیق و جەبار ئەربیللی و یەک دوو حەیرانبێژ و لاوکبێژی تر، کە بەڕاستی ئەم کارە خزمەتێکی گەورەبوو بۆ پاراستنی بەشێکی زۆری گۆرانی ڕەسەنی کوردی، مۆسیقاژەنەکان، جگە لە خۆم، کاک یەحیا مەرجان و براکەی واحید مەرجان و یوسف باکوری و مستەفا ڕەئووف و عەدنان مەلا و شەمسەدین عومەر بوون، کە هەموشیان بەبێ موقابیل ئەم خزمەتەیان دەکرد، تەنانەت لەتیفی هونەرمەند جگە لەو مەسرەفەی کە دەیکرد بۆ دانیشتنەکە بۆ خواردن و خواردنەوە و میوە و شتی تر، هەندێ پارەشی لە گیرفانی خۆیەوە دەدایە گۆرانیبێژە هەژارەکان!!

ئەمە بوو حاڵی ئەو دۆخەی هونەرمەندانی وەک مشکۆ و غەیری مشکۆ و حاڵی هونەری مۆسیقا و گۆرانی کە بەڕاستی قارەمانیەتی ئەو گۆرانیبێژە نەمرانە کە توانیان لەو جۆرە کەشوهەوایە هونەرییە لاواز و بەستەزمان و بێ کەسە، هەنگاو بنێن و ڕێگای بەرخۆیان شەنەکەن و بەهەر نرخێک بێ، جێ پێی خۆیان بکەن و ڕێگاکە ببڕن ئەمە مونتەهای خزمەت بوو کردیان.

لە چەند دانیشتنێک لە هەندێ شوێن، لەگەڵ خوالێخۆشبوو مشکۆ ئامادەبووین و بەعوودەوە بەشداریم لەگەڵیا کردووە، یەکێک لە مەقامە بەناوبانگەکانی گۆرانی (لە پاش مەرگم) بوو کە زۆر بەتام و خۆشی دەگوت، دەڵێن گوایا هەڵبەستی ئەم شیعرە دەگەڕێتەوە بۆ (ئەختەر)ی شاعیری دڵتەڕ و ئاغا و مەقامزانی کۆیە! بەڵام ئاوازەکە هەر مشکۆ خۆی بۆ شیعرەکەی (وەک مەقام) گوتووە.

کاک جەمال دیلان چیرۆکی وتنی ئەم گۆرانییە بەم جۆرە دەگێڕێتەوە و دەڵێ: «مشکۆ لە ساڵی ١٩٣٩ ژنی هێنا و کچێکی بوو، لە ساڵی ١٩٤٣شدا بەرەو بەغدا ڕۆیشت و ژنە و کچەی لە هەولێر بەجێ هێشت. پاشان ژنەکەی تووشی نەخۆشی گرانەتا دەبێ و بەم نەخۆشییە دەمرێ! کاتێک مشکۆ ئەو هەواڵە دەبیستێ، بەپەلە دەگەڕێتەوە هەولێر، دەچێتە سەر گۆڕەکەی و شیعرەکەی (ئەختەر) بەدەستکارییەوە بەگۆرانی دەڵێ و لەگەڵیا هەڵبەتە دەگرێ کە دەڵێ: (لە پاش مەرگم چ فایدە بێیە سەر قەبرم لە بۆ شیوەن) لە ساڵی ١٩٤٨ بۆ جاری دووەم هاوسەرێکی تری بۆ خۆی پەیدا دەکا و لەو ژنەشی سێ منداڵی دەبێ: دوو کوڕ و کیژێک و ئێستا لە ژیانا ماون، هەر دوو کوڕەکەی یەشار و وشیار، بۆ خاتری بیرەوەری باوکیان کە زۆریان خۆش دەویست و ڕێزیان لێی دەگرت، تۆمارگەیەکیان کردۆتەوە بەناوی (تۆمارگەی مشکۆ).

مشکۆ لەگەڵ هونەرمەندانی کۆن وەک کاوێس ئاغا و عەزیز ئاغا و محەمەد عارفی جزیری و حەسەن جەزراوی و تاهیر تۆفیق و ئەوانی تر بەڕوح و بەگیان خۆشی دەویستن و خۆشیان دەویست.

مەقام و گۆرانی چڕینیش وەک خۆی لە چەند شوێنێک لە چاوپێکەوتن لەگەڵیا بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن. لە مەقامزانی هەولێری (شەهابە) فێربووە و زۆریشی حەز لە دەنگی ئەو بلیمەتە دەکرد.

ئەم هونەرمەندە، شەهابە، زۆر ناوی هاتووە لەسەر زاری هونەرمەند و گۆرانبێژەکانی هەولێر وەک مشکۆ و حەیدەر بەقاڵ و فایق بازرگان و ئەوانی تر... دیارە مرۆڤێکی بەتوانا بووە و دەنگی زۆر خۆش بووە، هەق وایە لە چەند کۆڕێک و لە تەلەفزیۆنەکانی هەولێر باسی لێوە بکرێ و خەڵکانی هونەر دۆست و مەقامبێژ بین بەمیوان باسی بگێڕنەوە.

لە ڕۆژی ١٩٧٦/١٠/٧ بۆ یەکەم جار لە هەولێر ئاهەنگێک بەپەلە ڕێکخرا لەسەر شانۆی هۆڵی لاوان (قاعة الشباب) کە ئەمڕۆ بەشێکە لە بینایەی وەزارەتی ڕۆشنبیری! ئاهەنگەکەش بەبۆنەی (ڕۆژی جیهانی مۆسیقا) بوو -اليوم العالمي للموسيقى- لە بەغداوە بروسکە هاتبوو بۆ ئەمین عامی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان کە دەبێ ئاهەنگێک بکرێ لە هەموو شارەکانی عێراق و گۆرانیبێژە کۆنەکان (رواد) ڕێزیان لێ بنرێ و تەکریم بکرێن.

تەلیفۆنم بۆ کرا، بۆ مالّەوە، کە دەبێ ئامادەی ئەو ئاهەنگە بم، هەر هەمان ڕۆژ بۆ (تەکریم)کردنم، کە چووم دەبینم کاک مشکۆ و خاڵە تایەر و ڕەسوڵ گەردی و... هتد لەوێ ئامادەن.

ئەوەبوو تیپی مۆسیقای لاوان: شێرزاد سەرسپی و چەتۆ حەسەن و شەریف و یەک دوو عازفی تر لەسەر شانۆ بوون و دەستکرا بەمۆسیقا و یەکەیەکە گاز کراینە سەر شانۆ بۆ پێشکەشکردنی ئاهەنگی خۆمان، تایەر و ڕەسوڵ و مشکۆ و من و ئەوانی تر!

لە کۆتایی ئاهەنگەکە یەکەیەکە بانگ کراینە سەر شانۆ، جەنابی وەکیل موحافیز، خوالێخۆشبوو (کاک ئەنوەر بوو) بانگ کرایە سەر شانۆ! ئێمە نوقرچەمان لە یەکدی دەدا و وامان زانی سەر و سەد دینارێکمان دەدەنێ! لە نێوان ڕەسوڵ و مشکۆ مشتومڕ بەیەواشی دەستی پێ کرد و ڕەسوڵ دەوی لە بناگێی مشکۆ دانابوو... نەمزانی چی پێ دەگوت. بەڵام مشکۆ هەر پێدەکەنی بەدەنگێکی نزم!

یەکەم کەس کە خەڵاتەکەی وەرگرت... سەیرمان کرد (کاس)ێکە لەو کاسانەی دەبەخشنە یاریکەرانی تۆپانێ، کە نرخی کاسەکە لە ٢٥ فلس زیاتر نەبوو، حەمید مەڕمەڕچی کاسەکەی دەدایە سەییدە ئەنوەر، ئەویش تۆقەی لەگەڵ دەکردین و کاسەکەی لەدەستمان دەنا! بەڵێ بەم جۆرە بۆ یەکەم جار لە مێژووی عێراق، لە ڕۆژی جیهانی مۆسیقا، لە هەولێر هونەرمەندان تەکریم کران! ئینجا ڕەسوڵ گەردی بەهێواشی وتی: (بەرێ...!! لە تۆپانێ بردمانەوە!!) بەڕاستی من زگم ئێشا لەبەر پێکەنین! مشکۆ زیاتر...

وتەکەی خاڵە ڕەسوڵیش بووە مەتەڵ لە بەینمانا!

هەر جارەی بەیەک گەیشتبایین لە بۆنەیەک یا موناسەبەتێک ئەو ڕۆژەمان دەهاتەوە بیر و سەرلەنوێ پێدەکەنینەوە، ئەوەی ڕاستی بێ من دانیشتن و تەسادوفم لەگەڵ مشکۆی نەمر زۆر کەم بوو، کەمتر بوو لەوانەی لەگەڵ حەیدەری حاجی عەبدولڕەحمان (حەیدەرە کەچەڵ) بەڵام مشکۆم زۆر خۆش دەویست و دەنگی مشکۆ زۆر لەلام پەسند و ڕەسەن بوو.

بەکۆچی دوایی مشکۆی هونەرمەندی (قەڵات)ی گۆرانی هەولێری، بۆشاییەکی تەواو پەیدابووە

ئەمڕۆ لەو شێوە گۆتنە و ئەو مەقام و قۆریاتانەی مشکۆ دەیچڕین! ئەگەرچی یەک دوو کەس ئەمڕۆ قۆریات دەڵێن... وەک محەمەد و جەبار و جەلال ئەربیللی بەڵام مشکۆ (طابعی) تایبەتی خۆی هەبوو، دەنگی زوڵاڵ و هێمن و پڕ سۆز بوو. گەڕەکی عەرەبان کە مشکۆ تیایدا ژیا لە مندالّییەوە، تامی تایبەتی بەخشیبوو بەژێی دەنگی ئەو هونەرمەندە و لانەی مندالّی خۆی زۆر زۆر خۆش دەویست ئێستاش ئەو گەڕەکە دێرینە خامۆشە!! وەختە بڵێم جێ پێ و هەنگاوە لەسەرخۆیەکانی مشکۆ دەنگ و سەدایان لەو گەڕەکە میژوویییە دێت!

فایق بەزاز

دەبێ لێرەدا ئەوەش بڵێم کە مامۆستا مەحموود زامدار سالّی (١٩٨٧) کۆڕێکی فراوانی بۆ ئەم هونەرمەندە لە هەولێر سازکرد و لەم کۆڕەدا مامۆستا مەحموود زامدار و مشکۆ خۆیشی بەتێر و تەسەلی دەربارەی بەسەرهات و ژیانی هونەری مشکۆی هونەرمەند دوان. هەروەها کاک ئیسماعیل گەیلانیش دیمانەیێکی تەلەفزیۆنی لەگەڵ ئەم هونەرمەندەدا سازداوە و لەو دیمانەیەشدا ڕۆشنایێکی زۆر خراوەتە سەر ژیان و هونەرەکەی.

مشکۆی هونەرمەندی دەنگ زوڵاڵ لە شەوی ١٩٨٩/٥/٨ بۆ دواجار مالّئاوایی لە هەولێر و هونەر و ژیان کرد و لە گۆڕستانی (ئیمام محەمەد) لە هەولێر بەخاک سپێردرا. ئەو ڕۆژەی عارەبان بێ مشکۆ مان، ڕۆژێکی خەماوی و تەماوی بوو... مالّ نەبوو بۆی نەگریێ! لە ١٩٨٩/٥/١٨ی (مفکرە)کەم، کە بیرەوەرییەکانی خۆمم تێیدا نووسیوە نوسراوە: فرمێسکی ئەستێرەی ڕەنجم کەشێ تاوان ئەخنکێنێ.

لە یادی کۆچی مشکۆ هەزار چەپکە گوڵ ئەکەم بەدیاری بۆ ڕۆح و گۆڕی نووراني! هەزار سڵاو لەگیانی پاکی بێت.

سەرچاوەکان

١- نووسینەکانی کاک جەمال دیلان، لە برایەتی ئەدەب و هونەر، گۆڤاری ڕامان، ١٩٩٧، گۆڤاری هەرێم، کانوونی دووەم، سالّی ٢٠٠٠.

٢- جەلال بەیداغدار، ڕۆژنامەی برایەتی ١٩٩٧.

٣- ئەرشیف و بیرەوەرییەکانی خۆم، بەشێکیان نووسراون و لە بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆنی هەرێمی کوردستان، بڵاوکراونەتەوە و پەخش کراون.

ئێستا لە هەولێر، بەرامبەر (باتا)ی کۆن، یاخود بەرامبەر دەرگای بازاڕ... هەردوو کوڕەکانی مشکۆی نەمر: کاک یەشار و کاک وشیار، تۆمارگەیەکی دەنگیان کردۆتەوە بەناوی باوکیان (تۆمارگەی مشکۆ) کە سەرجەم گۆرانی و ئەرشیفی باوکیانی تێدا پاراستووە.

مشکۆ دەنگێکی زۆڵی پیرە هەولێرە

ئا: جەمال دیلان

کەم کەس هەیە لە کوردستاندا ناوبانگی هونەرمەندی میللی، گۆرانیبێژی بەناوبانگ «مشکۆ هەولێری» نەبیستبێ، بەتایبەتی گۆرانی (لەپاش مەرگم) کە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاوە.

(مشکۆ) ناوی شەوکەت کوڕی سەعید کوڕی حاجی ئیبراهیم ئاغای دێرێیە، لە ساڵی (١٩٠٨) لە گەڕەکی سەرای قەڵای هەولێر چاوی بەژیان هەڵێناوە. لە ساڵی ١٩١٤ لە ئەنجامی گرانی و قات و قڕیدا، مامۆستایان لە هەولێرەوە گوازراوەتەوە بۆ گوندی (دێرێ) کە گوندی باوک و باپیرانی بووە.

لەیادمە. جارێکیان لەگەڵ ڕۆژنامەنووسێکی عەرەب و چەند برایێکی دی سەردانیمان کرد لە ماڵی خۆی لە گەڕەکی (عارەبانی کۆن)، لەو دانیشتنەدا (مشکۆ) سەبارەت بەژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری خۆی گوتی: لە گوندی دێرێ لە دیوەخانی ماڵی باوکم شەوانە چەندین دەنگخۆش و گۆینده دەهاتن و لاوک و حەیرانیان دەگوت، لەوانە لاوکبێژی گەورە و ڕەسەنی کوردی کاوێس ئاغا و عەزیز ئاغا و فەقێ سمایلی پەلکانە، هەروەها لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی: ساڵی (١٩١٨) ماڵمان گەڕایەوە هەولێر و لە قەڵا جێنشین بووین و ساڵی (١٩٢٣) سەعید دێرەیی باوکم کۆچی دوایی کرد و بەهۆی حاجی سابیر عەلافی خاڵم بژێوی ژیانمان بۆ دابین دەکرا.

دەربارەی ژیانی هونەریشی گوتی: بۆ یەکەم جار لە ماڵی عەلی پاشای دۆغرەمەچی لە ساڵی (١٩٣١) بەبۆنەی دەرچوونی بەئەندامی پەرلەمان ئاهەنگێکی سازکرد مەقامی بەیاتم خوێندەوە. دەبێ ئەوەش بڵێم کە من لەسەر دەستی مامۆستای مەقامات و دەنگخۆشی شاری هەولێر (شەهابە) فێری گۆرانی و مەقامات بووم و لاسایی ئەوم

دەکردەوە، بەڕاستی شەهابە قوتابخانەیەکی ڕەسەنی گۆرانی و مەقاماتی عێراقی بوو. هەروەها لاوکیش لە لاوکبێژی ڕەسەنی کورد کاوێس ئاغای ڕەحمەتی فێربووم. لاوکی (لێ لێ جەوێ)م لەو بیستووە فێری بووم و تۆمارم کرد.

مشکۆ... مەقامی (لەپاش مەرگم)ی لەو کاتەی کە بۆ یەکەم جار وەستا لەتیف چەخماخچی و وەستا پیربااڵ، یادیان بەخێر ئامێری (تەسجیل) ڕیکۆردەریان هێنایە هەولێر تۆمارکردووە. بەهاوکاری چەند مۆسیقاژەنێکی هەولێر کە پێکهاتبوون لە مامۆستایان جەودەت شاکر و مستەفا ڕەئووف و واحید مەرجان و خوالێخۆشبوو نورەدین تاقی.

بۆ زیاتر زانیاری پەیداکردن لەسەر مشکۆی خوالێخۆشبوو پەیوەندیم بەکاک یەشار شەوکەتەوە کرد کە دەکا کوڕی مشکۆ، کاک یەشار دەڵێ: باوکم لە ساڵی (١٩٥٠) لە دانیشتنێکی ئاهەنگ سازیدا لە ماڵی خوالێخۆشبوو (لەتیف چەخماخمچی) لە قەڵای هەولێر لەگەڵ لاوکبێژی ڕەسەن محەمەد عارف جەزراوی بەدوو قۆڵی ئاهەنگێکی خۆش ساز دەکەن. هەروەها لە ساڵی (١٩٥٦) لەسەر شەڕەفی شێخ لەتیف کوڕی شێخ مەحمودی حەفید، حەمەی فەرەجە فەندی داوەتی سلێمانی دەکا و لەوێ لەگەڵ ڕەشۆڵ عەبدوڵڵای گۆرانیبێژی دەنگخۆش ئاهەنگێکی پڕ لە جۆش ساز دەکەن. هەروەها لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمووز بەمەبەستی ناسینی مەقامبێژان و ناساندنی گۆرانی و مەقاماتی کوردی لەگەڵ خوالێخۆشبووان لەتیف چەخماخچی و تاقی چایەچی و چەند هاوەڵێکی دیکەیان سەردانی شاری مووسڵیان کرد و لەوێ بەهاوکاری تیپی مۆسیقای مامۆستا غانم یەحیا کە هونەرمەندێکی ئەرمەنی پسپۆڕ بوو لە ئامێری کەمانچە کاسێتێکیان لە گۆرانییەکانی مشکۆ تۆمارکرد.

هەروەها دوای ڕێکەوتنی ١١ی ئاداری ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ هونەرمەندان تایەر تۆفیق و ڕەسوڵ گەردی و حەیدەرە کەچەڵ و یونس مەحمود و جەمیلە و فایق بازرگان و محەمەد ئەحمەد ئەربیللی و فوئاد ئەحمەد و محەمەد جەزا چەند ئاهەنگێکی هاوبەشیان تۆمارکردووە.

ناوەڕۆک

پێشــەکی 5
سوپاسنامە 7
لە بابەت بەشی یەکەمی ئەم کتێبەم 9
١- حەمدی ئەفەندی 11
٢- مەلا ئەسعەدی کۆیی 24
٣- ڕەفیق چالاک 43
٤- حەیدەر بەقاڵ هەولێری 64
٥- عەزیز ئاغا قەوان 80
٦- محەمەد سالّح ئەحمەد دیلان 96
٧- قــادر دیلان 112
٨- عوسمان سابونچی 136
٩- ئیبراهیم حەزین 148
١٠- حەســەن زیرەک 158
١١- شەوکەت ڕەشید 196
١٢- مـشکۆ 214